# ((چیروکی حافزەدێزە))

**(چیرۆکی حافزەدێزە بەسەرهاتێکی راستەقینەی سیاسی کۆمەڵایەتیی ناو ریزەکانی شۆڕشە کە رووداو و کاراکتێرەکانی راستەقینەن بەڵام بە ناوی خوازراوەوە.)**

**نووسین و داڕشتنی: هوشیار ئەحمەدی**

# قسەی نووسەر

شوڕشی کوردیش وەک شۆڕشی نەتەوەکانیتری جیهان پڕە لە چیرۆک و بەسەرهاتی تاڵ و شیرین کە زۆریان بزرن و کەمیان تۆمارکراون.

گێڕانەوە و نووسینی ئەم چیرۆک و بەسەرهاتانە ئەتوانن گۆشە پەردەیەک لە سەر راستیی تاڵ و شیرینی ناو ریزەکانی شۆڕەش هەڵدەنەوە و بەشێ لە هۆکارەکانی شکەست و سەرنەکەوتن و پێشەوەنەچوون و نایەکڕیزی و ناتەبایی شۆڕشەکان دەربخەن. بەڵام کەم هەیە کە بەسەرهاتێکی تاڵی

ریزەکانی شۆڕش بگێڕدرێتەوە و سانسۆر نەکرێ. چونکی خودی شۆڕش خۆی کاردانەوەیە بە کار و لە راستیشدا بەشێکی زۆر لە شورشگێڕان بۆ خۆیان بوارێکی زۆر لەبارن بۆ سانسۆر، سڕینەوەی پرسیار و رەخنە و تەنانەت پرسیارکەر و رەخنەگریش.

حافزەدێزەش کاراکتێری سەرەکیی ناو ئەم بەسەرهات و چیرۆکەیە. حافز نمونەی مرۆڤێکە کە هەموو تاکێکی کورد لە ناخەوە رقی لێیەتی و بێز و نەفرەتی لێ ئەکا، بەڵام لە لایەکی دیکەوە لای سیاسییەکان نرخ و بەهایەکی تایبەتی هەیە. چونکی هەندێ لەوان، ئەوانەی کە شیاوی پلەو پێگەیەک نین، بۆ گەییشتنیان بە پلەو پێگە و ئامانجەکانیان و هەروەها مانەوەیان لەو پلە و پێگەیەدا و پاراستنی دەستکەوتە کەسییەکانیان پێویستییان بە حافزەدێزەکانە.

ئاخر حافزەدێزەکان زیاتر لەوەی مرۆڤ بن، کاڵان، مۆرەن، ئامرازن. بۆیەش بە ئاسانی ئەکڕدرێن، بەرنامەیان پێ ئەدرێ و بۆ ئامانجی پێویست بەکاردەهێنرێن. تەنیا جیاوازییەکەی ئەوان ئەوەیە کێ پارەی زیاتری هەبێ، ئەتوانێ باشترینەکەیان بکڕێ و کامەیان لە خزمەتکردنی خاوەنەکەیا زیرەکتر و بەپلانتر بێ، وەکوو رۆبۆت، ئەوەیان بەنرخترە لە کڕین و فرۆشتن دا.

حافزەدێزەکان ئامرازی سەرەکیی دەستی دەزگا سیخوڕی و ئیتلاعاتییەکانن بۆ نفورز بۆ ناو ریزی حیزب و لایەنە سیاسییەکان. حەزئەکەم سەرنجتان بۆ ناو دەقی چیروکەکە راکێشم.

# حافزە دێزە

ئای کوڕە پارە، پارە، بە ناموس دایک و خویشکم پارەت نەبێ فلسێ ناهێنی! جا ئەوە با قسەی من بێ. هەموو شتێ پارەیە و بە پارە ئەکرێ!

پارە گەواد و بێ غیرەت و ناپیاو ئەکاتە پیاو، حەماڵ ئەکاتە مامۆستا، رێز بە بێ ڕێز ئەبەخشێ، بێ کەسایەتی و سووک و چروک ئەکاتە کەیخوا و ریش سپی، قەحبە ئەکاتە مەلاژن و سەیزادە ، دز و قۆڵبڕ ئەکاتە، شێخ و حاجی و پیاوچاک و خانەدان و...

ئەمە قسەی حافزە دێزە بوون، ئەو کوڕێکی هەورامیی کورتە باڵای رەشی دێزەی، پیسکەی پێش سەر رووتاوە. کە دەتبینی هەر بە سەێر کردنی دەموچاوی هەستێکی ناخۆشت لا درووست ئەبوو.

هیوا: کوڕە حافز بەسیکە، بەخوا وانیە، پارەش وەک چەقۆی دوو دەمە، ئەگەر نەزانی بەدەستی بێنی یان بەکاری بێنی، لەوانەیە تووشی سەدان بەڵا و موسیبەتت بکا!

حافزە دێزە: چای رەش ئەخۆی یان سەوز؟ دەی برا، تۆ هەر لە سەر بەزم و رەواڵی خۆت بە و منیش لەسەر دینی خۆم. وەللە من دین و ئیمانم پارەیە، چون دین و ئیمانیشی پێ ئەکڕم. وەک ئەڵێن، (لکم دینکم ولی الدین).

هیوا: با چاییەکەم سەوز بێ، چونکی ئەم قسە قۆڕانەی تۆ خەریکە مێشک و هەناوم رەش ئەکا.

حافزە دێزە : دەی بە خوا بەم فکرو باوڕ و بیرکردنەوەو تۆ هەتە، هەتا سەد ساڵی تریش نە لە ناو حیزبا و نە لە دەرەوە بە هیچکوێ ناگەی!

هیوا: مەبەستت چیە لەم چەڵتە چەڵتانە؟!

حافزە دێزە : هیچ، هیچ، پلانێکم بوو پارەیەکی باشمان دەست ئەکەوت. وتم ئەگەر ببیە شەریکم و هاوکاریم بکەی، بە ناموسم دوای ماوەیەک حەسابی خۆت نازانیەوە!

هیوا: نازانم مەبەستت چیە، بەڵام ئەزانم تۆ و بەرنامەو پلانی تۆ خێری پێوە نیە! بەڵام بڵێ بزانم چیت لە جانتا دایە؟!

چیرۆکێکی راستەقینەی سیاسی، کۆمەڵایەتی تاوانکاریی راستەقینەیە.

_حافزە دێزە: پیییییاااااا، کوڕە وائەزانی کەس پێشمەرگە نیە، کەس حیزبی نیە ئیلا تۆ نەبێ؟! ئوهووووهوو، هەموو بوونە خاوەن پاترۆڵ و مونیکا و خانو و ویلا و گشتیان مناڵەکانیان

ناردووەتە زانکۆی کوردستان و زانکۆی ئەمریکی و ساڵانە بە چەندین دەفتەر دۆلاریان تێدا سەرف ئەکەن، تۆش لەوانەیە کرێی پاسی هاتنەکەت بۆ هەولێر قەرز کردبێ!

کورە کاکە ئەم جۆرە کوردایەتییە کوا باوی ماوە! خەباتی چی و شتی چی، ئێوە کادر و پێشمەرگە لە گوێی گادا نوستوون! ئاگاتان لە هیچ....

_هیوا کە لە ویڕەویڕەکەی حافز تەواو بێزار ببوو، ئیتر خۆی پێ نەگیرا وتی: خۆت وتەنی پیییییاااااااح بەخوای تەڕی لێ حاڵیت، راوەستە کوڕە، راوەستە، کەرت بەرداوەتە ناو زەراعەت و تەڕەکاڵەکە و خەریکی زیان ئەدەی هههههههه!

وا قسەئەکەی ئەنەهوو بۆ مێرمناڵێکی تازە هاتوو لە کوردستانی ئێرانەوە قسە ئەکەی! باشە...

_حافزە دێزە: تەحااااا، کاکە سوودی نیە، لە یەک حاڵی نابین. ئێوەمانان مێشکتان شۆراوەتەوە. بەخوا قەواڵە و تاپۆی مڵک و ماڵی بەرپرسانی حیزبەکانیشتان بۆ بێنن، هەر باوڕ ناکەن!

باشە خۆ ئەگەر ئەوانەش بۆختان بن، ئیدی ئۆتۆمبیلە گرانبەهاکانیان خۆ ئەبینن و ئەوانە ئیتر بۆختان ۆ مۆختان نین، خۆ وەزعی گوزەرانی شاهانەی خۆیان و مناڵەکانیان ئەبینن. خۆ ئەبینن کە لە باشترین زانکۆەکانی جیهانا بە پارەیەکی زۆر و زەوەندە ئەخوێنن!

کوڕە ئەگەر ئێژم ئێوە لێفەتەڕی شەیتانتان داوە بەخۆتانا و لە خەوی قووڵی غەفڵەت و بێ ئاگاییان، لەخۆڕا ناڵێم!

_هیوا: حافز کەرەکەر مەکە، ئەم قسانە تەنیا و تەنیا یان دوژمنان ئەیکەن یان نەیارانی حیزب و خەباتەکەمان. لەوانەیە کۆمەڵێ گەندە و مەندەمان تێدا بن، بەڵام ئیدی خۆ ناکرێ هەمووان بەو چاوە سەیر بکەین!

حافزەدێزە: بەسە بەس، کوڕە ئێژی لە سالۆنەکانی حیزبای و وتار بۆ پێشمەرگەی تازە هاتوو ئەدەی! بە سێ تەڵاقم کە نیمە، بەڵام بە هی مەلا و مەلاژن کە خزممانن، هەر هەموو وان. تەنانەت ئەو مەلایەش کە هەم رێبەرییە و هەمیش بە قسەی خۆی قورحانی لە سینایە، لە هەمووان خراپترە. دەی لێی وەکۆڵە بزانە ئەو پاترۆڵەی بە چی بۆ کوڕەکەی کڕیوە کە پێی دەچێتە زانکۆ و مانکۆ!؟

حافزە دێزە: خۆ هیچ نەبێ من ئەزانم ئەسپێ و مۆریانە بخە ماڵی کەسوکاری مەلا و مەلاژن، لە برسانا قڕ ئەکەن. لێرەش ئەبینین نە دوکانێ، نە بازاڕێ، نە هیچ سەرچاوە داهاتێکی وای نیە، ئەدی پارەی ئەو پاترۆڵە و زۆر شتی دیکەی لە کوێ هێنا!؟ خۆ لە شیربایی کچەکەی پێیان نەداوە!

ئێ با واز لەویچ بێرین، ئەوانیتر دانە دانە گشتیانت بۆ هەڵ بدەم، هەر لە میرزا حومبەرە رەشەوە بگرە تا دەگاتە نەزیم ئاغا و یەغمورە زل و کێ و کێ گشتیان لە ئیستای من و تۆ گیرفان بەتاڵتر بوون.

تۆ نایانناسڕ برای باوکم، ئەوانە عەیامێ گشتییان هاوخەباتی باوکم بوون. [ باوکی لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە ببوو بە پێشمەرگە، بەڵام دواتر پاش ماوەیەکی کورت وەک تەوابێ(تۆبەکار) تەسلیمی رێژیم بووەوە و پاشان بوو بە جاش مەخفی و ئیتلاعاتی بۆ گیان خەڵک کا تا ئیستاش سەدان

راپۆرتی لەسەرە و خەڵکی ناوچەکەیان بە دەست خەیانەت و تاوانی باوکیەوە ئەناڵێنن.] کوڕە تۆ نازانی، حەرە گەورە گەورەکەیان کە سەتالایت هاتبوو پارەی سەتالایتێکی نەبوو، جەماحەتێ بە خێر و دۆستی کڕیان و کردیانە دیاری بۆی!

ئەدی برای باوکم، ئەمانە گشتیان کە لە شاخەکان هاتنە دەشت، هیچیان هیچی نەبوو، نازانم دواتر لە دەشتانە و لەم خانووە قوڕانە چی روویدا وا ژیانیان گۆڕا. نازانم تۆ بڵێی نەکوتبنە سەر گەنجینە و مەنجینا!؟

_هیوا: هههھه کوڕە بەشەرەف خەریکی ئەبیە شەیتانەوە لە من و کادر و پێشمەرگەی حیزب. دەی لەم قسە قۆڕانە گەڕێ ، چاییە سەوزەکەم بۆ بێنە، بە شەرەف هەناوت رەش کردم بەم قسە و بوختانانەت.

_حافزە دێزە: باشە بەچاوان، ئائیسە چاییەکی سەوزت بۆ تێئەکەم و مێشک و هەناوت ساف ئەکەم بۆ بیرکردنەوە لە پلانەکە. بەڵام تۆ جارێ پێم بێژە هیچ قەناعەتت پێ هات یان نە!؟

_هیوا: راستەکەت دەوێ قەناعەت کردن بە قسەی تۆ ئاسان نیە،...

_هیوا: بەڵام خۆ خۆت وتەنی ئەزانی منیش هیچم نیە، تەنانەت ئەسپێش تاقەتی مانەوە و کاکەبەلەرزانە وتنی نیە لە گیرفانما، هەر بەڕاستی لەوانەیە کرێی پاسی هاتنەکەشم بۆ هەولێر قەرز کردبێ! دوور نیە ئەو جلانەی بەریشم هی خۆم بن. ئێتر ئاواین...دەی کاریش پارەی ئەوێ، شەراکەتیش خۆ بە دەستی خاڵی نابێ خاڵۆ، تۆخوا تۆ بڵێ، ئەبێ!؟

_حافزە دێزە: کاکە شتەکە هێندە ئاڵۆز مەکە مە، خۆ مەسولە حیزبییەکانیش سرەوەت و سامانی زۆر و زەوەندیان نەبووە. ئێستا هەر هەموویان ئەڵێی بابیان برابەشی قارون بووە.! ئەدی کاکە تەنیا تۆزێ زیرەکی و نەترسی و عەقڵی پارەپەیدا کردنی ئەوێ و بەس. بەسەری تۆ نە بە سێ تەڵاقەی مەلا و مەلاژن بەسیەتە بەسیت.

*تەلەفۆنەکەی حافز زەنگێکی بۆ هات! بەرپرسێکی ئەمنی لە پشت تەلەفۆنەکەوە بوو.

_حافزە دێزە: ئەلۆ، ئەلۆ، بەڵێ گەورەم، سڵاوت لێ بێ، ئەمر فەرموو، لە خزمەتتام...

_بەرپرسەکە: ئەرێ کوڕە ئەوە تۆ ئێمەت پێ قەشمەرە یان ئەتەوێ خۆت قەشمەر کەی!؟ ئەو راپۆرتەت چی لێ هات؟! وا پێت ئەڵێم ئەگەر تا کۆتایی ئەم هەفتەیە وەک قەولت داوە، بە تێرو تەسەلی لۆمانی نەهێنی، مەفرەزەیەک ئەنێرم بەدووتا وەکوو سەگ پەتکت کەن و بە تێهەڵدان بتهێنن بۆ بنکە.

_حافزە دێزە: گەورەم، گەورەم ئاواش نە، من هەمیشە خزمەتکاری بە وەفا و جێ سیقەتان بووم، بۆ وا لێم تووڕەی؟! بەچاوان خەمت نەبێ، هەندێکی ماوە، دانوەکەم بۆ پرژاندووە، بەس ماوە بە دەندووکەوە پێوە ببێ. بە دڵنیاییەوە لەم رۆژانەدا پێوە دەبێ. هیچ خەمت نەبێ نە.

ئەدی گەورەم نۆکەری خۆت پێ کەمە!؟ بەڵێنی من بەڵێنی حافزە، بێ خەم بە هەموو شت بە دڵی ئێوە دەبێ!

_بەرپرسەکە: ئیدی پێم گۆتی، لۆ ئەو بابەتەی تەلەفۆنت لۆ نەکەمەوە، هەر جارەو دونیا پارەیەک وەردەگری و دەڕۆی دەیدەی بە قەحبە و مەحبە بۆ ئەم و ئەو.

_بەرپرسەکە: وائەزانی ئاگامان لێی نیە. هەموویان پێ وتووم، ئەزانم چەند جار فلان و فیساریشت دەعوەت کردبوون. ئەو پارانەی خۆت حەلاڵ کە کوڕە...

_حافزە دێزە: هههههههە گەورەم هههههههههههە گەورەم تۆش پێمان رازی بی لە خزمەتت داین. هههههههە خۆت ئەزانی ئیش کردنیش خەرج و تێچووی هەیە. خۆ نێچیر بە بێ خواردن ناکەوێتە داو!

_بەرپرسەکە: باشە چاوەڕوانم، تاکۆتایی هەفتە. ماڵاوا

_حافزە دێزە: بەچاوان، سەر سەرم، خەمت نەبێ. ماڵاوا گەورەم. ماڵاوا.. ماڵاوا...

* هیوا هەر واقی وڕمابووم پێدا و نەی ئەزانی ئەم بەڵێ قوربان و بەڵێ گەورەمەی لەگەڵ کێ بوو!

حافزە دێزەش چەندە رەش بوو، دوو هیندەیتر رەش هەڵگەڕابوو و ئارەقەی کردبوو، نێوچاوان و پێش سەرە گژ و رووتاوەکەی لە ئارەقا ئەبریسکایەوە. دەسماڵ یەزدییەکی کۆن لە دەور ملیا بوو، زوو زوو هەم دەم و لوتی پێ ئەسڕی و هەمیش سەر و چاو و دەور ملی.

نزیک بە چەند چرکەیەک دوای تەلەفۆنەکە هەر ئەبڵەقانە چاوی لە گوڵێکی ناو رایەخ(فەرش)ەکەی ژێرمان ئەکرد و

دەستێکیشی بە کترییە کارەباییەکەوە بوو، بڵام وەک بەرق گرتبێتی، لە جێ خۆی نەدەجووڵا!

_هیوا: حافز...حافز... کوڕە حافز ئانە چکۆنی؟، مەنەنی؟(ئەوە لە کوێیی؟، ماوی؟)

_ حافزە دێزە: ها...بەڵێ...چێشا(چیە)؟
ئێێێهههههێ...ها...چیە؟ چی بووە؟! هیچ، نا..نا..هیچ نەبووە، برادەرێ بوو مەوعێدێکمان هەبوو وەبیری هێنامەوە... ئەرێ بەڕاس تۆ واز لەوە بێنە، خۆت چیت کرد؟ بیرت لێ کردەوە یان نە؟!

_هیوا: ئەوە خۆ کاری ئاوا بەپەلە نیە، ئینجا کەس بووە نەزانراو و نەدیتوو و بێ زانیاری بڕیار لە شتێ بدا!؟ سەرەتا تۆ دەبێ پێم بڵێی بزانم بابەتەکە چیە؟

_حافزە دێزە: ئێ باشە باسی ئەکەم، بەڵام ئەبێ لە نێوان خۆمانا بمێنێتەوە.

_هیوا: باشە، دەمێنێتەوە.

_ حافزە دێزە: جەماعەتێ دۆست و رەفێقم هەن، ئەڵێن چەکوچۆڵ بەتایبەت دەمانچە لەودیو مشتەری زۆرە و....

پارەی چاک ئەکا، پارەی نەختیش ئەدەن. ئەتۆش بە هۆی کاری حیزبایەتییەوە لەوانەیە کەسی وا بناسی و بە هەرزانتر دەستت بکەوێ.

زۆر کەس هەن سەرو مل ئەشکێنن بۆ مامەڵەیەکی وا، بەڵام من متمانەم بە هەموو کەس نیە!

_هیوا: حافز ئەوە تۆ باسی چی ئەکەی؟! نەکا بەم قسە و فیکرە قۆڕانە پەنێکت بە دەستەوە بێ!؟

پیاوەتی بکە و منی لێ دەربخە. هەر نەشم گەرەک بزانم چیت لە بن سەرە، بەڵام ئەزانم کەتنێکت ها بە دەستەوە!

_ حافزە دێزە: هههههه، کەتنی چی کاکە، ئێوە حیزبییە توندەکان عادەتتانە بە چاوی ئەمنیەتییەوە چاو لە هەموو شتێ ئەکەن. ناهەقتان ناگرم! هههههه وریا بە کە چای و مای ئەخۆیتەوە بۆنی بکە، دەرمان و شتی تێیا نەبێ هههههه!

هیوا: تازە ئەمشەو لێرەم[بەشە ناوخۆیی(ئاسایشگای دانشجویی)] چتێ دروست ناکەی بخۆین، لەوەتەی هاتووینەوە و دانیشتووین ئەو چاییە سەوزە نەبێ هیچت نەداومێ!؟ گوێت بە قۆڕەی سکمەوەیە، ئەها ئێژی سۆبای دارە هورپە هورپیەتی!

_حافزە دێزە: با،با، بۆ قسەیەک ناکەی خۆ خاڵۆ لە بیابانەوە گیرت نەخواردووە. ئیسە ئۆملێتێکی خۆش و بەتام ساز ئەکەین!

_هیوا: چی؟ چی،چی، ئۆم چی؟! کوڕە هێندە خۆت تەسکەو مەکە، بێژە هێلکەو تەماتە و بڕایەوە! ئۆملێت ئۆملێت چەتە ئیتر!؟ههههههههه ئۆملێت، تەڕەماش... کەنیشکێکی ناسکۆڵەی خوێندکاریش بڵێ ئۆملێت هەر شتێ، ئەو بەو دەست و پلە ناسک و زەوق و سەلێقە خۆشەوە هێلکەو تەماتەیەکی خوێن و خۆرت بۆ ساز ئەکات هەر تەبێعەتت پێی دەبێتەوە، بەڵام ئاخر ئەو دەموفلچ و سەرو گوێلاکەو ئۆملێت هههههه!؟

_حافزە دێزە: هەهەهەهەهە دەی وەڵلا ناهەقیشتا ناگرم، لەو دەشت و کەمپانا هێندە کچ و مچ و ژن و شتتان نەدیوە، تەنانەت ئاواتی هێلکەو تەماتەش بە دەستی کچە ناسکۆڵە ئەکەن! ئەوە ئێتر خەتای من نیە!

بە شەرەف کچێکی ئیتلاعاتی بێتە ناوتان، ئەتوانێ هەزار شەڕ و ئاژاوە بخاتە ناوتانەوە، ئەتوانێ سەد کادر و پێشمەرگە هەڵفریوێنێ و بیانکا بە گژ یەکا. جا داخەکەم ئێوە ئەم قسانەتان پێ گوناحی کەبیرە و کفر و ناسزایە

_هیوا: نا، نا، وانیە، ئەگەر کەسێکی بێ غەل و غەش و بێ گرێ و گۆڵ ئەم قسانە بکا قەیناکا، بەڵام ئاخر تۆ پیاوی ئەوە نیت ئەم قسانە بکەی. لێت ناوەشێتەوە....

_ حافزە دێزە: ئەها، ئەها، نەمگوت، خۆ ئەزانم، ئێوە قسەی حەقتان پێ تەحەمول ناکرێ، حەز ئەکەن گوێتان لە پێداهەڵگوتن و بە بەژن و باڵادا وتن ببیستن. ئەوە راستییە، جا قەبوڵی کەن و نەیکەن ئەوە کەیفی خۆتانە. من وائەزانم گەورەترین نوقتە زۆعفی کادرو پێشمەرگەکانتان ژن و کچە. نە کە رێژیم ئەمە نەزانێ، باش باش ئەیزانێ، بەڵام بۆی گرینگ نین بۆیە نایهەوێ مۆرەکانی خۆیتان پێوە خەسار بکات...

_ هیوا: وای دائەنێم گوێم لەم هەڵیت و پەڵیتانەت نەبووە، هەندێکی تر لەم قسە قۆڕانە بکەی ناچار ئەبم هەر ئیستا لێرە بڕۆم. ئەو قسانەشتم لەبیر دەبێ، دەبێ بۆ هەموویان هۆکارت هەبێ و هەر هەمووشیان بەسەرەوە رائەگەیەنم...

_حافزە دێزە: کاکە خۆ کفرم نەکردووە. باشە، ئەهااااائا، ئێتر مەتەقم لێوە نایێ. بەڵام خەریک بوو بیرم بچێ، ئەمشەو عەبە دەمپان، ئەو کوڕە سنەییەکە دێ بۆ ئێرە، ئەوە مانگێکە هەر دەڵێ دێم بۆ لات، ئەمڕۆ زانیویەتی تۆش لێرەی، ئێوارە پێی گەییشتم وتی دوایی دێم بۆ لاتان. راستەکەشت دەوێ کەیفم بەو دەمو فڵقەی نایێ، بەڵام ئیتر چیکردن، ناچارین تەحەمولی بکەین. خوا قەوەتمان با.

بەڵام ئەری بەڕاست زانیوتە جەماعەتەکەی گۆزەڵەیە، گوێزەڵەیە..

_هیوا: زڕگوێزەڵەت مەبەستە!؟

_حافزە دێزە: ئا..ئا، بەغەوس خۆیتی. زڕگوێزەڵە. گوێی عالەم و ئادەمیان بە دروشمی (کرێکارانی جیهان یەکگرن) کەڕ کردووە و رۆژ تا ئێوارە باسی مافخوراوییان ئەکەن کەچێ لەم رۆژانەدا بیستم زکتێرەکەیان لە دادگای سلێمانی لە سەر پارەخواردنی ئەندامێکی خۆیان داوای یاسایی لەسەر تۆمار کراوە!

_هیوا: نازانم، لەوانەشە دەنگۆ بێ. دوژمن بە هەموو شێوەیەک هەوڵ ئەدا روخساری شۆڕشگێران بشێوێنێ.

ئینجا ئەوە چ پێوەندییەکی بە من و جەنابتەوە هەیە؟! ئەگەر کێشەیەکیش هەبێ ئەوە دراوەتە یاسا و ئەوان چارەسەری ئەکەن.

حافزە دێزە: ئەو هەتیوە زۆر بڵێیە دەمبڵاوەش ئیستا دێ، جا گوێی لێ بگرە بزانە هەرچی بەو دەمە پانەیا دێ ئەیگێڕێتەوە! هەتیوە دەعبایەکی سەیرە.

*:تەق..تەق..تەق..(عەبە دەمپان) یاالله ئیجازە هەس؟!

هیوا و حافزە دێزە وێکڕا: ئەی بەخێر بی، چۆنی کوڕخاس، دەنگوباست؟ حاڵ و ئەحواڵت؟ خەریکی چیت؟ (حافزە دێزە)یاخوا بەخێر بی، ئائیستە زیکری خەێری تۆمان ئەکرد. کاکە تۆ ئێمەت پێ هاوشانی خۆت نیە، بۆیە سەردانمان ناکەی...

_عەبە دەمپان: (عەینەکە ژێرپیاڵەییەکانی لابرد) یاالله، کاک هیوا گیان چۆنن، باشن، بەخێر بێن. ئەوە کاکە بۆ سەردانی لای ئێمەش ناکەن؟ کاکە ئێمەش دوو دەرگا ئەولاترین! کوڕە کاک حافز تۆ هەر ئێمە ئەبینی سەرت ئەسووڕێنی...!

*_حافزە دێزە هەر چاوی لە هیوا دادەگرت و پرسیاری لە عەبە دەمپان ئەکرد. بەڵام هیوا ئاگای لێ بوو کە حافزە دێزە شتێکی بچووک وەک فلاش مێمۆری پێ بوو و دوگمەکەی داگرت و هەڵیکرد. دیار بوو ئەیهەویست دەنگی مشتومڕ و گفتوگوەکان تۆمار بکات.

_حافزە دێزە: کاک عەبدۆڵا ئەزانی کاکە ئێوە سنەییەکان لە حیزبەکانا هەر بە تەواوی لە پەڕوباڵ کەوتوون ئیتر!؟

بەڵام ئاخر خەتای خۆشتانی تێدایە. ئاخر خۆ لە ناو شۆڕشدا نامێننەوە. قسەیەکی خۆش هەیە، ئەڵێن: بە دووچەرخە دێن و بە ئۆتوبوس ئەچنەوە هههههههه!

_عەبە دەمپان: چەبکەین کاکە حافز گیان!؟ خۆ لە بەین بەردئاشی ناوچەگەرایی هەورامییەکان و ناوەندییەکانا ئاویەری ئێمە و شاهۆ و کۆساڵانەکەی ئێوەیش خۆی ناگرێ! جەماعەتی

سنەیی بنەخادانەری کۆمەڵە بوون و زیندووکەرەوە و بەهێز کەرەوەی دیمۆکرات بوون لە جنوبی کوردستان...

ئەیچە کاکی خۆم سنەییەکان ئەگەریش نەماگنەسۆ لە بەر دواکەوتوویی مێتۆدی حیزبایەتی بە ناوچەگەرایی هەورامی و سۆرانی و بادینی یان شمالی و ناوەندی و جنوبی بووە.

ئەوان حەزیان لەم جۆرە حیزبایەتییە نیە. کاکە مەخسووسەن ئەو هەورامیگەلە ئیسە ئێتر حەر بە تەواوی حیزبیان خواردگە. کەس بە دەسیانەو خۆی ناگرێ. لەو لایچەوە جەماعەتی مهابادی و سەردەشتی و بۆکانی قڕیان خستگەسە ناو حیزب. لای کۆمەڵەکانیش ئیتر با بوەستێ، وەزع ئەوان فرە لە هین دیمۆکرات خراوترە. حەر وێڵیکە ناچمە ناو باس ئەوان.

_حافزە دێزە: کوڕە کاکە هەورامی چی و شتی چی!هههههههه ئەگەر وا بوایا ئیسە من و برا گژنەسەرەکەیچم و ئامۆزا درێژە بێ عەقڵ و بەدفەڕەکەیشم چتێکمان هەڵئەکڕاندبوو. ئەو هەورامیگەلەی تۆ باسیان ئەکەی تەنیا و تاق بۆ خۆیان و ماڵ و مناڵ و کەسوکاریانی ئەکەن و هیچ. بۆ ئەو کەسانەی ئەکەن کە لە ئۆروپان و بە پاڵپشتی ئەوان تەئیدییەیان وەرگرتووە و ئیسە مانگانە پارە و پوڵێکیان بۆ ئەنێرنەو!

_عەبە دەمپان: کوڕە بەشەرەفم راست ئەکەی. بەمە ئێژن قسەی هەق. بە ناموسم نەفەر ئەناسم ئیتلاعاتی و نێردراوی رێژیمە و هاتوچوی ماڵی دەفتەر سیاسی ئەکا و دەعوەت و دەعوەتکارییان ها لە بەینا و بە لایانەوە لە کاردی حیزبیش جێ متمانەترە.

نەفەر ئەناسم بەرپرسایەتی لە کومیتەی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبا هەبووە و سکرتێر و جێگرەکەی پێوەندیی گەرموگوڕیان لەگەڵ هەیە، لەگەڵ بەرپرسانی کومیتەی ئەمنیەت ئێژی یەک بنەماڵەن و چووەتە کۆڕیادی مردنی خومەینی لە هەولێر و کاری تەرجومەی لایقی بۆ کردوون و پێیان زانیووە و لەبەر ناوچەگەرایی و باندبازی ، هەر بە دەرکراوە، بەڵام خۆشەویستی ماڵە خزمانی حیزبی ماوەتەوە. هەر لێم گەڕێ دەست مەدە لە دەردم....

_ هیوا: کاک عەبدوڵا ببوورە، بەڵام بۆ ئەمانە هیچ بەڵگەت هەیە؟**!** خۆت ئەزانی ئەم قسانە گەورەن، ئەتوانی بیانسەلمێنی؟**!**

_ عەبە دەمپان: بەڵێ، بەڵێ کاک هیوا، بەڵێ هەمە و ئەولای هەمەش. ئەگەر ئازان با بانگم کەن، بزانە چۆنیان بۆ ئەسەلمێنم.

_حافزە دێزە:(چاوی لە هیوا دادەگرت): بە شەرەف و ناموسم لە گەڵتام. کاکە ئەوەیە قسەی حەساوی. کاک عەبە هەرچی بەم هیوایە ئەڵێم، هەر وائەزانێ من جاشم و ئەوان باشن**!**

لە هەموو خراپتر لەو ئاسایش و ئێقامەدا چۆنمان لەگەڵ هەڵسوکەوت ئەکەن**!**؟ خۆ خۆت ئەبینی. خوا بکات کەسمان رێمان نەکەوێتە ئەوێ. بەتایبەت ئەگەر ژن و کچ بی هەر واوەیلایە**!** توخوا وا نیە**!**؟

_عەبە دەمپان: کە هەق ئێژی، ئاو رادەوەستێ ئەوەیە. بەڵێ وەڵلە. لە بەنگلادشی و فیلیپینی خراپترمان لەگەڵ ئەجوڵێنەوە. ئەویش هەر ئەگەڕێتەوە بۆ سوک و چروکی حیزبەکانمان. هیچ حەسابێکیان بۆ ناکرێ. چۆنیان حەساب بۆ بکرێ کاتێ ئەندامی

دەفتەری سیاسی ئەپاڕێتەوە لە مودیری تەلەوزیۆنێ یان ڕادیۆیەک تا کوڕەکەی یان کچەکەی بە موچەیەکی هەزار دۆلارییەوە بە کارمەندیی وەرگرن. خۆت بڵێ، ها، توخوا حیزبێ ئەندامی دەفتەر سیاسییەکەی ئەوە سەنگ و قورسایی بێ کێ حەسابی تووڕێکی پووچی بۆ ئەکات ئێتر!؟ توخوا بەسە هەر دەست مەدە لە دەردم...

_حافزە دێزە: ئەرێ ئێژن هەندێ لە مەسولەکانی حکومەت سواستفادەشیان لە کچان و کوڕانی خوێندکار کردووە، بەڕاست تۆ ئاگاداری شتی وا هەی!؟

_عەبە دەمپان: هەهەهەهە ئەوە تۆ ئێژی چە!؟ بەڕاستە، یانێ ئاگادار نیت!؟ کوڕە حەتتا سواستفادەی ئێخلاقیشیان کێ کردوون. مەخسووسەن لە کەنیشکەکان. وەلێ خۆ خەتای کوڕ و کەنیشکەکانی خامانە. ئەمان خایان داگەسە دەستەو. ئەرێوەڵا ڕاستە ۆ ئەولای ڕاستیش. زۆرێ لە کچ و ژنەکان بە چاوی لەشفرۆش سەێر ئەکەن!

_عەبە دەمپان: ئەرێ بە ڕاست کاک هیۆا تۆ بۆچە قسەیەک ناکەی!؟ ژنەفتگمە لە ناو هەردوولای حیزبە باسی جەوانگەرایی ئەکرێ، تاچەند بڕوات بەو شتە هەیە؟

_ هیوا: ئەو قسە لە تەقلیدێکە لە سەردەمی د. قاسملوو و د. سەعید ، تەقلیدێکی بێ ناوەرۆک و پوچ. ئەوان هێندەیان لەخۆڕا دەدەیت کە لە عەمەلی کردنی ئەو دروشمانە نەترسن، تەنانەت بورسی خوێندنی ئۆروپایان بۆ زۆرێ لەو جەوانانە وەردەگرت کە ئێستعدادی پێگەییشتنیان هەبوو. هەهەهەهەهە بەڵام ئەمانە ئیستە قانونیان دانابوو بۆ پێشگرتن بەو کەسانەی ئەیانهەوێ لە زانکۆەکانی کوردستان بخوێنن و پێشمەرگەش

بمێننەوە. یانێ عەمەلەن و بە قانون خەریک بوو پێشیان بە گەشە و پێشکەوتنی وزەی چالاکی ناو حیزب ئەگرت. ههههههه

بۆیە جەوانگەرایی بە کەسانێ ناکرێ کە تەرح و گەڵاڵە ئەدەن بۆ جەوانکردنەوەی وزەی بەڕێوەبەریی حیزب، بەڵام بەو مەرجەی خۆیان و شەریکە پیر و بەساڵاچووەکانیان لە پێگەی دەسەڵات و بەڕێوەبەریی حیزبا تا مردن بمێننەوە!
جەوانگەرایی بەم جۆرە ناکرێ. حیزب عەمەلەن ئێستا دەفعی زیاترە لە جەزب. لە ساڵا نابینی دە جەوانی زانکۆدیتوو و بەتوانا بێنە ریزی حیزبەکانەوە، کەچی ساڵانە زۆرێ لەو کادر و پێشمەرگانەش کە پەروەردەی قوتابخانەی حیزبین، راو دەنرێن یان بەناچار حیزب و شۆڕش بەجێ دێڵن. دەڵێن مقاومەت بکەن! ئەو نەفەسە لە جێگای گەرمەوە دێ، لە راستی دا دەکرێ بڵێین تۆ کە دێیتە ناو حیزبەوە، ئەبێ زیاتر لە ٧٠٪ ی وزەو توانایییەکانت بۆ خەباتی ناوخۆیی و ئیستکاکی ناوچەگەرایی و خزم خزمێنێ و کۆن و نوێ و... سەرف بکەی.

_عەبە دەمپان(چاوێکی لە سەعاتەکەی کرد و وتی) ئەی بابە، من زۆر درەنگمە. ببوورن دەبێ بەجێتان بێڵم. کاک هیوا گیان بۆ نایێی لەگەڵ من!؟ زۆر حەز ئەکەم ئەمشەو لای من بن.

_هیوا: زۆر سپاس. فەرقی نیە، ئەوە نیە لای کاک حافزم.

* هیوا رۆیشت و حافزە دێزە رێکۆردێرەکەی کوژاندەوە. دیار بوو هەمووی تۆمار کردبوو. پاشان بە هیوای وت: من چەند دەقێقەیەک بەجێت دێڵم و ئەچم تا لای برادەرێ لەم پشتە و

دێمەوە. هەر لەوێ دیسان رێکۆردێرەکەی هەڵکردەوە و خستیە گیرفانی و رۆیشت.

_ هیوا: بیری ئەکردەوە لە قسەکانی حافزە دێزە وبەو رێکۆردێرە و زۆر شتی تریش گومانی لێ کردبوو. بەڵام ئەویش بۆ خۆی بیری ئەکردەوە و ئەیوت: باشە خۆ زیانێکی نیە، مادام ئەڵێ تۆ تەنیا کەسێکم پێ بناسێنە، با کەسێکی پێ بناسێنم، ناشوکری نەبێ خۆ منیش دۆست و هاوڕێم زۆرە. خۆ ئەگەر قازانجێکیشی بۆ من نەبێ زیانێکی نیە. چەک و چۆڵێکیش بڕواتە ناو ئێران و بکەوێتە دەست ئەو خەڵکە، رۆژی خۆی هەر سوودی خۆی دەبێ.

مادام وایە خراپ نیە پرسیارێ لە عابێدی هاوڕێم بکەم. عابێد شارەزایی لەو کارانەدا هەیە و لەوانەشە دۆست و هاوڕێی هەبێ و شتی وای دەستکەوێ. وائەکەم.

*_نزیک بە دوو سەعاتێ حافزە دێزە بە خۆی و رێکۆردێرە سیخوڕیانەکەیەوە بزر بوو.

_(لەناکاو درگا کرایەوە) حافزە دێزە: برا بوەخشە بە تەنیام بەجێ هێشتی. بەخوا کارێ بوو ئەبووا کردبام. [ بە رەزامەندی و دڵخۆشییەکی تایبەتەوە رێکۆردێرەکەی دەرهێنا و خستیە سەر مێزەکەی ژێر چێولیباسیەکە، بەڵام هەر زوو پەشیمان بووەوە و خستیە ناو جانتایەک و قوفڵی دا.]

_هیوا: راستی بیرم لە قسەکانت کردەوە.

_حافزە دێزە: [دانیشتە زەوە بەردەمی و توند دوو سێ ماچی ئەملاو ئەولای هیوای کردو بە ئێحساسەوە وتی:] دەی بە

قوروانی واچەم پنە(پێم بڵێ) بزانم چی بووە! دەی با مەراق نەکەم، واچەم(پێم بڵێ)..!

_هیوا: لەو هەڵسوکەوتەی حافزە دێزە بەگومان بوو و لەو لاشەوە ئەیگوت دەی قابیلە ئەتوانێ چی بکات!؟ خۆ من بەڵگەی بە دەستەوە نادەم، ئینجا خۆ تاوانیش نیە. ئەو هەموو بازاڕە چەکو چۆڵ فرۆشتنە بە ئاشکرا لەو شارانە هەیە و کەسیش ناڵێ کەرەکەتان بە چەن و من تەنیا ئەم و عابێد بە یەک ئەناسێنم و بەس! و وتی: ئێ باشە، من کەسێکت پێ ئەناسێنم، بەڵام ئیدی کارم بە سەر هیچەوە نیە.

_حافزە دێزە: ئەی بە قوربانت، کوڕە وەڵا من نۆکەرتم، کوڕە تۆ کوڕی پیاوی. دەی مادام وایە با یەک دوو بیرەی ساردم هەیە بەیەکەو بیخۆینەوە و بە دەم خواردنەوەشەوە قسەی زیاتر لەو بابەتە ئەکەین.

_هیوا: ئێ باشە، با وا بکەین.

*_ ئەو شەوە حافزە دێزە ئاگادار ببوو کە لە ژووری لە ژوورەکانی بەشەناوخۆیی(ئاسایشگای دانشجویان)

کۆبوونەوەیەکی خوێندکارانی رۆژهەڵات هەیە. لەو جۆرە کۆبوونەوانەشدا زۆربەی کێشە و تەنگ و چەڵەمەی خوێندکاران باس ئەکرا.

زۆرێ لە خوێندکاران لە دۆخی ئێقامە نوێکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئاسایشی گشتی و... گلەییان هەبوو و بە توندی رەخنەیان ئەگرت و ناوی نەفەریشیان ئەهێنا. هەندێ لەوانە زۆر و زیاتر لە بەقیە توند بوون و کەوتبوونە بەرچاوی سیخوڕانێ وەکوو حافزە دێزە.

حافزە دێزە و برا گژنەسەرەکەی، واتە کۆیاریش کە دواتر دەرکەوت لە نێوان ٣ بەردئاشا گەمە ئەکەن و لەو بەشە ناوخۆییەش هەر بە تایبەت دانرابوون وەکوو چاودێر و موراقێبی خوێندکارانی رۆژهەڵاتی، کاری سەرەکییەکەی سیخوڕی کردن بەسەر خوێندکارانەوە بوو.

حافزە دێزە هاوکات ئەچووە ناو حیزب و بە بیانوی ئەندام بوونەوە سەردانی ماڵی چەند ئەندامی رێبەری و کادر و پێشمەرگە و بنەماڵە شەهیدی ئەکرد و لە رێگای ئەوانیشەوە لە کومیتەی ئەمنیەتی حیزب نزیک ببووەوە.

ئەو کابرایە راستەوخۆ هەم سیخوڕی بەسەر خوێندکارانی رۆژهەڵاتەوە بۆ ئاسایش ئەکرد، هەم سیخوڕی بەسەر ئەو خوێندکارانەوە ئەکرد کە ئەچوونەوە بۆ ئێران، بۆ نمونە لای حیزب هەوڵی ئەدا بە جاش و ئیتلاعاتی نفووزییان بناسێنێ و هەمیش راپۆرتیان لەسەر بداتەوە بە کۆماری ئیسلامی کە گوایە ئەمانە پێوەندییان بە حیزبەکانەوە هەیە و تەشکیلاتن.

_هیوا: بڕیارمان وابوو کە من کەسێکی وا بە تۆ بناسێنم کە هەندێ دەمانچەت بۆ کۆ بکاتەوە و پێت بفرۆشێ. بەڵام لە ئێستاوە پێت ئەڵێم من نایێمە ناو مامەڵەکەتان و تەنانەت کە داشدەنیشن بۆ مامەڵە من بانگ ناکەن، چونکی من نایێم و کارم بەوە نیە. واتە من تەنیا پێکتان ئەناسێنم و بەس، بۆ خۆتانن مامەڵە لەگەڵ یەک ئەکەن. هەرچیەکیشت دا بە من بەزیاد بێ.

_حافزە دێزە: باشە، با وا بکەین. من رازیم. من چاوەڕێی تەلەفۆنی تۆ ئەبم.

_هیوا: باشە من کە سبەی ڕۆیشتمەوە، لە فیکرا ئەبم و ئاگادارت ئەکەمەوە. چاوەڕێم بە.

*_ئەو شەوە خەوتن و ڕۆژ بووەوە، هیوا هەندێ کاروباری ناوشاری هەبوو، کارەکانی کرد و بەرەو لای کۆیە ڕۆیشتەوە.

*_دوای ماوەیەک ڕۆژێ لە ڕۆژان یەکێ لە خوێندکارە ڕۆژهەڵاتییەکان دەڕواتە کۆیە بۆ بەشی ئەمنیەتی حیزب و ئەڵێ: کاکە لەم ڕۆژانەدا ئاسایش دوو کەس لە خوێندکارانی بردووە، رزگار ناوێکی مهابادی و کوڕێکی سنەیی بەناوی عەولا کە لەناو کوڕەکانا بە عەبە کوێر یان عەبە دەمپان بەناوبانگە. ئەمانە هەردووکیان زمان تیژبوون و....

لە دەستی ئاسایش و ئێقامە تووڕە بوون و قسەیان ئەکرد. نازانم کێ بووە ڕاپۆرتی لێ داون، ئێستا شوێن بزرن. کەس سۆراغیان نازانێ!

(تومەز دوایی دەرکەوت کە حافزە دێزە ئەو شەوە ئەو ڕێکۆردێرەی بۆ ئەو مەبەستە بوو و ئەو شەوەش چووبوو بە ڕێکۆردێرەکەوە لەوێ بەشداری کردبوو و هەموو کۆبوونەوەکەی ڕێکۆرد کردبوو. بەڵام ڕاستییەکان دوایی پاش ماوەیەکی دوور و درێژ دەرکەوتن.)

*_ هیوا زۆر سادە پێوەندی بە عابێدی هاوڕێیەوە کرد و وتی کاکە دۆستێکمان هەیە ئەیهەوێ مامەڵەی چەکوچۆڵ بەتایبەتی دەمانچە بکا. پارەیەکی باشیش ئەدا. ئایا ئەتوانی بۆی پەیدا بکەی و کاری لەگەڵ بکەی یان نا؟!

_عابێد: ڕاستەکەی ئەوەندە ئاسان نیە، بەڵام ئایا ئەوەی باسی ئەکەی کەسێکی دڵنیایە یان نا!؟ چونکی ئەتوانم بڵێم سەر بە

خۆت ئەسپێرم بەڵام ئاسان نیە متمانە بە هەموو کەسێ بکەم و ئەوەش تۆ خۆشت باشی ئەزانی!

_هیوا: باشە کاکە لە بەرچی؟! خۆ رۆژانە لەو بازاڕانەی کوردستان هەموو جۆرە چەکوچۆڵێ مامەڵەی پێ ئەکرێ و کەسیش نابینی ئێخەی کەس بگرێ. ئیدی لەچی نیگەرانی!؟

_عابێد: نا کاکە، بەو دیوەیدا نالێم براکەم، خوای نەکردە کەسێ بیهەوێ کەتنێکمان پێ بدا یان تەڵەیەکمان بۆ بنێتەوە یان پلانێکی بەدەستەوە بێ بۆمان، بەوجۆرە ئەتوانێ تووشی بەلامان بکات!

لەم وڵاتەی ئێمەی تێداین وڵاتی نە یاسا هەیە، نە داد و دادپەروەری. ئەکرێ بە چەقەنەیەک کەسێ ببنە پای داری ئیعدام و بە دەعوەتییەکیش ئیعدامییەک لە لە سەر دار بێنیتە خوارێ.

لە وڵاتێکین کە هەموو شتێ لە سەر زگ و بن زگ داڕێژراوە. تۆ چاو لێبکە، سەدان کەست هەر لەم شارەی خۆم بۆ هەڵئەدم کە پێشتر جاش و بەکرێ گیراوی بەعس بوون و ئێستاکەش باش و جێ متمانەی حیزب و حکومەتەکەمانن.

ئەوە تەنیا قسەی بۆغز و رق و کینی من نیە، لە هەر کەس بپرسی ئەیانناسێ. بۆیە لە وەها کەشو دۆخێکا ناکرێ سادە و ساکار ئەقڵی خۆ بدەیە دەست کەس.

_هیوا: کاکە ئەگەر نیگەرانی و متمانەت نیە، قسەی لەسەر ناکەینەوە. منیش تۆم لەو شتانە زۆر بەلاوە گرینگترە. باشە کاکە، ئەوە بەردێکم لەسەر دانا. ئەها ئا، تەواو.

*_ عابێد کەمێ مات بوو و نەختێ وەستایەوە و سەری داخست و لە ناکاو سەری هەڵێنایەوە و...

عابێد: نا،نا، مەبەستم ئەوە نیە.

عابێد: نا،نا، مەبەستم ئەوە نیە. ئەگەرچی ئەو ئیشە لە گەڵ کەسێکا کە نایناسی نیگەرانی و دڵەڕاوکێکی زۆری لەگەڵە بەڵام خۆت ئەزانی منیش لە دووکان رۆژ تا ئێوارە بە سەرپێوەم و تووشی هەزار دەرد و بەڵا بووم. پشت ئێشە بڕستی لێ بڕیوم، ئیدی توانایەکی ئەوتۆم نەماوە و ئەوپەڕەکەی یەک دوو ساڵێ تر ئەم کارەم پێ بکرێ. معاش و موچەیەکی حکومەتیشم نیە و شتۆکەیەکم لە حیزبەوە ئەدەنێ کە ئەویش بەشی شیردانی مناڵێ ناکات!

بەو حاڵەشەوە کە ناتوانم لەو کابرایە، حافز دڵنیا بم، ئامادەم و هەوڵی خۆم ئەدەم ئەوەی داوای ئەکات بۆی ببینمەوە.

_هیوا: وەستا عابێد ، حافز سەرەتا داوای دەمانچەیەکی کردووە.

_عابێد: بۆ کەی پێویستە؟

_هیوا: هەرچی زووتر، باشتر. ئەتوانی بۆ سبەینێ یان دووسبەی حازر بکەی؟

_عابێد: هەوڵ ئەدەم، خەمتان نەبێ. سبەینێش نەبێ، بە دڵنیاییەوە دووسبەی ئەیگەیێنمە دەستتان.

_هیوا: هەهەهەهەهە دەستمان نە، دەستی. چونکی من لەو شتانە نازانم و ئەوە تەنیا داوای حافزە.

_عابێد: خەمت نەبێ،هههههههه لێت تێدەگەم.

*عابێد و هیوا بە دەم چای خواردنەوەوە خەریکی دەمەتەقێ بوون.

عابێد زۆر دڵی لە حکومەت و دەسەڵاتە حیزبییەکەیان پڕ بوو. ئەو پێوابوو شتێ بە ناو حکومەت بوونی نیە، بەڵکوو ئەوەی هەیە تەنیا پاشاگەردانییەکەو هیچیتر.

_عابێد: ئەزانی کاک هیوا، من بابم و سێ مامم و دوو خاڵم و دوو برای گەورەم شەهیدن.

ئەوان خەون و خولیا و ئارمانی گەورەیان لە سەردا بوو. پێیانوابوو بەس تەنیا حکومەتی بەعس نەمێنێ، ئیدی هەموو شت چارەسەر دەبێ و ئەو دۆزەخەی تێیدابین ئەبێتە بەهەشتی مەوعودەوە. کاتێ کادرەکانی حیزب خەونەکانی داهاتوویان بۆ باس ئەکردین، جوانترین خولیایان لەسەر پەردەی سینمای خەیاڵ بۆ ئەنەخشاندین. خەونی وا جوان و ڕەنگاڵە کە....

گیان لە نرخەکەیان هەرزان بوو.

ئەیانگوت ئەم خاکەی لەسەری ئازار ئەچێژین، ئەنفال ئەکرێین، ئەکوژرێین، زیندانی و ئەشکنجە ئەکرێین، پڕە لە زێڕ، سامانێکە ئەتوانێ ژیانی پاشایی بە هەموومان ببەخشێ و ڕەسیف(پیادەڕەو)ەکانمان بۆ بکات بە زێڕ و شەقامەکانمان بۆ بکات بە زیو.

ئەتوانین هەموومان لە کۆشکی شاهانەدا بژین و خزمەتکار و چێشت لێنەری تایبەتیمان هەبێ، ئۆتۆمۆبیلی مۆدێل بەرز و شۆفێری تایبەتمان هەبێ.

کارەبای بەردەوام و خزمەتگوزاریی دیکەمان هەر هەموو بەخۆڕایی و لە ئەستۆی حکومەت ئەبێ. بیمە و خزمەتگوزاریی پزیشکیمان وەک وڵاتانی سوسیال دیمۆکرات ئەبێ.

ئەیانوت ئەگەر سەرکەوین و دوژمن لەم خاکە راماڵین، ئەبینە خاوەن کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەختیار.

بەرنامەی پێشکەوتووی وڵاتانی ئۆرووپاییان بۆ شی ئەکردینەوە و وێنای بەختەوەری سوئێد و نۆروێژ و فەرانسە و ئاڵمانیان بۆ ئەنەخشاندین.

ئێمە دەممان دائەچەقا و سەرمان ئەسووڕما و چاوەکانمان ئەبڵەقانە ئەبڕییە زاریان و خۆمان لە فیلمە خۆشەکانی بەختەوەریی وڵاتانی ئۆروپایی دا ئەبینییەوە. وەک ئەوەی شەڕکەری چاک بوون، پێمانوابوو لە هێنانەدی ئەو خەونانەشا هەر ئاوا پاڵەوانن.

ئەوان چاکیان گورز لە ستوون و سەربازگە و بنکەکانی بەعس ئەوەشاند. چاکیان سەرباز و جاش و جەیش ئەکوشت، چاکیان سەیارە و بنکە و بارەگا ئەسووتاند، چاکیان پرد و جادە ئەتەقاندەوە.

هەر بۆیەش پێمانوابوو هەموو ئەوەی ئەیڵێن، هەر وای جێبەجێ ئەکەن، ئیدی لە خۆمان نەئەپرسی، ئەدی چۆن ئەو خەونە رەنگاڵانە دێننە بوون!

ئەمڕۆ ئیدی ئەوا خەریکە لە بیست ساڵەی دەسەڵاتی حکومەتی حیزبی_بنەماڵەیی نزیک ئەبینەوە...

و ئەو خەونانەش نەک تەنیا نەهاتنە دی، بەڵکوو لە خەون و خولیای خۆش و خەیاڵی پڵاوانەوە بوونە کابوس و مۆتەکە، بوونە شەوەی خەوزڕێن، بوونە ئاویلکە و بڵقی سەرئاو.

_هیوا: کاک عابێد، براکەم هەست ناکەی زۆر بێ هیوایانە و ڕەشبینانە لە دۆخەکە ئەڕوانی؟ ئاخر لەوانەیە ئەو دامودەزگایەی ئێوە لە ئاست چاوەڕوانییەکان نەبێ، بەڵام....

_عابێد: ببوورە، شەکر لە کەلامت بێ، ناچارم قسەکەت پێ ببڕم. تۆ ئەزانی ئەو جاشانەی هەتا دوێنێ ڕاوە باشیان ئەکرد و شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەرییان بەگرت ئەدا و دایکە شەهید و خوشکە پێشمەرگەیان بە ڕاپۆرتی درۆ و بە زۆر بۆ بەعسییە ئیستیخباراتییەکان بەگرت ئەدا و لە ئەشکنجەخانەکانا لەگەڵ بەعسییەکان دەستدرێژییەن ئەکردنەسەر، ئێستا لە حیزبا لە بنەماڵەی ئەو شەهید و شۆڕشگێڕانەی بەگرت و کوشتیان دان پلەو پایەیان بەرزترە و لە حکومەتا خاوەن بڕیاری بگرە و ببڕە و بکوژە و بەردەن!؟

با بۆت بڵێم، کابرایەک لە گەڕەکەکەی ئێمە هەبوو، بە ئاشکرا گەورە جاش بوو، زۆری تاوانی ئاشکراو شاراوە کرد. ئەو ئازیزی گیان و دڵی بەعسییەکان بوو! و قاتڵی سەری پێشمەرگە و نیشتمانپەروەران.

کە ڕاپەڕین کرا، لە دڵی خۆمانا وتمان تازە ڕۆژی تەواو بوو. ئەبێ یان زوو ساری خۆی هەڵگرێ و هەڵێ بۆ بەغدا ، یان پەتپەتیی بەسەر بێ و بکرێتە پەنی زەمانە!

پیاوی زۆر بوو، لە ترسی پیاوە چەکدارەکانی کەس نەئێەوێرا لە قەسر و ماڵەکەی نزیک بێتەوە. پیاوەکانیشی دەنگۆیان بڵاو

کردبووەوە کە ئاغامان تەنزیماتی حیزب بووە و خزمەتکاری گەل!.

زۆری پێ نەچوو ئەوە بە زۆری زۆری کرایە راست. هەموو ئەیانگوت وەی بابە، شتی وا چۆن ئەبێ، ئاخر خۆ هیچ نەبێ ئێمە ئەزانین کوڕی ماڵی فلان و فیسار ، باوکی دەیان منالْ، مێردی دەیان و سەدان بێوەژن بە دەستی ئەو کوژران یان بەکوشت دران!

خەڵک لەسەری خۆیان ئەدا و ئەیانگوت: ئەی هاواااااار، یانێ حیزبەکانیش دادڵدەدەری جاش و خائین و نیشتمان فرۆشەکانن!؟

زۆری پێ نەچوو کابرای گەورە جاش لە حیزبا زق کرایەوە و بە چەقەنەیەک کرا بە سەرکردایەتی حیزب و جێگا و پێگای قاییم کرد و کۆشک و تەلار و شان و شەوکەت و هەژماری حەمایە و پیاو و نۆکەری بەردەرگا و دیوەخانی زیاد کرد و ریزی کاروانە سەیارەکانی وەک مەسولەکان درێژ بوون و چڵپاوخۆرانی دەوروبەری بە سەری سوێندیان ئەخوارد.

کوڕە سەێرتر ئەوە بوو کە ئەوانەی کوتەک و دارکارییان لە دەست خۆی و پیاوەکانی خواردبوو و رۆژگارێ هەڕەشەیان ئەکرد کە رزگارمان بێ چی و چیی لێ ئەکەین، ئەوڕۆژانە ئیدی کەوتبوونە دەست ماچ کردنی بۆ ئەوەی وەک پیاوی خۆی دایانمەرزێنێ.

*دەنگی زەنگی موبایلەکەی هیوا هات.

_هیوا: ببوورە وەستا عابێد، ئەوە حافزە، با بزانم چیی ئەوێ، هەر زەنگ ئەدا تەنگی پێ هەڵچنیوم!

_عابێد: هههههههه باشه کاکه، وەڵامی بدەوە و بۆ داواکەشی لای منەوە مخەوەل بە.

_هیوا: ئەلۆ، سڵام، خاسنی کاک حافێز؟ دەنگوباست، چکۆنی، چێش کەری؟! ئجۆم ئینای پی دەورو بەرەنە!

_حافزە دێزە: کاکە سڵام، چۆنی، باشی؟! وەڵا لە هەولێرم و لە کولانە سەگەکەی خۆمم. کاکە سندان لە فەقیر دا، ئاخر کێ لە فەقیر ئەپرسێ.

ئەرێ بەڕاست پەی ئا کارە چێشۆ کەرد، شێری یا ریوی؟! فرە لە سەر تۆ حەسابم کردووە. حەزئەکەم کارەکە تەک تۆا بکەم ئەگینا خەڵکی تر زۆرن هەم خەڵکی باشوور و هەمیش ئی ئەودیوی لای خۆمان.

_هیوا: کوڕە خۆ تۆ کەس نازانێ چۆن قسەت لەگەڵ بکا، هەر دەقەیەک بە زارێک قسە ئەکەی. تاوێ سۆرانی تاوێ هەورامی، تاوێ تێکەڵاو، ئەرێ تۆ شەرەف لە سەر دینێ خۆت ساقەوە بکە. هههههه.

_حافزە دێزە: ههههههه کوڕە ئانە هەر موهیم نیە، زمان چیە و کوردی کیلوێ چەنە و هەورامی چە دینێکە!؟

هههههه موهیم ئەوەسە ئەو کارە سەربگرێ و پوڵێکم دەسکەفێ و ژنێ بێرم و لەم تەنیاییە رزگارم بێ و ماڵێوە و ماشینێوە بسێنم و زیندگی کەرەو زیندەگی برا، ئەزانی زیندەگی چێشا؟!

خۆ بەشەرەف ئەزانم ئێوە زیندەگیشتان لەبیر چووەتەوە. لەو دەشتە قاقڕستانا و کەمپانەدا نە زیندەگیەکەتان وەک زیندەگیی بەشەرە نە خەباتەکاتان، عەفو خەباتەکەمان. ئاخر لەوانەیە لە زیندەگیەکەتانا شەریک نەوم بەڵام خۆ جە خەباتەکەتانا شەریکەنا. ئیتر هەورامی و سۆرانی پەی کێ بیەن بە نان و ئاو تا پەی ئێمە بیەبۆ!؟

ئەرێ بەڕاست ئاگاو لە (عەبە دەمپان) هەیە؟!

_هیوا: کام عەبە دەمپان؟!

_حافزە دێزە: کوڕە دەی وێت مەدە کوچەو عەلی چەپی، ئانەی داخڵینە بێ، زۆر بلێیە سنەییەکە، ئەها عەینەکێکی ژێرپیاڵەیی هەبوو و کە قسەی ئەکرد کەفی ئەچەراند و مەشیا کە قسەت تەکیا ئەکرد، چەترێکت پێ بووایا! کوڕێکی سەرتاسی رەشی داکوتاو بوو! ئەوەی کە کاتێ قسە ئەکات هەرچی دەفتەر سیاسی و کومەیتە ناوەندیی حیزبەکانە پاڵ ئەدا بە ئیتلاعاتەوە و خۆی ئەکات بە سکرتێری حیزب!

_هیوا: هههههههه ئێ، ئێ ئەیناسم. نەوەڵا ئاگام لێی نیە، ماوەیەک لەمەوبەر بیستم لەگەڵ رزگار ناوێ لە هەولێر گیراون، ئیتر نەمزانی بۆ، بڵێ بزانم چی بووە؟!

_حافزە دێزە: هیچ نیە، بەر بووە کوڕە، سناریۆیە، ئەگینا خۆ ئەو پیاوی خۆیانە و هەمیشە سەری هالە ناو ئاخوڕی ئەوانا.

هەر ئا لەم رۆژانا چووم ئێقامە تازە کەمەو! سوتفە ئەو لە ژوورێ بوو، نەیزانی بە من، لە ژووری مولازم.........(ناوی بەرپرسێکی ئەوێ) خەریکی قسەکردن لەسەر دانشجووە ئێرانییەکان بوو، درگاکەیان کرابووەوە.

لەسەر کۆبوونەوەی قوتابییەکانی رۆژهەڵات و لەسەر هەڵسوکەوتیان لە ناو خوابگاە(داخلی) قسەی ئەکرد. بۆ ئەوەی دینارێکی بدەنێ، زۆر شتی سەیر و سەمەرەی وەسەر یەک نابوو. هەر قسەیەک و سوێندێکیشی لەگەڵ ئەخوارد.

_هیوا: ئێ،ئێ ئیدی چی، تۆ بە وردی گوێت لە چی بوو؟!

_حافزە دێزە: کە تەواو بوو هاتە دەرەوە، منی بینی ناو مەمەڕەکەدا دانیشتووم، وەک سمۆرە و لە بەرقت داوێ، لە جێگەی خوەیا وشک بوو.

هەر ئەتوت هەسارەزێڕینەس، هەزار رەنگی گۆڕی! خۆی رەشە، لە ترسا و لە شەرما سێ ئەونە رەشتر ببوو.

وتی: سڵام کا حافز چۆنی خاسی؟ ئەوە تۆیش لێرەی، راستی لە کەیەو لێرەی؟ ئاخر ئەوە نیە منیش لە بەشەناوخۆیی(خوابگاە) موراقیب بووم، وایزانی منیش بۆ راپۆرت دان چووم.

منیش وتم: تازە هاتم، هەر دوو دەقێقەیەک ئەوێ! باوڕی پێ کردم، یان زیاتر حەزی ئەکرد باوڕم پێ بکا. ئیتر ئاهێکی هاتەوەبەر و زوانێکی هاورد بە دەمو لەوسیا، ئاخر لەترسا ئەو لێوە رەشانەی وشک و سپی ببوونەوە.

دامناوە بیکەمە راپۆرتێ و بیدەم بە سەرەوە، ئاخر لەم رۆژانا مخول ئاغام بینی، داوای لێکردم هاوکارییان بکەم.

_هیوا: لەم قسانە گەڕێ، ئەو هاوڕێیەی وتم رووی لێ ئەخەم، ئیستا لە لامە و ئەڵێ: ئەتوانم دەمانچەی بۆ پەیدا بکەم. بەڵام ئەڵێ پارەی کاشم دەوێ. ئاخر لە راستیدا ئەو حەلاق(ئاڕایشگەر)ە و پارەیەکی وای نیە.

_حافزە دێزە: کوڕە بە قوربانت بم، نۆکەری جەدوعاباوتم. واچەش سەروچەمەکام، خەمش نەو، با ئەو ئەمجارە دەمانچەیەکمان بۆ بێنێ.

_هیوا: ببووره وەستا عابێد، حافز ئەڵێ جاری یەکەم دەمانچەیەکمان دەوێ.

_عابێد: باشە سەرچاو کاک هیوا، بەس لێی بپرسە چە دەمانچەیەکی دەوێ و لۆ ئەوەی نۆعیەت و مۆدێلەکەی بزانین؟ ها تۆخوا بیرت نەچێ، پێشی برێ لۆ کەنگێتی؟

_هیوا: کا حافز ئەو برادەرە ئەڵێ: چ جۆرە دەمانچەیەکی دەوێ و بۆ کەییەتی؟

_حافز: با چواردەخۆر و تا ئەشتوانێ خاوێن بێ. پێ بڵێ ئەگەر بتوانێ لە هەفتەی داهاتوودا بیگەیێنێتە دەستمان باشە.

_هیوا: کاکە چواردەخۆری دەوێ و بۆ هەفتەی داهاتووش باشە.

_عابێد: کاک هیوا ئەتو پێت سەیر نیە!؟ ئەو کابرایە هەر باسی پارەشی نەکرد! ئاخر زۆرم لا سەیرە!

*هیواش کەوتە بن گۆمی فیکرو خەیاڵ، لە بەر خۆیەوە بیری ئەکردەوە، باشە ئەو هەتیوە حافزە ناچێتە ئاودەست تا برسیی نەبێ، هەرچی ئەهات بۆ ماڵە خزمانی بۆ کۆیە بای دیناری شتی لەگەڵ خۆ نەدەهێنا. چەند جارێ چوومەتە ژوورەکەی لە داخلی، هەر خۆم شتم بردووە، جارێ نەبێ کە خۆی هێلکەو تەماتەیەکی پێدام.

هههههە جارێکیش لەوێ بووم لەگەڵ کۆساری برای لەسەر پەنێرە سێگۆشەکان لە پێش من بوو بە شەڕیان، گۆیا حافز دوو دانە لە پەنێرە سێگۆشەکانی کۆساری برای لە یەخچاڵەکە دەرهێنابوو و خواردبوونی، من لەوێ نەبوایام خۆ

سەروگوێلاکی یەکیان ئەشکاند. هههههههه ئەدی باشە چۆنە ئێستا لەسەر پارەی دەمانچەکە هەر ئەلفیشی نەترەکاند؟!

*عابێدیش لەبەر خۆیەوە بیری ئەکردەوە، بەخۆی ئەوت: باشە کوڕە تۆ سەرتاشی چە ئیشت بە چەک و چۆڵ و ئەو شتانە دایە!؟ سەرت نایشێ لۆ دەسماڵی لێ ئەبەستی؟! ئاخر مەگەر خۆت نازانی لەم مەڵبەندەی ئێمەی تێداین هەموو دونیا بەتڕ بەندە! ئەگەر داوێ ، پیلانێ بێ و بگیرێی و بکەویە حەپسێ، ئەوجا کێ ئاگای لەو مار و منداره دەبی!؟

لە لایەکی دیکەشەوە تەماع هانی ئەدا و ئەیوت: بەخوا خۆ شتێکی خراپیش نیە، نا،نا ئەمنیش تەماعکار نابم، ماوەیەکی دەیکەم و هار هەندۆکەیێ وەزعم باش ببی و لە کۆر ئەم حەلاقی و ئینزیلاق و پشت ئێشە ببمەوە لۆ خۆ کەسابەتەکی سوکەڵە وەڕێ دێخەم و وازی لێ دەێینم. لام خەیاڵانەدا بوو کە هیوا وتی:

بەخوا وەستا عابێد منیش خەریکە لە تەعەجوبا شاخ دەردێنم! ئێستا چی بکەین؟ دەمانچەکەت بۆ کەی حازر ئەبێ؟

_عابێد: ئەوە کێشە نیە، هەر ئێستا ئەتوانم هیچ نەبێ ئەوەی خۆمی بدەمێ. بەڵام بۆ باسی پارەکەی سەرم سووڕماوە. توخوا لێی بپرسە بڵێ تا چەندە پارە ئەدەن؟ ئەگەر هیچی نەگوت، تۆ پێی بڵێ چواردە خۆرێکی خاوێن هەیە بە ١٣وەرەقەیە$١٣٠٠، بزانە چی ئەڵێ.

_هیوا: زۆر چاکە. ئێستا ئیدی من دەبێ بڕۆم.

_عابێد: بەخوا ناهێڵم بڕۆی تا شتێک پێکەوە نەخۆینەوە. ئاها چەن گەرمە، خەریکە بەرد ئەتوێتەوە. وەرە با بڕۆین بە شتێکی سارد هەناوێ فێنک بکەینەوە.

_هیوا: باشە، بەڵام کاک عابێد وەک وتم، کاکە من لەبەر سیاسی بوونەکەم تێکەڵی ئەو مامەڵەی ئێوە نابم، ئەوەت لەبیر بێ. لە یەکەم دیدارا ئێوە پێک ئەناسێنم و ئیدی لێی ئەچمەدەر. تۆش من مەکە بە بیانوو، ئەقڵت نەیگرت، خۆی لێ بکێشەوە و جارێکی دیکەش مەیبینەوە و منیش جوابی نادەمەوە.

_عابێد: کوڕە کاکی خۆم راستییەکەت ئەوێ مامەڵەی چەکوچۆڵ شتێکی ئاساییە. ئەوە نیە ئێستا رۆژانە لە هەموو شارەکان بە ئاسایی ئەکرێ و نانی زۆر بنەماڵەشی لەسەرە.

من ترسم لەخۆ نیە، چونکی لای ئێمە ئاساییە، رۆژانە وەک سەیارە مامەڵەی دەکرێ و کەسیش ناڵێ کەرەکەت بەچەند! شتێکیش بۆ من رووبدات ، هێندم کەسو خزم و ناسراو لە حیزب و حوکمەتا هەیە، بە چەقەنەیەک قوتارم ئەبێ و ناهێڵم دینارێکیش پارەم بخورێ. من ترسی تۆمە، ترسی ئەوەمە پیلانێک لە تۆ بگێڕن.

_هیوا: کاکە ئەوە نیە من ئەڵێم لە مامەڵەکەتان ئەڕۆمەدرێ. ئەوا من پێکتان ئەناسێنم و ئیدی بۆ خۆتان چۆنتان بڕیاردا مخەوەل بن. بەڕاستی منیش خۆم لەوە ئەترسم، بۆیەش دڵەڕاوکێی ئەوەم هەیە کە لە نەتاشراوێ بۆم بتاشن.

_عابێد: کێشەکەش هەر تۆی، ئەگینا وەک وتم من ترسم نیە، بزانم مەبەستێکی لەگەڵ من هەبێ، لە کۆیە بێ یان لە هەولێر

به فیتۆیەک بزری ئەکەم. باشە، تۆ یەکەمجار پێکمان بناسێنە، ئیدی ئەوی دیی بۆ خۆم جێ بهێڵە.

دەی وەرە ئاااااهاااااا ئەو چاخانە ئی یادگاری هاوڕێی منالٔیمە با بڕۆین دوو کوولای سارد و دواییش دوو چایی گەرمی لا بخۆینەوە، لۆ خۆ وەحەسێین! ئەتو چ دەرێی!؟ خۆ خێر نارێی نا و قسەی برای خۆ لە عەردێ نادەی!

کوڕە شێرۆ(شێردڵ شاگردی بوو)! ئاگایەکت لەو دەورەوبەرەی بێ تا دێمەوە. دەی، یاڵا کاک هیوا هەڕۆ با بڕۆین.

*کەمێ رۆیشتن، یەک دوو دوکان تێبەڕین و عابێد سڵاو و چاک و چۆنیی لەگەڵ کردن. گەییشتنە دووکانێکی گەورەی قەرەباڵغ. زیاتر بە کۆگا ئەچوو و دیار بوو مشتەرییەکی زۆری لێیە.

عابێد لە گەڵ جەوانێکی هاوتەمەنی خۆی چاکو چۆنییەکی گەرم و گوڕی کرد و خوڵکی کرد لەگەڵیان بێ و شتێ بخواتەوە، بەڵام کوڕە لەو گەرمایەی هاوینی کۆیە لە عارەقەدا خووسابوو و دەسماڵێکی لە مل بوو و پەیتا پەیتا دەموچاوی ئارەقاویی خۆی ئەسڕی و سپاسی کرد و بە دەنگێکی ماندووی کپەوە وتی:

لە بەیانییەوە سەری خۆم پێ نەخورێنراوە، ئێوە فەرمون بڕۆن، ئیشاڵا دەتبینمەوە.

عابێد ماڵاوایی لێ کرد و رۆیشتن. بە دەم رێگاوە هەر بزەی ئەهاتێ.

_ هیوا: وەستا عابێد ئەوە چیە، ئەڵێی شتێکی خۆشت بۆ گێڕانەوە هەیە و لە مەی ئەشاریەوە؟!

کاکە بەخیل مەبە، بیڵێ با ئێمەش کەمێ پێبکەنین و تۆزی سەر پەردەی ئەم دڵە خەمبارە خۆڵ لەسەر نیشتووەمان لادەین! دە بیڵێ ئیدێ..

عابێد سەرێکی با داو زەردەخەنەکەی کردە پێکەنین، بەڵام پێکەنینێکی تاڵ و شیرین و وتی: وەڵاهی برێم چی برا، بەشەر نازانێ بەو کوردە حەیاتەی پێبکەنێ یان لۆی بگریت.

هەڵبەت ئێمە لەمێژە سەرمان بە قوڕ و لەشمان بە تۆز و قوونمان بە تێیهەڵدان و چاومان بە گریان فێرەو راهاتووە!

ئەزانی کاک هیوا، وەک لۆم گۆتی، ئێمە بە تەمای چ بووین و یەستا چمان بەسەر هاتووە! نزانم ئاخۆ بەشی ئەنگۆش هەر وەدەبێ یان ئەنگۆ بەختەکەو چاترە لە هی مە! ئەزانی پێکەنینەکەم لۆ چ بوو؟!

ئەو کوڕەی چاکو چۆنیمان لەگەڵ کرد ئەزانی کێ بوو، نا دڵنیام نازانی، چونکی نایناسی، هەر گرینگیش نیە بیناسی! ئەی دڵنیاشم نزانی ئەو کۆگا گەورەیەش ئی کێیە کە ئەو کوڕە ئیشێی تێدا دەکاتن!

ئەو کابرایەش جاش بوو، ئەو کۆگایەش لقێکە لە کۆگاکانی وی لە کوردستان کە لقەکانی دی زۆرن. سروەت و سامانی وی بی حەد و حیسابە. چما کەس حەدی چیە حدودی لۆ دانێ یان حیسابی لە گەر بکاتن!

خۆ کابرا قات لەبەرە سمێڵ تۆکوولەکەییەکەشت بینی لە پشت مێزەکە لاقی لەسەر لاقێ دانابوو؟!

_هیوا: زۆرم سەرنج نەدایێ، بەڵام ها بینیم، کابرایەکی تۆزێ سوورکەلەش بوو.

_عابێد: ئەوەتە، رەحمەت لە بابەت، لۆ خۆیتی. ئەو سەگبابەش برای ئەو جاشە کەونە موستەشارەیە کە ئێستا لە حیزبێ لە سەرێیە و ئەم برایەشی کردووە بە مودیری کەسب و کارەکانی و رۆژانە سەیارەی ئەخیر مودیل و حیمایە و مودیر حیساباتی لەگەرە ئەڕوات سەردانی کۆگا و دوکان و مەعمەل و شتەکانی کاکی دەکاتن.

ئەو کوڕە چاکەش کوڕی شەهیدێکی قارەمانە کە داکێکی قوڕبەسەر و سێ چار خوشک و برای هەیە. هەڵبەت کوڕە مندار بوو کە بابی شەهید بوو، ناچار لە مەکتەب هاتەدەرێ بۆ وەی کارو کەسابەتێ بکات و نانێ لۆ داک و خوشک و برا وردیلەکانی دەرێنێ.

خوشکەکانی بە مێرد داو و ژنی لۆ براکانی هێنا، بەڵام سەرئەنجام خۆی مایەوە و داکی. کوڕێکی زۆر مەردە.

گۆتی : داکم پاش بابم حەموو گەنجێتی خۆی کردە قوربانی مە و یەستا ئەمن کوو درم دێ بڕۆم ژنێ بینم و رۆژێ لە رۆژان ژنێ من قسەیەکی تار لەگەر داکم بکاتن! توخوا ئەودەمی مردنێ من چاتر نیە!؟

لۆیە ژنێی لە خۆ حەرام کردیە و سوندی خواردیە ژنێ نەهینێ و دانیشێ لەگەر داکی بژی و تا مابێ خزمەتی وی بکات. بە مەرجێ ژنی لۆ براکانیشی هێنا کە بووک لە بەر مارێ نەبێ و مارێ سەربەخۆی خۆیان هەبێ و بەس لۆ سەردانێ بێنەوە مارێ لای داکێ.

جا ئەوە بوو من کە ئەو کوڕە دەبینم شەرمێ لە خۆ دەکەم. پارەی معاشی شەهیدانەکەی بابی، بەشی مەزەی سەر سفرەی جارێ مەشروب خواردنەوەی بە تەنێی ئەو کۆنە موستەشارە یان برا سمێڵ قەحبەکەی ناکاتن!

کاک هیوا گیان پێکەنینەکەم تارترە(تاڵتر) لە گریان! وەرە تۆ کوڕە شەهید بی و ئەجا ناچار بی لۆ پارووە نانەکی هەڕۆی لە کۆگایەکی شتومەکی گەورە دوژمن و قاتیلە سەرەکانی دونێی

بابت و هاوسەنگەرانی و میللەتەکەت ئیشێ حەماریێ(حەماڵی) و کرێکاری بکەی!

پێکەنینەکەشم لۆ هەندەیە کە سەدان گەنج و جەوانی چاکی وەکی تۆش هەموو تەمەنێ خۆ ئەکەنە سووتەمەنیی خەبات لۆ رزگاریی کورد و کوردستانێ، کەچی سبەینێ مەسولەکانی ئێستاتان لۆ بەرژەوەندیی خۆیان، لۆ وەی لە کورسی دەسەڵات بمێننەوە، یان لۆ وەی کورسییەک بەدەست بێنن، یان لۆووەی لە بەرامبەر حیزبەکی دی کەم نەهێنن، گەورە جاشان ببەخشن و بە نهێنی بە تەنزیماتی حیزبیان بنووسن و هەر لۆخۆش کۆمەڵێ سناریۆ و چالاکی و یارمەتییان لە مەلەف لۆ ساز بکەن و بنووسن.

_هیوا: هەهەهەهەهە نا برا، نا کاکە، ئاوەهاش نە ئیدی. بە باوڕی من تۆ تووشی هەڵەی هەڵسەنگاندن بووی. ئاخر کاکە تۆ کۆمەڵگای ئێمە خۆ ناناسی. سیستمی کۆمەڵگای ئێوە عەشیرەییە و لەگەڵ هی ئێمە زۆری جیاوازی هەیە. قەت شتی وا...

_ عابێد: راوە، راوەستە کاکە، هەتاکوو ئێستا بە چاوێنێ خۆم چەند جارێکم لە وتوویژی سەرکردەو سەرۆکەکانتان لە تلوزیۆن و رۆژنامە و گۆڤارەکانی لای خۆمانم بینیوە کە هەر لێرەوە و هەر لە ئێستاوە کە هیچیان لە بەردەست نیە، جاش ئەبەخشن و رکابەرێی لەسەر جاش بەخشین ئەکەن! ئەدی ئەگەر بگەڕێنەوە و تەماعی دەسەڵات و بەرژەوەندیی کەسی

زاڵ ببێ، ئەو دەم چی!؟ بەشەرەفم لە ئی مە خراتر نەبێ چاتر نابێ! ئەوە رۆژەکەیە، ئەمن و تۆ ئەو دەمی چاومان وێک ئەکەوێتەوە.

هههههە هەڵبەت لەوانەشە نەکەوێتەوە، ئاخر لەوانەیە تا ئەوکات ئەتوش پۆست و پلەت بەرز بێتەوە و ئەترسم ئەتۆش بەدەردێی وان چی، ئەودەم وەک مەسولەکانی مەت لێ بیتن، ئاخر ئەوانەی مەش هەتا دوێنێ بوو پێکەوە چامان ئەخواردەوە و تاوڵەمان ئەکرد و یەستاکانەش بە چەند سەیتەرەکی و چەند مانگ مەوعیدی پێشتر نایانگەینێ!

_هیوا: نە قسەکەت بە هیند وەردەگرم و نە پێشی پێدەکەنم. چونکی پێموایە نە حیزبەکەم وەک ئەوانەی ئێوەیە و نە بەرپرسەکانیشمان وایان لێ دێ. ئاخر ئێمە سیستممان هەیە. ئەوە سیستمە بڕیار ئەدا و کۆنترۆڵ ئەکا نەک تاک.

*هەڵبەت هاوکات لە گەڵ ئەو قسانە دا، هیواش لە قسەکانی عابێد رامابوو. ئاخر عابێد زۆر بەسادەیی شتەکانی دەردەبڕی، بەڵام لە راستی دا ئەوەی ئەو باسی دەکرد واقێعیەتەکانی کۆمەڵگا و سیستمی حیزبایەتی و مۆدێلی کوردایەتیی کوردە.

ئەو پێیوابوو بەم وەڵامانە بە عابێد، تەنیا دەماری گرژ بوون و خەریکە بەرپەرچی موتەعەسبانە و ئێحساسیانەی قسەکانی عابێد ئەداتەوە کەچی لە ناخەوە دڵی داخورپابوو و پێی وابوو

قسە سادەكانی عابێد پڕن لە ڕاستیی تاڵ، تاڵتر لەوەی بکرێ بە ئاسانی لە ئێستاوە ئاسۆەکەیان ببینرێ.

هاوکات عابێدیش لە چایخانەکە چاوی بڕیبووە وێنەکەی مامۆستا تاهیر تۆفێق کە بە دووکەڵی جگەرە ڕەنگی گۆڕابوو و جگەرەیەکی پێ کردبوو و ئەتوت چووەتە قووڵایی گۆرانییەکەی تاهیر تۆفێق کە لە چایخانەکە بە سێ- دی دانرابوو و بە دەنگێکی بەسۆز شیرین بەهارەی ئەچڕی:

شیرین بەهارە، بەهاری شادان

بێ بەهرەن لەژین، گەل نامۆردان

جەژن و بەهار و سەیران و خۆشیی

گشتی پیرۆزی گەردن ئازادان

شیرین ئەزانم کە تۆش زاماری

وەك من عەوداڵی خونچەی بەهاری

هیوای تۆ یەکە، هیوای من هەزار

من بێزار نەبم، تۆ بۆ بێزاری؟

مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان

چۆن قازانج ئەکەی، تا نەکەی زیان!

لە زڕەی زنجیر، دڵت نەلەرزێ

پێوەند بۆ لەشە نەوەك بۆ گیان

لە ناکاو لە چایخانەکە کارەبای شار (رەئیسی)چوو، چایخانەکە پڕی دووکەڵی جگەرە بوو، لە گەڵ چوونی کارەبا دەنگی موبەڕیدە(کولەر) و دەنگی تاهیر تۆفێق و دەنگی قسە کردن و قاقای خەڵکەکە هەر هەموو پێکەوە بێدەنگ بوو.

پاش چەند چرکەیەک، هەرکەس لەبەر خۆیەوە شتێکی دەوت.

یەکێ لەو پشتەوە تووڕە ببوو، وتی: دیسان گوویان لە قەبری بابی بەرپرسەکان کردەوە، یەکێکی دی بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە و وتی: ئەدی کاکە هەندێ ماستاوچی بەرپرسان و بەرپرسانی گەندەڵ، ئەم رۆژگارە هەڵدەستن و دادەنیشن ناڵێن: حوکمەتەکە ساوایە ، حوکمەتەکە ساوایە! دەی ساواش ئیدی وایە، بە بەردەوام گوو لە قەبری بابی ئێمە خۆمان و دواتر مەسولەکانمان ئەکات. ئاخر ئێمە نەبین ئەوان حوکمەت و مەسولایەتی بەسەر چیەوە ئەکەن، خۆ بە سەر گاو گوێلکەوەی ناکەن!

یەکێکی دیش جگەرەیەکی بەدەمەوە بوو، دیاربوو لەگەرمادا ناوگەڵی عارەقەی کردبوو و سووتابووەوە، بە دەستێکی توند توند ناوگەڵی هەڵئەکڕاند و بە دەستەکەی تریشی جگەرەکەی لە دەمی کردەوە و دووکەڵەکەی بەرەوڕووی ئێمە فوو کرد و وتی: ئەجا کاک هەباس لۆ پێتوایە ئەو مەسولانە ئەمەیان پێ چیە!؟ خۆ ناشێی خەونت بینیبێ وەک ئەورووپییەکان ئەرێن: مەسولەکانمان خوای نەکەردە خۆ بە خزمەتکاری ئەو

خەرکەی بزانن!؟ مارخەرا قایل بە هەر بە گاو گوێلکیشمان حیسێب کەن. بەسەری خۆم نا بە سەری تۆ لە گاو گوێلکیشیان پێ کەمترین!

هیوا هەر واقی وڕمابوو و چاوی لەو خەڵکە ئەکردو لەو تاریکیایی و چڕەدووکەڵ و گەرمایەدا هەستی بە هیچ نەدەکرد. نوقمی ئەو مشتومڕەی خەڵکە بێزارەکە بوو کە عابێد مەچەکی گرت و جگەرەیەکی دایێ ، هیوا بێ قسە جگەرەکەی وەرگرت و هەروا بێ ئاگاش بردی بۆ لێوی، بەڵام عابێد پێکەنی و جگەرەکەی لە دەمی هیوا کردەوە و بۆی وەرسووڕاند، وتی پێچەوانەت لە زار نابوو. هێواشێ عابێد چەرخێکی لە جگەرەکەی هیوادا و بۆی داگیرساند.

هیوا مەتەقی لێوە نەدەهات، وەک هێپنوتیزم کرابێ بەس قومی لە جگەرەکەی ئەدا و چاوی لە زاری ئەو خەڵکە ئەکرد.

بە هەسپاییەک دوایین نەفەسەدووکەڵی جگەرەکەی هەڵمژی، بەجۆرێ کە دووکەڵی نەدەدایەوە دەر و لە جێی خۆی هەستا و وتی کاک عابێد تۆ بمێنەوە، ئەمن لەسەر ئیزنت دەبێ بڕۆم. بیرم کەوتەوە حەرەسم(نیگابان) دەبێ بۆ نیو سەعاتیتر خۆ بگەیێنمەوە بنکە.

عابێد ویستی هەستێ بیگەیێنێ، بەڵام هیوا نەیهێشت و بە کۆڵێ خەم و خەفەتەوە بەرەو کەمپەکانی خۆیان ملی ڕێگای گرت و رۆییشت.

گەییشتە شوێنی تاکسییەکان، ویستی بڕوا سوار بێ، بەڵام چاوی لە باخەڵی کراسەکەی کرد، دیتی دارو نەداری هەموو دوو هەزار دینارە، تاکسیش کەمەکەی پێنج هەزار دیناری هەر دەوێ. سەر داخست و لەقەلەقێ بە ناچاری ئەو ڕێگا دوورەی بە پێ گرتەبەر بەرەو بنکە گەڕایەوە.

تەقریبەن سەعاتێکی دەویست هەتا بگاتەوە بنکەکەی خۆی. لەو ڕێگایەدا زۆر دیاردەی تراژدیک وەک سێناریۆی فیلمی دیکیۆمێنتاریی چوونە سەر پەردەی سینەمای خەیاڵی.

بۆ نمونە کەوتە بیری ئەو جیاوازییە چینایەتییانەی رۆژانە ئەیبینی. ئاخر یەکێ لە دروشمەکانی هاوڕێیانی ئەوەیە کە ئێمە دەبێ هەنگاویی یەکەمی شۆڕش و گۆرانکاریی شۆڕشگێڕانە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین. ئەدی باشە ئەگەر وایە، ئاخۆ هەر بەڕاستی هەندێ لە هاوڕێیانی سەرەوە، قەت بیریان لەوە کردووەتەوە کە جیاوازیی رەوشی ژیان و گوزەرانی دارایی ئەوان و لەگەڵ هاوڕێیانی خوارەوەیان، لەگەڵ هاوڕێیانی کەم یان بێ دەسەڵاتیان چەند قاتە!؟

ئەگەر لە من بپرسن، ئەڵێم لە هەژمار نایێ، ئەڵێم ئاسمان و ریسمانە و لە کورتییەکەی دا ئەڵێم: هێندەی جیاوازیی ئاست و شێواز و چۆنیەتیی مودیرییەت، سەرکردایەتی و رێبەرایەتیی ئەوانە لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی دا.

ئاخر بۆیە وادەڵێم، وەبیرم هاتەوە کە لە جێگایەک، مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە لە پێناسەی دوکتۆر قاسملوودا ئەڵێ: من زەربی هەزار بکرێم نابمە قاسملوو، جا ئیدی خۆتان حیسابی بکەن. بەم پێوانەیەش جیاوازیی ژیان و گوزەرانی هەندێ لە رێبەرایەتی و زۆربەی کادر و پێشمەرگە سادەکانمان دێتە دەست.

هیوا هەروا نوقمی هوجومی خەم و خەیاڵ و فیکر و بیری ئاڵۆز بوو و خەریکی چنگەپڕچێ بوو لەگەڵ خۆیا و بە چەشنێ لە قووڵایی بیر و خەیاڵ رۆچووبوو کە بە سەد میتر گوریس نەدەهاتەوە دەرێ و وەک رۆبۆتێ تەنیا لاقی ئەجووڵا و ملی رێگاکەی گەڕانەوەی بۆ بنکەی گرتبوو.

نا، نا، خەمی لادان و بزر بوونت نەبێ، هێندە لە بێ پارەیی و بێ کرێی تاکسی دا بەو رێگایەدا بە پێیان رۆیشتبووە کۆیە و گەڕابووەوە کە چاویشت بەستبا، هەر راست ئەگەڕایەوە بنکە.

ئەو لەوە رامابوو کە حیزبەکە بۆ خۆی لەو دەشتە قاقڕستانەدا چەقیبوو، وەک ئاوی لە چاڵاو ماوە مەترسیی بۆگەن کردنی

هەبوو، خۆ ئەگەر بێتوو ئەو شێوازە جیاوازییە تەبەقاتییەش هەر لە ئێستاوە حیزبەکەی، مێشک و عەقڵ و فیکر و رامانی هاوڕێیانی ژێرچەپۆکە بکات، دۆخەکەیان لا ئاسایی ببێتەوە و عادەتی پێ بکەن، ئیدی وردە وردە سیستمی ئاغاواتیی مۆدێرنیزەکراو بە تەواوی دەبێتە سیستمی زاڵ و باڵادەست لە حیزب و شۆڕشەکەیانا. هەر بەراست شتێکی زۆریش دوور نیە، ئەوە نیە فلان و فیسار کە کاسەلێسی فلان رێبەری و سەرکردەن ، خۆیان پێ رەعیەت و نۆکەر و خزمەتکاری کابرایە و زۆر جار بە ئاغاش بانگی ئەکەن!

هەڵبەت ئەوانە زۆربەی بەرهەمی رێبەریی لاوازن، رێبەرییەک کە لەسەر تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی ناوچەگەرایی و بەرژەوەندییەکانی ناوچەو شارو گوند و زاراوە خۆیان گرتووەتەوە.

هیوا لەگەڵ ئەم بیر کردنەوانەشدا لۆمەی خۆی دەکرد و ئەیوت: ئاخر پێم ناڵێی تۆ لەم نێوەدا بێجگە لە خەم خواردن چیت لە دەست دێ؟! ئەوە نەبوو رۆیشتی و لەسەر ناوچەگەرایی مخول ئاغا و میرزا شەهۆی خزم و هاوناوچەو باند و هاوکاری لەگەڵ سەرۆک قسەت کرد و قەول بوو چارەسەری بکات کەچی ئەنجامەکەی بووە ئەوە کە مخول ئاغا و میرزا شەهۆ زیاتر دەمسوور ببن و ببنە دوژمنت و هەڕەشەی دەرکردنیشت لێ بکەن!؟

کوڕە واز لە خۆ بێنە با پیلانێکت لێ نەگێڕن و وەک زۆریتر نەبیە تڕی بن گۆم! پاڵەوان سەری خۆت دانیشە و وازبێنە، پاڵەوان بازی دەرمەهێنە، زۆر لە تۆ زیرەکتریان دەرپەڕاند، دەرپەڕاندنی چی، وایان بە مەنجەنیق فڕێ دان کە هەبوو لە ئۆرووپا خۆی گرتەوە، هەبوو کەوتە ئامریکا، هەشبوو توانای گەییشتنە ئامریکا و ئۆرووپای نەبوو، ناچار ئەماننامەیان بۆ وەرگرت و بردیانەوە کە لە دیوی باشوور بە تەلیسە ئارد و فەردە برینج و تەنەکە رۆنێکی نەفرۆشنەوە و سەری نەکرێ بەژێر ئاوەوە!

تۆزێ لێی وردبەوە، بیرت نایێ باڵێکی ناوچەگەرای مخول ئاغا و میرزا شەهۆ چۆن (گۆران)ی فەقیریان گرت کە عەلئەساس نفوزییە و سیخوڕی دوژمنە!؟ ئەزانی ئەو فەقیرە هەر رۆحیشی ئاگای لەو شتانە نەبوو کە بۆیان ساز کردبوو!؟ ئاخرەکەشی ئەیانهەویست هەر بە فرتوفێڵ و نێرەکەری شتێکی بەسەرا ساق بکەنەوە!؟

تا ئاخری فەقیرە لە ژێر گوشاری رۆحیدا و لە داخ مخول ئاغا و میرزا شەهۆ شووشەی ژوورەکەی شکاند و خەریک بوو شاڕەگی دەستی ببڕێ. باش بوو پێیان زانی ئەگینا دەمرد.

ئاااای،ئای، ئاخرەکەشی بە ناهەق و غەدر بە خەیانەت تاوانباریان کردو دەریان کرد. ئەویش لەوانە بوو کە توانای ئەوەی هەبوو خۆی گەیاندە ئۆرووپا. کەچی لەوێ بووەوە بە ئەندام و وەک ئەندامێکی دڵسۆز دەستی بەکار کردەوە و

دواتریش گەڕایەوە بۆ کەمپەکان و لەگەڵ پیلانگێڕان دانیشت و وێنەی گرت و وێنەکەشی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی بڵێت کە ئەگەر ناپاک بووبایام یەکەم بە ئەندام وەر نەدەگیرامەوە، دووهەم نەمدەتوانی بێمەوە ئەم شوێنەی کە لێی تاوانبار و ئەشکنجە و کراوم، سێهەم هیچ نەبا نەمئەتوانی لە گەڵ مخول ئاغا وێنەی یادگاری بگرمەوە!

هیوا هەروا نوقمی ئەم خەیاڵانە بوو و لەولاوەش حافزە دێزە خەریکی پیلانی خۆی بوو. پێوەندی بە میرزا شەهۆوە کردبوو، وتبووی هەموو پلانەکە وەک چۆن دامانڕشتووە ئەڕواتەپێش و داوەکە دانراوەتەوە و دانەکەی بۆ پژراوەو تەنیا ماوە تەیرەکەمان بە دەنووکەوە پێوەی ببێ کە ئەویش هەندێ سەبری ئەوێ و هیچیتر. هەر بۆ خۆشی نەیێتە لای داوەکە، ئێمە داوەکە دەبەینە لای ئەو هههههههه.

* میرزا شاهۆ ژمارە تەلەفۆنی ئەفسەرێکی ئاسایشی بە حافزە دێزە دا و پێی وت: کاک حافز ئێمە ئەم کارەی تۆ لەبیر ناکەین. ئێستا قۆناغی دووهەمی کارەکەمان لێرەوە دەست پێدەکات کە دەبێ پێوەندی بەم ئەفسەرەوە بکەی و بڵێی من لای شەهۆوە پێوەندی ئەکەم و ئامادەم بۆ هاوکاری و ئەو ئیدی خۆی پێت دەڵێ دەبێ چی بکەی!

هەڵبەت شایانی باسە کە حافزە دێزە پێشتر و بۆ چەندین کار و مەبەستی دیکە لە لایەن ئاسایشەوە وەک بەکرێ گیراوێ، بە پارە کاری پێ کرابوو و بۆ ئەمەش خودی کارمەند و

مەئمورەکانی ئاسایش دواتر خۆیان شایەتییان دا. بەڵام حافزە دێزە ئەمەی لە حیزب و میرزا شەهۆ و مخول ئاغا شاردبووەوە.

*نەقیب ئەردەلان ئەفسەرێک بوو کە لە لایەن لایەنی پێوەندیدارەوە بە مخول ئاغا و میرزا شەهۆ ناسێنرابوو تا بۆ پێش گرتن بەو پیلانە! پێوەندیی پێوە بکەن و هاوکاریی یەکتریی بکەن.

شایانی باسە کە میرزا شاهۆ کابرایەکی هەتا بڵێی فێڵاوی و تەڵەکەباز بوو کە لە رێگای ناوچەگەرایی و خزم خزمێنێی ناوچەییەوە وەک گورکێ لە پێستی مەڕدا خۆی خزاندبووە شوێنێکی هەستیار.

هەر لە هاوناوچەییەکانی خۆی لە ئاستی زۆر سەرێ دا، بۆ نمونە کاک مەلا ناوێ لە جێگایەک وتبووی: هەرچی بڵێین سوودی نیە، ئەگینا وەک رۆژ روونە لێمان کە ئەو شەهۆیە لە لایەن ئیتلاعاتی مهابادەوە نێردراوە.

جێی باسە کە میرزا شاهۆ لەو کاتە دا کە لە هەموو کۆمەڵگەکە دوو سێ کەس ماشێنیان نەبوو، ئەو جوانترین ماشێنی کڕیبوو، رێگا بە کەس نەدەدرا بڕواتە زانکۆ و درێژە بەخوێندن بدات و بە یاسا یاساغ کرابوو، کەچی میرزا شەهۆی خزمدار و ناوچەگەرا هەموو رۆژێ بەو ماشێنە ئاخیر مۆدێلەی ئەڕۆیشتە

هەولێر بۆ زانکۆ و لە بەر ئەو پارە و پولەش بۆ باند و گرووپەکەی خەرج ئەکرد، ببووە خۆشەویستی گرووپی ناوچەگەرای ناوچەکەی خۆی و وەک (ئازادی عەلی بالە) لە هەستیاترین شوێن خۆی داشاردبوو و ساڵانێ بە کەیفی خۆی شەپلیشەپانی کرد و لەو بەلبەشۆییەش دا کە کەس بەکەس نەبوو، ئەو ببووە کەسێ بۆ خۆی.

حەکایەتەکە ئاوا بوو کە هیوا لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی لە ناوچەگەرایی و باند و گرووپ و دەستەبازی لە حیزبەکەیانا بێزار ببوون، هەربۆیەش بڕیاریان دابوو بە هەموو تواناو نرخێکەوە رووبەڕووی دیاردەی ناوچەگەرایی و ناوچەگەراکان ببنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هیوا زنجیرە سێمینارێکی رێکخست و تێیاندا هەوڵی ناساندنی ناوچەگەرایی، ریشەکانی، رەهەندەکانی و زیانەکانی وەک ترسناکترین و وزەکوژترین دیاردە دا.

راستەکەش ئەم کارە بە مەزاقی هەندێ کەس لە بەدەنە و رێبەرایەتی کە لەسەر بنەمای ناوچەگەرایی پۆست و پلە و پێگەیەکیان بەدەست هێنابوو و تەنیا رێگای مانەوە و بەردەوامیشیان لەو دۆخەدا هەر پەرەدان بە ناوچەگەرایی بوو، بۆ قەبوڵ نەدەکرا.

دوو لەو کەسانەش کە لە شەڕی ناوچەگەرایی دا و لە لاوازبوونی ناوچەگەراکانا زیاترین زیانیان پێ ئەگەییشت مخول ئاغا و میرزا شەهۆ و پیاو و نۆکەر و خزمەتکارەکانیان

بوون کە لە ژێر ناوی کادر و پێشمەرگەدا جێگەی خۆیان کردبووەوە ، ئەوان بە جۆرێکیش هاوکار و بەرپرسی هیوا بوون.

ناوچەگەراکان رۆژ لە دوای رۆژ بازنەی گوشاریان لە هیوا و هاوبیرەکانی تەسکتر ئەکردەوە، بەچەشنێ کە لە نۆکەر و خزمەتکارەکانی خۆیان لێی دەنە ئەدا و ئەکرد بەگژدا و جەنگێکی رۆحی و رەوانییان لە دژ دەست پێکردبوو. کار گەییشتە ئەوەی هیوا ناچار سکاڵای بەرز کردەوە و داوای کرد کە شوێنی ئەرک و خزمەتی بگۆڕن. ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ بەشی دیکەی پیلانەکەدا کە بە وردی دایانڕشتبوو.

پێویستە وەبیری بێنینەوە کە کاتی خۆیدا، واتە چەند ساڵ پێشتر، راست ئەو کاتەی دابڕانەکە روویدابوو، لە ئەنباری چەک و تەقەمەنیی حیزب کۆمەڵێ دەمانچەی چواردەخۆر بزر ببوون، دەنگۆ بەرز بووەوە کە لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە دزراون. دزییەکەش کێ کردوویەتی؟ زۆربەی خەڵکەکە پێیانوابوو کە هەر ئەوانەی دەستیان پێڕادەگەییشت، هەر ئەوانەی بەرپرسایەتیی ئەنبارەکەیان هەبوو دزییەکەیان کردووە.

یادی بەخێر نەبێ، یەکێ لەو ئێوارە رەشانە بوو کە ئینشعاب روویدابوو، هەر لایەو نیگابانی خۆی لە دەرکی قەڵا دانابوو. ئەگەییشتە دەمەوئێواران، بە قەستی هەر لە کۆیەوە کارەبای

بەشی قەڵا و حیزبیان ئەبڕی و لایەنەکانی حیزبیش لە رقی یەکتریی دا مۆتۆر بەرقەکانیان هەڵنەدەکرد.

هاوکاتیش ئاساییشەکان کە هاتبوون ببنە پاسداری سوڵحی نێوان دوولایەنی دیمۆکرات، نەئەهاتنە دەر و هەر خواخوایان بوو کێشە ساز ببێ و ئاوەکە لێڵ ببێ و ئەوانیش بە دەنگە دەنگ و هەرا هەرا پێوەندییان بە شوێنی تایبەتی خۆیانەوە ئەکرد و دەیان هێزی دەموچاو پۆشراوی رەش وەک هێزی دژەتیرۆر خۆیان ئەکرد بەناو قەڵادا و کەس نەیئەزانی ئەوانە پاسدارن، ئیتلاعاتن چین!؟ ئاخر کاری ئەوان زیاتر ئەوە بوو کە ئاگرێ هەڵدەگیرسا، تا ئەیانتوانی بەنزینیان پێدا ئەکرد. ئەو هەموو پێشمەرگە چەکدارە بەو تاریکاییە لەو ناو قەڵایە بوون. لە ناکاو شتی سەیر دەقەوما. بۆ نمونە لەمبەری قەڵاوە لە پەنجەرەیەکەوە تیرێک حەواڵەی پەنجەرەیەکی دی لەوبەری قەڵاوە ئەکرا.

سەدان پێشمەرگە بە حاڵەتی ئامادەباش دەست لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ، ئەهاتنە دەرێ. تەنیا جووڵەیەکی نابەرپرسانە ئەیتوانی دەیان کوژراوی لێ بکەوێتەوە و ئەو قەڵا شوومە بەخوێن سوور بکات و کارەساتێکی قەرەبوونەکراو بقەومێنێ.

کوڕێکی کەم تەمەنی مەریوانی لە کومیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب بوو، شەوێ لەو تاریکە شەوانە چووبوو بۆ ئاودەست، لە ناو ئاودەستەکان بە باتۆمی شۆکی ئیلەکتریکی لە سەریان

دابوو و بە نیوە مردوویی دۆزرایەوە و دواتر هەرچی هەوڵیش درا، کابرای تاوانکار نەدۆزرایەوە و بە ئاو هات و بەدان چوو.

واتە عاملینی نفوزیی رژێیم لەوێ زیاتر لە پێش چالاک ببوون و جەوە ئاڵۆز و ئێحساس سالار و کەشە تاریکەکەی شەوانیش دەرفەتی لەباری بۆ خولڤاندبوون و ئەوانیش لە هەموو دەرفەتێ بۆ ئاژاوەنانەوە و دروستکردنی جەوی ترس و تۆقاندن کەڵکیان وەردەگرت.

ئێوارەیەک لەو بەقەستە تاریکە ئێوارانەدا لە گۆشەیەکی قەڵاوە هەرا بەرز بووەوە. خەڵکەکە زۆربەیان بەرەو ئەوێ رۆیشتن. چیە؟چی بووە؟ وەڵا کەسێ هەر چوار تایەی ئۆتۆمۆبیلەکەی کاک (هێمن سەیدی) پەنچەر کردووە!

بوو بە قیڕ و قاڵ و بۆ ماوەیەک ئەو خەڵکە لەوێ سەرقاڵ کران، تومەز ئەوەش خۆی جۆرێ پلان بووە بۆ شکاندن و کون کردنی دیواری ئەنباری چەک و تەقەمەنییەکەی قەڵا لە پشتەوە و بردنی بایی تەقریبەن نیو ملیۆن دولار دەمانچەی جۆری چواردەخۆر.

با لە باسەکە زۆر دوور نەکەوینەوە. پیلانەکەی هاوڕێیانی ناوچەگەرا واتە مخول ئاغا و میرزا شەهۆ و جێبەجێ کردنی

لە ڕێگای حافزە دێزەوە لەسەر بنەمای ئەو دەمانچە دزراوانەی ئەنباری چەک و تەقەمەنییەکەی قەڵا داڕێژرابوو.

حافزە دێزە خۆی پێشتر پێوەندیی بە هیواوە هەبوو و جاروبارە بە ناوی دڵسۆز و تێکۆشەری حیزبەوە زانیارییەک ، هەواڵێکی درۆ یان ڕاستی پێ بووایە بە هیوای ئەدا و هیواش پارەیەکی وەک هەقی زەحمەت و مەسرەفی ڕێگا و کارتی موبایل و ... بۆ وەردەگرت لە ڕاپۆرتەکانیا بۆ مخول ئاغا یان میرزا شەهۆ زانیارییەکانی ئەگونجاند.

بەڵام کە هیوا لەگەڵ مخول ئاغا و میرزا شاهۆ لە سەر ناوچەگەرایی و باند بازی و دەستەو دەستەبازی ببووە کێشەی، ناچار بوو ئەوێ بەجێ بێڵێ و بڕواتە شوێنێکی دیکە بۆ خزمەت.

ئەمەش دەرفەتێ بوو کە میرزا شاهۆ و مخول ئاغا حافزە دێزەیان بە پوڵ و پارە لە پیلانێکا دژ بە هیوا کردبوە ئامرازی دەستیان. ئاخر لە ڕێگای دیکەوە نەیاندەتوانی ڕووبەڕووی هیوا ببنەوە. ئەو خاڵی لاوازی دیکەی نەبوو. تەنیا خاڵی لاوازی ڕاشکاو بوون و قسەلەڕوو بوونی بوو. هەرچیی هەبووایا بێ سڵەمینەوە لە کەس، هەڵدەستا و لە پشت ترەیبۆنەکانی حیزبەوە باسی ئەکرد و لە ڕەخنەگرتندا تەنیا پرەنسیپی حیزب و بەرژەوەندیی نەتەوەی بەلاوە گرینگ بوو.

بۆیە ئەبووا لە پشتەوە خنجەرێکی تێکوتن، خنجەرێکی وا کە نەتوانێ جارێکیتر هەستێتەوە. پلانیان دانابوو بەجۆرێ لێیدەن کە ئەگەر نەشیکوژێ، لانیکەم قەتعی نوخاعی بکات و بۆ هەموو تەمەن بیخاتە سەر زەوی و بیکاتە جێی بەزەیی هەموو لایەک! و جارێکی دیکە بە خەونیش نەتوانێ بێتەوە بەردەمیان.

رۆژێ حافزە دێزە پێوەندیی بە نەقیب ئەردەلانەوە کرد و خۆی پێ ناساند و وتی: گەورەم ئەمنم حافز، ئەوەی کاک شەهۆ پێی وتبووی ئاهاااا ، ئەوە منم، من!

_نەقیب ئەردەلان:هەهەهەهەها، بەڵێ ، بەڵێ کاکە حافز، ئەوە خۆتی؟! ئەمە ئەمانە تۆیان چۆن دۆزیوەتەوە؟! باشە، باشە، پێم خۆشە لەناو ئەوانیش دای.

_حافزە دێزە: بەقوربانت بم گەورەم، نۆکەرتم، بەڵێ، ئەمنم حافز، خۆمم، حافزی خزمەتکارتان، ئەمن لە خزمەتتاندام.

کاکە حافز ئەو کاک شاهۆوە گۆتی: گوایە ئەتۆ ئاگات لە سەودایەکی ترسناکی چەکوچۆڵ هەیە و وەک کەسێکی خۆیان ئەتۆیان خزاندووەتە ناو باندەکەوە! لە قسان ئەو باندەش هەر لە ناو خۆیاندایەو مامەڵەش هەر بەو دەمانچانەوە ئەکەن کە لە کاتی ئینشقاقەکە لە قەڵا دزراون! راستیی ئەتۆ ئێستا لە کێندەرێی؟! ئەگەر لە کۆیە نزیکی، با کات و شوێنێ دانێین بتبینم.

بەڵێ گەورەم، بەڵێ، بابەتەکە زۆر زۆر ترسناکە، وادیارە ئەو دەمانچانەیان لە شوێنێ شاردووەتەوە و ئەیانفرۆشنەوە بە دەلاڵی ئیتلاعاتی ئێران و قەولە لەوێوە بنێردێنەوە بۆ تاقم و گرووپی تیرۆریستی لە ناو عێراق!

گوایە ئەو دەمانچانە کاتی خۆی هی سوپای عێراق بوون و رێژیمی ئێرانیش ئەیهەوێ شوێنپەنجەی لە یارمەتیدانی ئەو گرووپانەدا دەرنەکەوێ، بۆیە ئەیهەوێ ئەوانە بکڕێتەوە و لە ناو خودی عێراقدا بەکاریان بێنێتەوە! جا لەوانەیە بۆ تیرۆری هێزە رۆژهەڵاتییەکانیش بەکاریان بێنێ!

بەڵام هەر لە ئێستاوە تکایە گەورەم، حەفت جار سڵام، ئاگاتان لێم بێ. دەستمە دامانتان نابێ ئەوان بە کەینو بەینی ئێمە بزانن. واتە لای ئەوان یەکەمجارە ئێوە من دەبینن و دەمناسن! ئەگینا راست ئەفەوتێم و فاتێحەم ئەخوێنرێ!

_نەقیب ئەردەلان ئەیزانی مەبەستی حافز پارە و بەخششە بە پێکەنینەوە وتی: حاححاححاححا، نا، نا، خەمت نەبێ، تۆ حەوت رۆحی هیچت لێ نایێ، ئێمەش تۆمان خۆش دەوێ، زۆر دڵسۆزانە کارت بۆ کردووین گەرچی تۆزێ چاوبرسیت و بەهیچ تێر نابی، بەڵام خۆت ئەزانی ئێمەش درێغیمان لێ نەکردووی!

_حافزە دێزە: هەهەهەهە گەورەم دارکاریمان مەکە ئیدی، ئێوە گەورەی منن، سەرم لە رێتانە، من گلەییم لێتان نیە و دریغیتان لەگەڵ نەکردووم. ئەمجارە ئەرکەکەم فرە پڕمەترسیترە، تکاتان لێ ئەکەم بمپارێزن!

راستەکەی خۆت چاک ئەزانی کە من موراقێبم لە ناو بەشەناوخۆیی قوتابیانی رۆژهەڵاتی لە هەولێر، ئێستا لە بەشەناوخۆییم و شەوتی کاریی منە و براکەشم (کۆسار) لێرە نیە لە جێی خۆمی دانێم، بەڵام دووسبەی ئەتوانین یەکتر ببینین. ئەمن دێمە کۆیە بۆ خزمەتی ئێوە، نۆکەرتانم، لە خزمەتتاندام.

_نەقیب ئەردەلان: باشە، باشە کێشە نیە بەڵام دووسبەی هەوڵ بدە پێش سەعات دوازدە خۆت بگەیێنە لام.

_حافزە دێزە: سەرچاوەکەم. تەنیا خۆم بێم یان بڵێم بە کاک شاهۆش.

_ نەقیب ئەردەلان: نا،نا، ئەو کاک شاهۆیە خۆی ئاگادارە، بە تەنێ وەرە خۆ بێگانە نیت لەگەڵمان، کێشە نیە.

_حافزە دێزە: ببوورە توخودا خەجاڵەتم، واش ئەڵێم، خۆت ئەزانی معاشەکەی منیش زۆر کەمە و بەشی هیچ ناکات، بۆ پارەی کرێ تاکسی و نانی نیوەڕۆ و ئەو شتانە چی بکەم؟!

_ نەقیب ئەردەلان: هەهەهەهە حافز، حافز، کوڕە دیسان دەستت کردەوە بە کرووزانەوە!؟ باشە، باش خەمت نەبێ، ئەو شتانە کێشە نابێ، ئەگەر لەمەشیانا وەک جاران ئەرکەکەت بەباشی راپەڕێنی، دەمت هیچ، گیرفانت و شوێنی دیکەشت هەر چەور ئەکەین!هەهەهەهە.

_ حافزە دێزە: هەی بەقوبانت دەمت بم گەورەم گیان، نۆکەرتم گەورەم، خزمەتکارتم، هەرچی بفەرموون بێ ئەملاو ئەولا لە خزمەتتانام گەورەم گیان....

حافزە دێزە هەر خەریکی ئەم ماستاو و شتانە بوو کە نەقیب تەلەفۆنەکەی داخست.

ئەوجا کاتی جێبەجێ کردنی قۆناغی یەکەمی پلانەکە بوو. حافزە دێزە تەلەفۆنی بۆ هیوا کردەوە و بە پێکەنین و دڵخۆشییەکی تایبەتەوە وتی: سڵام، چەنیەنی گیان!؟ وەشنی، خاسنی؟!

_هیوا: سڵام کا حافز، سەرچاو باشی، سەلامەتی؟ خێر بێ، فەرموو چی بووە؟ چی ئەکەی؟

_حافزە دێزە: کوڕە جا چێش نەبیەن! هەموو شت بە کەیفی منە، یانێ ئێمەیە. با بەونێ وینووت ئاوەختە قسەو پەی کەروو. قسەی وەش وەشێم هەن پەیو، تۆ پەلە مەکەرە با بەونێ. ئائیسە زەنگم دان کە بزانوو تاوێدێ سوای یان پێرای دەمانچە چواردەوەرەکە حازرە کەردێ یان نا؟! فرە پەلەما، مەردو خوای بە پەی سوای یان پێرای حازرش کەردێ با ئی مامەڵەما جەدەس بەرنەشۆ!

هیوا_ پێش هەموو شتێ (ئامادە بکەی) نە، چونکی من پێم وتووی کە تەنیا بە کەسێکت ئەناسێنم و بەس، تۆش تێرتێر مەمنون بووی و قەوڵت دا واز لە من بێنی. بەڵام ئیدی خۆ بڕیار نیە هەموو جارێ من لەگەڵتانا بم! ئەگەر لە ماڵەکەشت نەبووایام و لەسەر سفرە و خوانت نەبووایام قەت قەت هەڵەی وام نەئەکرد.

لەوانەیە تۆ بەو شتانە شاگەشکە بی، بەڵام ئەو شتانەی تۆی شاگەشکە کردووە لەوانەیە لای من سەرنجڕاکێش نەبن!
دووهەمەن دڵنیا نیم کە بۆ ئەو کاتە حازر ئەبێ یان نا، بەڵام بۆ لای ئێوارە خەبەرت ئەدەمەوە.

_ حافزە دێزە: کوڕە دەی پاسە مەکەرە! یانەو ئاوان ئەڵێی هەر متمانەت پێمان نیە! ئەو کارە کارێکی پڕ سوودو قازانجە. حەز ئەکەم بۆ خۆمان بێ تا بێگانە. تۆ با یەکتر ببینین، دواتر قسە ئەکەینەوە. من چاوەڕێی خەبەری تۆ ئەکەم.

هیوا تەلەفۆنی بۆ عابێد کرد، پرسی بۆ کەی ئەتوانێ ئەو چواردەخۆرەی قەولی دابوو، حازر بکات؟ عابێد وتی لای من حازرە، کەی پێت خۆشە، پێی بڕێ با بێ، دەیدەینێ.

هیواش پاش کەمێ پێوەندی کردەوە بە حافزە دێزەوە و وتی: بۆ سبەینێ دوانیوەڕۆ ئەتوانی بێیتە کۆیە و وەری گری؟ حافز وتی: لای من کێشە نیە. بەڵام نازانم دەقیقەن کەی ئەگەمە جێ. کە هاتم، پێت ئەڵێم لە کوێ یەکتر ببینین. هیوا قەبوڵی کرد و وتی باشە چاوەڕێت ئەکەین.

حافزە دێزە پێوەندی بە میرزا شەهۆوە کردەوە و پێی وت: گەورەم وابڕیارە سبەی بیانبینم و دەمانچەکەیان لێ وەرگرم. جەنابت چی ئەڵێی؟! ئەویش وتی باشە بەڵام ئەبێ حەتمەن لە فڵان شوێن پێکەوە دانیشن و لەوێ دەمانچەکە وەرگری و پارەکەیان بدەیتێ. خۆشم لە دوورەوە بە دووربێن چاوتان لێ ئەکەم.

سبەینێ داهات و حافزە دێزە پێوەندی کردەوە بە هیواوە و وتی: ئەوە من نزیکم لە فڵان شوێن، خۆت وردە وردە وەرە بۆ ئەوێ و بانگی ئەو رەفێقەشت بکە با بێت بۆ ئەوێ.

هیوا ئەو شوێنەی پێ گونجاو نەبوو. لە حافزە دێزە تووڕە بوو و وتی مەگەر نەموتووە ئەم کارە قۆڕانە مەهێننە گەرو بەری حیزب!؟ وادیارە تۆ سەرت لە گۆبەنێ ئەخورێ، بەڵام نازانم چییە!

هیوا پێی ناخۆش بوو کەسایەتی و پرستیژی حیزبەکەی بەم شتانەوە لەکەدار ببێ. ئاخر جێگاکە شوێنێکی نەگونجاو بوو و نزیکی هەندێ لە بنکەو بارەگاکانی حیزب بوو، هیواش پێخۆش نەبوو لە شوێنی وا ئەو کارە بکرێ. بەڵام دیار بوو کە میرزا شاهۆ ئەیهەویست بیرەکە بۆ هیوا قووڵتر بکاتەوە. ئەیهەویست بەو کارە بڵێ: هیوا و ئەوانە لە ناو شوێنێکی پیرۆزدا کارێکی وایان کردووە. هەڵبەت داڕشتن و جێبەجێ کردنی پیلانەکە لە ئەستۆ و ژێر سەری شەهۆی بیژووی ناوچەگەرادا بوو، مخۆل ئاغا تەنیا ئۆکەی بۆ کردبوو، ئیمکانات و دەسەڵاتی تەواوی بۆ تۆڵە کردنەوە لە نەیارەکانیانی بە شەهۆ دابوو و پشتی ئەگرت.

سەرئەنجام هیوا عابێدی بانگ کرد و هەتا خۆی گەییشتە ئەوێ، عابێدیش هات و پێکەوە دانیشتن. تومەز میرزا شەهۆ لە دوورەوە بە دووربێنی چاو خەریکە چاویان لێ ئەکات. بەڵام لەبەر ئەوەی تەڵەکەیان گەورەتر دانابووەوە، جاری یەکەم تەنیا کۆنترۆڵی ئەکرد.

حافزە دێزە و عابێد دەمانچە و پارەیان گۆڕیەوە و پێش ئەوەی ماڵاوایی لێک بکەن، هیوا پێی وتن: کاکە ئەوە من هەردووکتانم پێک ناساند و ئیدی کارم بە نێوانتانەوە نیە، لەمەولا ژمارە تەلەفۆنی یەکتریتان هەبێ و بۆ خۆتان مامەڵەی خۆتان بکەن.

بەڵام حافزە دێزە وتی: نا،نا، شتی وا نابێ، سەرەڕای رێزم بۆ ئەم برادەرە، بەڵام راستەکەی بڵێم من بڕۆام پێی نیە و تۆ نەبی لە بەینمانا، من ناتوانم متمانە بەو بکەم. هیوا پێداگر بوو لەسەر قسەی خۆی و وتی: من ئیدی بۆ ئەم بابەتە لەگەڵتان دانانیشمەوە. بەهەرحاڵ، هەر سێ ماڵاواییان لێک کردو رۆیشتن و هیواش گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی.

هەر ئەو رۆژە حافزە دێزە دەمانچەکە بە میرزا شەهۆ ئەدا. ئاخر پارکە هی حیزب بوو بەڵام بە میرزا شەهۆ بوو و دەمانچەکەشی هەر بۆ ئەوان کڕیبوو. وەک باس کرا، ئەم شەهۆە بیژووە جۆریکی پیلانەکە داڕشتبوو کە قەناعەتیشی بە سەرۆک هێنابوو و سەرۆک وتبووی گەرچی باوڕی کاری وا لە هیوا ئاسان نیە، بەڵام بەدواداچوونی تەواو بۆ ئەوبابەتە بکەن و بەوردیش لە چۆنیەتی رەوتی کارەکان ئاگادارم بکەنەوە.

بۆ سبەینێیەکەی میرزا شەهۆ ئەڕواتە ئاساییش و ئەڵێ: ئەوەها کاکە، ئەوە نمونەی دەمانچەکان کە لەگەڵتان باسم کردووە. ئەوە

یەک لەو دەمانچانەیە کە کاتی ئینشیعاب لە ئەنبارەکەی قەڵا دزراوە.

هەڵبەت جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە کاتی دزرانی ئەو دەمانچانە، لێژنەیەکی هاوبەش لە هەردوو لای حیزب پێک هاتبوو، ژمارەی سریاڵی سەرجەم ئەو دەمانچانەی بە لیست لای حیزب هەبوو، بۆ ئاسەنکردنەوەی کاری دیتنەوەیان، بە ئاساییشیان دابوو و ئاساییش لەمێژەوە بە شوێنیەوە بوو کە وەک سەرەدەوێ، دانەیەک لەو دەمەنچانە بە کەسێکەوە بگرێ.

بەڵام مخول ئاغا و میرزا شەهۆ هیچکام ئاگاداری دانی ئەو لیستە بە ئاساییش نەببوون. بۆیە گەمژانە لێرەدا بەشێ لە ریسەکەی لای بەرپرسانی ئاساییش خۆبەخۆ ئەبێتەوە بە خوری و گومان ئەکەن کە ئەم ماستە ئەبێ موویەکی تێدا بێ. بەڵام ئیدی ئەوانیش بە وریاییەوە شوێنی کارەکان ئەگرن و بە هێمنی چاوەڕێی رەوتی رووداوەکان ئەکەن و دەنگ ناکەن تاکوو بزانن بەکوێ ئەگات و سپاسی ئەکەن و پێی ئەڵێن بەردەوام بە بزانین بەکوێ ئەگات.

میرزا شەهۆ حافزە دێزە ئاگادار ئەکاتەوە و ئەڵێ: پێیان بڵێ: نمونەکەمان زۆر بەدڵە و بە هیوا بڵێ با هەر چەندە ئەتوانن بۆمان ئامادە بکەن. گرینگ نیە هەر لەم نمونەیە بێ، هەر جۆرێکی دیکەش بێ هەر کێشە نیە. بڵێ: بەس نوێ بن و

خاوێن، ئیدی لەسەر نرخەکانیش کێشەمان نابێ و پارەکەشی بەکاش دەدەین.

_حافزە دێزە: ئەلۆ، ئەلۆ، خاسنی لالۆ هیوا؟

_هیوا: سەرچاوم، فەرمو، دەنگوباس؟

_حافزە دێزە: سپاس لالۆ گیان، وەڵا برادەران شتەکەیان زۆر زۆر بەدڵ بوو، سپاسیان کرد و سێقە و متمانەیان لا درووست بووە و وتیان بۆ ئەمجارە هەرچەندەتان پێ ئامادە ئەکرێ بۆمان دابین بکەن، ئەمجارە هەتا دە تا پازدە دانەش هەر باشە، بەڵام با لەوە کەمتر نەبێ. لە جارەکانی داهاتوودا ئەبێ چالاکتر بن و لەوانەیە داواکارییەکان بۆ پەنجا و سەد دانەش بەرز ببنەوە. ئەبێ ئامادەکاری بۆ ئەوە بکەن. وەک وتیشم پارەکەی بە کاش وەردەگرن.

_هیوا: راوەستە کوڕە راوەستە، لە خۆشی پارەدا تۆرمزت بڕیوە و بە هیچ ناوەستی! نازانم، با تێبگەم، وا هەست ئەکەم ئەتۆ درەنگ تێدەگەی و لە من حاڵی نابی یان کێشەکە ئەمنم و ناتوانم تۆ حاڵی بکەم؟!

_حافزە دێزە: ئانە چێشا، یانێ چێش؟! پەی چی لالۆ گیان، مەگەر چێش بیەن؟ مەنزوورۆ چی قسا چێشا؟!

_هیوا: کوڕی جاک من پێم وتن کە ئیدی من لە نێوانتان چوومەدەرێ و ئەوە ئیتر ئێوە هەردوو تەلەفۆنی یەکتریتان هەیە و بۆ خۆتان قەرار و مەدار دانێن و کاری خۆتان بکەن. من ئیدی نایێمە نێوانتانەوە و کارم پێتانەوە نیە.

_حافزە دێزە: جا وەڵا تۆ نەبی، من هەر ناوێرم لەگەڵ ئەو کابرایە دانیشم، ئەو هەموو پارەیەم پێ بێ و ئەویش کە چەکی پێ بێ، بە هەسپایییەک ئەتوانێ چەکم لێ بکێشێ و هەر هەموو پارەکەم لێ ببات و بڕوات و کەسیش ناتوانێ گونی بگرێ! لەوانەیە هەر بشمکوژێ، خۆ خۆت ئەزانی لێرە کوشتن چەن ئاسانە و رۆژانە خەڵک ئەکوژن و وەک تڕی بن گۆمیش بزر ئەبن! نا، نا، بە سەرو وێم من یەک دەقێقەش بێ تۆ لەگەڵی دانانیشم.

باشە تۆ مەیێە نێوانمانەوە، بەڵام وەک ئاگادار و چاودێرێک کە بەلایەکم بەسەر نەهێنێ، وەرە لەو نزیکانە لە شوێنێ دوور لە ئێمە دانیشە. ئێمە مامەڵەی خۆمان ئەکەین و شتەکان ئەگۆڕینەوە و تەواو و بڕایەوە. هەر ناوێرم باسی پارەشت لەگەڵ بکەم. بابە ئێوەی کە مانگانە بە ٢٣,٠٠٠ دیناری برەیمێر ئەژێن و پێشمەرگایەتی ئەکەن و دڵخۆشیشن و ئامادەی

گیانبازیشن بۆ حیزبەکەتان، ئیدی باسی مادیات و پارە بەشەر تووشی شەرمەزاری ئەکات.!

هەروەها وتی: پێوەندیم بە وەستا عابێدیشەوە کردووە، ئەویش حەز ئەکا تۆمان لە نێوانا بی، بەڵام ئەو ئێژێ: کاک هیواش نەبێ، من کێشەم نیە و شوێنێ دانێ دێم. بەڵام لالۆ کێشەکە ئەو نیە، کێەشەکە منم، من متمانە بەو ناکەم و مەرجەکەشم ئەوەیە کە دەبێ تۆ لە نێوانمانا بی.

_هیوا: ئەلحوکمولیلا، باشە، کێشە نیە، بەڵام وەک وتم من کارم بە مامەڵە و سەودای نێوانتانەوە نیە، وەک هاوڕێی هەردووکتان دێم و لە دوورتر لە ئێوەوە دائەنیشم، تەنیا بۆ ئەوەی بە تەنیا نەبن.

_حافزە دێزە: ئەی بە قوربانت، نۆکەرتەنا، کوڕە پیاوی کوڕی پیاویشی، خۆم ئەمزانی قسەی من لە عەرز نادەی. هەر بۆ خۆیشم قسەم لەگەڵ کاک عابێد کردووە. وتی: بۆ ماوەی هەفتەیەکیتر، دە دانەتان بۆ ئامادە ئەکەم، بەڵام ئیدی لەوە زیاترم پێ کۆ ناکرێتەوە و لەوەش زیاترم پارە نیە. منیش سوپاسم کردو وتم لەگەڵ کاک هیوا قسە ئەکەین و کات و شوێنی مامەڵەکەمان دیاری ئەکەین. ئەویش وتی باشە سەرچاو، هەر کات و شوێنێ تۆ و کاک هیوا دیاریی بکەن من حازرم و دێم.

چەند رۆژێکی پێ چوو، هەموو شتێ بێدەنگ بوو، هیوا خەریکی راپەڕاندنی ئەرک و کاری شۆڕشگێڕانەی خۆی بوو. رۆژانە بە ئەشق و خۆشەویستی و دڵسۆزیی نیشتمانەوە کاری حیزبیی خۆی ئەکرد و هیوای بەوە هەبوو کە رۆژێ دادێ هەموو لایەک لە زیان و خەسارەکانی ناوچەگەرایی و باندبازی ودەستەبازی تێدەگەن و سەرۆکیش ئیدی خۆی دژی ئەو گەندەکارییانەیە و خۆ هەر خۆشی بوو وتی ئازاد بن هەرچیتان لە دەست دێ دژی دیاردەی ناوچەگەرایی لە حیزبا بیکەن و منیش پشتتان ئەگرم. کەوابوو بێ گومان لە پشتمان دەبێ بۆ کۆتایی هێنان بە سازماندەیی و پیلانگێڕی و یارگیریی تاقم و گرووپە باندباز و رەفێقگەرا و ناوچەگەراکان لە حیزبا.

ئاخ، ئاخ، تۆ بڵێی خەڵکەکەمان چەندە بەم دۆخەی حیزبەکەمان بزانێ؟! تۆ بڵێی چەند لەسەدی خەڵک بەم ناوچەگەرایی و باند و جەناحبازییە بزانێ؟! یان تۆ بڵێی چەندەی خەڵکەکەمان هیوای بە ئێمەو حیزبەکانمان بۆ رزگار بوون لە دەست ستەمی نەتەوایەتی مابێ؟!

تۆ بڵێی ئەوان ئاگادار بن کە زیاتر لە دژایەتیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئێمە وزە و پوتانسیل بۆ پێکدادانی ناوخۆیی خەسەر ئەکەین؟! نا، بەخوا پێم وانەبێ بزانن و لەوانەیە هەر هیندە بۆشیان گرینگ نەبێ!

خۆزگا هەموومان راستگۆیانە خزمەتی (سیمای دیمۆکرات)مان ئەکرد، خۆزگا جارو بارە کەمێ لە بیرکردنەوە لە شەهیدەکانمان، لە ئامانجەکانیان، لە بنەماڵەی شەهیدەکانمان، لە زیندانییە سیاسییەکانمان، لە سەربازانی ونی نێو ئەشکنجەخانەکان قووڵ دەبووینەوە و لە ئامانجی باڵا رادەماین!

واااااای کە چەند شەرمە، چەند شوورەییە لەسەر پلە و پۆستێکی بێ نرخ و هیچ بەدەست نەبوو ئاوامان بەسەر ئەو حیزبە گەورە و مەزنە هێناوە! ئاااااای ئاااااااای چە کارەساتبار دەبوو ئەگەر شەهیدەکانمان توانیبایان ئێخەمان بگرن و داوای روونکردنەوەمان لەسەر ئەم هەڵانەمان ، لەسەر کۆیەنشین و قەڵانشین و کەمپ نشین کردنی حیزبەکەیان لێ بکەن!

راستییەکەش ئەوە بوو کە زۆر کەس لە رێبەرایەتیدا دڵسۆز بوون و هەن، کەسانی بەتوانامان لە رێبەری، کەسانی خاوەن رابردوو، کەسانی تێکۆشەر و فیداکار کە پێویستییان بە پاڵپشتیی ناوچەگەراکان نیە و نابێ، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەوانیشیان بە زۆر، بە پیلان ئەکێشایە ناو زەلکاوی ناوچەگەرایی و جەناحبازییەوە.

بێ ئەوەی خۆیان ئاگایان لێ بێ، لە شوێنێ مەجلێسێ ئەگیرا، ئەوانیش بێ ئەوەی لە بابەتەکە ئاگاداریان بکەنەوە بانگی دانیشتنەکە ئەکران و کە دەچوونە ناو دانیشتنەکەشەوە تازە ئیدی ببوون بە تەڵەکەوە و دواییش ناویان ئەزرا ، کە گوایە دوێنێ فڵانکەس بانگهێشتی کۆبوونەوەیەکی ناوچەگەرایی فڵان شار و ناوچە کراوە و خەریکی سازماندەهیی ناوچەیین.

له لایەکی دیکەشەوە، حافزە دێزە پێوەندیی بە میرزا شەهۆوە کردو راپۆرتی کارەکانی خۆی پێدا و وتی:

ئیدی ئێمە داوەکەمان بەباشی ناوەتەوە، ئێستا ئەبێ تەنیا چاوەڕوانی ئەنجامی کارەکە بکەین. بێگومان و سەداسەد ئەبێ پێوەی ببێ، ئەویش بە دەنووکەوە. بەڵام کاک شەهۆ خەجاڵەتم، خۆت ئەزانی من ئەو تۆزقاڵە معاشەی موراقێبیی خابگای دانشجویانم هەیە و کۆساری براشم تا ئێستاش هەر لە سەر گیرفانی من ئەلەوەڕێ و دوو قەرانیشی بمێنێتەوە ئەبێ بۆ دایک و باوکمی بنێرمەوە، ئاخر خۆ ئەوان هیچ دەرامەدێکیان نیە، ئەو ماوەیەش هاتو چۆ و تەلەفۆن و خواردنی دەرەوەم زۆر بووە....

_میرزا شاهۆ: ئێ،...ئێ... تێگەییشتم کاکە حافز، تێگەییشتم. کێشە نیە، تۆ کارەکانت وەک چۆن دڵسۆزانە کردووە، ئاواش بە دڵسۆزییەوە بەردەوام بە. سبەینێش سەعاتی نۆ بۆ دە بڕۆ لای مقەڕی خۆمان لە هەولێر، بڕۆ لای کاک...... بڵێ شاهۆ ناردوومی بۆ ئەمانەتەکە، بڕە پارەیەک ئەدەم بەو پێتی بدات و دواتریش هەر دەستمان بە بن باڵتەوە دەبێ خەمت نەبێ.

_حافزە دێزە: ئەی نۆکەرتم، مەمنونتانم، قوربانتم من هەر لە خزمەتتانام، خۆ من ئەم خزمەتانەم بۆ پارە ناکەم، بەڵام ئیدی چبکەین لە دەست نەداری و بارگرانیی رۆژگار. پارووە نانەکەی ئێمەشی بەستووە بە کۆڵی شێرەوە...

_میرزا شاهۆ: کاکە حافز، کاکە حافز، برای بەڕێز واز لەو قسانە بێنە، گوێ لە من بگرە بزانە چت پێ دەڵێم! ئێمە پێویستیمان بە هیوایە، بە بێ هیوا ئەنباری چەک وچۆڵی هێزە مارێنزەکانی ئەمریکاش بەکەڵکمان نایێ، ئەو کارە تەنیا و تەنیا لەبەر هیوایە و هیچیتر. هەر ئەمڕۆ پێوەندی بە نقیب ئەردەلانیشەوە بکەو هەموو شتەکانی لەگەڵ باس بکە با ئەوانیش ئاگادار بن.

ئەمنیش خۆم بۆ چاودێری و پێشخستنی کارەکە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیان دەبم. ئامان سەد ئامان وریا بی، نابێ بە خەونی شەوانیش هیوا هەست بە هیچ شتێ بکات، ئەگینا تەواوی ریسەکانمان لێی ئەبێتەوە بە خوری.

_حافزە دێزە: باشە قوربان، خەمۆ نەبێ، نۆکەرتم، لە خزمەتتام، خزمەتکارتانم، بێ خەم بە، تازە وابزانە کردگمە بە تەڵەکەوە. باشە بەسەر هەردوو چاوم، هەر ئێستا پێوەندی ئەکەم بە نەقیب ئەردەلانیشەوە و هەماهەنگی لەگەڵ ئەکەم. جارێ خواحافیز.

حافزە دێزە کەوتە ناو خەیاڵات و رۆحی ئیبلیسییانەی ئاگری تێبەربوو و لە بەر خۆیەوە ئەیوت: ئاااای ئاااای، باشە من تاوانم چی بوو کە کوڕی مەلا مارف نەبووم و کوڕی

مەحمووە دێزەم. ئەگەر باوکی منیش وەک مەلا مارف بووایا و بە جێگەی ئەوەی بڕواتەوە ببێتە تەوابێکی خوێڕی و بە جاشیشی وەرنەگرن، چی ئەبوو ئیستە لێرە بووایا و وەک مەلا مارف جێگە و پێگەیەکی بووایا و من و کۆساریش وەک کوڕەکەی مەلا مارف یەکێ پاترۆڵێکمان لە ژێر پێ دا بووایا و وەک کوڕە خان و ئاغا بڕۆیشتبایاین بۆ زانکۆ و مانکۆ.

ئاااای ئاااای، باوکی من کەی عورزەی پێشمەرگایەتی هەیە، ئەو عورزەی جاشایەتییەکەشی نەبوو، نەیتوانی وەک بەعزێ لە جاشەکانیتر پلە و دەرجەیەک بەدەس بێنێ و من و کۆساری براشم ئیسە ئاوا دەربەدەر نەبین. ئەگەر باوکێ باش بووایا ئیستە ئەمە وەزعی ئێمە نەئەبوو...!

دەی بەخوا ئەشێ تۆڵەی تەواوی ئەمانە لە گەردوون بکەمەو، بەسەر شان و ملی کادر و پێشمەرگەیشا سەرکەوتبم هەر دەبێ ئەو تۆڵەیەی خۆم و بنەماڵەکەم بکەمەوە.

کوڕە خۆ ئیتلاعاتی مەریوانیش چەندین جار پێشنیاری باشیان پێ کردم، بەڵام ئاخر مەرجەکەیان ئەوە بوو کە ئەشێ سەرەتا باش لە حیزبا جێگای خۆم بکەمەوە و متمانە بەدەست بێنم! دەی خۆ ماڵی مەلا مارف و ئەوان خەێرێکیان نەبوو بۆم، ئەشێ ئێتر خۆم قۆڵ هەڵماڵم و کارێ بکەم. کوڕە حافز تۆ بەس لە خۆتی تێک مەدە و ئەم دەرفەتە لە دەست مەدە، ئیدی هەموو شت خۆی بەباشی دەڕواتە پێش.

ئەریَ بۆچە بۆ سبەینێ دوای وەرگرتنی پارەکە لەو کوڕە لە مقەڕ، راست تێی نەتەقێنم بۆ کۆیە، هیچ نەبێ هەم دوانیوەڕۆکەی سەرێکی نەقیب ئەردەلان ئەدەم، بۆ نیوەڕۆش خۆم ئەگەیێنمە ماڵ مەلا مارف و چێشت و چاییەکی خۆش لە دەست مەلاژن ئەخۆم ، خۆ ناخێری نەبێ لەگەڵ کۆسار خواردنمان بووەتە لەفەی فەلافل و بایجان و پەتاتە و پەنێری سێگۆشی تورکیا نەما تاقی نەکەینەوە و لەسەری بەشەڕ نەێین! هههههههە هەی خوا بڕۆش ئا زیندەگییە هەی.

دەی واز لەوە بێنە، ئەبێ زۆر وریا بم، نابێ ئاسایشیش هیچ لەسەر من لای میرزا شەهۆ بدرکێنێ. نابێ میرزا شەهۆ و حیزب بە خەونی شەوانیش بە پێوەندی و هاوکاریی من لەگەڵ ئەوان بزانن.

کوڕە حافز وریابە، بەمە بزانن بەشەرەف ئیدی پەتەکانۆ گشتیان ئەکەفنە سەرئاو و پابڕی حیزبۆ ئەکەن. ئاخر خۆ تا ئێستا پارووەکانی ئاسایش لە پارووەکانی ئەم دەروەزەکەرانە(حیزب) چاختر و چەورتر بوون، کوڕە ئەمانە حەددیان چیە ، چییان لەدەست دێ، خۆیان خەریکە لەبرسا لاکەیان دێ؟!

دواتر له شوێنی خۆی ئەچینه سەر پێوەندیی سەرێک و هەزار سەودایی حافزه دێزەوە.

ئەو هەروا خەریکی خەیاڵبافی بوو و خەونی به داهاتوویەوە دەبینی. بۆ نمونه ئەیوت: ئەرێ باشه تۆ بڵێی پاش گیرانیان چەند دانه لەو دەمانچانه به خەڵات نەدەن به خۆم!؟ نا، نا، ئەوانه کەی دەست من ئەکەفن! ئەوان ئەیانبەن بۆ خۆیان. لەوانەیه میرزا شەهۆ بەناوی دەمانچەکانی حیزبەوه بیگێڕێتەوه و هەر لەو بەین و بەسەش دا خۆی و مخول ئاغا حەپەلووشیان کەن! جا کێ ئەزانێ، خۆ خوا نەبێ کەس سەر له کاری ئەوانه دەر ناکات!

لەو کاتانەدا بوو که میرزا شاهۆ پێوەندیی پێوه کردەوە.

_میرزا شاهۆ: کاکه حافز، کاکه با بیرم نەچێ، که له گەڵ ئەو هەتیوە، چی ناوە، هیوا، ئا،ئا، هیوا، قسەت کردوەو و قەول و قەرارت دانا، با شوێنی گۆڕینەوەکانتان هەر ئەو شوێنەی جاری پێشوو بێ(جێگایەک له نزیک بنکەکانی حیزب) هەتا ئەکرێ با نزیک بارەگاکان بێ، تەنانەت بکرێ له ناو بارەگاکانیشا بێ زۆر باشترە.!

دیاره وەک پێشتر باس کرا، مەبەستەکەی شاهۆ هەر ئەوه بوو که چاڵەکه هەم لای ئاسایش و هەمیش لای حیزب بۆ هیوا وا قووڵ لێ بدات که نه خۆی بتوانێ بێتەوه دەر و نه کەسیش بوێرێ بۆ رزگار کردنی ئەو خۆی لەو چاڵه قووڵه بخات.

خێرا حافزە دێزە جوابی دایەوە؛ کاک شاهۆ، کاک شاهۆ گیان، کاکە تکایە، تکایە، ئاوا نە، ئاخر کارەکە تێکدەچێ. هەموو شتمان لێ ئەبێتە بڵقی سەرئاو. هیوا جاری پێشوو بە هەزار دەردیسەر رازی بوو بێتە ئەوێ و ئەیوت رێگا بە شتی وا نادەم و ئەشیوت من خۆم ئەبێ پێش بەو کارانە لێرە بگرم، هەر کەس بێتە ئێرە و مامەڵەی وا لەم ناوە بکات، خۆم ئەیگرم و ئەیدەم بە دەستەوە. نابێ لێرە بکرێ و پیرۆزایەتیی حیزب بەو شتانە لەکەدار بکرێ.

منیش هەرچی پێم دەوت برا شتەکە ئاساییە و رۆژانە لەو شارانە بە پێش چاوی خەڵکەوە ئەو مامەڵانە ئەکرێ و تەنانەت سەرچاوەیەکی باشی داهات و یارمەتی مەعیشەت و ژیانی پێشمەرگە و چەکدارانی خودی حکومەتیشە. هیوا هەر ئەیوت لێرە نابێ، ئەوا لەگەڵ عابێد پێکم ناساندن و بڕایەوە، ئیدی بۆ خۆتان بڕۆن لە ناوشار یان لە دوکانی عابێد یان لە هەر جێگایەکی دیکە مامەڵەکانتان بکەن و گێچەڵەکەتان لە من دوور بخەنەوە.

بۆیە عەرزت ئەکەم تکایە بە قسەم بکە، ئەگەر پێداگریی لەسەر ئەو جێگایە بکەین، هیوا بە هیچ مەزهەبێ رازی نابێ بێت بۆ ئەو قەرارە. جا قەیناکا با جێگایەکی دیکە بێ و ریسەکانمان لێ نەبێتەوە بە خوری. تۆ لەوانەیە هاوکاری هیوا بووبی و باشی بناسی، بەڵام منیش هەر باشی ئەناسم. ئەو

ویشکە حیزبییە و کەلەڕەقیشە لە بڕیارا. با قەراری لەگەڵ دانێم، خەبەرت ئەدەمەوە.

بەیانی داهات و حافزە دێزە لە بەشەناوخۆیی(خوابگا)وە چوو بۆ لای مقەڕی حیزب، پرسا، پرسا کابرای دیتەوە و پارەکەی لێ وەرگرت و راست چوو بۆ گاراژی کۆیە و لەوێوە بەرەو کۆیە تێی تەقاند.

ساعات ١١_١٠ بوو گەییشتە ئازادی و خۆی کرد بە ماڵی مەلا مارف دا، مەلا لە سەر کار بوو، هەر مەلاژن لە ماڵا بوو و بەس. مەلاژنیش هەتا بڵێی چێشت و خوانی خۆش بوو و هەتا بشڵێی رووخۆش و میهرەبان بوو.

هەر لە درگای حەوشەوە سەری کرد بە ژوورا بۆنی خواردنەکانی مەلاژن ئەهات، حافزە دێزە هاواری کرد، ئانە چێشا**!**، ئانە چێشا**!**، پیاااااح چا بۆن و بەرامەی، نەواردەی پیای مەس کەرۆ**!** جا ئانە بوەریش چێش**!**؟ تاتەڕۆ، براڕۆ، وێم ڕۆ، دادە گوڵە ئانە چێشۆ کەردەن، جە ئەوراینە مەردانێ، چێشما هەن**!**؟....

تێبینی: (ئەم بەشەی چیرەکەکەمان زۆربەی بە هەوراميیە. چونکی دیالۆگۆکە لە نێوان سێ کەس هەورامی دایە و کەسێ شارەزای هەوراميیەکان بێ ئەزانێ، هەورامی کە بگەن بە یەک، ئۆتۆماتیک زاراوەی قسە کردنیان ئەگۆڕن. هەوڵ بدەن لێی تێبگەن.)

_دادە گوڵە: خەێر بەی حافز گیان، بۆرێ نیشەرەو کارۆ پانێوە نەو، تۆ کاڵەک وەرەنی یان بێسان ڕن! بۆ نیشەرە، چیوێی وەشما هەن، خەمۆ نەو، پەکۆ مەگنۆ!

حافزە دێزە: ئەرێ دادە گوڵێ مامۆسا نەهاتووەتەوە؟!

_مەلاژن: نا کوڕم، تۆش وەک کوڕی خۆمی، وەرە دانیشە ئیسە دێتەو.

حافزە دێزە چوو، دانیشت، هەندێ قسەو دەمەتقێیان لەگەڵ مەلاژن کرد ، مەلاژن حاڵ و ئەحواڵی خانەوادەی پرسی. لەم قسەو باسانەدا بوون کە مەلا مارفیش هاتەوە. مەلا مارف و حافزە دێزە چاکی و چۆنیی گەرمیان کرد و دانیشتن.

_مەلا مارف: حافز، کوڕە ئانە چکۆوە!؟ کەی ئامانی؟ حافز؟ چێش کەری چیە؟!(دیارە مەلا مارفیش پیاوێکی بەڕێز و

جێگای متمانەیە. کەسێکە کە هەم لە ناو حیزب و هەمیش لە ناوچەکەی خۆی جێگای ڕێز و متمانەیە. بەڵام ئیدی ئەیزانی کە حافزە دێزە لە هەرکوێ بێ، ئەوە لەوێ گۆبەنێ بەڕێوەیە. چونکی هەم حافز و کۆساری باش ئەناسی و هەمیش باوکە تەواب و جاشەکەیانی پێشتر ئەناسی و تەنانەت ئاگاشی لێ بوو ئێستا خەریکی چیە.)

مەلا مارفیش وەک خەڵکی دیکە میرزا شاهۆ و مخۆل ئاغای ئەناسی. باش ئەیزانی کە بەجێی ئەوەی هەوێنی هێمنی و ئاسایش بن، ئامیانی زۆربەی فیتنە و ئاشوب و ئاژاوە و پیلانەکان بوون. ئەیزانی بەو تەرکیب و ستافەی لە دەوری خۆیان خڕ کردووەتەوە، خێریان لێ بەدی ناکرێ. بۆیە کلک گرێدانی گەڕەگولێکی وەک حافزی کوڕە تەوابیش زیاتر ئاماژە بۆ شەڕ بوونی نیەتەکەیان بوو.

مەلا مارف درێژەی داو وتی: ماوێوەن فرە وینوت پیەرە. کوڕم حافزە خەریکو چێشندێ؟ ئی خولە خول و جرتوفرتە پیەرە چێشا، چێشۆ ئینا دەسوە!؟

_حافزە دێزە: مامۆستا مەنزورۆ چا خولە خولە ڕەنگا هەر ئانە بۆ کە فرە مەۆنێ لێو حیزبی، نا؟!

_مەلا مارف: ئامای لێو حیزبی موشکڵ نیا کوڕم، تەرسو پەنێوە بەی، جا مەزانو چکۆ و چەنی! کوڕم ئاگاو وێو بۆ، بزانە چێش کەری و چەنی کێ هۆرزە و نیشتەێت هەن. ڕاسا،

یەک دوێ کەڕەتێوە چەنی کەسانێوە دیەنیم، خوا کەرۆ یان سەرو وێت، یان سەرو کەسێوە نەکەردێ هەڕەیرە!

_حافزە دێزە: کاکە، مامۆسا گەرەکتا چێش واچی!؟ بەخوا هیچۆ چەنە مەیاوو. مەنزوورۆ چی قسانە چێشا؟! بە شەرەفم ئجۆ وەزیم پەی مەژماری، سەرو تۆ نە، سەرو وێم هەر مەزانو باسو چێشی کەری! تۆخوا عال حاڵیم کەرە، بزانو مەنزوورۆ چی فەرمایشتا چێشا!؟ کێ چێشش پەنە واتەنی!؟ چێشۆ یاوان گۆش!؟ خەریکا دڵم تەقۆ و هیچیچش مەیاوو!

_مەلا مارف: کوڕە وێو گێلە مەکەرە. عال زانی چێش ماچوونە. عال زانی چەنی کێ گێڵی و لاو کێ ملینە. ئاگا وێو بۆ کسمەکەو تاتێو نەگێری، هۆشتا وێتاوە بۆ راکەو ئایی نەلدێ.

_حافزە دێزە: پیااااااح کاکە، مامۆستا ئێتر هەر بە جارێوە ناوەشۆ کەرد! کاکە تاتەو، تاتەو چێشتانا! ئانە نیا ئێمە ئێنایمێ چیەنە، ئانە نیا ئێمەیچ یانەو وێما کاول کەردەن! دەی ئێتر چێشتا گەرەکا!؟ مشۆ راو کوردایەتیەنە کوشیێمێ جا باوڕما پەنە کەردێ!؟ شەو و رۆم کەردەن یەک و خزمەتو حیزبایەتی و کوردایەتی کەروو، ئانەیچ دەستوەشی و جواوو شمەن!

داده گوڵە، داده گوڵە تۆخوا گۆشۆ هەن پۆوە!؟ زانی ئێ مامۆسا چێش ماچۆ، وینی چێشم پەنە کەرۆ، ئانە هەقا تۆخوا؟!

دەی سایەو سەرو کوردایەتیەکەو شمەو جاشایەتیەکەو تاتێموە، خۆ وێم هیچ، تەڵاقم نیا، بەڵام یەرەتەڵاقەو تاتێم کەوتەبۆ تازە یانەتانە زاۆ مەلۆ سەرو زوانیم. ئانە من لوانا، ئەهاااا، ئا. لاو شمە وەش...

_داده گوڵە: نیشەرە کوڕە، نیشەرە، عەیبا، ئانە تەرێقەو مەبی!؟ خەجاڵەتە مەکێشی؟! تۆ پسەو کوڕو ئێمەنی. نیشەرە دەی.

_مەلا مارف: نیشەرە کوڕە حافز، نیشەرە. پی جرتو فرتو قارو قینانە هیچێوە درۆس مەبۆ. کوڕم عاقڵ بیدێ، من هەر ئانەم گەرەکا! چەنی براکێو واز جە کسم و کارو تاتێتا باردێ و سەربەرزانە زیندەگی کەردێ.

_حافزە دێزە: کاکە من تاقەتو ئی تانەو تەشەرامە نیا. خوا حافێزتا بۆ، یانەتا ئاوان، خوا حافێز...

_مەلا مارف: کوڕە حافز، حافزە...ئەی خوای بڕۆت پەی تەبێعەت و عەقڵیتا...

_داده گوڵێ: حافز، حافز ، کوڕم مدره، ئەرێ خۆ زاڕۆڵێ نیەنی کوڕم، مەله، کوڕه مەله...تاااااح توخوا ئانه کار بی کەردۆ مامۆسا! ئاخر ئیسه کەی وەختو ئانه بێ! بەخوا تازه حەیاما شی، خۆ وێۆ مشناسیش، ئیسه ملۆ جاڕ مەدۆ دنیایره...

_ مەلا مارف: واز باره گوڵێ، گۆشش مەده، دڵم خاس نماچۆ، ئینه پیگەره پەنگوه مەدۆ. مزانو ئەهاااااا ئائینه رۆەکەن جا واتیم. حافزه دێزه رۆیشت ، بۆ خۆی کەسێکێ کورتەبنەی گیسکه گولەیه، پێش سەر رووتاوێکی رەش قاوەییه، هەر هەنگاوێکی ئەنا و له بەر خۆیەوه رق و نەفرەتی هەڵدەڕشت. رەنگی سەوزەی سەوزه ببوو، ئەکرا به جێی حافزه دێزه پێی بڵێی (حافزه سەوزه). عۆقدەکانی خەریک بوون زیاتر و زیاتر پەنگیان ئەخواردەوه. ئەکێ بێژی بۆمبێکی ئەتۆمی له عۆقدەی چڕکراوەو پەنگخواردوو دروست کردبوو.

له لایەکەوه جنێوی به خوله سەوزەی بابی ئەدا که بۆچی پێشمەرگه نەمایەوه و چووەوه و بوو به تەواب و له تەوابی و جاشەیەتیەکەشیا عۆرزەی نەبوو نانێ بۆ مناڵەکانی دەربێنێ و بیانکاته کارمەن و جاشێ له ناو دامو دەزگای رێژیما و ببوو به دێڵه جاشێکی شڕەخۆر که جارو باره له ژێرەوه راپۆرتی چەند جەوانێکی ئەدا یان بۆ سەرکوتی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەک دەموچاویان دادەپێچاو گۆپاڵێکیان ئەدا به دەستەوه و ئەیانبرد بۆ مەریوان، پاوه و شارەکانیتر و بۆ دەستخۆشانەش بۆنێکیان پێ ئەدا و ئەیاننارده فرۆشگا زنجیرەییەکانی دەوڵەت و هەندێ ئەرزاقیان پێ ئەدا. دواتریش که کاریان پێی تەواو ئەبوو، کورتان و ئاو و کاو جۆیان لێ ئەگرتەوه هەتا نۆبەی دوایی.

هەنگاوی ئەنا و رقی ئەباراند، بۆغز و عوقدەی هەڵئەڕشت، ژەهری بۆ رشتن کۆئەکردەوە و لەبەر خۆیەوە ئەیوت: باشە، باش، مەلا با ئەمەت بۆ بمێنێ، هەر رۆژی منیش دێ.

دواتریش بەخۆی ئەیوت: کوڕە فڵتەفڵت و قەوچە قەوچ، تۆ لە بەرامبەر ئەوا چیت پێ ئەکرێ. باوکیشت بووایا چەی پێ ئەکرا!؟ باوکم، باوکم، جاش، جاش! خۆی پیاوی کاری پیاوانە نیە، ئیتر گلەیی و هەڕەشە و گوڕەشە بۆ لە خەڵک ئەکەی!؟

مەلا مارف لەملاوە دەستی لەناو دەستی خوا و پێغەمبەر و شێخ و ئەولیا و دەروێش و سۆفیلەی هەورامانایە و لەو لاوەش لە سەر کورسییە خۆش خەتوخاڵەکەی سیاسەت و حیزبایەتی دانیشتووە و بە کەیفی خۆشی بەسەر حیزبەوە شەپلیشەپان ئەکات! کوڕە مەلایە مەلا! مەلا بۆ خۆی بەڵایەکی عەزیمە جا وەرە سیاسەتی بکات و دەسەڵاتیشی هەبێ، هەیهوو هەیهوو، بە شەرەف نە خوا چاری ئەکا نە بەنەی خوا...!!

هەر خۆی بە خۆی ئەوتەوە، دەی، دەی حافز کەرەکەر مەکە کوڕە، ئەوە چیە ماچی پەتۆ بڕییەن! بابت کەر بوو خەتەی خۆی بوو، کەیفی خۆی بوو، بەشە ژیانی خۆی بوو و کەریەتی پێوە ئەکرد، بە کەس مەربووت نیە. ئەتۆ کەر مەبە، خۆ ئەو شتانە ژێنێتیکی نابێ، تۆ ئەتوانی عاقڵانەتر بژی.
کوڕم خۆ نابێ خۆشت هەر بە کەری بژی و بە کەریش بمری!
تۆزێ بێرەوە سەر عەقڵ، دژایەتی مەلا مارف دژایەتی خوایە،

لێره مەلا مارفت لێ هەڵگەڕێتەوه وەک ئەوەیه خواو پێغەمبەرت لێ لارەوه بووبێ. بەخوا بەشەرەفم، بە تەڵاقی مەحموو نەک پابڕی کۆیەت ئەکەن، بەڵکوو بە شەپێ تەڕ ئەتکەنەوه بەودیو سنوورا! جا کوڕه تۆزێ عاقڵ بەو کورتان و مورتان لار مەکە، لێگەڕێ با شتەکە چۆن هاتووه، ئاواش بڕوات. دەی حافز، دەی کوڕو هەری، دەی هەتا گووت لە هەموو شتێ نەکردووه فریای خۆت بکەوه.

لەناکاو لە جێی خۆیا وەستا و چەپۆکێکی دا بە سەری خۆیا و پووکێکی لە نێوچاوانی خۆی ناو وتی: باشە چیبکەم؟!

جگەرەیەکی دەرهێنا و بە هەسپایێ نای بە دەمیەوه و لێوی لە تووڕەییا ئەلەرزی، دەستیشی هەر لە رق و بۆغزا ئەلەرزین و چەرخەکەی نەئەگرت جگەرەکەی رۆشن بکات.

عارەقەی تووڕەیی و گەرما بە لای لووت و چاوانیا ئەهاتەخوار و دەست و جگەرەکەشی بە عارەقە تەڕ ببوون. دەستی ئەهێنا بە پانتۆڵەکەیا و بە هەر جۆرێ نەبێ کەمێ خۆی ئارام کردەوه و هاوکات کە دڵ و دەروونی بوڕکانێکی پڕ لە رق و کین بوو و ئاگری تۆڵە لە ناخیا کڵپەی ئەستاند، چەرخەکەشی هەڵکردو کەمێ دەمو سەری شۆڕەوه کردو جگەرەکەی رۆشن کرد.

تەقریبەن هێشتا هەر وەرزی گەرما بوو، گەر شارەزاش بن، ئەزانن کە کۆیە بە کونەبا ناسراوە و رەشەباکەی کۆیەش وەخت و بێ وەختی بۆ نیە و نەیئەزانی حافزەدێزە تووڕەیە، هەر ئەتوت هەموو مرۆڤەکان و سرووشت و باو بۆران و گەرماو ئاسمان و زەوی(ابر و باد و مە و خورشید و فلک درکارند) دەستیان داوەتە دەستی یەکەوە ئازاری حافزی بەخت هەڵگەڕاو بدەن!

خۆر لە تاقی ئاسمان بوو و راستەوڕاست لە تەوقی سەری نیوەڕووتاوەی حافزی ئەدا، رەشەباکەش هەڵیکردبوو و و پەردەکانی چاوی وشتڕیش بەرگەی ئەو تەپوتۆزەی دەشتی کۆیەیان نەئەگرت! سەرەتا دەستی دابووە دەست رق و بۆغز و کینەکەی دەروونیەوە و نەیان ئەهێشت چەرخەکەی رۆشن بکات و جگەرەکەی داگیرسێنێ، کە دواتریش جگەرەکەی داگیرساند، رەشەبا دووکەڵەکەی ئەکرد بە نێوچاوانیا و خۆرەتاوە تیژەکەش ئارەقەی سوێری سەری نیوەکەچەڵی ئەڕژاندە دۆڵی چاوانی و ئەیسووتاندەوە و نیکۆتینی جگەرەکەی ئەکردە ژاری ماری و وەک بەنگی نەشئەکەی لەسەری ئەپەڕاند.

لەناکاو هات بەسەریا، وتی ئەرێ بۆ نەچم بۆ لای هیوا، خۆ هەر لێرەم تازە با بڕۆم بۆ ئەوێ. ماڵی حیزب و نانی حیزب بێ تڕەو منەتترە، نمەکیشی نیە تا نمەک گیر بم!

سەعات چەنە؟ ئەها، بەخوا لە دوانزە لایداوە، خواردن مابێ باشە. زەنگی بۆ هیوا دا و وتی: لالۆ گیان ئەوا نزیکم دێم بۆ لات، بەڵام ئەوراایینە مەردانێ، پارووە خواردنێ ، نانەوشکەیێ ، زەهرەمارێ، شتێکم بۆ هەڵگرە تا ئەگەم، نەکا خواردن نەمێنێ.

هیوا هەندێ پێکەنی و وتی باشە، باشە، خەمت نەبێ کەس لە حیزبا لە برسا نامرێ. حیزب سفرە و خوانی هەمیشە بەڕووی هەموو کەسا کراوەیە. نیوەڕۆ ماکاروونیەکی خۆشما بوو، ئیسە ئەچم بەشی تۆش ئەگرم و دێنمیە ژوورەکەی خۆم. ڕاست وەرە بۆ ئەوێ.

حافزە دێزە لە بەر خۆیەوە وتی: هەی خوا بیبڕێ، وا ئەڵێ ماکاروونییەکی خۆشمان بوو، ئێژی کەباب کووبیدەیان بووە لەسەر پڵاوە برینج هەهەهەهە! هەی لە برسا بمرن یاخوا! هەی بە چەمەریی کەی، بەناوی حیزبەوە منەتیشمان ئەنێتە سەر: (بە دەمەلاسکەوە وتی: خەمت نەبێ کەس لە حیزبا لە برسا نامرێ. حیزب سفرە و خوانی هەمیشە بەڕووی هەموو کەسا کراوەیە.) هەر خۆشی بە خۆی ئەوت: هەی داوەشێی حافز، تۆخوا وەرە شەق لەو نان و خوان و بۆن و بەرامەی دادە گوڵێ هەڵدەی و بڕۆی خواردن و ماکاروونی حیزب و پێشمەرگە بخۆی! ئەمە هەمووی پەنی ئەو مەلا سەر زلە بۆگەنە بوو، دەی با بمێنێ بۆ ڕۆژگار، ئەو هەقەت لێ ئەکەمەوە مەلا. بەخوا تۆش بێ عەقڵی حافز. ئاخر هەتیوە کەرە قەت خێرت لە مەلا دیوە تا ئەمە جاری دووهەم بێ!؟

لەم قسانەدا بوو نزیکی ژوورەکەی هیوا بووەوە، لە ناو مقەڕەکاندا هیوا ژوورێکی بچووکی بە تەنیای هەبوو. چەندە قەفەسە کتێبی حیزب و قەفەسەیەکیش کتێبی خۆی لە ژوورەکەدا بوو لە گەڵ مێزو کورسییەک و تەختێکی نووستن.

حافزەدێزە خۆی کرد بە ژوورا و پاش چاکی و چۆنی دانیشتە سەر سفرە پێشمەرگانەکەی حیزب، سفرەکە رۆژنامە کۆنەیەک بوو لە ژوورەکەی هیوادا. هەڵبەت ئەوان شوێنی خواردنی گشتییان هەبوو کە هەم خاوێن بوو و هەم سفرەی گەورەی هەبوو و هەمیش سەر سفرەکەیان پڕ بوو لە شادی و پێکەنین و قسەی خۆشی پێشمەرگەکان.

بەهەرحاڵ حافزە دێزە وەک لە قاتی ساڵی رووسەکەوە هاتبێ، دەستی کرد بە خواردن و هاوکاتیش بە دەمی پڕ لە ماکاروونی و گوپی هەڵنووسا و چاوی داچەقاوەوە دەستی کرد بە قسە کردن. دەستی کێشا بۆ قەفەسەی کتێبەکانی ژوورەکەی هیوا و وتی: لالۆ ئەمانە گشتی هی خۆتن؟! یانێ ئەبێ گشتت خوێندبنەوە، نا؟!

_هیوا: هەهەهەه، نا، نا، فریای خوێندنەوەی گشتیان نەکەوتووم، هەر کاتی ئەوەشم نیە ئەگینا خۆ حەزم ئەکرد. رەفێقی کتێب لە هی بەشەر زۆر خۆشتر و بێ ئازارترە. کتێبەکان نامەردی ناکەن، دووڕووییان نیە، بەزۆر نایێن لەگەڵت دانیشن و بتخوێننەوە و دواتریش لە پشتەوە خنجەرت لێ بدەن. بەگشتی

ئەوان پڕقسەن و بێدەنگ. جاری وا هەیە کاتی بەتاڵایی هەفتەکە موتاڵعە ئەکەم و زانیاریی کۆئەکەمەوە و لە کۆتاییشا جاری وا هەیە ناچارم دانیشم هەر ئالێرە شەوێ دوو مقالە بنووسم، بۆیە هێندەش کاتم نیە فریای گشتیان بکەوم.

ناوەڵا هەمووشیان هی خۆم نین، من ئەوەنە دەوڵەمەن نیم، ئەو قەفەسە بچووکە هی منە و ئەوانەی دیکەش هەموو هی حیزبن. بەڵام ئیدی فەرقی نیە، حیزب کێیە!؟ حیزب ئێمەین، رابردووەکانن، شەهیدەکانن، ئەوانەی دەرەوە و ناوەوەن، ئەوانەی ناو زیندانەکانن. هەتا لێرە بم و هاوڕێ و هاوژووریی ئەم کتێبانە بم ئەتوانم لە رەفاقەتیان سوود و چێژ وەرگرم. ئەو کتێبانەش هەموویان هاوژووریی منن، رەفێقمن، منیش هەر کات پێمخۆش بێ سەر ئەخەمە سەریان و ئەوانیش سینگفراوانانە بە بێدەنگی لەگەڵم ئەدوێن و چییان پێ بێ لەگەڵم بەشی ئەکەن.

_حافزە دێزە: وەڵا بابە جوانت قسە کرد، ئەم قسە خۆشانە بۆ خەڵک ئەکەن ئەیانکەن بە حیزبی! خۆشە هەموو ئەندام و کادر و پێشمەرگەکان وەک تۆ وەفادار و دڵسۆزی حیزبەکەیان بن. بە شەرەف ئەگەر هەمووان وا بووایان ئیسە ئەو حیزبە دەوڵەت و دەسەڵاتی هەبوو. تۆ لەوە گەڕێ، یانێ ئەو هەموو ساڵە تۆ هەر هەمووی ئەو قەفەسە کتێبەت کۆکردووەتەوە!؟

_هیوا: ئەدی بە تەمای چیت؟! ئەزانی ئەوانەشم چۆن کڕیوە؟! یارمەتیی مانگانەم لە حیزب ٢٣,٠٠٠ بیست و سێ هەزار دینارە، هەندێکی، لەو بیست و سێ هەزارە ساڵانە تۆزقاڵ تۆزقاڵ کۆکردووەتەوە و داومە بە کتێب. بەڵام ئەزانی چەندە بەو کتێبانە دڵخۆشم!؟ لەگەڵ دانە دانەیانا وەک ڕەفێق و هاوڕێی زۆر ئازیزین، یەکترمان لە باوەش گرتووە و تەنیاییەکانی یەکتریمان پڕ کردووەتەوە. ئەم کتێبانە ئازیزانی منن، خۆشەویستانی غەریبستانی منن، ئەوان هەوڵیان داوە بۆشاییە رۆحی و عاتفییەکانم بە سەبووری و دڵدانەوەوە بۆ پڕبکەنەوە.

ئەم کتێبانەم باوکی غەریبیم بوون، برام بوون، خوشکم بوون، دایکم بوون و بەگشتی تا ئێستاکەش هەر هاوڕێ و کەسوکاری منن. ئەو کاتانەی بیرم لە دووریی و تەنیایی و تاڵییەکانی رۆژگارم ئەکردەوە و تەمی خەم چاوانی تاریک ئەکردم و ئاسمانی خەم گرتوو و تاسەباری دڵی ئەکردمە هەور و تەمتومان، ئەم کتێبانە لەو قەفەسەوە ، چاوی فرمێسکاوییان ئەبڕییە ناوچاوم و فرمێسکیان بۆ ئەڕشتم.

ئەوان بە ملکزی و بێدەسەڵاتییەوە، بە زمانی بێ زمانی ئەیانوت: خۆت بێتاقەت مەکە هاوڕێ، خۆت ئەزانی لەگەڵ ئێمە تۆ تەنیا نیت. چاو بکەیتەوە ئەبینی، لەم وڵاتە مەگەر تۆ هێندەی ئێمە تەنیا بی.! دڵتەنگ مەبە هاوڕێ. پەرتووک پەرتووک هەوڵیان ئەدا لە قەفەسەکە بێنەدەرەوە و رۆح و عەقڵم بە تاسەوە لە باوەش بگرن و بەخۆدا بگووشن.

بەڵام ئەو کاتانە من دڵتەنگتر لەوە بووم کە ببمە هاودەم و هاوڕێی ئەوان. سەرم پڕ و وڕ و کاسی خەیاڵات ئەبوو و ئەچووم درێژ ببم و سەرێ بنێمەوە، چەند دانەیان ئەهاتن و بە جێی سەرین لە بن سەرم درێژ ئەبوون تا بەڵکە ئارامییەک بە ڕۆح و جەستەی ماندووم ببەخشن.

حافزە دێزە خۆ لەم قسانە تێنەدەگەییشت، وەک لە قاتی ساڵەوە هاتبێ، زوو زوو پارووە نانی لەواشی پانەوە ئەکردو ئەیکوتا بەناو قاپە ماکاروونییەکەدا و بە حەپ و مرقەوە لە زاری ئەنا، بە دەمی پڕ و گوپی هەڵماسراو و چاوی داچەقاوەوە تەنیا بە هێمای تێگەییشتن و بەڵێ، سەری ئەلەقاند.

ئاخرەکەی دای بەناو قسەکانی هیوادا و وتی: ئەرێ لالۆ پرسیارێ، تۆ سەرۆ لەم کتێب و متێبە دەرئەچێ، ئەێژن کتێبێ هەیە بە ناوی، تۆخوا بوەستە با بیرم بێتەوە، ئەها، بەناوی(قانون توانگری) یان (چگونە میتوان پولدار شد؟) تۆ نیتە، یان لێرە لای کەسێکەوە شکی نابەی؟!

هیوا زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: نا، لێرە خەڵکەکە زۆر تەوانگەرتر، زۆر دەوڵەمەندتر لەوەن بە شوێن ئەو کتێبە فاڵچیانانە عەوداڵ بن. خەڵکی ئێرە پێویستییان بەو کتێبە فاڵچیانانەیە نیە! لێرە خەڵکەکە ڕۆحێکی گەورە و مەزنیان هەیە، دڵ و دەروونیان بە قەولی تۆ تەوانگەرە، ئەوان ئەخلاق

و کەسایەتی و کەرامەتیان دەوڵەمەنە، تەوانگەرە. نا، نا کا حافز ئەوان گاڵتەیان بەو کتێبانە دێ.

لێرە بۆ ئەو قوماشە کتێبانە مەگەڕێ پەیدا نابن، چونکی مشتەری و خوێنەریان نیە.

بەڵام لێرە ئەتوانی کتێبی(رێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێڕێکی دیمۆکرات) و زنجیرە کتێبی(تاڤگەی هەقێقەتی د.قاسملوو، گوڵبژێری وتارەکانی دوکتۆر سادق شەرەفکەندی، کوردستان و کورد و چل ساڵ خەبات، کورتەباسی دوکتۆر قاسملوو، کورتەمێژووی حیزبی دیمۆکرات، کورتەمێژووی جووڵانەوە نەتەوەییەکانی کورد و...) پەیدا بکەی و بیانخوێنیەوە و خۆیان پێ تەوانگەرو دەوڵەمەن بکەی.

ئەگەر ئەتهەوێ تا ئەوانەت بە ئەمانەت بدەمێ، هەڵبەت من خۆم هەموویانم نیە، هەندێکیان هی حیزبن و بۆ مانگێ زیاتر ناتوانم بتدەمێ. ئێرە پڕە لە کتێبی شۆڕشگێڕانە، خەباتکارانە، نیشتمان پەروەرانە، رزگاریخوازانە، خوێنەرەکانیشیان دەبێ نیشتمان پەروەربن، شۆڕشگێڕ بن، رزگاریخواز بن، خەباتگێڕ بن، ئازادیخواز بن، مرۆڤدۆست بن نەک راوچی پارە و سروەت و سامان و بکوژی ویژدان و ئەخلاق و کەرامەت و کەسایەتی. بەڵێ بەگشتی لێرە هەم لەو قەفەسانەی کتێبخانەکەی حیزبا و هەمیش لە قەفەسە بچووکەکەی منا پەیدا ئەبن.

_حافزە دێژە: هەهههههە، هەیهووووو، هەیهوو خاڵۆ بردتەوە بۆ کوێ! کاکە هەر لێیگەڕێ، ئەمڕۆ ئێمە شانس و بەختمان نیە،

هەر تووشمان بە تووش شەڕەوە ئەبێ. ئەرێ تۆ لەو قسانە گەڕێ، ئەو دەشتە بەرەهووتە چۆڵەوانییە بە شەوا زۆر ترسناک و خەتەرە، باشە ئەگەر تیرۆریستێ، بەکرێگیراوێ، ئیتلاعاتێ، پیاوێکی ئێران ئەهاااا ئاااااڵەوێوە بێت و تەقە لەم بنکانەتان بکات، یان ئاربی جیپەک ، شێک بنێ بەو بنکانە یان بەو ماڵانەوە هیچتان پێ ئەکرێ، شتێکتان لە دەست دێ**!؟**

_هیوا: هههههههە چیە، ئەڵێی فیلمی ئاکشێن و ماکشێن زۆر چاو لێ ئەکەی**!؟** کوڕی باش بۆ تاقی ناکەیتەوە بزانی چیمان پێ ئەکرێ**؟!** هههههههە ئەوانەی تۆ دیتوونت هەر هەموو فیلمی سینەمایین و هیچ، بازیگەری فیلمە سینەماییەکانی سپای پاسداران زۆر سەهلن، رامبۆ و ئارنۆڵدیش بە راستەقینەیی بێنە ئەو ناوە قوونی خۆشیان پێ دەرباز ناکرێ**!**

ئاخر کاتی خۆشی شەوانە زۆر کەس بە تەنەکە رۆنێ، فەردەیەک ئارد و برینج ئەهاتن ، یان کەلە قەندێ بەکرێ ئەگیران و بە فسە فس ئەهاتن و هەوڵیان ئەدا پێشمەرگەیەک تیرۆر بکەن، مینێ بنێنەوە، ترس و خەوفی درووست بکەن، کەچی بە قوونەوە ئەبوون بە تەڵەوە.

هههههههە شۆخیم کرد، نەکەی هەوڵ بدەی تاقی بکەیەوە و قوڕ بکەی بەسەر خۆتا، بەخوا پێشمەرگە تەرمەکەت بە گون ئەکێش و هەر لەو دەشتە ئەتکەنە ژێر خاکەوە.**!**

حافزە دێزە ئەو قسانەی پێ خۆش نەبوو، مڕو مۆچ بوو، دەموفلْقی دۆش داگەڕا و لە تووڕەییا رەنگی پێستی لە رەشێکی مایلەو قاوەییەوە گۆڕی و لە حافزە دێزەوە کردی بە حافزە سەوزە.

هەرچی قوونی لە عەرز خشاند، ئاخرەکەی خۆی پێ نەگیراو وتی: ئەرێ بەسە کاکە، پرسیارێکم کرد خۆ کوفرم نەکرد. منت کردە جاش و پێشمەرگەت کردنە پاڵەوان. دەی ئێژن کوێرە چەت گەرەک؟ ئێژێ دوو چاو زاق هههههە. بەشکوو وابێ کە تۆ ئەیڵێی.

_هیوا: ئەرێ بەڕاست من نەمپرسی و تۆش نەتگوت چۆنە هاتووی بۆ ئێرە؟! خێرە؟! خراپ حاڵی مەبە، مەبەستم ئێستا تۆ لە هەولێر کارت هەیە و کارمەندی و کارەکەشت لە کۆساری براشت خۆشتر دەوێ.!

_حافزە دێزە: وەڵا شتێکی تایبەت نیە، هەندێ کاری سیاسی نیزامی بەشی تەشکیلاتم هەبوو. ئێتر دەرفەتم هێناو هاتم ، وتم ئێمە هەین هاوڕێیەک، عەیبە بڕۆمەوە و سەردانی نەکەم. ئەرێ بەڕاست با شتێ بپرسم، لەگەڵ ئەو برادەرە قسەت کردەوە، مەبەستم ئەمانەتەکانە، ئا، ئا، دەمانچەکان، دەمانچەکانتان حازر کرد؟!

_ هیوا: کوڕە تۆ چ بەشەرێکی؟! چەند جارت دەبێ پێ بڵێمەوە واز لە من بێنن ئیدی!؟ هەستە، هەستە بڕۆ دەرێ، دەی هەستە توورەترم مەکە. نانەکەت خوارد و قسەی خۆت کردو ئیسراحەتی خۆشت کرد، ئیدی کاتیەتی بڕۆیەوە بۆ هەولێر.!

_حافزە دێزە: باشە، باشە کاکە، ئارامبە، لەسەرەخۆبە. خو کوفرم نەکردووە، مەگەر چیم وتووە؟!

_هیوا: بۆ، ئەتهەوێ شتێکیش قەرزدارمان بکەی؟! سەد جارم پێ وتووی من ئێوە دووانیم پێک ناساندووە، پێوەندیشتان پێکەوە هەیە، منیش بە ناچار و لەبەر پێداگریی هەردوولاتان وتم لە کاتی مامەڵەکەتانا وەک شایەت دێمە نێوانتان و دوور لە ئێوە دائەنیشم.

بەڵام ئیتر تۆ هەڵئەستی و دائەنیشی وائەزانی مامەڵەت لەتەک منا کردووە!

نازانم ، پێوەندی بە کاک عابێدەوە بکە و خۆتان قەرار و مەدارتان دانێن. بیرتان نەچێ، پێشم وتوون نابێ قەرار و مەدارەکانتان بە دەوروبەر و نزیکی بنکەو بارەگاکانی حیزبا بێ. جارێکیتریش بۆ ئەو بابەتە ئیدی پێوەندی بە منەوە مەکەوە.

_حافزە دێزە: ئێ، ئێ باشە کاکە، باشە. تەواو، ئەوە من دەمم داخست و قوڕووقەپم کرد. تەواو؟! رازیت؟! قسەت ماوە؟!

ئێستاش ئیدی ماڵاوا و خوان و سفرەی حیزبەکەتان هەر بە بەرەکەت بێ. من دەبێ بڕۆم، حەز ناکەم زیاتر لێرە بم، ئەگینا ئەزانم ئاوا بڕوا کڵاومان تێکەڵ ئەبێ.هههههههە!

_هیوا: باشە کاکە، سەلامەت بی. خۆشحاڵ بووم کە بینیتم.

حافزە دێزە رۆیشت و پێوەندیی بە عابێدەوە کرد و هەواڵ و باسی چۆن چوونەپێشی کارەکانی لێی پرسی.

عابێد وتی: ئەو ماوەیە هەر سەرقاڵی گەڕان بووم بە شوێن دەمانچەدا. شەش، حەوتێکم دیتوونەتەوە، بەڵام هەتا دوو ، سێ رۆژی دی سەبرۆکەیێکم لێ بگرە، با بزانم لۆت دەکەمە ١٠ دانە. کە خڵاس بوون ، لۆ خۆم پێوەندی بە خۆت یان کاک هیواوە دەکەمەوە...

_حافزە دێزە: نا،نا،نا، نەکەی بە قوربانت بم، نەکەی، شتی وانەکەی، پێوەندی بە هیواوە مەکە با ئیشەکانمان لێ تێک نەدا. زۆر تووڕەیە لێمان، ئەڵێ: ئیدی واز لە من بێنن و من تێکەڵی کارەکانتان مەکەن. وا بڕیارە رۆژی تەسلیم کردنی پارەکەو دەمانچەکان وەک شایەت بێتە نێوانمان، بەڵام تووڕەی بکەین بەخوا ئەو رۆژەش نایێ!

_عابێد: باشە کاکە، راستەکەیت ئەوێ من لە بەر رێز و خۆشەویستیی کاک هیوا بەم کارە رازی بووم، ئەگینا پێم خۆش نیە. خۆشت ئەزامی نە من و نە ئەویش کوڕی ئەم کارانە نین. دەی تازە کارەکە واهاتووە، چارمان نیە و دەبێ سێقە پێک بکەین. کەوابوو من پێوەندی بە خۆتەوە ئەکەمەوە. جارێ خوا حافیز.

پاش تەلەفۆنەکە عابد بیری لە بابەتەکە ئەکردەوە و گەلەپرسیارێکی هات و نەهات، بچم نەچم، بیکەم نەیکەم، باشە خراپە، ئەبێ نابێ گەلەکۆمە لە مێشکی کرابوو. لە بەر خۆیەوە وتی دەی خۆ ئەوجار گۆتم دەیکەم، یان ئەفڕم یان ئەتڕم! ئەدی ئیدی لۆ چە ئیوەهام لەخۆ ئارۆز کردیە!؟ بەرا چاترە لە گەر وانێکێ قسە بکەم. نا،نا نابی، ئەوها نابی، ئەوان لێم خەراتر دەکەن.

ئەدی خۆ بشن گرن، وەک گۆتم پلانەکە لۆ من نیە، بە خودای ناهێرم دەمانچەکیش بفەوتێ. بەرا ئەو فەقیرەی تێیدا دەچێت. ئا، ئا، ئەمن تەنیا نەختۆکەیەک ماندیم دەکەن. قابیلە ئەو هەموو خزم و مزمەم لێرۆکانێیە نەتوانم کێشەکی وا گچکۆکە چارەسەر کەم!؟ خەرکی وڵات دەفرۆشن، حیزب و ئینتیما دەفرۆشن و لێیان خۆع دەبن و دەیانکەنە پاڵەوانی گەل و لە سەری ژوورێیان دادەنێن. قابیلە معامیلەی چەند دەمانچەی حیزم ئاوها لە خۆ زل کردیە!؟هەهەهەهە

ماڵاواییان لێک کرد و دواتر خێرا حافزە دێزە پێوەندی بە میرزا شاهۆ و دواتریش بە نەقیب ئەردەلانەوە کرد و قسەکانی عابێدی پێ راگەیاندن. دواتریش کەوتە رێگاو و گەڕایەوە بۆ هەولێر.

لە لایەکی دیکەوە مخول ئاغا پێوەندیی بە میرزا شاهۆوە کرد و وتی: ئالۆۆ، چۆنی کاک وانێک، کاک شاهۆ ئەرێ کارەکەتان بە کوێ گەییشتووە، باش ئەڕواتە پێش؟!

_میرزا شاهۆ: سڵاو کاکە، خەمت نەبێ وەک چۆنمان چاوەڕوان ئەکرد، خەریکە موو بە موو دەڕواتە پێش. لەم رۆژانەدا زۆر شت ئەگۆڕدرێ. خەمت نەبێ کاکە، ئەنگۆ بەس چاوەڕێ بکەن.

_ مخۆل ئاغا: ئاخر کاک شاهۆ ، ئەگەر تۆزێ لەو وانێکەی پەلە نەکەن، لەوانەیە ئیشەکان ئاڵۆز ببن و ریسەکان ببنەوە بە خوری. بۆیە دەبێ هەندێ دەستوبرد بکەن، لەم رۆژانەدا سەرۆک دەڕوا بۆ دەرێ، دەمهەوێ پێش رۆیشتنی سەرۆک، کارەکە تەواو بکرێ و ئەنجامەکەی راپۆرت بدرێ. نامهەوێ دواتر ئەو بابەتەمان لێ ببێ بە گونی قۆڕەوە.!

_میرزا شەهۆ: سەرچاو قوربان، خەمت نەبێ. هەر بینا لەم رۆژانەدا نێچیرەکە راو کرا، ئەوکات دەمی زۆر کەسان بە

چمەنتۆ بۆ هەمیشە پڕ ئەکەینەوە و هەرچیش بکەن هەر ئاسنی سارد ئەکوتن!

نەقیب ئەردەلان سەری لەو بابەتە ئاڵۆز ببوو، ئەیزانی کە لەناو خودی حیزبدا چەند کەسێ خەریکن بیر بۆ کەسێکی خۆیان هەڵدەکەنن و داوی بۆ ئەنێنەوە، بەڵام نەیئەزانی بابەتەکە چیە. بۆیە ویژدانی ئازاری ئەدا. ڕۆژێ پەروەندەکەی هەڵگرت و چووە لای بەرپرسەکەی و وتی: گەورەم دوو بەرپرسی دیمۆکرات خەریکن پیلان لە کادێرێکی خۆیان ئەگێڕن و سناریۆیەکیان لۆ ساز کردیە کە زیاتر بە گەمەی منداران دەچێ تا سناریۆ و پیلان، زۆر زق و ناشیانەیە.

_گەورەکەی: ئەردەلان کوڕم ئەتۆ کوو ئەوها دڵنیای کە ئەوە سناریۆیە؟! هیچ پێتوانیە لەوانەشە ئەتو هەڵە بی!؟

_نەقیب ئەردەلان: گەورەم شتەکە دیارە و زۆریش فیلمە! ڕاپۆرتیان لە کادێرێکی خۆیان داوە کە گوایە باندێکی گەورەی معامەلەی چەکوچۆڵی هەیە، چەکوچۆڵی عێراقیش ئەفرۆشنەوە بە ئیتلاعاتی ئێران و باندەکە ئەم چەکوچۆڵانەش دەباتەوە ئێران و لەوێوە ئیتلاعاتی ئێران لۆ ئەوەی دەستی خۆیان ئاشکرا نەبێ و چەکوچۆڵی خۆیان وەک بەڵگە دەرنەکەوێ، ئەو چەکانە لۆ یارمەتیی گرووپە تیرۆریستییەکانی ناو عێراق بەکار دێننەوە.

گاڵتەجاڕییەکەش لە دوو خاڵدا بە تەواوی دەردەکەوێ و پیلانەکانیان لێ کەشف دەکاتن. گەورەم یەکەم شت، بیرت دێ لە ئینشیقاقەکەیانا لە مەخزەنێکی قەڵاتێ، شەوێ کەسانێکی نەناسراو دیوارەکەیان لە پشتەوە کون کردبوو و نزیک بە ٥٠٠ پێنسەد دەمانچەی چواردەخۆری ناو رۆنیان دزیبوو!؟

_گەورەکەی: ئا، ئا، راست ئەکەی، بەرێ، بەرێ چاک بەبیرم دێ...

_نەقیب ئەردەلان: جا گەورەم ئێستا ئەو کادیرەی خۆیان تۆمەتبار کردووە کە گوایە ئەو دەمانچانەی دزیوە و خەریکە بە باندێکی سەر بە ئیتلاعاتیان ئەفرۆشێتەوە.

_گەورەکەی: نااااااااا، ناشێ، کوو شتی وا دەبی؟! ئەدی کوڕم، ئەردەلان خۆ راست ئەکەی، هەر ئەو دەمی رەقەمی سڕیی سەرجەم ئەو دەمانچانەیان پێدابووین! ئەبێ ئەتۆ ئەو رەقەمانەت لا هەبێ، وانیە!؟

_نەقیب ئەردەلان: هەهەهەهەهەهەهە بەرێ گەورەم، وایە، هەموو رەقەمەکانم لایە، ئەمنیش مەبەستم هەر ئەوە بوو. بەرام گەورەم شتێکی گاڵتەجاڕتر لەوە هەیە، بیرت دێ کە گۆتم کوڕەکی ئیرانی هەیە ناوی حافزە، گیسەگولێکی گەڕەیە، کورتەباڵایەکی رەش ئەسمەرە و لۆ لەداوخستن و شتی وا زۆر

باشه، گۆتم ئاسان ئەتوانێ خۆی لە خەرکی نزیک بکاتەوە و لۆ پارەش هەموو شتێ دەکاتن، بەس پارەی بدەیێ هیچ کارەکیشی پێ حەیب نیە؟! ئەها ئەوەی کە لە چەند مهیمەدا لە نێو جەماحەتی ئیرانی بەکارمان هێنا و باشیش بوو ئیشی چاکمان پێ کرد و لە راپۆرتەکانیشا ناویم هێنا بوو!؟

_گەورەکەی: ها، بیرمە، بەرێ، بەرێ راستە، وەبیرمە. ئەدی برێ، ئەو یەستە لە کوێی ئەم گەمەیەدایە؟

_نەقیب ئەردەلان: وەڵا گەورەم ئەویان بەکار هێناوە بۆ کەندنی چاڵێکی قووڵ لۆ ئەو کادێرە قوڕبەسەرەی خۆیان. حافز زۆرێ لە من پاڕاوەتەوە کە لای دیمۆکراتەکان ئاشکرای نەکەم.!

_گەورەکەی: کوڕم دەبێ وریای خۆت بی، خۆت لە گەمەی ئەوانە لادە. کورد ئاستەمە فێری سیاسەتکردن ببێ، کوردی ناسیاسی ئەتوانێ مرۆڤێکی عاتیفی و کۆمەڵایەتی بێ، بەڵام کوردی سیاسی ئەکرێ بوونەوەری ترسناک و تۆقێنەری لێ دەرچێ.

ئەوان لە ناو خۆیانا باندو باندبازی و ناوچەگەری و دەستەبازی و باڵباڵێنیان لە ئی ئێمە زیاترە، لە ناو ئەواندا زۆر زۆرترە. تەنیا ئەڵێم خودا رۆحم بەو گەنجەی بکا کە ئەکەوێتە نێوان بەردئاشی بەرژەوەندی ئەو سیاسییە ناوچەگەرا و باڵبازانەوە!

تۆ ئەركی خۆت بەجێ بگەیێنە و ئیشت بە گەمەی وان نەبێ، ئەمن لۆخۆم لە پشتت دەبم.

دیارە سەرۆكەكەیان پێوەندی پێوە كردم و داوای كرد هاوكاریی شەهۆ ناوێ بكەم گوایە بۆ مهیمەیەك رایانسپاردووە و پێویستییان بە هاوكاریی ئەمە هەیە! ئەمنیش گۆتم لەخزمەتتانداین، بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایشتان، چمان لە دەست بێ، لۆتانی دەكەین. بەرا ئەبێ وریا بن تا ئەو جێگایەی ئەتوانن ئێوە نەبنە ئامراز بە دەستی وانەوە و نەبنە شەریكە تاوانی وان. ئاخر بەداخەوە هەندێ لە بەرپرسەكانیان راست وەك هەندێ لەوانەی مە، بە راستی پۆست و پلە و دەسەڵاتیان لۆ خزمەتی خۆیان و بنەماڵەكانیان و سەركوت و دەستەمۆ كردنی ئەوانەی بندەستیان بەكارهێنایە.

_ نەقیب ئەردەلان: باشە ، سەرچاوم گەورەم. فەرمانتە، خەمت نەبێ ئەوەی پێم بكرێ درێغیی ناكەم. چ ئەمرەكی دیتان نیە؟! ئەمن بە ڕۆخسەتو.

_ گەورەكەی:راستێ، ئەمهەوێ بزانم چ خەڵكی كۆیە لەو پیلانەی وانەوە گلاوە یان نا. تكایە لێی وەكۆڵە و خێرا ئاگادارم بكەوە. ئاخر كە پیلانی وا لە گۆڕێ بێ، لۆ ئامانجێنێ خۆ، تەڕ و ویشك پێكەوە ئەسووتێنن. دەبڕۆ، بڕۆ، با زیاترت رانەگرم. سەرچاوم. سەركەوتوو بی.

_ نەقیب ئەردەلان: فەرمانتە گەورەم خەمۆ نەبی.

حافزە دێزە رۆیشتەوە ژوورەکەی خۆی لە بەشەناوخۆیی(خوابگاە)، بەڵام لە بەر درگا عەبە دەمپانی سنەیی بینی. جانتایەکی لەشانە و دانەیەکی سەفەریشی بە دەستەوەیە رایدەکێشێ. عارەقە کەوتووەتە سەر سەرە نیوە رووتاوەکەی و تەوێڵ و نێوچاوانی.

کە حافزە دێزەی بینی، گورجێ جانتاکەی دەستی راست کردەوە و داینا و بە قامکی ناوەڕاستی عەینەکەکەی لە سەر لووتی بۆ سەرێ پاڵ دا و رووی کردە حافزە دێزە و وتی ئەوە ئیتر من ئەم شارەتان بۆ جێ تێلّم، بزانم ئێوە تێر ئەخوەن یان نە؟! بەشەرەفم لە عەمرما لە کوردی ئێرانم پیستر لە ناو خوەیانا نەدیگە و باوڕیش ناکەم بوینم!

تەواو دنیا بگەڕیت ئینسانی دلّرەشتر، کرمنتر و پیستر و دووڕووتر و خۆخوەرتر لە کوردی لای ئێمە پەیا ناکەی.!

حافزە دێزە هەروا واقی وڕمابوو بە دەمو لەپۆسی عەبە دەمپانا و عەوڵاش دەمی هەر ئەتوت چەقچەقەی ئاشە، نەئەوەستا.

بەڵام ئاخرەکەی حافزە دێزە پڕ و کەلاو بوو و تەقیەوە و وتی: ئەرێ کاکە دەی نەفەسێ بە، ماڵۆ نەرمێ تۆزێ بوێسە با حاڵی بم بزانم چیە؟ چی روویداوە؟! ئەم ماڵ بارکردنە چیە؟ خێرە ئەڵێی بۆ سەفەرێ دوور ئەڕۆی؟!

عەبە دەمپان بانگ کرابووە شوێنێ، ئاخر ئەو شەوە لە ژوورەکەی حافزە دێزە دانیشتبوون، حافز هەندێ قسەی عەوڵا دەمپانی بە رێکۆردێر تۆمار کردبوو و بردبوونی بۆ جێگایەک. ئاوانیش عەوڵایان بانگ کردبوو، هەڕەشەو گوڕەشەیان لێ کردبوو. عەوڵا دەمپانیش فیتۆی خۆی ئەناسییەوە، ئەیزانی ئەو قسانەی لە کوێ کردووە. پێیان وتبوو کە تۆ لێرە بێ خێر بە سەر ئێمەوە ئەلەوەڕی، چەندین ساڵە داخلیت بە بەلاش لە خزمەتدایە، پارەی یارمەتی قوتابیانی خاریجیت ئەدەینێ، خوێندنت تەواو کردووە، هەی سفڵەی بێ ئەمەگ ئەشرۆی لە پشتەسەری بەرپرسانەوە قسە ئەکەی!؟ ئەبێ باجی هەموو ئەم هەڵانەت بدەیەوە.

هەڕەشە و گوڕەشەی لێ کرابوو کە گوایە تۆ خوێندنت تەواو کردووە ئیدی نابێ لە داخلی بمێنییەوە. جیا لەمەش تۆ هەم لە پشتە سەری حیزبی دیمۆکرات و بەرپرسانییەوە قسەت کردووە و بە ئیتلاعات و ناپاکت لە قەڵەم داون، هەم ئێمەت بە گەندەڵ و بێ ئەخلاق ناو بردووە!؟

تۆ پێم ناڵێی بۆ لێرەی؟! ئەی بۆ ناچیەوە خزمەتی کۆماری ئیسلامی؟! تەواوی قسەکانت بە تۆماری دەنگی هەیە. ناتوانی

له ژێریان دەرچی! لەبەر هەندێ هۆکار کە خۆمان بە باشی ئەزانین، ناتگرین و سجنت ناکەین، بەڵام تەنیا ٤٨ کاتژمێرت هەیە کوردستان بەجێ بێڵی.

عەبە دەمپان کێچ کەوتبووە کەوڵی و مشک لە شەرواڵەکەی کەوتبوو، بۆ چەند چرکەیەک وەستا، تۆزێ بیری کردوە. وتی نا، نابێ هیچ بڵێم، ئەشێ خۆم کۆنترۆڵ بکەم. خۆ ئەم گەوادە هەقیە هەر ئیسە بینمە ژێر پێ لەقەم و سەرو بەچک و دەمو فلقی بشکێنم. وەلێ نا، پیاگ ئەشێ ئاقڵ بێ، قازان مەرد بە چل ساڵ تێتەکوڵ. وەک باوکم ئەیوت، ئەشێ جاروبار دوژمنەکەت یان بە شەکەر بخنیکێنی یان بە لۆکە سەر بۆڕی!

وتی: کوڕە نازانم بێژم چە! نازانم چە نامەردێ بووگە، چووگە کۆڵێ قسەی هەڵیتو پەڵیتی بەستگە بە دەممانەو. حەر لەم کوڕگەلەی خوەمان بووگن.

_حافزە دێزە: ئاااااخ، ئاااااخ، راست ئێژی، بە شەرەفم لە ئێمەی ئێرانی پیس و نامەردتر هەڵناکەفێ. کارمان بووەتە ژێرئاوی لێدانی یەکتر و لە پشت سەر یەکترییەوە قسەکردن و ماستاوچیەتی و لە ژێرپێ یەکتری دان و....، مەگەر هەر خۆمان وەک خۆمان بین. خۆمان پیستر لە حیزبەکانمان و حیزبەکانمان پیستر لە خۆمان!!

عەبە دەمپان وەستابوو، زوو زوو دەستێکی بە تەوێڵیا ئەهێنا و قامکێکی لە عەینەکەکەی ئەدا و ئەیبردە سەر لووتی و بە مۆڕیشەوە چاوی لە حافزە دێزە ئەکرد، وەک ئەوەی جامی سەبری پڕ بووبێ و هاکا پەلاماری بداو پڕشەقی بکات!

(دیار)یش لە سەرەوە ، لە نهۆمی یەکەم، راست لە سەر درگاکە و لە سەر سەری ئەوانەوە لەو چڕە گەرمایەی هەولێردا لە بەر بێ کارەبایی پەنجەرەی ژوورەکەی کردبووەوە تا بەشکوو شنەبایەک بێ و کەمێ ژوورەکەیان فێنێک بێتەوە، بەڵام بە قسەو مشتومڕەکەی حافزە دێزەی هەورامی و عەبە دەمپانی سنەیی هەناوی ئاگری تێبەر بوو و دەمارەکانی ئەعسابی داخ ببوون و کەسایەتییەکی جوانی هەبوو، نەیدەویست ببێتە هاوشان و هاودەمی ئەوان.

ئەو کوڕێکی خوێندکار بوو کە پێشتر بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ دە ساڵ پێشمەرگە و کادری تێکۆشەر و خۆشەویست و بەکەسایەتیی حیزبی....

شەوە لە ژوورەکەی حافزە دێزە دانیشتبوون، حافز هەندێ قسەی عەوڵا دەمپانی بە رێکۆردێر تۆمار کردبوو و بردبوونی بۆ جێگایەک. عەوڵا دەمپانیش فیتۆی خۆی ئەناسییەوە، ئەیزانی ئەو قسانەی لە کوێ کردووە. پێیان وتبوو کە تۆ لێرە بێ خێر بە سەر ئێمەوە ئەلەوەڕی، چەندین ساڵە داخلیت بە بەلاش لە خزمەتدایە، پارەی یارمەتی قوتابیانی خاریجیت

ئەدەینێ، خوێندنت تەواو کردووە، هەی سفڵەی بێ ئەمەگ ئەشڕۆی لە پشتەسەری بەرپرسانەوە قسە ئەکەی!؟ ئەبێ باجی هەموو ئەم هەڵانەت بدەیەوە.

هەڕەشە و گوڕەشەی لێ کرابوو کە گوایە تۆ خوێندنت تەواو کردووە ئیدی نابێ لە داخلی بمێنییەوە. جیا لەمەش تۆ هەم لە پشتە سەری حیزبی دیمۆکرات و بەرپرسانییەوە قسەت کردووە و بە ئیتلاعات و ناپاکت لە قەڵەم داون، هەم ئێمەت بە گەندەڵ و بێ ئەخلاق ناو بردووە!؟

تۆ پێم ناڵێی بۆ لێرەی؟! ئەی بۆ ناچیەوە خزمەتی کۆماری ئیسلامی؟! تەواوی قسەکانت بە تۆماری دەنگی هەیە. ناتوانی لە ژێریان دەرچی! لەبەر هەندێ هۆکار کە خۆمان بە باشی ئەزانین، ناتگرین و سجنت ناکەین، بەڵام تەنیا ٤٨ کاتژمێرت هەیە کوردستان بەجێ بێڵی.

عەبە دەمپان کێچ کەوتبووە کەوڵی و مشک لە شەرواڵەکەی کەوتبوو، بۆ چەند چرکەیەک وەستا، تۆزێ بیری کردوە. وتی نا، نابێ هیچ بڵێم، ئەشێ خۆم کۆنترۆڵ بکەم. خۆ ئەم گەوادە هەقیە هەر ئیسە بینمە ژێر پێ لەقەم و سەرو بەچک و دەمو فلقی بشکێنم. وەلێ نا، پیاگ ئەشێ ئاقڵ بێ، قازان مەرد بە چل ساڵ تێتەکوڵ. وەک باوکم ئەیوت، ئەشێ جاروبار دوژمنەکەت یان بە شەکەر بخنیکێنی یان بە لۆکە سەر بۆڕی!

وتی: کوڕه نازانم بێژم چه! نازانم چه نامەردێ بووگە، چووگە کۆڵێ قسەی هەڵیتو پەڵیتی بەستگە بە دەممانەو. حەر لەم کوڕگەلەی خوەمان بووگن.

_حافزە دێزە: ئاااااخ، ئاااااخ، ڕاست ئێژی، بە شەرەفم لە ئێمەی ئێرانی پیس و نامەردتر هەڵناکەفێ. کارمان بووەتە ژێرئاوی لێدانی یەکتر و لە پشت سەر یەکترییەوە قسەکردن و ماستاوچیەتی و لە ژێرپێ یەکتری دان و....، مەگەر هەر خۆمان وەک خۆمان بین. خۆمان پیستر لە حیزبەکانمان و حیزبەکانمان پیستر لە خۆمان!!

عەبە دەمپان وەستابوو، زوو زوو دەستێکی بە تەوێڵیا ئەهێنا و قامکێکی لە عەینەکەکەی ئەدا و ئەیبردە سەر لووتی و بە مۆڕیشەوە چاوی لە حافزە دێزە ئەکرد، وەک ئەوەی جامی سەبری پڕ بووبێ و هاکا پەلاماری بداو پڕشەقی بکات!

(دیار)یش لە سەرەوە ، لە نهۆمی یەکەم، ڕاست لە سەر درگاکە و لە سەر سەری ئەوانەوە لەو چڕە گەرمایەی هەولێردا لە بەر بێ کارەبایی پەنجەرەی ژوورەکەی کردبووەوە تا بەشکوو شنەبایەک بێ و کەمێ ژوورەکەیان فێنێیک بێتەوە، بەڵام بە قسەو مشتومڕەکەی حافزە دێزەی هەورامی و عەبە دەمپانی سنەیی هەناوی ئاگری تێبەر بوو و

دەمارەکانی ئەعسابی داخ ببوون و کەسایەتییەکی جوانی هەبوو، نەیدەویست ببێتە هاوشان و هاودەمی ئەوان.

ئەو کوڕێکی خوێندکار بوو کە پێشتر بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ دە ساڵ پێشمەرگە و کادری تێکۆشەر و خۆشەویست و بە کەسایەتیی حیزبی دیمۆکرات بوو و ئەو دەمیش هەر لە کاتی پێویستا لە خزمەت حیزبا بوو. بەگشتی لەوانە بوو کە خۆی بە منداڵی حیزب و شۆڕش ئەزانی و زیاتر لە دایک و باوکی هۆگری حیزبەکەی بوو

دیار شایەتی هەموو مشتومڕەکەی حافزە دێزە ۆ عەبەدمپان بوو. لە بەر خۆیەوە زەردەخەنەیەکی تاڵتر لە قسە و مشتومڕەکەی ئەوانی هاتێ و لەبەر خۆیەوە وتی: جا توخوا وەرە، حافز و عەبدوڵا خەریکن باسی کوردی ڕۆژهەڵات و کەسایەتییان ئەکەن، کوڕە خۆ بەوەشەوە ناوەستن، ئەوان ڕۆحمیان بە حیزبەکان شۆڕشگێڕانیان و ئەو هەموو تێکۆشەرە فیداکارو خۆشەویست و خۆنەویستەش نەکرد. هەر هەموومانیان بە پیس و ناپاک و ناپیاو و نامەرد و هاودین و کەسایەتی و پێشەی خۆیان لە قەڵەم دا!

کەسێ نیە بڵێ ئاخر کوڕینە تۆزێ شەرەف و ویژدانتان بێ، ئاخر بێ ویژدانینە کوا خەڵکی ڕۆژهەڵات هەموو وەک ئێوەن!؟ تۆ شەرەفتان کوانێ ئێوە بەوان ئەچن!؟ ئاخر پێم ناڵێن ئێوە ئەگەر بە کەڵک هاتبان لێرە چتان ئەکرد؟! ئەزانن

هیچکامتان نە پێشمەرگەن، نە غیرەتی پێشمەرگایەتی و خەباتیشتان نیە! لەمەع زیاتر ئەگەر خۆتان گێل نەکەن، بەش ئەزانن ئێوە زبڵ و زاڵی فڕێدراوی کۆمەڵگان.

ئەگەر خۆتان گێل نەکەن، باش ئەزانن نە سیاسین، نە خەباتکار و پێشمەرگە و نە قاچاخ لە حکومەتی ئێران! ئاااای ئای، یانێ ئەوان نازانن کە ئێمە ئەزانین ئەوانە تەنیا و تەنیا کۆمەڵێ زبڵ و زاڵن کە مەنجەنیقی کۆمەڵگا فڕێی داون و بۆ بەختی رەشی کوردی رۆژهەڵەت و حیزبەکانیان و خەڵکی باشوور، لێرە کەوتوونەتە داوێنی ئەوان و خەریکیشن خۆیان بە نمونەی مرۆڤی رۆژهەڵاتی کوردستان بناسێنن! هەی داوەشێن ، هەی داڕزێن.

تۆخوا وەرە، دەیان و سەدان قارمان و تێکۆشەرمان ئێستا لە بەندیخانەکانی رێژیمن، هەر دوێنێ لە مەریوان چواریان لێ گرتووین، لە شنۆ دوویان لێ گرتووین، لە بۆکان ... لە سەقز سێیان دەستبەسەر کراون و گواستراونەتەوە بۆ زیندانی سنە، هەر پێرێ بوو لە زیندانی دەریای ورمێ سێ کەسیان لە دار داین، باشترین رۆڵەکانمان بۆ رزگاری و بەختەوەری کورد و کوردستان گیان و ژیانیان ئەبەخشن، ئەمانەش هاتوون لێرە هەر کامەیان بووەتە کاسەلێس و کرێگرتە و جاسووسی لایەن و شوێنێ بەسەر پاڵ دەستییەکەیانەوە و لافی شۆڕشگێڕی ۆ قارەمانەتیش لێ ئەدەن، هەی داڕزێن هەی.

خەمەکەم ئەوەیە ئەمانە جاروبارەش ئەچن لە کۆبوونەوەکانی حیزب بەشدار ئەبن و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی لاوان و خوێندکاران میترێ زمان دەرئەکێشن و خۆیان لە شەهیدەکانیش پێ حیزبیتر و دڵسۆزترە و دواییش کە دێنەوە دەرێ، راپۆرتێکی تێرو تەسەلی سێخوڕیانە بۆ کرێدەر و ئەربابەکەیان ئەنووسن، خۆ دوور نیە نوسخەیەک لەو راپۆرتەش بۆ ئیتلاعات بنێرنەوە! تو خوا بەسە، بەس با زیاتر دەنگیان نەچێ بە گوێما. ئەم قسانەی کردو لە داخان پەنجەرەکەی پێوەدا و لە ناوەڕاستی ژوورەکە درێژ بوو.

_عەبە دەمپان: من ئەشێ بچم، جارێ وێڵیکە ئابرا، با وەخت خۆی بێ، گر چتێکت بۆ رۆشن ئەکەمەو. دەی جارێ وێڵیکە ئابرا. من ئیسە بە ئیجازەت ئەشێ بچم. خوێنم حەراڵە، هەرچی ئەکێشم، خەتای دەم نەوێساگی خوەمە، خەتای ئەم دەمە پانەو ئەم زوانە درێژەمە.

_حافزە دێزە: ئەی رەحمە لە باوکۆ. بە شەرەف ئەوە چوار ساڵە ئەوناسم، یەکەم جارە قسەی راست لە زوان تۆەو بژنەوم! دەی ئاگات لە زوانۆ بێ برا، دەمۆ بگرە، زوانۆ بوێسێ سەرۆ سڵامەت ئەوێ، وەلێ دەی ناوەێسێ، نا، چەی پێ ئەکەی!

حافزە دێزە و عەبە دەمپان خواحافێزییان لێک کرد و عەبە سواری تاکسییەک بوو و بەرەو گاراژی بەغدا لە هەولێر رۆیشت، تاکوو لەوێو بەرەو سلێمانی بڕوات.

حافزە دێزە چووەوە سەر، دڵی زۆر خۆش بوو، ئاخر دڵنیا بوو ئێستا ئیدی پاداشکەر و کرێدەرەکانی کە سیخوڕی بەسەر قوتابیانەوە بۆ ئەکردن، لێی رازین. بۆیە وردە وردە لە گەرمادا جلەکانی دائەکەندو لە بەر خۆیەوە بەم جۆرە مۆرە مۆر گۆرانیی ئەوت:

هەی پارە گیانم پارە

رۆح و دڵ بۆت بیمارە

بەبێ تۆ حاڵم زارە

ژیان لام ژاری مارە

پاشا بێ تۆ هەژارە

دایک و باوکەکەم پارە

رەونەقی گوندو شارە

ئەی پارە گیانم پارە

دەرمانی دەردەدارە

مەحمووی بابمت قوربان بێ

فیدای تۆ رۆح و گیان بێ

قۆچی قوربانیی بەرپێت

کۆیە چی؟! کوردستان بێ

هەی پارە دایک و بابم

نۆکەرتم هەتا مابم

هەی پارە..هەی هەی پارە..

دەرمانی دەردەدارە....

لەناکاو دەنگی زەنگی مۆبایلەکەی هات. چاوی لێکرد، دیتی عابێدە.

_حافزە دێزە: ئەلۆ، ئەلۆ، سڵاو کاک عابێد، دەنگوباستت؟**!** خۆش خەبەر بی براگیان. ئەمر فەرموو لە خزمەتدام. بەم گەرمای نیوەڕۆەدا لە هەولێر سووتاین، دەی بەشکوو هەواڵێکی فێنک کەرەوەت پێ بێ.

_عابێد: کاکە حافز ئیشاڵا خۆش هەواڵم، ئەمن لە سەر قسەی خۆت، پێوەندیم بە بەڕبزتەوە کرد. بۆ دووسبەی دە دەمانچەکە حازر ئەبن. پارەکەت حازر بکە و وەرە لە شوێنێ بیرەیەک میوانی من بەو پارەکەم ئەدەیێ و دەمانچەکانت ئەدەمێ. باشە برایەکەم؟ بیرت نەچێ دووسبەی، دووسبەی پاش نیوەڕۆیێ. بەڵام ئیدی من بە کاک هیوام نەگوتووە، ئەتۆ بۆ خۆت پێی بڵێ.

_حافزە دێزە: باشە کاک عابێد، دەستەکانت خۆش، نۆکەرتم، بە قوربانت. خەمت نەبێ هەموو شتێ بە باشی ئەڕواتە پێش. بۆ پارەکەش هەر لە ئێستاوە حازرە، ئاخر پارە لە هەمبەر ئەو

مەوقێفەی تۆ بێ نرخە. بەم خاش قەولی و خۆش مەوقێفییەت، ئیشاڵا برادەران دڵخۆش ئەبن و بەردەوام ئەبن لەگەڵت. باشە جارێ بە روخسەتت.

عابێد هەر دڵەڕاوکێی بوو. لەبەر خۆیەوە ئەیوت: ئاخر خۆ من ئەو هەتیوە دێزە گەڕەگولە ناناسم، کوو دەبی ئیوها هاسان سێقەی پێ بکەم! تۆ برێی ئەو هەتیوە گەڕە پیسکە(حافزە دێزە) شتێکی لە بن سەرێ نەبی!

بەخودای خۆ پێشینییان لە خۆڕا نەیانگۆتووە؛ بەرای(بەڵا) لە بۆگەنی دەبتەوە! ئەو هەتیوە پیسکە گەڕە منۆخە بۆگەنییەی ئەمن دیتیتم، هەموو بەرایەکی لێ دەبتەوە هیچ، ئەکرێ بە کونەبەرای ناو ببەی.! چاتر وایە بەو کوڕە، هیوا برێم(بڵێم). ئەمن چا دەزانم کە بەرایەکی هەبی لۆ ئەوە نەک لۆ من. بەرا(بەڵام) مارە(ماڵ) من خەرا دەبت.

ئەدی ئەقر(عەقڵ) لۆ کەنگێیە لۆ کاتەکی وەها نەبی. ئا، ئا دبی بە هیوا برێم و بە بێ وی ناچمە مەوعیدی. کوڕە بەشەر ئەگەر هیواکان نەناسێ، وائەزانێ ئەو حیزبی دیمۆقراتە هەر هەمووی وەک ئەو هەتیوە گەڕەگولە(حافز)ەیە.

تیاااااح چە ماستاوچی و زمانلووسێکە. وەڵاهی حەیفە کەسانێ وەک هیوا هەموو تەمەنی خۆ بکەنە سووتەمەنیی خەبات و

گەڕەگولێکی وەکی ئەو هەتیوە دێزەیەش لە سەر دەستکەوتەکانی خوێن و خەبات و ژیان و تەمەنی وان ئاخوڕی ببەستن! بەرا چی لێ دەکەی، لەوەتەی ئێمەی کورد بووین هەر ئیوەها بووین و پێشموانەبێ بگۆڕدرێین. هەر کاتێ وشتر بە هەورامانەوە ژیا، کەو لە بەسرە و کەربەلا قاقبەقاقی کرد، هەرکات رێواس و داربەڕوو لە دەشتی ئەلەنبار و رۆمادی شین بوون و خورما لە قەندیل بەری دا ئەوە ئێمەش ئەگۆڕدرێین! دەی لێگەڕێ با تەلەفونەکی لۆ هیوای بکەم، بزانم دەکرێ لۆ سبەینێ ئێکدی ببینین یان نا!؟

لەبەر خۆیەوە ئەم قسە و خەیاڵانەی کرد و ئەو خەریکی سەری کابرایەکیشە. لەناکاو کابرا هاواری لێ هەستا و توند سەری خۆی بردە پێشێ و وتی: وەی بابە، ئەوە چ دەکەی وەستا عابد، هەهەهەهە کاکە خۆ نەمگۆتووە کوێم لۆ ببڕی، گۆتم پرچم لۆ ببڕی!

عابێد خەیاڵی رۆیشتبوو و ئاگای لێی نەبوو گوێی کابرای مشتەریی دابووە بەر مەقەستەکە و خەریک بوو بیبڕێ. خێرا دەستی گرت بە سەری کابراوە و بە پێکەنینەوە وتی: هەهەهەهە ئەی توخوا خەجاڵەتم، بمبوورە توخودا، خەجاڵەتم. خۆ چت لێ هات؟! کا، کا، بزانم بڕیویەتی؟!

_کابرای مشتەری: هەهەهەهە، چ نیە وەستا، چ نیە. نا، ئەمجارەش گێم بە سەلامەت دەرچوو، تا جارەکی دی خودا

گەورەیە. هههههه خۆ ئێش و ژانەکەی چ نەبوو و برینەکەی گێم سارێژ دەبوو، بەرا ئەزانی ترسم لە چ بوو!؟ ههههههههه ئەم کوردە حەیاتەی خۆمان زۆر لەقەب بازە، لۆ هەفت پشتم هەر ئەیانگۆت کابرای گێ بڕای(گوێ بڕاو).

دەبووا لە سەر ئەو مەقەستە هەڵەی تۆ و لە سەر ئەو لەتکە گێیە بڕاوەی من سەدان جار سەری مندار و نەوە و نەتیجەم شکابا! خۆ ببمە وەزیریش هەر پێم دەرێن وەزیرە گێ بڕایەکە هههههه، جا لۆیە خوا رۆحمی بۆ خۆم و نەوەو و هەتیجە و مێژووم کرد ههههه! بەرا وەستا توخوا شتێ برێم:

_عابێد: ههههههه مادام هەزار شوکر کە گێت سەلامەتە، ئا، ئا، فەرمو، سەرچاوم، فەرمو ، ئەتو رێزت هەیە. هیچ بووە؟!

_مشتەری: نا، لای منەوە نا، بەرا کە جاران لە بندەستت دادەنیشتم، دڵخۆش و رووگەش بووی. قسە خۆش و پێکەنین و گاڵتەو گەپت لەبڕان نەدەهات، بەرا ئەمجارە نیو سەعات لێرە دانیشتم و چاوەڕێی سڕەم کرد، پاشان ئەوە نزیکەی نیو سەعاتیش دەبی لێرە لە بن شەو مەقەستەکەتم، کەچی وێنەکەت لە ئاوێنەدا قسەی کرد، ئەتۆ مەتەقت لێۆە نەهات، لەوە خەراتریش خەریک بوو گێم بە بڕان چێههههه!

توخوا هیچ بووە!؟ چ کێشەت هەن؟! ئەمن بە برای خۆ بزانە، پیاو نەبم داوای رۆحم لێ بکەی، لۆت دەردێنم. تۆ بەس ئەمرکە، برای خۆت لۆت تەنفیز دەکاتن.

_عابێد: هههههه، نا، نا، بەخودای ئەتۆ وەک برامی. بڕوات هەبی لەگەر براکانم چ فەرقێت پێ ناکەم. بەرا چ نیە و چش نەبووە. هەروا لۆ خۆم کەمێ لە فیکران رۆچووبووم. نا بەخودای، لە رۆحمی خوداوە چ نیە. تۆ خوا بمبوورە خەریک بوو گێت ببڕم، هههههههه.

_ مشتەری: ئەی باشە، ئەلحەمدولیلا. ئەمنیش شوکرم گەر وا بی. باشە مادام بە روخسەتو ئەمن دەڕۆم. خودا حافیز.

لەو کاتەدا شاگردەکەی عابێد(شێردڵ) لەولاوە خەریکی دوکان خاوێن کردنەوە بوو، وتی: وەستام بەخودای ئەمنیش باش ناتبینم، ها. ئەترسم شتێ روویدابی و لە کێشەیەک کەوتبی.

_عابد: نا کوڕم شێرۆ، ئەو قسانە چن. کێشەی چ و شتی چی. ئەم شتانەت لە کێوە هێنا!؟

_شێردڵ: وەستا دوێنێ ئەتۆ لێرە نەبووی، سەیارەیەکی پاترۆڵ هات و هاااااالەهۆۆۆۆوێ، لە بەرامبەر ئێمە راوەستا.

سێ کەسی تێیدا بوون، دەمەکی خۆش پێکەوە قسەیان ئەکرد و چاویان لێرۆکانێ دەکرد. نازانم مەبەستیان چ بوو، بەرا درنیام مەبەستی چاکیان نەبوو ئەگینا ئەهاتن و راست قسەیان لەگەر مە ئەکرد. حەقیقەتی ئەمنیش گەرچی هیچ لە خۆ شک نابەم، بەرا هەر لەخۆوە زۆر ترسابووم!

_عابێد: نەتناسین، نەتزانی کێن و چکارەن؟

_شێردڵ: نا،نا..! ، با، با، سەیارەکە پێموابی ئی برادەرانی دیمۆکرات بوو. بەرا لۆ درۆی بکەم، کەسیانم نەناسی. راستی وەستا، وەستا، شتەکی سەێرتر، بیرم کەوتەوە..

_عابد: برێ، برێ، دەی برێ، کوڕە چت بیرکەوتەوە؟!

_شێردڵ: وەستام، لەم رۆژانەدا بوو، نزانم ، ئان پێرێ بوو، ئان سێ ، چار رۆژی پێشێ بوو ، سەیارەکی ئاسایش هات، ئەویش هەر لەو شوێنەی وان راوەستا. بەخودای پێم چاودێری ئەمەی دەکرد.

عابێد کەوتە بن گۆمی خەیاڵات. ترس شاقوولێکی(باڵێکی) گرتبوو و رایئەکێشا کە واز لەو هەتیوە گەڕە،

پیسکە(حافزەدێزە) بێنێ و تەمەعیش شاقوولەکەی تری ڕائەکێشا و ئەیگوت مەترسە، لەم مەڵبەندەی ئێمە تا ئێستا کێ لەسەر چەک فرۆشتن چی بەسەرهاتووە!؟

لەبەر خۆیەوە ئەیگوت: مارخەرا چەک فرۆشتن چییە؟! تۆخودا چەک بفرۆشی باشە یان مرۆڤ؟! چەک فرۆشی چاترە یان گەل فرۆشی ، یان نیشتمان فرۆشی؟!

ماڵت ئاوەدان لە چ دەترسێی؟! ئەم وڵاتەی تۆ لێی ئەژی بە هەزاران جار لای خۆمان و ئەجدادمانەوە کڕین و فرۆشتنی پێ کراوە و هیچ لە فرۆشیارانیش مووی غیرەت و کەرامەت و کەسایەتی و شەرەفی نەلەراوەتەوە!؟

بەخودای حەیبە، حەیب بەشەر لە شتی وا بترسێ. خۆ کارەکی شەرم و شوورەیی ناکەی! لە فرۆشتنی خۆمان گەڕێین، هەر ئالەم شارەی مە، چەند کادێر و پێشمەرگەی دیمۆکراتن بە تەلیسە ئاردێ، بە فەردە برینجێ، بە تەنەکە ڕۆنێ، بە نانە زگێ فرۆشران!؟

چەند هاوڕێ و برادەرن بە پارەی فرۆشتنی خێن و گیانی کادێر و پێشمەرگە و ئەندامی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە ئێران، گەییشتنە ئەورووپا و ئێستاش خۆ بە هەزار نیشتمانپەروەر ناگۆڕنەوە!؟

بیرت نایێتن کابرا لە سەیتەرەی کۆیە سەرکردایەتیی دیمۆکراتی بە ڕۆژێ ڕووناک بە پێش چاوێنێ خەرکەوە بە

گولەی دۆشکەی سەیتەرەکەی دابێژ دابێژ کردن کەچی بەجێی ئەوەی بیگرن و مەحکەمەی بکەن....

و سزای بدەن، کردیانە وەزیری مافی مرۆڤ لە ئیدارەیەک لە حکومەتی دوو ئیدارەیی!؟

هههههههه، هەر لێیگەڕێ، بیرت نایێ چەندە ئاسان و ئاشکرا ئەو بارەگایانەی دیمۆکراتیان بە ئیران فرۆشت و ئەوانیش چەن ئاسان هاتن کاولیان کردن و قەفەزیان هێنابوو وەک شێر و پڵینگ لە قەفەسدا بیانبەنەوە؟!

ئاااای ئاااای، بیرت چوو مەلا ریشپان و باوکی و هاوبزووتنەوە و هاوفیکرانی چۆن کادێرەکانی دیمۆکراتیان لە سەر خوانی خۆیان گرتن و بە قۆڵبەستراوی یەکێ بە دە هەزار دۆلار دانیانەوە بە ئیتلاحاتی ئیرانێ!؟ ئەم کەسپ و کارەی مرۆڤ فرۆشتنە لە ناو ئێمەدا زۆر زۆر کۆنە و تا دێت بە قەولی هەندێکان مودێرنتریش دەبی.

شەرم مەکە لە چەکفرۆشتن، ئەوە هەزار شەرفی هەیە بەسەر خاک و خەڵک و هاوڕێ و ناموس و....فرۆشیدا.

هەر لە بەرخۆشیەوە وەڵامی خۆی ئەدەیەوە و وتی: ئەیکەم، بەخودای تازە سەرو ماڵیشم تێیدا بچێ هەر دەیکەم. تەواو، کورد وتەنی: یان ئەفڕم، یان ئەتڕم!

عابد دوای ئەوەی خۆی یەکلا کردەوە، پێوەندیی کرد بە هاوڕێیەکییەوە پاش چاک و چۆنی و ئەحواڵپرسی، پرسی وتی: ئەرێ گەلۆ(گەیلان) هەندێ دەمانچانت دەست ئەکەویتن؟ ئەگەر هەبێ چواردەخۆرم دەوێ و خاوێن.

_گەیلان: راستەکەت ئەوێ وەستا عابد ئەگەر پەلەم لێ نەکەی، ئەتوانم هەرچەندەت بوێ بۆت پەیدا بکەم. بەڵام هەندێ کاتم دەوێ. بۆ نمونە دوو هەفتەیەکم دەوێ.

_عابد: نا، نا، کاکە، خۆ داوای سارۆخی کروز و دەبابەی ئابراهامزم لێ نەکردووی. ئەو وڵاتە پڕی چەک و چەکفرۆشە. جا ئەوە ئەمنم شارەزاییم نیەو ئیشەکەم هەو نیە. ئەگینا پەیداکردنی شتی وا هێندەش گران نیە! نا. باشە گەلۆ لۆ ئەوەندە کاتت دەوێتن!؟

_ گەیلان: کاکە تۆ نەتگوت شتی هەرزان و باش و خاوێنت دەوێ!؟ دەی لەم رۆژانەدا کە بەرەبەرەی هەڵبژاردنیشە، برادەران دەمانچەیەکی زۆریان وەک بەرتیل داوەتە لایەنگرانیان کە دەنگیان بۆ کۆبکەنەوە. هەر هەمووشی

دەمانچەی چواردەخۆری چاکن، بریقەیان دێ، ئەڵێی تازە لە ناو رۆنا دەرتهێناون! هەندێ لە مەسولەکان لە رێگای کوڕەکانیانەوە هەزاران دانەیان بە پیاوان و لایەنگرانیان بەخشیوە.

_عابد: بەڕاست، بەڕاست؟! بەخوا ئەوانە شتی چاکن! خراپ تێمەگە، هههههه مەسولە گەندەڵەکان ناڵێم، دەمانچەکان ئەڵێم! هەر یەکیشم لۆ خۆ دەوێ. جا وەرە توخودا، خەڵات و بەراتیشیان دەبێ هەر بۆنی کوشتن و بڕین و ئاسن و ئاگری لێ بێ! تۆ هەوڵ بدە ، هەتا ئەتوانی بکڕە، بۆ ئەمجارە بەکەڵکم نایێ، بەڵام مامەڵەیەکی بەسوودم لەبەردەستە، بۆ وەجبەی دیکە زۆرم لێت دەوێن. بەڕاست بۆ ئێستا هیچ نەبێ سێ دانە خاوێنت هەبووایا هەر باش دەبوو.

_گەیلان: بەخوا وەستا سێ دانە، هەیە، بەڵام زیاتر نا. ئەرێ بەڕاست وەستا وا قسان دەکەی ، ئەڵێی جبەخانە پێکەوە ئەنێی و حیزبێ مێزبێ ساز ئەکەی! دەی هیوادارم کار و کەسابەتێ باشتر لە سەرتاشینەکە پێکەوە بنێی. بەڵام وەستا لەمەیاندا ئیدی شەهـ و مەقەست و مووس سەرتاشین لەگۆڕێ نابێ، بەڵکوو چەکە و گولە و ئاگرە و سەر بە بادان! هههههه، لەمەیانا لەوانەیە بە جێی سەرچاککردنی خەڵکی، سەری خۆت بەتاشین بدەی و سەری وان بەبڕین. جا بۆیە زۆر وریابە.

وەستا تۆ وەکی من تەجرۆبەت لەم ئیشە نیە. لە ئیشەکەی خۆتا هەڵە بکەی، ئەوپەڕەکەی شوختێ، موختێ ئەخەیە سەرو دەموچاوی خەڵک یان تۆزێ پرچی سەقەت ئەکەی، بەڵام لەمەیانا هەڵەیەکی بچووک بکەی، لەوانەیە وەک گولە لەدەست دەرچوون بێ و گیانێک و چەندین گیان بستێنێ!

_عابد: گەیلان گیان، برام سپاست ئەکەم. هەق بە تۆیە. راستە من ئەزمونم لەم کارەدا نیە و هەروا بە عەشواییش تێی وەربووم. بەسەری تۆ لۆ خۆشم نزانم کوو کوویی چاوچنۆکی و تەماع کلکی لە کلکی جەماعەتێ گرێ داوم! راستت دەوێتن ئەمنیش سێقە و متمانەم بەکەس نیە، ئاخر ئەوە نیە رووم لە تۆ ناوە.!؟

گەیلان گیان کەوایە سبەینێ دێم ئەو سێ دانەت لێ وەردەگرم. لەسەر پارەش ئیشەڵا کێشەن نابی، ئەمە بەرکن(باخەڵ) ئێکە.

عابد ماڵاوایی لە گەیلان کرد و لە بەر خۆیەوە وتی: سبەی ئەڕۆم دەمانچەکان دێنمەوە و ئەجا بە دڵنیاییەوە تەلەفۆن لۆ ئەو کوڕە حافزە ئەکەم، بەرا حەتم دەبیتن هیواش ئاگادار بکەمەوە.

ژنەکەی سەرنجی دابوویێ، هەستی ئەکرد چەند رۆژێکە عابد پیاوەکەی جاران نەماوە، ئەو عابدەی کە هەموو کات دەمی بە پێکەنین بوو، دڵخۆش بوو، لەگەڵ ژن و منداڵ گاڵتەو گەپی ئەکرد، بەردەوام بەزمی ئەگێڕا و گۆرانیی خۆشی ئەگرت،

خۆی کەشخە ئەکرد و ئێواران نزیکەی دەرکەی ماڵێ دەبووەوە بۆنی ئۆدکۆلۆنەکەی ئەهات، ئێستا دێتەوە و شەوانە...

ئەڕواتە ژوورەکەی دیکە، دەرکە پێوە ئەدا و خەریکی تەلەفۆنانە و کە دێتەوە ئەمدیویش، مڕو مۆچ دادەنیشێ و ئەڵێی تەختەجەمشیدی ئێران هەمووی هی ئەو بووە و ئەسکەندەر هاتووە سووتاندوویەتی، ئەڵێی قەڵای ئیمپراتوریی ئاشوور هی ئەو بووە و مادەکان لێیان روخاندووە و بەگشتی ئەڵێی جەواهێرمۆڵی کەرکوک خڕپاک هی ئەو بووە و لێیان سووتاند و کاولیان کردووە!

شەو درەنگ بوو، مناڵەکان وردە وردە چوونە ناو جێگا. ژنەکەی چووە تەنێشتی، سەری نایە سەر شانی عابد و وتی: پیاوەکە هەرچی سەرنج ئەدەم تۆ بە پیاوەکەی جارانی ئەم مارە ناچی، لە بابەکەی جارانی ئەم مندارانە ناکەی! خۆتت دیتیە کووی!؟ هەر دەرێی هەموو دونیات بەسەردا روخایە! چت لێ قەومایە پێم برێ...

_عابد وەک ئەوەی جامێ سەهۆڵاویان بە سەر و چاودا کردبێ، لە جێی خۆی راچڵەکا و گورجێ راچەنی، تەلەوزیۆنەکەی کوژاندەوە و کۆنترۆڵەکەی فڕێ دا ئەولا و وتی: ژنەکە تکایە، تکایە بزانە چ دەرێی، کەسێ گوێی لێ بێ باوڕت پێ دەکاتن! دنگت نەوی بکە با مندارا ن بنوون. پاشان ئەمن چمە!؟ ها، پێم برێ ئەمن چمە!؟ کوومە، ئا، کوومە؟!

هەستم هەرپەڕم، ئەری، چۆپیتان لۆ بکیشم، ئەری ئەوەت مەبەستە!؟

_ژنەکەی: وەک ئاو بە ئاگردا بکەی، بەو هوجوومە لائیرادیەی عابد کەفوکوڵی سۆز و عاتیفە ژنانە و هاوسەرانەکەی دامرکایەوە، بێدەنگ بوو و واقی وڕمابوو و دەمی ببووە تەڵەی تەقیوەوە و بێ ئاگا هەر چاوی لە زاری مێردەکەی ئەکرد. سەرئەنجام بە دەنگێکی ژنانەی ئارام و حەزین کە نوێنگەی دەستەمۆیی، بێدەسەڵاتی، ژێرچەپۆکەیی، لارەملی، چەوساوەیی و ستەم لێکراویی ژنی کوردە وتی: ئاخر ئەتۆ هەموو کەسی مەی، هەموو شتی لۆ مە، ئەتۆ شتەکت لێ بەسەر بێ، ئەمە قوڕی کێندەرێ وەسەرە خۆ بکەین!؟

ئەم قسانەی درێژە پێدا و وتی: ئەتو نازانی، چونکی ژن نیت، درۆ ئەکەن ئەو پیاوانە لەو تەلەفزیۆن مەلەفزیۆن و رادیوانە دەرێن: ژن ئیوهایە و ژن ئاوهایە! لێرۆکانە هەتا لۆ خۆ ژن نەبی قەت نزانی ژن بی و کورد بی و موسرمان بی کووە! زمانم لار، زمانم لار ئەگەر ئەتو شتەکت لێ بەسەر بیتن، خێرا ئەمن لە برایەکت، لە ئامۆزایەکت مارە دەکەن و کچۆڵە بێ بەستەزمانەکانیشت هەر لە ئێستاوە هەر کامە چەند مێردیان لۆ دەبیننەوە و....

پیاوەتییان پێوە ئەکەن و پاشانیش دەست دەنێنە بن پشتێندان و سمێران(سمێڵ) قیت ئەکەنەوە و شانازیی بەخۆوە ئەکەن و ئەرێن ئەمە باوکایەتیمان لۆ کردن!؟

جا لۆ خۆ حاری بە(تێبگە) ئەمن کوو بیردەکمەوە و چ دەرێم. ئەمە لەو خودایە چن ناوێ، هەر ئەتومان هەبی، ئەتومان لۆ بهێرێ و ئەو پارووە نانەی تا ئێستاکانێ هەمانبووە بە حەموو سروەتێ قاروونێی نادەم. نانهەوێ خۆ زیاتر ئازار بدەی، نانهەوێ خۆ بخێیە گێچەر و ناو مەشاکیلێ. تکایە عابد گیان ئاگات لە خۆ بیتن، ئەها بە خودایە مە چن ناوێ سەلامەتیی تو نەبی.

ژنەکەی عابد ئەم قسانەی کردو دەستی لە ملی مێردەکەی ئاڵاند و لەگەڵ دەست لەمل ئاڵاندنەکەیا لە پرمەی گریانی دا و فرمێسکی وەک رێژنە باراناوی بەهار لە چاوان دابارین. هەنسک و فرمێسک موسیقایەکی خەماوی، تەماوی، حەزین و دڵپڕکەریان ئەچڕی کە دەکرا نێوی بنێی سەمفونیای زەلیلی و بێدەسەڵاتیی مێیینە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، نا، نا، سەمفۆنیای تەم و خەمی ژنانی وڵاتی من، یان دەکرا ناوی بنێی سازی چەمەریی تکاو لاڵە، ئا،ئا، ئەمەیان راستترە. ئاخر ژنانی وڵاتی من وەک مرۆڤ نانرخێنرێن، بەڵکوو نرخی کاڵایان لەم کۆمەڵگا پیاوانەیەماندا هەیە.

قسەکانی ئەو خاتوونە زیلە بوون کە لە بناگوێی ویژدانی خەوتووی عابد نە، بەڵکوو پیاوێک ئەدران. فرمێسکەکانی ئەو ژنە، شووشەی تەماویی پەنجەرەی نیگای عابدی شووشتەوە، ئەو پەنجەرەیەی کە ئێمە پیاوانی کورد هەموومان هەمیشە بە چڵکنی لێوە روانیومانە و سەیری ژن و کچ و دایک و خوشک و...ی خۆمان کردووە.

هەنسک و قوڵپە گریانەکانی وەک زڕاندنەوەی ناقووسی کەنیسەی تەم و غوبار گرتووی دڵی پیاوێکی کورد بوون. زڕەیان نەک ویژدانی خەوتوو، بەڵکوو ئەکرا ویژدانی مردووش راچڵەکێنێ.

بۆیە عابد ئارام، ئارام و هێواش ، هێواش، بەڵام بێ غوروری فشۆڵی پیاوانەی کورد، بەڵکوو بە خۆشەویستییەکی تێکەڵ بە هەستکردن بە تاوانەوە دەستی برد و خستیە سەر شان و ملی ژنەکەی و شان و ملی خۆیشی شل و نەوێ کردەوە و سەر و ملی ژنەکەی بە خۆیدا گووشی و وتی: کچێ ئەوە تۆ ئەم هەموو شتە رەق و گرژ و زبر و ناخۆشەت لەو دڵە ناسک و نەرمو نۆڵ و نیانەت دا شاردبووەوە!؟

ئەزانی قسەکانی تۆ دڵنیای کردمەوە کە ئەوانەی ئێژن: (ژن نیوەی کۆمەڵە و دایکی نیوەکەی تریشە) زۆر راستە! کچە گیان تۆش لای من هەموو شتی، تۆ هەموو سەرمایەی ژیانمی. ئەزانی من چەندە شانازی ئەکەم خاوەنی سامانی دڵی تۆم !؟ تۆ هاوسەرایەتی بۆ من ئەکەی، زۆر زیاتر لە منیش ئاگات لە

منداڵەکانە، خەمی هەر هەموومان ئەخۆی، لەو لاشەوە ئاگات لە دایک و باوک و خوشک و براکانیشتە، ئەمەش هەر بەڕاست بە هەموو کەس ناکرێ! بۆیە ئەڵێم تۆ سەرمایەی راستەقینەی منی.

دڵنیاشت ئەکەمەوە هیچ شتێکی خراپ لە گۆڕێ نیە، هەموو حەول و تەقالام ئەوەیە پێکەنین و دڵخۆشی و رووگەشیی زیاتر بە تۆ و منداڵەکانەوە ببینم.

ژنەکەشی سەبرۆکەیەک سەری هەڵێنا، بە لەپی دەست، چاوە فرمێسکاوییەکانی خۆی سڕی و وتی: بەڕاست، بەڕاست؟! تۆ خودای بەڕاستە؟! بڕێ بەگیانی ئەحمەدی کوڕم! بەرا پیاوەکە درم وەناڕێ، ئەو مات و بێدەنگ دانیشتنەی تۆ، ئەو دەموچاوە مشەوەش و بێزار و بێتاقەتەت پەیامەکی ناخۆشی پێوەیە.

دەرێن ساری خۆش لە بەهارەکەی ڕا دیارە. کاتێ کە درن خۆش نەبی، با هەموو سروەت و سامانێ کۆڕەک تەلیکۆم و ئیمپایەری هەولێرێ و ئاسیاسێر و کۆمپانیای نۆکان و قەیوان و پاڵاوگە نەوتییەکانی مەسولان و نەوتەکەی شیواشۆک و ئەو تەنکەرە نەوتانەی نەوتی رەش لۆ ئیرانێ دەبەن و داهاتەکەی برایم خەلیل و چی وچی و چی هەر هەموو ئی مە بێ، چ لە شتەکە ناگۆڕێتن.

ئەزانی چەند خۆشە کە ئێواران دێیەوە و هەندێ سەمۆنی گەرم و ئەستورک و هەندێ میوەی تازە دێنییەوە و منداران بە قاقا و پێکەنین و دەنگ و هەراو درخۆشی لە دەستو لاقت دەئاڕێن!

ئەوە بە هیچ پارەکی لۆ کەس ناکڕدرێ. جا مە دەنهەوی خودا ئەو ژیانەی یەستامان لێ نەستەینی، چ زیاترن لێ ناوی.

عابد هەروا کە واقی وڕمابوو بە زاری ژنەکەیدا، ماچێکی کرد و وتی: بەرێن بی قسەکانت لەبیرناکەم و بەرێن بی درخۆشی و بەختەوەری و ئاسوودەیی وە لە سەرووی هەموو شتەکەیەوە دانێم. یەستاش ئیدی درەنگە شەوییە و کاتی خەروەتێی ئاشقان. لۆیە یەستا لەم قسانە تێر بووم و درم تەنیا ئەتوی دەوێ و بەس. هەڕۆ زووو ، چاوتروکانێ ئیشەکانت بکە و چاوێ لە منداران بکە بزانە نووستوون و زووو وەرەوە باخەرم(باخەڵەم) کە زۆر زۆرت بیردەکەم. پەلە بکە، ئەوە تفم لۆ لە عەردێ رۆکردووی، هەرێ ئیشک نەبیتن، هەرێ، هەرێ دوانەکەوی! هههههههە.

_ژنەکەی: هههههههههە باشە باش شێتە گیان، وەمەکە ئیدی دەست و لاقم تێک دەئارێن ههههههههە! وەئەکەم، خوا ئەو باخەرەمان لی نەستەینێ، ئاخر باخەری مێرد ئارامترین جێگایە لۆ هەر ژنەک. نزانم لۆ پیاو کوویە؟! ئایا پیاویش هەمان هەستی هەیە ئەوە تەنیا خودا و پیاو ئەزانن! هههههههە. خەریک بە، بن بەتانی گەرم کە ئەلانەکانێ دێمەوە و خۆی دەخزێنمێ. ههههە.

ئەو شەوە عابد بە ئەشق و ئەوینەوە لەگەڵ ژنەکەی رۆژی کردەوە و بەیانی سەعات نۆ بوو، گەیلان زەنگی بۆ عابد دا و

ئاگاداری کردەوە کە سێ دەمانچەکە ئامادەن ئەگەر بڕوات وەریان بگرێ. عابد هەرچی پارەی هەبوو بۆ هەفت دەمانچەکەی دیکەی خەرج کردبوو. بە گەیلانی گوت ئاخر جارێ پارەم نیە، چی بکەم؟! گەیلان وتی کێشە نیە، کەنگێ پارەکەیانت وەرگرت، بمدەرێ.

_عابد: باشە کاکە، ئەمن مەمنون. ئەگەر لۆ تۆ گونجاو بی، ئێوارە سەعات سێ دێم وەریان ئەگرم.

_ گەیلان: زۆر باشە، ئەمن چاوەڕێت دەبم.

سەعات دە و دەو نیو بوو، نەقیب ئەردەلان چووە حەلاقییەکەی عابد، هەر پێشتریش لەگەڵ عابد یەکتریان ئەناسی. ئاخر هەردووکیان خەڵکی کۆیە بوون.

نەقیب ئەردەلان پاش چاکو چۆنی گوتی: وەستا کاتت هەیە خێتێکم لۆ لێدەی؟! عابد هەندێ حەپەسابوو، گومانی کردبوو کە ئەوان بەو کارەی ئەویان زانیبێ. لە دڵی خۆیا وتی: تۆ برێی بەو شتەیان زانیبێ!؟

هەر خۆشی جوابی داوە: نا، بڕوا ناکەم. دەی چیە با بشزانن، خۆ پیاوم نەکوشتیە! تۆ برێی ئەوان بۆ دە دانە دەمانچەی حیز ئەمن تەعقیب بکەن و بمگرن و نازانم چیو چی!؟ نا، بڕوا ناکەم. بەرا ئەتو برێی ئەم ماستە بێ موو بێ!؟ دەی عابد در(دڵ) لە در مەدە، چ نیە کوڕە ، لە خۆڕا لە خۆ بەگومانی!

_عابد: سڵاو کاک ئەردەلان. بەرێ حەلاقی خۆتە.
گەورەت کردووین. بەخێر بی. فەرمو، فەرمو ئالەوهۆێ دانیشە.

نەقیب ئەردەلان دانیشت و هەندێ لە پێش ئاوێنەکە چاوی لە خۆ کرد و دەستێکی بە سەرو سمێڵی خۆیدا هێنا، گوتی وەستا ئەتۆ لێرە بەس ئیشی سەر چاک کردن ئەکەی یان ئیش و کار و کەسابەتی دیکەش چادەکەی؟!

_عابد: یانێ کوو کاک ئەردەلان، وەڵاهی لەمەبست ناگەم، ئەکرێ روونتر قسان بکەی؟! ئەرێ بەڕاست شتێکی سارد ئەخۆیەوە؟! کوڕە شێرۆ، هەڕۆ دوو بیپسی، دوو کولان لۆ بینە.

_ نەقیب ئەردەلان: نا، نا، وەستا چ ناخۆمەوە، بەس پێم خۆشە بە تەنێ پێکەوە دوو قسان بکەین. شاگردەکەشت با لە دەرێ بێ و دەرکەکە داخێ.

_عابد: بە چاوان، شێرۆ هەڕۆ لۆ خۆ سەرێ ناو قەیسەری بدە ، پیاسەیەک بکە تا خۆم تەلەفۆنت لۆ دەکەم. لە خزمەتت دام گەورەم. ئەوجا عابد بەتەواوی گومانی کرد کە شتێکی ناخۆش

رووی داوە و گومانیشی کردبوو کە شتەکە دەبێ هەر پێوەندی بەو بابەتەوە بێ کە ئەو پێوەی خەریکە.

_نەقیب ئەردەلان: ئەمە ئەزانین کە تۆ کوڕەکی چاکی، بنەماڵەیەکی چاکت هەنە، کوڕێ ئەو شارەی، دڵسۆز و خاوێنن. بەرا چاکیش دەزانین نەخوازرای لە ئیشەکی کەتیتە کە ئیشی تۆ نیە.

عابد سەری داخست و لە دڵی خۆیدا وتی هەی هەی، بەخودای کەرەکەمان زا، نا، نا، ئەبوا بنزانیبا خێر قەت روو لە مە ناکات! ئەبوا بنزانیبا ئەو ئیشە ئیشی مە نیە. ئەبوا بنزانیبا من لای خوداوە کە رزق و رۆزی دابەشراوە، ئەو حەلاقییەشم لەسەرێ زیاد بووە! دەبوا دەروەزەن کردبا! کوو دەبی منداری منیش وەکی منداری خەرکی لە نازو نەعمەتدا بن.

ئاااااااای، ئای، بە بەلاش نەگوترایە ئاغا و رەعیەت لە ئەزەڵەوە چارەیان نووسراوە لۆ ئاغایەتی و رەعیەتایەتی! لەو خەیاڵانە دا بوو کە نەقیب ئەردەلان کەمێ دەنگی بڵیندتر کردەوە و وتی:

وەستا عابد ئاگات لە منە!؟

_عابد: بەرێ گەورەم، بەرێ. گێم لە تۆیە. فەرمو فەرمو..

_نەقیب ئەردەلان: باشە ئەتۆ کوو ئەوانەت ناسی؟! لەمێژە ئەو کوڕە، هیوا دەناسی؟ ئێکەم جار کوو پێک ئاشنا بوون؟! ئەتو ئەزانی پێت لە سەر ئەرغام(مین) دانایە!؟ ئەزانی خۆت و مار و مندارت لە نێو گۆڕەپانێی ئەرغام(مین) خستیە!؟

عابد بەم قسانە حەپەسابوو، هەردوو چاوی زق ببوونەوە، عارەقەی کردبوو، لێوەلەرزەی گرتبوو و لەناکاو و بێ ئاگا لەسەر کورسییەکەی هەستاوە و چووە بەردەمی نەقیب ئەردەلان دانیشت و هەردوو دەسکی کورسییەکەی ئەوی گرتن و وتی: گەورەم توخودای راستم پێ برێ چی روویداوە، چی بووە؟!

ئەمن چ بە خۆوە شک نابەم و نزانم باسی چ دەکەی!

نەقیب ئەردەلان لەبەر ئەوەی شۆکێکی قایم و راچڵەکێنەر لە عابد بدات و زوو بیشڵەژێنێ و بە حەپەساوی لە زانیاری دایتەکێنێ، دێوەزمەیەکی گەورە، دەعبایەکی تۆقێنەری پیشان دا و وەک لە پشت پەردەیەکەوە رووناکایی بخەیە سەر مشکێک و سێبەرەکەی وەک فیل نیشان بدەی، وای لێ کرد. بەڵێ پیلانێکی زۆر زلە و زەبەلاحی بۆ خستە سەر پەردەی خەیاڵ و هەردوو دەستی خستە سەر شانی عابد و قاییم چاوی بڕیە نێوچاوانی و وتی:

باسی تیجارەتی چەک دەکەم، ئەرێ تیجارەت و بازرگانیی چەکی سووک و قورس و جبەخانە! ئەوەش تا ئێستا لێمان روونە ئەوەیە کە سەرەکی ئەنگۆن و سەرەکیشی رژێمی ئیرانە

و سەرەکی دیشی گرووپە تیرۆریستییەکان و ئەلقاعێدەن لە ناو عێراق!

عابد بەم قسانە وەک شێتی لێ هاتبوو، هەناسەی سوار ببوو، تووڕەتر ببوو، رەش هەڵگەڕابوو و وتی: نا،نا ئەزانم ئەتۆ گارتەم لەگەر دەکەی. ئا، ئا، ئەزانم گارتەم لەگەر دەکەی!

نا،نا، قەت شتی وە نابی، نا، شتی وە نیە، کوڕەکی هاوڕێم، ئا،ئا، هەر ئەوەی ئەتو ناوت ئینا، هیوا، هیوا، داوای هەندێ دەمانچانی لێ کردیمە، ئەویش نەک لۆ خۆی، بەرکە لۆ کوڕەکی گەڕە گولەی ئیرانی بە ناوی حافز. جا ئیدی نزانم چ شتەکی دی لە گۆڕێیە! چیان بە من نەگۆتیە. خۆ ناخێری نەبی ئەو خەرکەی ئێستا هەر هەموو دەیان روویان هەنە، نزانی کێهان رووی راستەقینەیانە. ئەوە هەر هەموو ئەو شتەیە ئەمن دەیزانم و خڵاس و بڕایەوە!

_نەقیب ئەردەلان: ئێستاکانێ شتەکە ئاوهایە. ئیشت بە هیوا هەبی. هیوا ئامانجی راستەقینەیە، وەکی تا ئێستا ئەمە زانیبێتمان، هیوا سەری هەژدیهاکەیە، حافزیش پیاوی هیوایە، بەس ئەگەر ویستبێتی وەپیشان بدا کە چ کارە نیە، ئەوە هەوڵ ئەدا رێ لە تو هەڵە و بزر کاتن. لۆیە ئەتو هوریابە و چت پێ دەرێیین وەبکە، ناهێرین چ زیان بە خۆت و بواری مادیت بگاتن. خۆ ئەتو معامیلەت لە گەرە حافزی نەکردیە، بەرکو هیوا بووە معامیلەی لەگەر کردووی، وەنیە!؟

_عابد: با، با، وەیە، راستە. بەرا هیوا بەس ئەمنی بەو حافزە ناساندیە. وەکی ئەمن بزانم هیوا کارەیەک نیە، هەموو شتەکە لۆ ئەو هەتیوە حافزەیە. ئەمن درنیام هیوا هەر لۆ خۆشی نە لەو شتانە دەزانی و نە پیاوی ئەو شتانەشە. واتە ئەمن دزانم ئیشی وی ئەوە نیە. ئاخر خێرێتی ماوەیەکە وەکی هاوڕێ ئێکدی دەناسین.

_نەقیب ئەردەلان: یانێ دەمانچەکان ئی تۆن یان ئی وین؟! لە کێندەرێتان هێناینە و لە کێندەرێتان حەشارتان داینە!؟

_عابد: مەبەستت چیە کاک ئەردەلان؟! لێت تێ ناگەم. یانێ چی لە کێندەرێ حەشارمان داینە؟! بە زۆر و نق و قەرز و قۆرەی ١٠ دەمانچانم هەر ئێکەو لای برادەرەکی کڕیە و ئەتوش باسی حەشارگەی چەکا دەکەی! هەر ئێستا لە قونێی سەیارەکەمن. ئەوەش خۆ شتەکی سەێر نیە، بە هەر کەس برێی و هەندێ پارەی بدەیتێ لۆت دەینێ!

_نەقیب ئەردەلان دەستێکی بە دەموچاوی خۆیدا هێنا و کەمێ لێو و سمێڵی خۆی گەزت و وتی: یانێ دەمانچەکان ئی تویە؟! و لە بەر خۆیەوە ئەیوت: سەێرە، زۆر سەێرە! یانێ تەنانەت ئەو کوڕە، هیوا نە پارە و نە دەمانچەی لە معامیلەکەدایە!
نەقیب ئەردەلان بە سەرسووڕماویەوە نوقمی ئەم بابەتە بوو کە لەنکاو سەری هەڵێنا و رووی کردە عابد کە چاوەکانی ئەتگوت چاوی کارمامزە و رەوە کەمتیاری دیوە، دەموچاوێکی ترساو و

تۆقیو و روخسارێکی شڵەژاو و چرچ و لۆچی نێوچاوانی عارەقەی رەشی تێکەوتبوو، وتی: وەستا عابد ئەزانی چی!؟

_عابد: بەرێ، بەرێ فەرموو، برێ. لە خزمەت دامە، ئەنگۆ چ برێن ئەمن وەها دکەم. من مەقسەدی شتی خەراپ و ئەو شتانە نەبووە و لۆ خۆشت بنەمارەی مە چاک دەناسی، دزانی کووینە! ئەوا لەوەتەی مشتێ مندارم تا ئێستاکانێ ئیشێی حەلاقی دکەم و ئێکم بە دووی نەکردیە هیچ، ئەوا تووشی ئینزیلاق(دیسک کمر) بوویمە و هەر سەرەکی چا دکەم و دەبێ سەعاتێ لۆی دانیشێم و شەوانەش لە بەر ژانە پشتێ وەنەوزم ناچێتە چاوان! ئەجا هاتم بە ملی شکاوم و بەخێر نەیمەوە، لە درسافی و سادەیێ خۆ دەستم دایە ئەم ئیشە و ئەوەتە دەبینی دەست لە گونان درێژتر مایمەتەوە و دەستم لە بنی هەمانەکەوە لۆی دەرچووە!

_نەقیب ئەردەلان: وەستا عابد ئێستاش چ نەبووە، باش بوو لێرە پێمان زانی و دەشرێن زەرەریش لە نیوە بگەڕێتەوە هەر قازانجە، ئەی وەنیە!؟

_عابد: بەرێ، بەرێ قسەی تۆیە، راست وایە.

_نەقیب ئەردەلان: ئەزانی چی، دەبی تۆ واپیشان بدەی کە نە بای هاتیە و نە باران. واتە هیچ خۆ تێک نەدەی و وەکی کوو قەرار و مەدارتان دانایە، ئاوهالەش ئیشەکان ببەنە پێشێ.

خەمت نەبی، ئەمە بە هوردی ئاگامان لە هەموو شتەکی دەبی و ئەتوش لەوانەیە چەند رۆژەکی میوانە مە بی، بەرا هەم دەمانچەکانت لۆ دەگەڕێتەوە و هەمیش بە هاوکاری و خزمەتی چاکەت لۆ حیساب دەکەین! تێگەییشتی؟!

_عابد: بەرێ، بەرێ تێگەییشتم. بەرا کاک ئەردەلان، ئەمن ئەو کوڕەیش ، مەبەستم هیوایە چاک دەناسم. ئەزانم ئەویش کوڕی ئەو ئیشانە نیە و کوڕەکی خاوێن و بەڕێز و خیندەوارە. ئێستاکانێ درنیام ئەو ماستەی ماست نیە و ئەو مووەش موو نیە، بەرکە ئەو ماستە قوڕاوەکە و لۆ ئەو کوڕە هیوا گیرایتەوە و گوریسەکیشی تێدایە کە داو و تەڵەیەکی پیسی هەر لۆ ئەو پێ نرایتەوە. ئیمانیشمان نەچیتن، ئەمن لەو کوڕە گەڕە پیسکە بە زۆر گومانم...

_نەقیب ئەردەلان: کامە گەڕە پیسکە، مەبەستت لەو کێیە؟!

_عابد: هەتیوەکی گیسکە گولەیە حافزی ناوە، دەموچاوەکی موجریمانیی هەیە رەنگی رەشەکی سەوزەیە، لە هەولێر لە داخلیەکی قوتابیانی رۆژهەڵاتی موراقیبە.

گوایە لەقسان ئەو تەکلیفی لە هیوای کردیە کەسەکی پێ بناسەێنێ کە هەندێ دەمانچانی وێ بفرۆشێ. ئەجا هیواش جگە لە منێ هەژار کەسەکی نەناسیبوو و هات ئەمنی وێ ناساند. ئەوەیە کورد ئەرێ : دزی ناشی سەر لە کادێنێوە دەردێنێ) راست ئەوەیە. لۆیە وەدەرێم هیواش ئەگەر کەسەکی ئەوکارە بووبا لۆ دەهات ئاوقەی ئەمنێ دەبوو، ئەڕۆی جەماعەتەکی

چەکفرۆشی لۆخۆ دەبینیەوە و لەوانەش بوو زۆر هەرزانتر و بەسوودتری لۆ کەتبایە! ئەتخوا وەنیە؟!

_نەقیب ئەردەلان: گێ بگرە وەستا عابد، ئەتو نابی لە نەخشە و پلانی مە لادەی. ئەوەی مە دەیزانین ئەتو هەر رۆحیشت لێی بەئاگا نابیت. جا لۆیە ئەوەم گۆت هۆردوو چاوت بکەیۆ و بزانی کوو ، لە گەرە کێ، لەسەرە چی قسان دەکەیتن.

یەستاش دوایین شتت لۆ ئەمڕۆ پێ دەرێم و دەبی ئەگەر خۆت و مار و مندارت خۆش دەویتن، چاک گێم لێ بگری و لە قسەکانم لانەدەی. برێ باشە بەچاوان!

_عابد: بەرێ، باشە بەچاوان!

_نەقیب ئەردەلان: درت لۆ هیوای خراپ لێی نەدا، ئەمەش ئیشێی خۆمان دزانین. خەمت نەبی، ئەگەر بەڕاست زیخێ لە پێراوەکەیدا نەبی، چ زیانی لە لایەن ئەمەوە وێ ناکەوێ. ئەمن قەوری مەردانەت دەدەمێ وەکی دەرێن: سەرێ بێ تاوان ئەچێتە پای دار، بەرا ناچێتە سەر داری! گێت لە برای خۆتە!؟

_عابد: بەرێ ، بەرێ گەورەم ، فەرموو گێم لە ئەنگۆیە.

عابد لەبەر خۆشیەوە گوتی: ئاااای، ئای، بەرا ئەوی تاکوو یەستا ئەمن دیتوومە هەر سەری بێتاوانێ چوویتە سەرداری و

بن عەردێ. رۆژ نیە کۆماری سێدارەی ئێرانێ چەندین کوردی بێتاوان نەکا بەدارێوە. ئەی ئەوانەش هەموو وەکی هیوا نینە!؟ ئاااای،ئای، ئەی سەری ١٨٢/٠٠٠ ئەنفالی کوردستانێ، ٥/٠٠٠ کیماوی حەڵبجەیێ بێ تاوان نەبوون چوونە بن عەردێ!؟

_نەقیب ئەردەلان: پێویستە کوو تا ئێستا هاتیە، لەمەو بەولاش تا کۆتایی و ئەنجام، هەر وەک نەخشە و پلانی ئەمە بڕواتە پێش و ئەویش بە چەشنەکی دەبی کە یاسا سەروەرایەتی بکاتن.

عابد بەو قسەیە پێکەنینی هات و لە دڵی خۆیا وتی: هههههه ئەم کاولەی مەو یاسا و سەروەرایەتی؟!

بەخودای هههههه لەوانەیە جەنابی نەقیب مەبەستی لە سەروەرایەتی، نۆکەرایەتی بی! ئاخر ئەوە ئێدی هەمووومان دەزانین کە لەم کاولەی مە و لە کاولەکانی دەووبەریشمان یاسا نۆکەرایەتی و خزمەتکاریی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار و مەسولانی حیزبی و حکومەتی دەکاتن و هیچیتر!

بۆیە خۆی هەڵدایێ و وتی: کاک ئەردەلان ئەمن چ ئێشم بە سەروەرایەتی و شتی یاساوە نیە و زۆریش دڵخۆش بەوە نیم، بەرا گەر لۆ خۆت وەکی کاک ئەردەلان بەڵێنیم دەدەیتێ کە لە باری مادی و گیانیوە تەزمینم کەی، ئەوە ئەنگۆ کوو برێن لەگەرە وەمە. ئەگیناش هەر ئێستا دەست لێک بەردەدەین و ئەنگۆ بەخێر و ئەمن بە سەلامەت و بڕایەوە!

_نەقیب ئەردەڵان: لەسەرەخۆ، لەسەرەخۆ، وەکی گۆتم ئەمن وەعدت دەدەمێ هەم سەرجەم دەمانچەکانت لۆ بگەڕێتەوە و هەمیش چ زیانی گیانیت نەگاتێ و هەمیش محاولەی دەکەم وەکی هاوکاریی چاکە پاداش بکرێی. ئیدی چو دەوێ؟!

_عابد: تەواو، ئەمن وەعدی پیاوانم وەرگرت و تەواو. ئەنگۆ کوو برێن ئەمن وەدەکەم.

_نەقیب ئەردەڵان: ئەمە بە هووردی مراقیبەتان دەکەین، دەمانهەوێ بزانین ئەم کارە بە کێندەرێ دەگاتن! وەکی داتانناوە ئاوەها بڕۆنە پێش، بەرا چ خەڵەتی نەکەی کە دەستت ئاشکرا بیتن. ئەنگۆ وەکی خۆتان بڕۆنە پێش، ئەمە لۆ خۆ مراقیبەتان دەکەین و چ پێوەندی و ئاماژەو ئیشارەتی ئەنگۆمان ناوێتن. دەی ئەمن مارئاوا دەڕۆم. ببینم چ دەکەی.

_عابد: مارئاوا کاک ئەردەڵان. سەر هۆردوو چاوم. بەرا شتەکت نەخواردەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە لە حاڵێکدا کە هیوا خەریکی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەیەک لە ژێر ناوی(ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە)دا بوو،

میزرا شاهۆ لەگەڵ مەخول ئاغا خەریک بوو لەسەر پلانەکە قسەیان ئەکرد.

مەخول ئاغا ئەیهەویست بزانێ کارەکان چۆن دەڕۆنە پێش. ئایا بە پێی پلانەکانن یان نا! بە میرزا شەهۆی گوت دەبێ وریا بن وەک پیلانەکانی پێشتری لێ نێ.

لای مخول ئاغا و هاوبیرەکانی، ئەو لاوانەی ئەهاتنە ناو شۆڕش دابەشی سەر دوو دەستە دەبوون، دەستەیەک لاوانێکی شۆڕشگێڕ بوون کە بەرژەوەندیی خۆیان ئەکردە قوربان بەرژەوەندیی گشتی و نەتەوەیی و نیشتیمانی. بنەماکانی خەبات لای ئەوان هێڵە گشتییەکانی خەباتی نەتەوەیی نیشتمانی بوو و حیزب ئامرازی گەییشتن بەو ئامانجانە بوو. لای ئەوان گرووپ و جەناح و باند و دەستە و ناوچەگەرایی جۆرێک لە لادان بوون کە مرۆڤیان تووشی خەیانەت ئەکرد. ئەو گرووپە پێیانوابوو دەبێ هەموان بێ لەبەرچاوگرتنی ناوچە و زاراوە و شار و خزم و... دەست لەناو دەستی یەکتری، بۆ ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکان تێبکۆشین.

بەڕای ئەوان ئەندامی حیزب و پێشمەرگەی حیزب بوون لەبەر ئامانجە رەواکان شانازییەکی مەزنە، بەڵام کاتێ پێشمەرگەیەک دەبێتە پیاوی ئەندامێکی رێبەریی یان گرووپ و جەناحێ، ئیدی لە هەموو تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕی و خەباتکاریی و پێشمەرگانەکان دائەماڵرێ و بەجێگای تەیبەتمەندیی

کەسایەتییەکی کۆیلە و گوێلەمست وەرئەگرێ و ئیدی گرینگ نیە توانایی سیاسی و زانایی و تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی هەبێ، بەڵکوو تەنیا کۆیلەیەکی گوێڕایەڵ بێ بەسە.

وەک وتم ئەوە تایبەتمەندیی هەندێ لە ڕێبەرایەتیی حیزبەکانە نەک هەموو ڕێبەرایەتی شۆڕش.

بە کورتییەکەی ئەو دەستەیە لە چاوی ڕێبەریی کۆیلەپەروەر باشترین جۆری پێشمەرگەن و لە ماوەیەکی کورتدا بەو مودێلە وەک گیا گلە گەشە ئەکەن و تا سەری سەریش، تا ئاستی ڕێبەرایەتیش بەرزئەبنەوە. بەڵام ئەمانە ئەبێ ڕۆحیان، کەسایەتییان، زمانیان، چاویان، گوێیان، مێشکیان و بەگشتی بوونیان لەخزمەت گەورەکەیانا بێ و بە زمانێکی دی، پێوەندییەکەیان لە جۆری پێوەندیی ئەرباب و رەعیەت و ئاغا و بەردەستە. زوو زووش لە پێش چاوی خەڵک دەستخۆشانە و پێداهەڵگوتن لە گەورەکانیان وەرئەگرن و لە پشتی پەردەشەوە تێهەڵدان بە زار و قسە و بێڕێزی ۆ سوکایەتییە و زوو زووش پێیان ئێژن: ئێوە شایانی ئەو پلە و پێگە نین و ئێمە نەبین، ئێوە هیچن.

بەڵام دەستەی دووهەم ئەو پێشمەرگانەن کە هەموو شتیان لە تێکۆشان لە ڕێگای ئامانجەکانیانا چڕ ئەکەنەوە. ئەوان خۆیان پێ پێشمەرگەیە و پێشمەرگەشیان پێ ڕۆڵە و سەرمایەی گەلەو حیزب بە ئامرازی گەییشتن بە ئامانج ئەزانن و ئامانجیش لای

ئەوان پیرۆزترینە کە رزگاری و سەربەستی نەتەوە و نیشتمانە.

ئەم دەستەیە لە بەرامبەر ئەرکی حیزبی دا پشتیان نەرمترە لە زگیان، بەڵام وەک کرم و ئەنگەل و مشەخۆر سەیری گرووپی یەکەم ئەکەن و ئەو تاقمە لە رێبەرییان لا کۆمەڵە هەلپەرستێکی ناشۆڕشگێرە کە هەوڵی دەستەمۆکردنی رۆحی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگەکان ئەدەن.

دەستەی دووهەم پێیانوایە دەبێ رۆحی یاخی بوونێکی عەقڵانی و شۆڕشگێڕانە لە پێشمەرگەدا بونیات بنرێ و بەهێز بکرێ نەک کۆیلە بکرێ و بمرێنرێ. بە بڕوای ئەوان گرووپی یەکەم زیانیان لە قازانج بۆ حیزب و شۆڕش گەلێ زیاترە و پێیانوایە ئەو گرووپە لە رێبەری و پێشمەرگەن کە مەترسین لەسەر داهاتووی شۆڕش و قۆناغی رزگاریی وڵات و بە بڕوای ئەوان گرووپی یەکەم....

## پێشمەرگە دابەشی دوو دەستە ئەبن:

هەر لە ئێستاوە خەریکن داینەمۆ و و گەرای گەندەڵی سیاسی، ئابووری، ئیداریی ئەنێنەوە و خەریکن توێژێکی مشەخۆر ئەبەنە شوێنی بڕیار سازکردن و بڕیاردان و سیاسەت و رێبەری و مودیریەت کردن کە تەنیا خاڵی بەهێزیان هونەری

بەدەست هێنانی دڵی ئەربابەکانیانە و خاڵین لە هەرچەشنە نرخ و بەهایەکی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانە.

لای گروپی یەکەم ئەخلاقی شۆڕشگێڕی و پێشمەرگانە تەنیا وەک دروشمێکی موزاحێم و رێگری بەردەم ئامانجەکانیانن.
گروپی یەکەم ناڕاستەوخۆ پێڕەوی سیاسەتی
بەرژەوەندیخوازانە و لە ئەخلاق داماڵراوی نیکۆلا ماکیاڤلین
بەڵام کوێرکوێرانە و خۆپەرستانە.

خەرمانی گروپی یەکەم لە سەر ملە و دوندێکی باگرە و خۆیان پێ خاوەن خەرمان نیە، بەڵکوو خۆیان پێ شەنکەرێکی کرێگرتەیە و بەس. بۆیەش بە بای زەلان و شەماڵ و بۆران وەک یەک شەنە هەڵداوێن و بە خەیاڵیشیانا نایێ کە خەرمانی نەتەوە و نیشتمان لەم بێ تۆشەییەدا و لەم قاتوقڕییەدا ، لەم بێ کەسی و بێ خەمخۆرییەدا بێ خەلە و کا دەمێنێتەوە یان نا!

لای گرووپی دووهەم، گرووپی یەکەم ناشۆڕشگێڕن و شەرمە ناو و پێناسەی پێشمەرگەیان لەسەر بێ و تەنیا شاییستەی ناوی کۆیلەو نۆکەر ۆ بەردەستن و خزمەتکار و پیاوی ئەم و ئەون، تەنیا کۆمەڵێ چەکدەری نەشۆڕشگێڕی بێ ئامانج و باوڕ و ئێرادەن.

زۆر جاریش تا سنووری خەیانەت رقیان لە گرووپی یەکەمە هەر بۆیەش بەردەوام کێشەی جیدی لە نێوان ئەو دوو گرووپەدایە و بووە.

بەڵام وەک چۆن لە کوردەواریی خۆمانا ئێژن سیاسەت باوک و دایکی نیە، هەر بەڕاستی لە ناو سیاسەتی کوردیشا ئەوە راستە. ئەوەش رۆح و کاکڵ و زات و ناوەرۆکی سیاسەتە کە وایە.

من وەک نووسەری ئەم بابەتە ئەتوانم بێژم: بە پێناسەیەک سیاسەت وەک رۆحێکی خودایيە، هەم ئەتوانێ لە زات و روخساری فریشتەدا خۆ بنوێنێ و کاری ئاهوراییانە بکات، هەمیش ئەتوانێ بە زات و روخساری ئەهریمەنەوە دەرکەوێ و کاری خراپ و تێکدەرانە بکات.

بە کورتییەکەی گرووپی یەکەم لە چاوی گرووپی دووهەمەوە خاوەنی رۆحێکی ئەهریمەنییەو ئەو رۆحە ئەهریمەنییەش(ناوچەگەرایی، خزم خزمێنێ، زاراوەگەرایی، دەستەو گرووپ بازی و...) کرم خۆرەیەکی ترسناک و کاولکاری رۆحی شۆڕشە کوردی و شۆڕشگێڕە کوردەکان بووە و بەردەوام رۆح و وزەی ئامانجە رزگاریخوازییەکانی کوردی خرمە خرم کرۆشتووە و ئەکرۆژێ. رزگاربوونی ئێمەی کورد لەم بەڵایەش کارێکی ئاستەمە، وەک رزگاربوونی نەخۆشێکێ تووشبوو بە شێرپەنجەی خوێنە لە نەخۆشییەکەی.

وەک چۆن ئەم نەخۆشییە تا ئێستا بێ دەرمان و چارەسەر ماوەتەوە، دەردی ئێمەش هەر ئاوایە.

تەنیا جیاوازییەکە لێرەدایە کە ئێمە دەردەکەش ئەناسین و دەرمانەکەش هەروا، بەڵام تەنیا ئێرادەی چارەسەرییەکەیمان لاوازە و هیچیتر.

جا ئێستا بێینەوە سەر باسەکەمان. مەخول ئاغا خۆی هەستی بە پیربوون ئەکرد. ئەویش لەو تاقمەی رێبەریی بوو کە خوێنی ناوچەگەرایی، جەناحبازی و... دەمارەکانی سەرڕێژ و کەلاو کردبوو و بە کورتییەکەی خۆی بە یەکێ لە سەرۆک ناوچەگەرا و جەناحبازەکان ئەزانی. بۆیە ئەو تاقمە لە رێبەرییش هۆگری دەستەی یەکەم لە پێشمەرگەن و تەواوی هەوڵیان ئەدەن کە هێز و وزە تازە واریدەکان زووتر بناسن و رایانکێشنە ناو بازنەکەی خۆیانەوە. ئەوان پێچەوانەی ئەو ئیدیعاو دەنگۆە زریق و بریقەدارانەی کە وانیشان ئەدەن بڕوایان بە خوێنی تازە بۆ دەمارەکانی شۆڕش و حیزب هەیە و لایەنگری دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ناو شۆڕش و بزاڤ دان، بە تەواوی لەو باوڕەدان کە ئەو حیزب و شۆڕش و خەباتە لە سەر شان و ملی ئەوان هاتووەتەپێش(لە چیاکان و قەندیل و سەنگەرەکانەوە بۆ شارەکان، پێدەشتەکان و کەمپەکان و...) و وەک چۆن ساڵانێکی دوور و درێژ سەرجەم رێبەرایەتیی حیزب و رێکخراوەکان بەدەست ناوچەیەکی دیاریکراو و یەک دوو شاری دیار(مۆکریان(مهاباد، بۆکان، سەردەشت)ەوە بوو و هەتا ئێستاش هەر پێیانوایە کە ئەو حیزب و رێکخراوانە میراتیی ئەوانە و خێر و حەسەناتە ئەگەر بێتو

ڕێگا بدەن کەسانی ناوچەکانی دیکەش بێنە پێکهاتەی ڕێبەرییەوە.

لەسەر ئەم باوڕەش ئەو تاقمە بیرتەسکە ناوچەگەرایەش لە نێو پێکهاتەی ڕێبەریی دا بەردەوام هەوڵ ئەدەن کەسانێ لە ڕێبەرایەتیدا بن کە بووکەڵەی دەستی ئەوان بن و هەمیشە هەست بە قەرزداری و منەتبارییان لە ئاستدا بکەن.

میرزا شاهۆ کە نە تەنیا وەک نۆکەر، بەڵکوو وەک چاو، گوێ، لوت، زمان و...ی مەخول ئاغا بوو و مخول ئاغا هەستی ئەکرد بە بوونی ئەو تەمەنی دەست و زمان و گوێ و چاو و قسە و بڕیار و دەسەڵات و بەڕێوەبەریی لەحیزبا درێژتر ئەبێتەوە.

_مخول ئاغا: کاک وانێک (شەهۆ) چیتان کرد، کارەکەتان بە کوێ گەییشت؟! ئەو هەتیوەم مەبەستە، وانێک، هیوا!

_میرزا شاهۆ: وەڵاهی خەریکین، تەقریبەن قەبرەکەیمان بۆ هەڵکەندوە، چاکیشمان بۆ قووڵ کردووە، تەنیا ماوە بینێژین. ئەویش زۆری پێ ناچێ، خەمت نەبێ. هەر بینا لەم ڕۆژانەدا هەواڵە خۆشەکەت پێ گەییشت!

_مخول ئاغا: کاک وانێک چیە، چیتان لێ هاتووە!؟ خۆ کۆماری ئیسلامیم بۆ ناڕوخێنن! خۆ شەبەکەی جاسوسی ئیتلاعاتم لە شارەکانی باشووریێ بۆ کەشف و پوچەڵ ناکەنەوە! بۆ ئەو کارەت هێندە لە خۆ قورس کردووە!؟

_میرزا شاهۆ: قوربان کارەکان ئاوا چوونەتە پێش،تەخسیریی منی تێدا نیە. ئاخر ئێمە قەرارمان وابوو قەبرەکەی قووڵ هەڵکەنێین. بە جۆرێ کە بۆ هەمیشە بینێرین بە دۆڵێ دا. قەرار بوو وابکەین کە جارێکی دیکە نەبێتەوە زیخی ناو پێڵاومان و تا هەتایە ڕووناکایی نەبینێتەوە! دی کاکە خۆ ئەوەش ئاوا هاسان نیە، کاری دەوێ، پلانی دەوێ. هەر خودا بکا ئەو ئەفسەرە، نەقیب ئەردەلان گومانمان لێ نەکا، ئەگینا ریسەکانمان لێ هەڵدەوەشێنێتەوە.

_مخول ئاغا: خۆت ئەزانی سەرۆک لە دەرێیە، پێشم گوتبووی کە دەبێ پێش ئەوەی بێتەوە، سەری ئەو هەتیوە بکەنە ژێر ئاوەوە. سەرۆک بێتەوە کارەکە یان ناکرێ، یان لەوانەیە خۆشمان تووشی کێشە و گۆبەندێ ببین. بۆیە چاوەڕوانم لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پلانەکە بێ کەموکوڕی جێبەجێ بکەن.

_میرزا شاهۆ: سەرچاو، خەمت نەبێ کاکە، لە هەموو کارێکا کەموکوڕیمان هەبێ، لە سەرکردنە ژێر ئاوەوە نامانبێ هەههههە. دڵنیابە بەم زوانە هەواڵی خۆش دەبیستی.

_مخول ئاغا: راستی شتێکی دیم بیر نەچێ، ئەو هەتیوە، وانێک، حافزە دێزە، وریابە، تا ئەتوانن بیترسێنن، چمەنتۆی لە زاری بکەن و دڵنیا بن دوایی هەلەقو پەلەقی ناڵێ. پێشی بڵێ، پاش ئەو ئیشە، هەتا خۆمان بانگێی نەکەین نابێ بەم نزیکانەدا جرتوفرتێ بکا. وەک ئەمن بیناسم، زۆر پولەکییە، دایکی خۆشی بە پولێک دەفرۆشێ. بۆیە پارەیەکی باشی بدەنێ و پێشی بڵێ: ئەگەر ئاگای لە زمانی نەبێ، راست بە دەردی هیوای کۆنە ناسراوی دەچێ. پێی بڵێ...

هاوشێوەی ئەومان زۆر و هاسان دەست ئەکەوێ و پێویستیش بکات زۆر هاسان ئەیسڕینەوە، کارێکی قورس نیە بە دەردی هیوا بچێ.

_میرزا شاهۆ: خەمت نەبێ کاکە، هیچ خۆ نیگەرانی ئەو شتانە مەکە. هەموو شتەکەن بە دڵی ئێمە دەڕۆنە پێش. دڵنیام ئەنجامی ئەم کارەمان شۆکێکی چاک لە هەورامییەکانیش ئەدا و رایاندەچڵەکێنێ کە بە ئێنشێعابی حیزب، ئەوان نەبوونەتە زۆرینە و مۆکریان و ناوەند وەک شەست ساڵی رابردوو هەر بڕبڕی پشتی حیزبە.

هاوشێوەی ئەومان زۆر و ئاسان دەست ئەکەوێ و کارێکی قورس نیە، ئەکرێ بە دەردی هیوا بچێ.

میرزا شاهۆ لەم قسەیەی ئاغای، کەمێ راما و لە دڵی خۆیدا وتی: ئەم قسەیە ئەکرێ منیش بگرێتەوە. لەوانەیە ئێستا بەکەڵکت بێم، بەڵام دوور نیە رۆژێ منیش بێمە نرخی حافزە دێزە بۆت.

_میرزا شاهۆ: خەمت نەبێ کاکە. هەموو شتەکان بە دڵی ئێمە دەڕۆنە پێش. دڵنیام ئەنجامی ئەم کارەمان شۆکێکی چاک لە هەورامییەکانیش ئەدا و رایاندەچڵەکێنێ. بەم کارە ئەوانیش تێئەگەیێنین کە بە ئێنشێعابی حیزب، ئەوان نەبوونەتە زۆرینە و قەتیش نابن و مۆکریان و ناوەندی کوردستانیش وەک شەست ساڵی رابردوو هەر بڕبڕی پشتی حیزبە و واش دەمێنێتەوە. ئیدی با شمال و جنوبییەکان هەر جرتوفرت و هەڵبەز و دابەزیان بێ!

لە لایەکی دیکەوە حافزە دێزە و کۆساری برای لە هەولێر لە ژوورەکەی خۆیانا دانیشتبوون و پێکەوە پەلکە و کەزیی بووکی خەیاڵیان ئەهۆنییەوە و حافز بە دەم تەماتە جنین بۆ ئۆملێتەوە قسەی ئەکرد بۆ کۆسار و ئەیوت:

کارێوە عالم ئینا دەسوە، ئەگەر شەیتانی دەسم گێرۆ و رەحمانی وازم چەنە بارۆ، پوڵیێ خاس و هەرمانیێ خاستەرم دەس گنۆ. خەمۆ نەو، تۆڕێوم نیانوە، خەریکەن ماساوێوە گەورەش پۆوە بۆ، ماساوێوە چەورو چاخی.

ئێتر تاقەتو ئی زیندەگی و نانە حیزبیەم نەمەنەن. ماچا مەردەی جارێوە و شیوەنیش جارێوە! خۆ مەکریۆ نانەکەو تاتەو

گەواویما هەر دامەنینە بۆ و هەتا مەردەی هەر رووت و رەجاڵی بێمێ! پەوکی دەسم دان کارێوە، یان سەرو وێم مەفۆتنوو و نەجاتیم بۆ دەسو ئی زیندەگیەوە، یان سەرەو چنەکەسێوە فۆتنو و کەروش قوربانو زیندەگیو هەردوێما و نەجاتە مەۆو تەمام! تۆش هیچم مەپەرسە تا بزانو بە کۆگەی مەیاۆو. کەی وێم بە خاسیم زانا، ماچوت پنە.

_کۆسار: جە مەنزورۆ نمەیاۆو، بەڵام مزانو تا ئیسە هەر جە تاتێما خوێڕیتەر بیێنمێ. بدیە بزانە تائیسە چێشما بە چێش کەردەن!؟ جە هیچ خوێڕیگەرییێوە درێغما نەکەردەن و هەر ئینایمێ یاگێۆ وێچمانە!

تەلەفۆنەکەی حافزە دێزە زەنگی بۆ هات، چاوێکی لێکرد، پەڕۆیەک لە لایا بوو دەستی پێ سڕی و مۆبایلەکەی هەڵگرت.

_حافزە دێزە: ئەلۆ، ئەلۆ ، کاک شەهۆ، فەرمو گەورەم، فەرمۆ گوێم لێیە. کۆساریش لەو لاوە گوێی قوت کردەوە و بە ئیشارە ئەیوت: کام کاک شەهۆ؟! حافزیش زوو زوو بە دەست ئیشارەی بۆ کۆسار ئەکرد و ئەیوت وسبە، وسبە.

_میرزا شاهۆ: کاکە حافز، حاڵت باشە، چاکی چۆنی، برالە بێدەنگی؟!

_ حافزە دێزە: سپاس گەورەم. فەرمو لە خزمەتتام.

_میرزا شاهۆ: ویستم بزانم چتانکرد؟ لە گەڵ ئەو هەتیوانە قسەت کردووە، لە پێوەندی دای؟! کارەکان بە کوێ گەییشتوون؟

_حافزە دێزە: قوربانت بم کاک شەهۆ گیان. هەموو شتەکان بە دڵی ئێمە ئەڕۆنە پێش. ئەم خزمەتکارەت بە کەم مەزانە، لە ئێستەوە حەسێب بکە هیوا چووە بە دۆڵێدا. ئێوە چۆن بفەرمون من وا دەکەم. لە خزمەتتاندام.

_میرزا شاهۆ: کاکە حافز، ئێمە دڵسۆزیی تۆ دەرک ئەکەین و بێ گومان پادشی چاکیشت لای ئێمە هەیە. بەڵام ئەگەر هەندێ پەلە نەکەی کارەکان تێکدەچن و ئەو کارەش تێک بچێ، مەلەفی تۆ لای ئێمە دەسووتێ و ئەم تاقیکارییەیشت سەرکەوتوو نابێ و منیش ئەمەم پێ خۆش نیە، لەبەر ئەوەی نامهەوێ ئاوا سادە دەستبەردارت ببم، چونکی شتەکە لە دەستی منا نامێنێ. ئاخر مخول ئاغا بەرپرسی منیشە.

بۆیە دەمانهەوێ لەم رۆژانەدە کۆتایی بە کارەکە بێنی. زەنگ بدە بۆ عابد و سەرەتا هەندێ چاک تەماعی چەوری وەبەر بنێ و پاشان بڵێ جەماعەت دوو رۆژی دیکە لە ئێرانەوە دێن و تەنیا ئەو دوو رۆژەمان لە بەردەم دا ماوە. دڵنیام عابد چاک تەماعی لەو کارە کردووە و لە دەستی خۆی نادا. ئەگەر ١٠ دانەش نەبوو، با هەرچی هەبوو بیهێنێ و بێت.

_ حافزە دێزە: زۆر باشە گەورەم. لە خزمەتتام، ئەمرتان سەر سەرم. سەرچاوەکانم، لە خزمەتتانام. نۆکەرتانم. هەموو شتێ ئەکەم بۆ ڕەزامەندیی ئێوە. بەس تۆخوا سێقەتان پێم هەبێ، لە نۆکەرایەتی من پەشییمان نابنەوە.

هاوکات کە ئەمانە خەریکی قەبر هەڵکەندن بوون بۆ هیوای فەقیر، ئەو کۆبوونەوەیەکی بۆ پۆلێ پێشمەرگە گرتبوو لە سەر بابەتی (شۆڕشگێڕ و ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە). خەریک بوو لە سەر خاڵەکانی ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە قسەی بۆ ئەکردن و ئەیوت:

ڕاستە شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی لە چەشنی ئەوەی ئێمەش، وەک دژکردوەیەکی بەکۆمەڵی کۆمەڵگا، نەتەوە یان گەلانی وڵاتێک، بەشێکە لە سیاسەت. بەڵام ئەگەر تەنیا بە عەینەکی رووتی سیاسەت سەیری شۆڕش و شۆڕشگێڕ بکەین، ناتوانین ئامرازە ڕەوا و ناڕەواکان بناسین و لێکیان جودا بکەینەوە.

بۆ نمونە مەبەستم ئەوەیە کە لە هونەری سیاسەتی باودا(شوێنکەوتووی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ماکیاڤێلیسم) بەرژەوەندی بێ سنوورە و هەموو ئامرازێ ئەتوانێ ڕەوا بێ و هەموو بەرژەوەندییەکیش ئەتوانێ ئامانج بێ. لێرەدایە کە

(بەشێکیتر لە ناوەرۆکی کۆبوونەوەکەی هیوا لەگەڵ پێشمەرگەکان)

مەبەستی کۆبوونەوەکەی ئێمە زق دەبێتەوە.

لەوانەیە لە حیزب و لایەنەکانی دیکەدا بیر لە سنوور و چوارچێوە بۆ ئەمە نەکرابێتەوە بەڵام لە حیزبی ئێمەدا هەوڵ دراوە سیاسەت بخرێتە چوارچێوەی ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەوە. لەوانەیە بڵێن شتی وا ناکرێ و نابێ و ئەخلاق و سیاسەت لە گەڵ یەک ناتەبان! بەڵام وا نیە، حیزبی دیمۆکرات و میلەتی کورد خاوەنی کولتوور و ئەخلاقی تایبەت بە خۆن و ئەمە تەنانەت لە سیاسەت و حیزبایەتیشماندا رەنگڕێژ بووە.

بە باوڕی رێبەری زانامان د. قاسملوو، سیاسەت پێچەوانەی زۆر کەس کە بە درۆ و فێڵ و تەڵەکەی ئەشوبهێنن، هونەری مومکێن کردنی نامومکێنەکانە بەڵام لە بەرگی ئەخلاق دا. بۆیەش لە پێناسەیەکدا بەرێزیان بە روونی ئاشکرایان کردووە کە باوڕیان بە راستگۆیی لە سیاسەتدا هەبوو. واتە پێیانوایە کە دەبێ سیاسەتوان راستگۆ بێ تا بتوانێ لای بەرامبەرەکانی سەبارەت بە هەڵویست، کردەوە، باوڕ و بەڵێنەکانی متمانە ساز بکات.

هەڵبەتە ئەم باوڕە ئەخلاقییە لە سیاسەتکردن دا، شتێکی زۆر تازەش نیە، ئەگەر سەرنج بدەین تێدەگەین کە هەر لە سەردەمی

پێشڕەوایەتی رێبەری شەهیدمان پێشەوا قازی موحەممەدەوە لە حیزبی دیمۆکرات دا رەگ و ریشەی داکوتاوە.

بەڵێ، ئەو کاتەی کە وەک سەرۆک کۆماری کوردستان سوێندی یاسایی بە خاکی پیرۆزی کوردستان خوارد کە لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵ خەڵکەکەی بێ و دواتر کە نەتەوەکەی و کۆمارەکەی کەوتە تەنگانەوە، تەواوی بەرپرسایەتییەکەی گرتەئەستۆ و سەربەرزانە گیانی کردە قەڵغانی پاراستنی بەڵێن، نەتەوە و نیشتمانەکەی.

ئەوەی کە زیاتر سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە پێشەوای نەمر وەک یەکەمین سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان گیانی فیدای نەتەوە و نیشتمان کرد نەک عەشیرەت و خێڵ و زاراوە و ناوچە و شارێ. ئەو ناوچەگەرا نەبوو، بەڵکوو نیشتمانگەرا بوو، خێڵباز و عەشیرەتگەرا نەبوو بەڵکوو نەتەوەخواز نەتەوەپەروەر بوو، باوڕی بە مۆکریانچییەتی و سابڵاغچییەتی، پاوەچییەتی و هەورامانچییەتی نەبوو ، بەڵکوو ئەوەی هەیبوو بە گیانیشیەوە کردیە قوربانی بۆ وڵات و ئاڵایەک بۆ نیشتمان و نەتەوە بەشمەینەتییەکەی.

ئەو لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە وەفدی بانگهێشت کرد و پێی وتن ئێرە ماڵی ئێوەیە و ئێمەش براو خوشک و هاوخوێنتانین، بە بارزانییەکانی وت ئێرە وەک ئێمە ماڵ و خاک و نیشتمانی ئێوەشە و ئەوانیشی لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا پەیوەستی کۆمار کرد. ئیدی نازانم ئەم

ناوچەگەرایی و عەشیرەگەرایی و زاراوەگەرایی و شارشارێنێ و...هتدەمان لە کوێوە هێناوە!

ئەم ناوچەگەرایی و خێڵ و عەشیرەت گەرایی و جەناحبازی و بەڵا و موسیبەتانە هەر هەموو لە خاوی و لاوازیی ئێمەیە. بەرهەمی دەرک نەکردنی ئامانجی باڵایە، بەرهەمی باوڕ نەبوونە بە بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

بەڵێ کاتێ بە وردی لەم بەڵایانە رادەمێنین، بەو ئەنجامە ئەگەین کە ئێمە باوڕی نەتەوەخوازی و نیشتمانخوازیمان تێدا نەخولقاوە، ئێمە ئێستاش هەر لە قۆناغی خێڵدا ئەژین. ئەگەر لێمان گەڕێن، هەر ئێستا ئەگەڕێینەوە بۆ شەڕی خێڵ دژ بە خێڵ لەسەر لەوەڕگە و نۆبە ئاودێری.

پێشمەرگە ئەگەر لەو بیرو باوڕە کۆنانە خۆ دەرباز نەکات، ناتوانێ هەڵگری ناوی پێشمەرگە بێ، بەڵکوو تەنیا تفەنگچییەک یان چەکدارێکی پیاوکوژە و هیچیتر. بە تفەنگچی و چەکداری پیاوکوژیش نە نیشتمان رزگار ئەکرێ و نە نەتەوە ئەپارێزرێ، نە دەوڵەت بونیات ئەنرێ و نە ئاڵاش هەڵئەدرێ.

کەوابوو پردی پەڕینەوە لە قۆناغی خێڵ و عەشیرە، تەییار کردنی مێشک و باوڕەکانمانە بە ویست و ئێرادە، باوڕ، زانست، مەنتیق و عەقڵانییەتی ئامانجی باڵا و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتیمانی.

هاوڕێیەکەی لە تەنیشتیەوە ئاماژەی بە کاتەکە کرد، واتە کاتت زۆر نەماوە. ئیدی هیواش وتی هاوڕێیان ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێ. دەبێ لەسەری زۆر بخوێنینەوە، بیربکەینەوە، بنووسین، قسەبکەین و بیکەینە کردەوە. ئێستاش ئەمن لە خزمەتدام بۆ پرسیار و رەخنە و تێبینیەکانتان. فەرمون.

لە لایەکی دیکەشەوە حافزە دێزە تەلەفۆنی بۆ عابد کرد و وتی: سڵاو کاک عابدی بەڕێز و خۆشەویست. کاکە گیان من پێمخۆش نیە و نەبوو کە زەحتت لێ بکەم، بەڵام برادەران گوشاریان خستووەتەسەر. قەولە دووسبەی بێن و دوادەرفەتمان دووسبەیە. یانێ دەبێ دووسبەی تەسلیمیان بکەین، ئەگینا کارەکە هەڵدەوەشێننەوە و ئەو هەموو زەحمەت و قازانجەشمان فت ئەبێ.

_عابد: ئاخر تۆ داوای ۱۰ دانەت کرد، بەڵام هەفت دەمانچەم بۆ ئامادە کراوە.

_حافزە دێزە: کێشە نیە، براکەم کێشە نیە. هەر ئەو هەفت دانەیە بەسە. کەواتە تەواوە و ئیدی جارێ خۆت زیاتر ئەزیەت مەدە. نەچووە بچێ، با جارێکی دی. تۆ بوەستە جارێ با هەندێ سمێڵمان چەور کەین!

_ عابد: باشە کاکە حافز، کەواتە با کات و شوێنی معاملەکەمان دیار بکەین. نرخەکەشمان خۆ بڕاندووەتەوە و هیچ کێشەمان لەسەری نیە. ماوەتەوە....

شوێنەکە و کاتەکە کە بۆ ئەویش من سێقەم بە خۆتانە. بەڵام کاکە حافز دەبێ کاک هیواش لەم بابەتە ئاگادار بکەیەوە ها!

_حافزە دێزە: دووسبەی باشە، پێت چۆنە؟ ئەگەر تۆ پێت باش بێ، دووسبەی دوانیوەڕۆ بە دڵنیاییەوە یەکتر دەبینین و مامەڵەکەمان دەکەین.

_عابد: ئەی بۆ شوێنەکە چی؟ لە کوێ یەک ببینین. خۆ تەبعەن دەبێ دەرەوەی شاریش بێ.

_حافزە دێزە: بۆ شوێنی یەکتر بینینەکەمان با لە گەڵ کاک هیوا قسە بکەم. بەبێ ئەگاداریی ئەو ناتوانین شوێنەکە دەستنیشان بکەین.

_عابد: باشە، من چاوەڕێی ئێوە ئەکەم. ئەگەر هەیبەتسوڵتان یان بن باواجی بێ زۆر باشە. سەرو بیرەیەکیش میوانی من دەبن.

_حافزە دێزە_ دەی ئینشاڵلا با جارێ بزانین چۆن دەبێ. هەرچی بێ دەبێ جێگایەکی ئەمین و دڵنیا بێ. دەی هەر پێوەندیمان پێکەوە دەبێ. هەوڵ ئەدەم ئەمشەو تا سبەی لە سەر شوێنەکە خەبەرت پێ بدەمەوە.

حافزە دێزە و عابد ماڵاواییان لێک کرد، حافزە دێزە شاگەشکە ببوو و لە بەر خۆیەوە گۆرانی ئەوت و زەوق و شایی ئەکرد و جگەرە بەدەمەوە، توند توند نەفەسی لێ ئەدا و دووکەڵەکەشی زوو زوو لە کونەلووتەوە ئەدایەوە دەرەوە و جارجاریش قاییم دەستی لێک ئەدا و ئەیوت گیان، گیان، پیانی حافز ، پیانی. مدرە وەشبەختی، مدرە تاتەحیز ئامانێ، مەحمووی گەواوی تۆ نەتاوات هیچ گوویە بوەری، ئانە من خەریکەنا ئینتقامو تۆش گێرووە. مەلای تاتەحیز چکۆنی، ئانە کوڕو مەحمووش ئاما، بۆ وەرش گێرە، دەی بۆ بزانو تاوی**!؟**

کۆساری برای وتی: ئانە چێشا کورە شێت بیەنی**!؟** ئانە چێش بیەن، واچم، چێشا پاسە زەوق و شایی کەری**؟!**

_ حافزە دێزە: جارێ، مدرە ، هەڵای وەختش نەیاوان. با وەختش بیاۆو وێم ماچوت پنە.

حافز زەنگی داوە بۆ میرزا شاهۆ، وتی: سڵام کاک شاهۆ گیان، قوربان شتەکان رێکن، عابد ئامادەیە، هەفت دەمانچەشی حازر کردووە. کاتمان داناوە بۆ دووسبەی دوانیوەڕۆ، بەڵام هێشتا شوێنەکەمان دیار نیە. بۆ خۆم دەستنیشانم نەکردووە. ئاخر پێم وتی گرینگ ئەوەیە هیوا لەسەر شوێنەکە رازی بێ.

بابە ئەو کابرایە زۆر کەلە ڕەقە، ئەڵێ لە نزیک بنکە و بارەگای حیزب نابێ ، بە حەساب خۆی نایهەوێ حیزب لەکەدار ببێ، هههههه ئێتر نازانێ ئەو قەبرەی بۆ ئەو لێدراوە تازە حیزبیش نابینێتەوە.

_میرزا شاهۆ: کاکە حافز، کاکە حافز، کاکە تۆ ڕاوەستە، براگیان بە خۆتەوە هەموو شتێ مەڵێ. ئاگات لە دەمی خۆت و لە دەوروبەرت بێ. ئەرێ خۆ کۆساری برات لات نیە!؟

_حافزە دێزە: نە کاک شاهۆ گیان نە، خەمت نەبێ قوربان، کۆسار ئاگاداری هیچ نیە.

_میرزا شاهۆ: هەوڵبدە لەگەڵ هیوا قسە بکەوە، سەعی بکە ڕازیی بکەی کە لە دەوروبەری حیزبا و هەتا ئەتوانن لە نزیک بنکە و بارەگاکەنی حیزبا دانیشن و چەک و پارەکان بگۆڕنەوە. ئەو کابرا حەلاقە، عابد گێل دیارە، ئەو هەر بۆنی ئەو شتانەش نابا، لە هەر کوێ بێ ئەو بۆنی پارە وڕ و کاسی کردووە و بیهێنیە ناو بنکەکانی حیزبیش، دێت.

تۆ هەوڵ بدە هیوا ڕازی بکە. ئەگەر هەر ڕازی نەبوو، بڕۆن لە سەر جادەی کۆیە تەق تەق کۆمەڵێ داربەڕوو هەن، لە بن ئەو داربەڕوانە دانیشن. ئەزانم بەوێ ڕازی ئەبێ، چونکی دوورە لە محەوەتەی حیزب و لە بن دەستیشمان ئەبێ. ئیشاڵا

چیرۆکی هیوا لەوێ لە بن داربەڕویەک ئەنێژین.. لە نەتیجەی هەوڵەکانیشت زوو بە زوو ئاگادارم بکەوە.

_حافزە دێزە: باشە کاک شاهۆ گیان، نۆکەرتم، لە خزمەتتانام، سڵاوی مخول ئاغاش بگەیێنە.

حافزە دێزە پاش هەندێ شادی و زەوق کردن و شایی و کەیف خۆش بوون، وتی ئێستا کاتی خۆیەتی زەنگ بۆ ئەو هەتیمە بدەم. نابێ بهێڵم خەوەکانم لێ تێک بات و ئایندەم لێ بشێوێنێ. ئەشێ بە هەر جۆرێ بووە رازی بکەم.

_ حافزە دێزە: ئەلۆ، ئەلۆ لالۆ هیوا گیان خاسەنی؟ سڵامەتەنی؟ بە سەری خۆم زۆر زۆر بیرم کردووی، لەگەڵ کۆساری براما هیچ فەرقت نیە بۆم. بە ناموسم دڵخۆش ئەبم بە دڵخۆشیت ، بە سەرکەوتنت.

دەی ئەمانە گشت بەلایەک، خۆزگا ئێستا لێرە بوایای. بەشی یەخدانی یەخەچاڵەکەم پڕ کردیە لە بیرە، ساردی سارد بوون، شەختەیان بەستووە. ئیستا خەیاڵم لات بوو، بێ تۆ ناخۆش دانەیەکم دەر هێناوە و لە پەنجەرەکەی خوابگاوە چاو لەو ناوشارەی هەولێر ئەکەم و بێ تا ناخۆش لەو گەرمایا خەریکە هەناوم فێنک ئەکەمەو.

راستی دوای ئەنجامی ئەم کارەمان، بە گیان تۆیچ ۆ کۆساریش ئەشێ بێی بۆ ئێرە، شەوێ میوانی من بی. لە خوابگا نایێژم،

ئەچین بۆ عەنکاوە، لەوێ مەیخانەیەکی خۆش هەیە، وەک ئێژن بێجگە لە مەشروب زۆر شتی خۆشتری دیکەشی هەیە.

_هیوا: سڵام کاکە حافز، ممنون ممنون، خوا لە تەک کۆسارا خۆشتانکا بۆ یەک، وەک ئێژن ئیشەڵا عەمر باقی بێ شەوێکیش میوانت ئەبین و بیرەیەکی ساردیشت تەکا ئەخۆینەوە. بەڵام ئەشزانم قسەی خۆمان بێ تۆ بۆ ئەمانە زەنگۆ نەداگە! جا ئیسە فەرمو بزانم چەوگە؟!

_حافزە دێزە: هەهەهەهە شت لە پیاو عاقڵ ناشاردرێتەو، نا بەگیان باوکم و کۆسار خوڵک و خۆ و تاریفاتەکان گشتیان راستن. هەم متمانەی زۆرم پێتە و هەمیش زۆر لام خۆشەویست و جێگای رێزی لام.

راستەکەت گەرەکە قسەی تۆە، مەنزوری ئەسڵی تەلەفۆنەکەم بۆ شتێکی ترە. زەنگم داوە وەک هەمیشە پرسو ڕایەکی برایانەت پێ بکەم. عابد زەنگی داو وتی دەمانچەکان حازرن، کەی دێن بیانبەن؟ منیش خۆ بەبێ تۆ قسە نانمە مشتی، تۆ هەرچی لێم تووڕە بی و تێشم هەڵدەی، من هەر وەک خەڵات قەبوڵمە و بازەم هەر بە برامت ئەزانم.

_ هیوا: بڕوانە کا حافز خۆت ئەزانی من کەیفم بە پیاهەڵدان و زمانلوسی نایێ. جا گەرەکمە بزانم کاکڵی قسەکەت چەس و تەواو.

_حافزە دێزە: کاکە تۆ هەر ئەم عادەتەت تەرک ناکەی، هەر ئەشێ بدەیە ناو زەوقمانا. باشە، مادام وایە با قسەکەم بکەم. من لە تەک برادەرانی ئەودیو قسەم کردووە، ئەوان نوێنەری خۆیان بە پارە و ئێختیارەوە ئەنێرنە لامان. جا بۆیە من بە متمانەیەک بە تۆشم هەبوو، بۆ قەراری دیدارەکەمان دووسبەی دوانیوەڕۆم داناوە. هەڵبەت وەستا عابدی هاوڕێشت لە سەر کاتەکەی کۆکە، بەس ماوە سەعاتەکەی پێ بڵێم.

_هیوا: دەی باشە، وەک وتم ئەشێ هەتا ئەتوانن لە بنکەو بارەگاکانی حیزب دوور بێ.

_ حافزە دێزە: جا راستەکەت گەرەکا ، زیاتری هەر بۆ ئەوەش تەلەفۆنم پەی کەردی. وتم تکات چەنە کەرو هێندە شتەکە قورس نەگری. ئاخر مزانی چیە؟ محەوەتەی حیزب زیاتر ئەمنە پەی من و عابد. ئاسایش و شتیش نایێن بەو دەورو بەرەدا. بەڵام لە دەرەوەی محەوەتەی حیزب یان دەوروبەری کۆیەدا ئێحتماڵش هەن هەرکات گەشتێ، مەشتێ شکمان پێ بکا و بدا بە سەرمانا و ماڵوێرانمان کەرۆ. بۆیە بێ و لە کەر شەیتان بێرەخوار و با ئی کەڕەتەش هەر لە شوێنەکەی پێشتر دانیشین. قەولی شەرەفت پەنە دەو هیچ روو نمەوۆ.

_هیوا: کاکە حافز قەولە شەرەفەکەت هەڵگرە بۆ کاتی پێویستتر . لەم زەمانا قەول شەرەف مشتەریی نیە، ئاخر ئەویش ئەسڵەکەی نەماوە و تەقلیدە و جەعلی. وەک وتم، کەمەکەی بە کیلومەترێ ئەشێ لە بنکە و بارەگاکانی حیزب دوور بن، ئەگینا خۆم ئەمنیەتی حیزب ئاگادار ئەکەمەوە.

_حافزە دێزە: باشە کاکە، باشە ئەلحوکمولیلا. شتێکی تر من بەرەو لای تەق تەق لوانێ. سەرو رێگاو تەق تەقیوە کۆمەڵی داربەڕوو هەنێ ، ئەوێش هەم شوێنێکی ئەمن و ئارامە و هەمیش دوورا جە بنکەو مقەڕەکاو حیزبیوە. خۆ شوکر ئێتر ویانەو برا و قسەیوەتەرت نەمەنەن!؟....

_هیوا: باشە، خۆ لەبیرت نەچووە، پێشتر قسەمان لەسەر کردووە کە من دێم بەڵام دوور لە ئێوە دائەنیشم و خۆت وتەنی چاودێرتان ئەبم کە کەستان ناپیاوی لەوتان نەکا و بەڵایەک بەسەر یەکا نەێرن.

_حافزە دێزە: تەواو، دەمخۆش. منیش هیچ قسەیەکم نیە. کەوابوو دوانیوەڕۆی دووسبەی، سەعات ٣ باشە. من خەبەر ئەدەمەوە بە عابد، بەڵام تۆش هەر قسەیێوش چەنی کەرە، دیارە ئەو ئێستاش هەر سێقەی بە من نیە و گەرەکشا لە بوون و ئاگاداریی تۆ لە بابەتەکەدا خاترش جەم بۆ.

_هیوا: کوڕە لە سەرێکەوە خۆ ناهەقیشی نیە، خۆت باوڕت بەخۆت هەیە تا ئەو باوڕی پێت هەبێ، بەڵام باشە، خەمت نەبێ، خۆم تەلەفۆنی بۆ ئەکەم و هەر ماوەیەکیشە ئاگام لێ نیە. ئێوارەو خۆش، مالاوا.

هیوا دیسان کەوتەوە ناو گۆمی مەنگی خەیاڵاتی پەرێشان، لەبەر خۆیەوە ئەیوت ئەم جارە ئەو هەتیوەم لە کۆڵ بێتەوە، ئیدی متمانەیان بەیەک ئەبێ و واز لە من دێنن. دەی کێشە نیە، چاکە و پیاوەتی گەرچی جارجار سەری پیاو ئەخوا، بەڵام خۆ ئەگەریش سەرمان نەخوا، هیچ نەبێ ویژدانمان رازی ئەبێ. حافزیش گوناحە، فەقیرە ئەوە لە چل ساڵیش تێپەڕیوە، رەنگ و روو و توک و مووی پێوە نەماوە و هێشتاش....نە ژیانێ نە ئایندەیەک نەک هیچێکی دیار نیە. بەشکوو بەم کارە من سەبەب بم و خۆی و برای سەرو سامانێ بگرن.

بەڵام سەێریشە، بۆ لەسەر ئەو هەموو جێگە جادەی تەق تەقی داناوە. نازانم چی بڵێم! خۆ لەوێشەوە بەرەوخوار بڕۆم و سواری ماشێنی نەناسراو بم(عابد) یان لەگەڵ حافز بەرەو ئەوێ بڕۆم هەر لەوانەیە بکەوینە بەرگومان، ئاخر ناشوکری نەبێ خۆ لێرە و لەناو ئێمە جەوێکی وا ساز کراوە کە بێ متمانەیی لەسەروی هەموو شتێکەوەیە. ئەوەش هەر بەرهەمی باندباز و ناوچەگەرا و زاراوەگەراکانە. لە سایەی سەر ئەو تەیفانەوە، لەخوا بەزیاد نەبێ ئەوەی زۆرە بێ متمانەییە، بۆختانچیەتییە، نیشانە لەسێبەری یەک گرتنە.

هەر خۆشی دڵخۆشیی خۆی ئەدایەوە و ئەیوت: حەک ماڵت ئاوا بێ، خۆ تۆش لەوان باشتر نیت، ئەوە نیە هەزار فکر و خەیاڵی سەیرت خستۆتە مێشکەوە! ئاخر پێم ناڵێی حافز چیە لێی ترس و گومانت هەبێ، ئەوە هاتو هات شتێکیشی بەدەستەوە بێ، ئاخر خۆ ببێتە ئاگریش جێی خۆی رەش ناکات! ئاخر ئەو هەموو ماوەیە لە هەولێرەوە ئەهات و بۆ خودشیرینی هەر خۆی لە خۆیەو گر جارێ تۆمارێکی درێژ راپۆرتی لەسەر خوێندکاران و خەڵکی رۆژهەڵاتی لە هەولێر و ئەندام و لایەنگرانی حیزب ئەنووسی و ئەیهاورد، کامەیان راسپ بوون؟ متمانەمان بە کامەیان ئەکرد؟ بێجگە لەوە نەبێ کە هەموو جارێ تێگڕا بەو خەیاڵاتە کاراگاە گەجێتی و موسیۆ پوارۆانەی تێرتێر پێی پێ دەکەنین!؟

هەر بۆ خۆشی وەڵامی ئەدایەوە و ئەیوت: تەحاااا ، ئەی نەتبیستووە ئێژن: بەڵا لە بۆگەن ئەبێتەوە. باشە خۆ کەس نەزانێ تۆ خۆت ئەزانی کە ئەو کابرایە کوڕی پێشمەرگەیەکی کۆنە تەوابی ئێستا جاشە، خۆ لەبەر ناوچەگەرایی ناو حیزب و مەلا مارف و هەندێ خزمی و ناسیاوی هەورامییان نەبێ، بێن بە دەوروبەری حیزبا، سەگیان تێ بەرئەدەن!

هەروا یەدەم خەیاڵاتەوە بەخۆی ئەوت: نا، هیوا، نا، خۆ تۆ خۆشت باش ئەزانی جەماعەتی ناوچەگەرا، بەتایبەت میرزا شاهۆ و مخۆل ئاغا ئەگەر گەرەکیان بێ و قازانج و

مەسڵەحەتیان بخوازێ لە کێچ، گا و لە مێرولە فیل و گامێش ساز ئەکەن و جەماعەتیش لەبەر قازانجی حیزبی و ناوچەییان، ئەشهەدوبیلایان بۆ ئەکەن، بۆیان لە لامل ئەدەن و باوڕیان پێ ئەکەن!

سەرئەنجام گەییشتە ئەو قەناعەتەی کە بڵێ: نا، نا، کاک هیوا نا، ئەو هەتیوە گەڕە گولە زۆریش جێگای متمانە نیە. بیرت نیە چۆن ناخی پارەپەرستیی خۆی ئاشکرا کرد بۆت!؟ لە کۆتایی دا هیوا بەو قەناعەتە گەییشت کە لە هەر حاڵدا دەبێ زۆر وریا بێ.

لە لایەکی دیکەشەوە بەیانیەکەی میرزا شاهۆ وەک داڕێژەر و بەڕێوەبەری پیلانەکە پێوەندی کردەوە بە نەقیب ئەردەلانەوە و پاش چەک و چۆنی وتی: بەڕێز جەنابی نەقیب ویستم بەناوی حیزبەوە ئاگادارتان بکەمەوە کە باندەکە سبەینێ بۆ یەکەمجار نوێنەری لایەنەکانیان پێکەوە کۆئەبنەوە. دانیشتنەکەیان سەعات ٣ی پاشنیوەڕۆیە. لەو دانیشتنەدا قەولە هیوا وەک دیاری هەفت دەمانچەیان لە ٥٠٠ دەمانچە دزراوەکە پێ بدات. ئەو دانیشتنە زۆر نهێنییە. بەوجۆرەی بە ئێمە ڕاگەیێندراوە هێزێکی پڕچەکی تایبەت ئەیانپارێزێ و ئاگاداریشین کە هیواش بۆ خۆی چەکدارە. ئائا، بیریشم نەچێ، من زۆرم پێ حەیفە هیچ ڕۆڵەیەکی ئاسایش بە دەستیان شەهید ببێ، ئاخر دەزانم و دڵنیام کە ئەو هەتیوە هیوایە بکەوێتە مەترسییەوە شەڕی مان و نەمان ئەکات و زۆریش کورج و بە دەستوبردە، بەو ئاسانییە خۆ نادا بەدەستەوە.

شاهۆش نەیئەزانی کە نەقیب ئەردەلان و ئاسایش زۆر بەباشی لەو سەری پیلانەکەیەوە دێنەوە و بە تەواوی دەستیان خوێندووەتەوە. بۆیە مەبەستی لەم قسانەی زۆر ئیبلیسانە و خەبیسانە بوو.

ئەو پێوابوو لەبەر ئەم زانیارییانەی ئەو، ئاسایش هێزێکی زۆری پۆشتەو پەرداخ و پڕچەک دەبات و ئەمسەر و ئەوسەری جادەی تەق تەق دائەخن و چواردەوری هیوا و حافز و عابد ئەگرن و زۆریش بەرامبەر هەر جووڵەیەکی ئەو سێ کەسە هەستیار دەبن. بەم خەیاڵەشەوە دڵخۆش بوو بەوەی دەستیان لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکانیان دەبێ و هیوا و عابدیش بە دیتنی ئەو هێزانە ئەحەپەسێن و نازانن چیبکەن، بۆیە لە پەشۆکاویدا لەوانەیە هەستن بیانهەوێ هەڵێن و خۆ دەرباز بکەن، لەو کاتەشدا لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە ئەدرێن بەر دەستڕێژی گولەی دۆشکە و بیکەیسی و کلاشنیکۆف و لەجێدا ئەکوژرێن و بە قەولی خۆی ، هیوا بۆ هەمیشە دەڕوات بەدۆڵێ دا و حافزیش وەک شایەتێکی پیلانەکەیان لەناو دەچێ و ئەسڕدرێتەوە و عابدیش کە تەنیا خواردنێ بوو لەناو داوەکەدا ئەکوژرێ و خێر و بەرەکەت لەوە باشتریش نابێ.

_نەقیب ئەردەلانیش پاش خۆشی و بژی کردن لەگەڵ میرزا شاهۆ وتی: کاک شاهۆ گیان زۆر سپاسی هاوکاری و خەمخۆریتان ئەکەین. بێ گومان ئەم دڵسۆزی و نیشتمانپەروەرییەتان فەرامۆش ناکەین. دڵنیابن هەموو کارەکان بەباشی دەڕۆنەپێش. ڕاستی، خۆتان پێتانخۆشە نوێنەرێکتان لە

عەمەلیاتەکەدا بەشدار بێ. ئەگەر بتانهەوێ ئەتوانن وەک چاودێر کەسێکتان دیار بکەن و لەگەڵمان بینێرن.

_میرزا شاهۆ: نا، نا کاک نەقیب، ئێمە متمانەی تەواومان بە ئێوە هەیە. تەنیا بۆمان گرینگە بە وردی ئاگاداری خۆتان و هێزەکانتان بن، چونکی وەک پێمان راگەیێندراوە ئەو جەماعەتەی لە ئێرانەوە دێن، لە لایەن هەندێ کۆماندۆی تایبەتی ئیتلاعاتەوە ئەپارێزرێن و سەرجەم جلیقەی گولەنەبڕیان لەبەرایە و تەنانەت لە بەر هیوا و ئەو دوانەی دیکەشی ئەکەن. نازانم چەندە راستە، بەڵام ئەوتری چەکی لەیزریشیان پێیە.

تەواوی مەبەستەکەی شاهۆ ئەوە بوو کە ئاسایش هێزی زیاتر ببات و ئەوانیش لە...

دیتنی ئەو هێزە زۆرە بشڵەژێن و هەستن و هەوڵی هەڵاتن بەملاو بەولادا بدەن و هێزەکانی ئاسایشیش تەقەیان لێ بکەن و دەستبەجێ بیانکوژن. بەم جۆرەش بە خەیاڵی خۆی هەم لە دەست هیوا رزگارییان ئەبوو و هەم حافزەدێزە وەک شایەتێکی موزاحێمی بێ عەقڵ و پارەپەرست لە پیلانەکە ئەسڕدرێتەوە و عابدی بەستەزمانیش وەک لایەنێ بێدەنگ ئەکوژرێ و بەگشتی فایلەکەیان بەو جۆرەی خۆیان پێیانخۆشە، دائەخەن.

_نەقیب ئەردەلان: نا،نا کاکە شاهۆی بەڕێز، ئەنگۆ خەمی چۆو نەبێ، ئەمە کاری خۆمان بەباشی ئەزانین. ببنە ئاڕنۆڵد و رامبۆش ناتوانن لە دەستمان رابکەن. ئیشاڵا دوای ئەنجامدانی سەرکەوتوانەی عەمەلیاتەکەمان، ئاگادارتان ئەکەینەوە و ئەگەر پێویستیشمان بە ئەنگۆ هەبوو، حەتم خەبەرتان ئەکەین.

_میرزا شاهۆ: باشە کاکە، دەستخۆش. ئەمە متمانەمان بە ئێوەیە و لەو دەشتو کەمپەش بەشێکی لە ژێر چەتری ئەنگۆیە وا دڵنیا و خاترجەم دێین و ئەڕۆین و ئەخۆین و ئەخەوین. بەهیوای سەرکەوتنتان. کەوابوو ئەمن چاوەڕێی وەڵامی ئێوە دەبم. لەگەڵ نەقیب ئەردەلان ماڵاواییان لێک کرد.

میرزا شاهۆ زۆر دڵخۆش دیار بوو، لە شاییا زەوقی ئەکرد. لە ژوورەکەی و لە پشت کۆمپیوترەکەی دانیشتبوو، گوێ لە گۆرانییەکی ئۆستاد بەنان گرتبوو:

**((بخت بیدار منی، حُسن گلزار منی**

**منم که رام توام، اسیر دام تو ام**

**آ....آ....آ....**

**ای روی تو بهشت من**

**عشق تو سر نوشت من**

**-بازآ-بازآ-بازآ-بازآ**

**تو گل زیبای منی، می من مینای منی**

**بخدا ای ماه درخشان، روشنی شبهای منی**

**سحر امید منی، مه من خورشید منی**

**بخدا ای جلوهٔ هستی، زندگی جاوید منی**

**ای دل نور تو کو، ای جان شور تو کو**

**ای مه مهر و وفای تو کجا شد**

**بی آن سلسله مو،با من قصه مگو**

**دل خواهان فنا شد،چه بجا شد**

**بی شکیب و دلداده منم**

**بی نصیب و آزاده منم**

**چون بی دلارامم**

**کو صبرو ارامم**

**باشد چون افسانه**

**آغاز و انجامم**

**تو گل زیبای منی ، می من مینای منی**

**بخدا ای ماه درخشان ، روشنی شبهای منی.))**

میرزا شاهۆش لە سەر سەندەڵییەکەی پاڵی لێ دابووەوە، عەینەکەکەی خستبووە سەر تەوێڵی، مۆرە مۆر لە گەڵ گۆرانییەکە، دووپاتی ئەکردەوە کە لەناکاو سەرۆ تەقەی داو خێرا هاتەژووری.

_سەرۆ: الله، الله لەو حاڵ و هەوایە، ئەوە چی بووە کاک شاهۆ، هەروا لە خۆشیا بتبینم. کاکە کەمێ لەو خۆشیەتمان بدەری دڵمان تەقی.

_میرزا شاهۆ: بەخێر بی، بەخێربی کاک سەرۆ، چ بووە کاکە ، چ خەبەر و باس؟! کێ ئەتوانێ لەو حیزبا تۆ بێزار بکات!؟ ماڵتا تەنگت بە هەر هەموو کەڵە جەناحباز و ناوچەگەراکانی ئەملا و ئەولای ئەو حیزبە هەڵچنیوە، هەهەهەهە رۆژە رێیەک هەموویان لەبەر زمانی تۆ هەڵدێن!

سەرۆ کادرێکی ناوچەگەرایە کە لە بەر زمان شڕی و مەنفی بافی و خراپە گوتنی خەڵکی، ناو کادر و پێشمەرگەکانا بە سەرۆ مەنفی باف ناسراوە. ئەو کابرایە لە سکرتێرەوە پێیدادێ و کەسی پێ باش و دڵسۆز نیە، هەر هەمووی پێ خراپە. جارجار خۆشی ئەڵێ: بەشەرف کەس هێندەی من مەنفی باف نیە، نازانم ئەو حیزبە بۆ رایگرتووم؟! هەر لەخۆڕا دەرم ناکەن، هەهەهەهە!

_سەرۆ: بەخوڵای کاک شاهۆ بێت و نەبێ شتێکی خۆش لەگۆڕێیە! ئەو دڵخۆشییەی من لە سەرو چاوی تۆڕا دەیبینم بێ هۆ نیە.

_میرزا شاهۆ: وەڵا کاکە من زۆر دڵخۆشم، ئەمڕۆ و ئەم لەحزەیە هەموو شتێ بە دڵی منە.

_سەرۆ: دەی کاکە کەواتە راوە با بڕۆم ویسکییەکی خۆشم هەیە بێنمی و بێمەوە. جەوەکەت خۆشتر ئەکەم.

_میرزا شاهۆ: نا،نا کاک سەرۆ، وەرە زەحمەت مەکێشە، هانێ چوکولاتێ بخە دەمتەوە، لەم رۆژانەدا هەواڵێکی خۆشت ئەگاتێ، هانێ هەر لە ئێستاوە دەمت شیرین بکە.

_سەرۆ: تۆخوڵای پێم بڵێ چیە، بەشەرەف هەتا هەواڵەکەم پێ بگا دڵم دەتۆقێ و لە مەراقا شەق دەبەم. هەمووی نە بەس سەرەکەیم بدە دەست.

_میرزا شاهۆ: هەهەهەهەهە دەبڵێ بیلامانێ، کاکە خۆی هەر سەرەکەی حەسێبە دەی، هەهەهەهە. پەلەت نەبێ، ئەو جۆرە چاوەڕوانیانە شیرینن. چاوەڕێی بکە، چاوەڕێی. ئەوا من زۆر لەمێژە....

چاوەڕێی دەرفەتێک ئەکەم، واش خەریکە بەرەکەی دەچنمەوە و تەنانەت چەند کەسی دیکەشی پێ دڵخۆش ئەکەم.

دەمەو ئێوارە بوو، هیوا لە ژووری کارەکەی کە هاوکات ژووری نووستن و ئیسراحەتیشی بوو هاتە دەرێ. وردە وردە بەرەولای سالۆنی غەزاخۆری چوو. لەوێ کۆمەڵێ هاوڕێی پێشمەرگەی راوەستا بوون. وتیان کاک هیوا وادیارە تەنیا ئێمە برسیمان نیە، ئەتۆش برسیەتی زۆری بۆ هێناوی و لە ژوورەکەت کێشاویتیەدەری ئەگینا خۆ بەخۆشەی خۆت وەدەرناکەوی.

_هیوا: جا کاکە بەم شەرارەی گەرمایەی هاویندا بۆ خواگرتوومی بێمەدەرێ!؟ لەو ژوورە ئارامە پڕ کتێبەدا هاوڕێی چاکم هەیە و بێدەنگی و خەڵوەتی خۆشم هەیەو ئێتر وەڵا ئەمانە نادەم بە بەزم و هەرای تلەوزیۆن و فوتباڵ سەێرکردن و هەڵا و بەزمی هاوڕێیانی فوتباڵدۆست، هههههە. کابراش وتەنی: رەنگە کەیفم بە فوتباڵ نەیێ، بەڵام خۆ فوتباڵیستەکان و فوتباڵدۆستەکانم هەر خۆش ئەوێ، ئەوە نیە، هههههە. ئەرێ بەڕاست منیش برسیمە، شام چیمان هەیە؟

_ یەکێکیان وتی: پەتاتەی پێشێل کراو(هەڵفلەقاو)، یەکی دی وتی: پەتاتە و هێلکەی کوڵاوە، وابزانم کەرە و پیازیشی لەگەڵە.

_هیوا: حەح، وەڵا وامزانی ماست و خەیارە، ئاخر وەڵا ماست و خەیارەکە هەر بەرگەی دڵ ناگرێ، ناگاتە سەعاتێ بەشەر قۆڕەی زگی دێ. دەی هەر زۆر خۆشە، وەرن، وەرن با بڕۆینە ژووری.

لەولاشەوە لە هەولێر لە خوابگای دانشجویی حافزە دێزە ئارام و قەراری لێ هەڵگیرابوو، لەگەڵ ئەوەی دا کە هەستی ئەکرد قازانجی پول و پارە و کاری دەست ئەکەوێ و ئەتوانێ چاکتر لە حیزب نزیک ببێتەوە، بەڵام دیسان ترسێکی زۆریشی هەبوو کە ئەویش بە ئاگری هیواوە بسووتێ. بەڵام خۆی یەکلاکردبووەوە کە رێگاکەی گەر خەتەری مەرگیشی هەبێ، تازە هەنگاوی تێناوە و گەڕانەوەی خراپتر لە مەترسیی ئەخات. بۆیە ئەو شەوە تا بەیانیی هەر جگەرەی کێشا و دڵەڕاوکێ خەوی لە چاوان زڕاندبوو.

میرزا شاهۆ گەڕابووەوە بۆ ماڵ، دانیشتبوو چاوی لە ئەخباری تەلەوزیۆن ئەکرد، بەڵام ئەخباری چی و مەخباری چی، جەریان دارەکەی سەرکەل، پردەکەی قشڵاخ بوو، هەر لەو دنیایەش نەبوو. ئەویش تازە کەفوکوڵی خۆشییەکەی دامرکابووەوە، ئێستا ئیدی وردە وردە خەریک بوو بەبیری ئەهاتەوە کە پیلانەکەی ئەگەر بەراوەژۆ بێتەۆە لەوانەیە کەشتیی ئامانجەکانی نوقم ببێ و خەونە رەنگاڵەکانی سەفەرەکەی بۆ دەهاتوو ببێتە بڵقی سەرئاو هیچ، مخول ئاغا و جەماعەتی ناوچەگەرای سەرۆ خواریش متمانەیان پێ نامێنێ و لێی هیوابڕاو ئەبن.

لەم خەیاڵانا بوو کە ژنەکەی هات و لایا دانیشت و وتی: ئەرێ شاهۆ، شاهۆ گیان، پیاوەکە؟!

دیارە وەک وتم شاهۆ هەر لەو دنیایەش نەبوو، لە ناکاو بە بانگ کردنی پەیتاپەیتای ژنەکەی راچڵەکا و وتی: ها، ببوورە لەگەڵ منت بوو!؟ ببوورە هەندێ فکرم مەشغوڵ بوو، لێرە نەبووم. لەم رۆژانەدا هەندێ کاروبارمان زۆرە، بۆیە ئەگەر ئاگام لێ نەبوو. گیانەکەم بڵێ..

_ ژنەکەی: ئەرێ شاهۆ گیان ئەمڕۆ دایکم پێوەندی پێوە کردم، وتی مەوعیدی دوکتۆرێکی باشم بۆ داناون. ئەڵێ کابرا لە بەریتانیا هاتووەتەوە و زۆریش شارەزای کێشەی مناڵەنەبوونی ژنان پیاوانە. مەوعیدەکەی هی بیستو چواری مانگە، هەر لە ئێستاوە ئاگاداربە، ئەبێ رۆژێ پێشتر بڕۆین بۆ سلێمانی و شەو لە ماڵی بابم دەبین و سبەی دەڕۆینە دوکتۆر. باشە شاهۆ گیان. ئیشوکاری حیزبی و میزبیم هەیە نایخوا، جا گیانەکەم ئەم بیانوانەم بۆ نەهێنیەوە.

_شاهۆ: لەگەڵ ئەوەی دا هەر بە تەواوی ئاگای لێ نەبوو چی ئەڵێ، بۆ لەکۆڵ خۆ کردنەوە وتی: باشە بەسەرچاو.

لەولاشەوە هیوا دوای نان و هێلکە و پەتاتە خواردنەکەی لە خواردنگەی حیزب، هەر لە سالۆنەکە لەگەڵ چوار رەفێقی

دیکەی دانیشتبوون چاویان لە تیشک تی.ڤی ئەکرد، هەستا چوو پێنج چایی هێنا بۆ خۆی و ئەوان.

عابدی حەلاقیش لە دوکانێکی سەوزە و مێوە فرۆشیی سەر کۆلانەکەیان خەریک بوو هەندێ پێداویستی بۆ ماڵ بکڕێ بەڵام هێندە فکری مەشغوڵی دیدارەکەی بەیانی و ئەو پیلانە نامەردانەیەی هاوڕێیانی هیوا لە هیوا بوو کە بە جێی تەماتە عەلاگەکەی پڕ کردبوو لە پەتاتە و بەخۆی هاتەوە هەر هەمووی هەڵڕژاندەوە ناو تەلیسەکە و سەرلەنوێ ئەمجار تەماتەی تێ کردەوە. هەندێ سەوزە و میوەشی کڕی و گەڕایەوە بۆ لای ماڵ و منالی. بەڵام هیچ نەبێ دڵی خۆش بوو کە نەزانراو نەکەوتە ناو ئەو داو و پیلانە و هەم سەری بچێ و هەم ماڵی.

بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە دڵی پڕخوێن بوو بۆ هیوای هاوڕێی و نەشیدەتوانی هیچی بۆ بکات. لەبەرخۆیەوە ئەیوت: باشە ئاخر هیواش رۆڵەی دایکو بابێکە. ئەو بەخەیاڵی خۆی هاتیە خەڵک و وڵاتەکەی لە مەینەتی رزگار بکات، کەچی لێرە هەندێ لە هاوڕێیانی، هاوسەنگەرانی و بەرپرسانی خەریکن بێبەزەییانە بیرێکی قووڵی بۆ هەڵدەکەن و رۆحیشی ئاگای لە هیچ نیە! ئاخر چۆن دڵیان دێ؟! چۆن ویژدانیان قەبوڵ ئەکات؟! ئاخر بڵێ گیسکەگول، حافزەگەڕ، ئەتۆ لۆ دەبێ لۆ دو دیناری شتەکی وابکەیتن؟! هەی ماڵتان وێران بێ، چۆن دڵتان بەرایی ئەدا!؟

وەستا عابد لەم خەیاڵانەدا بوو کە گەیشتەوە پێش دەرکەی ماڵی خۆیان و کچۆڵە بچکۆلانەکەی هات بەپیرییەوە و بە روویەکی گەش و میهرەبانانەوە، بە بابەگیان خێر بیەوە، بابەگیان خێربیەوە وتن، یەک دوو عەلاگەی لە دەست بابی گرت و پێکەوە چوونە ژوورەوە.

لە لایەکی دیکەش، نەقیب ئەردەلان چوو و بە بەرپرسە باڵاکەی خۆی وت: گەورەم کێشەکەی جەماعەتی دیمۆکرات وەک گۆتم بەڕاست دەرچوو. ئەو هەتیوە شاهۆیە کە عەلئەساس رایانسپاردووە بۆ هاوکاریی لەگەڵ ئەمە بۆ ئەوی کارە، زۆر هەوڵ ئەدا کێشەکەمان لێی قەبە بکات و هێزەکی زۆر و چەکوچۆڵەکی زۆری ئێمە راکێشێتە ئەوێندەرێ و بەردەوامیش هەوڵ ئەداتن ئەو کوڕە، هیوایە بە باندەکی ترسناک و تۆقێنەر نیشان بداتن. ئەیهەوێتن لەو ئاگرەی چی وەبەر بکەوی، ئەمنیش هەندەی جەنابتانی لێ دەزانم.

_گەورەکەی: ئێ، ئێ، ئەوها..

_نەقیب ئەردەلان: کوڕە گەورەم شتەێکی سەێری دیکە، ئەوە لای خۆیەوە راسپێردراوی تایبەتی ئەمن و ئاساییشییە شتی زۆر سەێری دەگۆتن، هههههە دەیگوت:

کۆمەڵێ کۆماندۆی ئیتلاعات و پاسدار بە جلی گولەنەبڕ و چەکی لەیزرەوە دێنە ئەوێندەرێ و ئەیانپارێزن! نازانم ئەڵێی زۆری چاو لە فلیمی هۆلیۆدی و هەندی مەندی کردیە. راست

فلیمێکی هیندییم هاتەپێش چاو، خەریک بوو لە پشت تەلیفۆنەکە لە قاقای پێکەنینێ بدەم، چابوو خۆم پێ ڕاگیرا!

_گەورەکەی: هەهەهەهە کوڕم وانابێ، دەبێ وریابی، نامهەوێ سەرەوە گلەییمان لێ بکەن. لێی گەڕێ چی دەڵێن با بڵێن. تۆ کاری خۆت بکە.

_نەقیب ئەردەلان: ئاخر ئەو کابرایە بەقسەی خۆی: عەلئەساس ئیشی ئەمنی و ئاسایشیی ئەکاتن، لە خۆی ناپرسێ هێزەکی وا چۆن و بەکوێڕا توانیویە زیاتر لە سەد کیلومەتری بەو هەموو چەک و تفاقەوە ببڕەت تا بگاتە تەق تەق ، ئەویش بۆ هەفت دانە دەمانچە شڕۆڵە. وەڵاهی هەر خەریک بوو بپسێم، لەگەڵ برادەران زۆر پێی پێکەنین هەهەهەهە.

_گەورەکەی: بەهەرحاڵ ئێوە کاری خۆتان بکەن، بەس وریابن. قسەکانی ئەو کابرایە، شاهۆ، نیشان ئەدا کە زۆریان ڕق لەو کوڕە هیوایەیە و ئەشیانهەوێ بە دەستی ئێمە و بە گولەی ئێمە بکوژرێ. وریابن خوێن لە کەپۆی نەیێ و بەرێزیشەوە بیهێننە ئێرە. زۆرم پێخۆشە بزانم ئەمانە بۆ پیلانەکی وایان لۆ ئەو کوڕەی دارشتیە و ئەو کوڕە لە ڕاستیدا چکارەیە !؟

_نەقیب ئەردەلان: باشە گەورەم، زۆر سپاس بۆ پشتگیری و متمانەت. ئەمنیش زۆر مەڕاقمە بزانم ئەو هیوایە کێیە و لۆ ئەوها پلانەکیان لۆ دانایتەوە. هەموو ئەمرەکانت وەک خۆی تەنفیز ئەکرێن. ئیشاڵا ئەمە سبەینێ قەولە سەعات ٣ی پاشنیوەڕۆیێ عەمەلیاتەکەمان بکەین. پاش ئەنجامی عەمەلیاتەکە، لە هەموو شتەکت ئاگادار ئەکەمەوە.

_ گەورەکەی: باشە، زۆر باشە، متمانەم پێتە و چاوەڕێی سەرکەوتنتم. ڕاستی شتەکی دی، کە عەمەلیات کرا ، تا هەموو لێکۆڵینەوەکانتان کۆتایی نەیێ، ڕێگا مەدەن کەس هیوا ببینێ، مەبەستم کەسی خۆیانە، واتە لە دیمۆکراتەکان.

_نەقیب ئەردەلان: سەرچاو، ئەمرتانە گەورەم.

کات تێپەڕی و درەنگانی شەو بوو، لە هەولێر و لە ژووری موراقیبیی بەشەناوخۆیی خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی لە هەولێر، حافزە دێزە لە پێش پەنجەرەی ژوورەکەی دانیشتبوو، جگەرەی بە جگەرە هەڵدەکرد و زوو زوو مژی لێی ئەدا و ژوورەکەی پڕی دووکەڵ کردبوو. خەیاڵات نوقمی کردبوو، دەبوا سبەینێ بەڕێ کەوتبا بۆ کۆیە و ژۆ لەداوخستنی هیوا. ئێسترس سەراپای لەشی داگرتبوو، ئەترسا لەنەوبردنی ئەویش بەشێک لە پیلانەکەی برادەران بێ.

سەعات ٣ی شەو بوو، هیوا لە شوێنەکەی خۆی خەوتبوو، بەڵام گڵۆپەکەی نەکوژاندبووەوە، خەریکی خوێندنەوەی کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بتلیسی ببوو کە بەدەم خوێندەوەوە

خەوی لێ کەوتبوو و کتێبەکەی هەروا بە کراوەیی بە دەستەوە و لە سەر سینگ بوو. هێواشێ پاسبەخش بە قامک لە پەنجەرەڕ ژوورەکەی دا و وتی: کاک هیوا، کا هیوا، بەخەبەری کاکە؟! هیوا بە هێمنی چاوی کردەوە و وتی: ها، بەڵێ... پاسبەخش وتی: پاسبەخشی، ئەگەر زۆرت خەو دێ، خۆم بە جێت رائەوەستم، زۆرم خەو نایێ.. هیوا وتی: نا، نا، سپاس، بەخەبەرم، ئەهاااها حازرم، ئەوا رەختەکەم ئەبەستم و تێمە دەرەو، سپاست ئەکەم.

شەو تێپەڕی و رۆژ بووەوە و جموجوڵی پلان دەستی پێکرد، پیلانگێڕان کەوتنە ئامادەکاری،حافزە دێزە لە هەولێرەوە بەرەو کۆیە کەوتەڕێ، شاهۆ چووە ژوورەکەی مخول و وتی: کاکە خۆ ئاگاداری ئەمڕۆ بەڵایەکمان لە کۆڵ دەبێتەوە، هەموو شتەکان خەریکن بەباشی ئەڕۆنەپێش. بەس هیوادارم بە جێی گرتن، راستەوخۆ هەڵەیەک بکات و لێیدەن بیکوژن. جا نازانم ئەو بەختەمان هەبێ، یان نا، بەڵام نەشکوژرێ بە قوربانی مردن ئەبێ، هەتا بمێنێ تازە جارێکیتر رووناکایی نەبینێتەوە و بۆ هەمیشە ئەڕوا بە دۆڵێ دا.

_مخول ئاغا: کاک وانێک، خۆت ئەزانی کە من حەزم لە ئێشی شپرز نیە، زۆر دڵم لەم پیلانانەی تۆ ئاو ناخواتەوە بۆیە هیوادارم. کارەکانتان بەباشی بڕۆنە پێش، چونکی تاقەتی وەڵامدانەوەی پرسیاری کەسم نیە.

_میرزا شاهۆ: نە کاکە، خەمت نەبێ. هەموو شتەکان بەسوودی ئێمەن. تۆ بەس متمانەت بە من هەبێ بەسە.

_مخول ئاغا: راستی کاک وانێک، ئەو هەتیوە وانێکە، حافز ، جارێکیتر پێوەندی پێوە بکەوە و پێی بڵێ هەندێ پارەی لە هەولێر لای کەسێ بۆ دادەنێین، بەڵام نابێ تا خۆمان بانگی نەکەین، بێتەوە وانکێ، بێتەوە کۆیە.

_میرزا شاهۆ: خەمت نەبێ، ئەویش بەچاوان. بەڵام کاکە من هیوادارم هەڵەیەک رووبدا و ئەویش بنێرن بەدۆڵێدا و لەکۆڵمان بێتەوە.

کاتی دیدارەکە سەعاتی سێی دوانیوەڕۆ بوو. ئەو شەوە تا سبەینێ وەستا عابد خەو نەچووە چاوی. بەردەوام لەبەر هیوا ئازاری ویژدانی هەبوو. بەیانی هەستا و خۆی ئامادە کرد و سواری ماشینەکەی بوو بەرەو ناوشار و دوکانەکەی. چوە دوکان بەڵام بێتاقەت و بێزار بوو، بۆیە نەیتوانی کار بکات، هەستا بە ناچار رۆیشتە چایخانەیەک و جگەرەیەکی هەڵکرد و کەوتە بن گۆمی خەیاڵات.

هیواش وەک رۆژانی دیکە سەعات ٧:٣٠ بەیانی هەستا. ئەو کە شەو پاسبەخش ببوو، درەنگ هاتبووە بۆ شوێنەکەی. بۆیە بەس پێڵاوەکانی دەرهێنابوو و هەروا بە پۆشتە خەوتبوو.

چوەدەرەو و لەبەر تانکرەکەی لای ژوورەکەی دەموچاوێکی شۆرد و ڕۆیشت بۆ خواردنگە بۆ نانی بەیانی. بە گەرموکوڕی چووە ناو پێشمەرگەکانی دیکە و بێ ئاگا لەوەی هەر چەند سەعاتێکی دیکە پیلانێکی ترسناک و مەرگهێنەر چاوەڕوانیی دەکات. لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی پێکەوە سۆحانەیان خوارد و چوەوە شوێنی کارەکەی.

تەلەفۆنێکی بۆ هات. لە لایەن حافزە دێزەوە بوو. ئەیهەویست بزانێ هەموو شتێ وەک خۆیەتی. ئەیهەویست دڵنیا ببێتەوە کە هیوا ئامادە دەبێ. ئاخر خۆ بێ هیوا هیچ شتێ سوودی نەبوو، چونکی هەموو پیلانەکە بۆ ئەو بوو.

هیوا هەستاو لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە و جوابی حافزە دێزەی دایەوە و دڵنیای کردەوە کە ئەو حەتمەن لە دیدارەکەی ئەمڕۆیانا ئامادە دەبێ، بەڵام هەر ئەمڕۆ و ئەمجارە.

حافز لە ناو ڕێگەی هەولێر - کۆیەدا بوو. زۆر سپاسی هیوای کرد و بە هیوای دیدار، ماڵاوایی لێ کرد. بەڵام لە دڵی خۆیا پێئەکەنی ئەیوت: ئەی فەقیر، ئێژێ هەر تەنیا ئەمجارە و ئەمڕۆ، ئیتر نایێمە نێوانتانەوە، نازانێ ئەمڕۆ قەبرەکەی بۆ هەڵکەنراوە و تازە پەروەندەکەی دائەخرێ.

حافزە دێزە خەیاڵی خۆشی ئەوەی ئەکرد کە بەم کارەی ئەتوانێ زیاتر متمانەی ئاسایش بەدەست بێنێ و لەمەولا زیاتریان کار لەگەڵ بکات. لە دڵی خۆیا ئەیوت بەس پارەی چاکم بدەنێ بەخوا ئەچمە ناو گروپە تیرۆریستیەکانیش بۆیان. میهم نیە، مهیم ئەوەیە پارەی تێدا بێ، جا لایەنەکە هەر لایەنێ بێ گرینگ نیە. خۆ ئەمانە هیچیان لێ هەڵناکرێنرێ، خۆیان لەو دەشتا لە برسان خەریکن لاکەیان دێ. بەڵام خۆ ئەگەر متمانەشیان بەدەست بێنم و پێگەم لە ناویانا قاییم بکەمەوە، کێ ئەزانێ، ئاخرەکەی هەر رۆژێ قازانجیان دەبێ بۆم.

نەقیب ئەردەلان مەفرەزەیەکی ئامادە کرد و پێی راگەیاندن ئەمڕۆ دەرچوونێکمان هەیە و کەستان نەڕواتە دەرێ. پاشەن چوەوە ژوورەکەی خۆێ و تەلەفۆنی بۆ عابدی حەلاق کرد و وتێ: وەستا عابد خۆ قەول ۆ قەرارەکانمان لە جێی خۆیتی؟!

_عابد: سڵاو گەورەم، سڵاو، ئەوە ئێستا لە فیکرا جەڕەست لۆ لێدەم. ئەمن چ کێشەم نیە، هەموو شتەک وەکی گۆتیتم لە جێی خۆیتی. ئەمن لە سەر مەوعید و بەڵێنی خۆم، بەرا گەورەم ئەنگۆش دەبی لە سەر مەوعیدی خۆ بن. ئەمن دەمهەویست برێم کە ئەنگۆ پێویستە ئاگایێکۆ لەو کوڕە هیوایە بی. وەکی ئەمن تێگەییشتیمە، ئەوانەی ئەو پیلانەیان گێڕایە، ئەیانهەوێتن ئەو کوڕەی توشی بەرایەکی بکەن. جا مارۆ ئاوەدان بی، ئەنگۆ فریای من کەتن، ئەگینا خەریک بوو ئەمنیش بە دەردەکی خراپ ببەن. وەلحاسڵ ئەمم وەکی گۆتیتم حازرم.

_ نەقیب ئەردەلان: ئێستاکانێ لە کێندەرێی، خەریکی چیت؟!

عابد بەو پرسیارەی کەوتە گومانەوە و هەستی کرد خەریکن چاوەدێری ئەکەن. بۆیە لە دڵی خۆیا وتی، با خۆی لێ گێل بکەم و درۆیەک بکەم بزانم چ دەڵێن! بۆیە وتی: وەڵا گەورەم لە ماڵێمە، تاقەتی هاتنەدەرەوەم نەبوو.

_نەقیب ئەردەلان: هههههه بەڕاست بەڕاست؟! بەرا ئێستا لە چاخانەی......دانیشتووی و چایەکت لە بەردەمەو نیوەشت خواردوەتەوە و جگەرەیەکت بە دەستەوەیە، جگەرەکەشت هەر دوو بۆ سێ قومی ماوە! ئەوەت پێ کوە، ها؟!

_عابد: گەورەم بە شەرەفم هەستم ئەکرد خەریکن چاودێریم ئەکەن لۆیە وەم گۆت. بەرا خۆ پێویست بەو شتانە ناکاتن. لۆ، دیارە سیقەتان پێم نیە.

_نەقیب ئەردەلان: نا، نا، خراپ تێمەگە، ئەمانهەوێ دڵنیا بین کە پلانەکە تێک نادەی. لۆیە هەر لە هەفتەی رابردووەوە لەژێر چاودێریماندای. راستی خۆت گۆتەنی، ئەو هەتیوە گەڕە گولە، حافز تەلەفۆنی لۆ نەکردیت؟!

_عابد: نەوەڵا هێشتا نەیکردووە، بەڵام وا چاوەڕوانم، ئەها، ئەوەهانێ، ئەوە هەوە تەلەفۆنی کرد.

_ نەقیب ئەردەلان: جواب بدەوە، جواب بدەوە ، دواتر پێوەندیت پێوە ئەکەمەوە.

_عابد: بەرێ کاک حافز، کووی باشی؟ لە کێندەرێی، چ دەکەی؟! وا ئەمڕۆش بە قسەی ئەنگۆ مەوعیدمانە، برێ بزانم چتان کردیە؟!

_حافزە دێزە: سڵاو، سڵاو کاک عابد گیان، چاکی چۆنی؟ ئەمن نۆکەرتم، بە قوربانت. وەڵاهی راستەکەت دەوێ ئەوا من لە کۆیە نزیک بوومەتەوە. هەڵبەت چوار پێنج سەعاتمان بۆ مەوعیدەکە ماوە. بەڵام تەبعەن دەبێ هەندێ زووتریش بەڕێ بکەوین تاکوو سەعات سێ لەو شوێنە بین.

_عابد: ئێ، ئێ باشە بەخێر بێی. لە دڵی خۆشیا ئەیوت:

بەخوا ئەو ناوچاوانە سەوزە دێزەتم بینی، دڵم چوو کە پێ بنێیە هەرکوێ خێر و بێر هیچ، شادی و دڵخۆشیشی لێ ئەتارێنی! ئەی با بزانین چی بەدواوە دەبێ، عاقیبەتمان خێر بێ گەرچی دڵنیام خێرەکە شەڕێکی ناخۆشە. حافزە دێزە لەو پەڕی تەلەفۆنەکەوە گوتی: وەستا عابد، وەستا عابد! لە خەت ماوی؟!

عابد هەندێ شەرمی لە خۆ کردەوە و وتی ئا،ئا، ببوورە، ئەوە تەلەفۆنێکم بۆ هات، بەڵام جوابم نەداوە، بەس ویستم بزانم کێیە. هەموو شت لای منەوە رێکە کاک حافز. پێت خۆشە کەنگێ و لە کێندەرێ یەکدی ببینین؟

_حافزە دێزە: هههههها کاک عابد زانیم خەیاڵ بردوتیەوە. ئەزانم لەوانەیە ئێستا قازانجەکانت بژمێری! خەمت نەبێ، بەم زوانە وازت لێ ناهێنم، دڵنیابە لە سروەت و بەختەوەری دا نوقم ئەبی و رۆژێ لەوانەیە وەک هەندێ لە مەسول و تاجرەکان، کەس بە ئاسانی نەتوانێ بگاتە لات!

لە کاتێکا حافزە دێزە خەریکی ئەم قسانە بوو، کابرایەک لە تەنێشتیەوە دانیشتبوو، بە سەرسووڕمانەوە لە تەوقی سەریەوە تا پەنجەی پێی، چاوێکی لێکرد و بزەیەکی هاتێ. وەک ئەوەی بێژێ، ئەم قسانە بەم سەرو تەرحە ناخوا!

عابد لەولاوە بێزار و بێتاقەت لەو بەڵاو مسیبەتەی تێی کەوتووە لە چایخانەکە دانیشتووە و بیر لەو بیرە قووڵە ئەکاتەوە کە بۆ هیوا هەڵکەندراوە و خەریک بوو ئەویشی بە سەرو ماڵەوە تێبکەوێ. هاوکات گوێشی لە قۆڕیاتەکانی حافزە دێزە گرتبوو. لە دڵەوە پێی خۆش بوو پێی بڵێ: کوڕە بێدەنگ بە و دەمت داخە جاشی خۆفرۆش، بەکرێ گرتووی بێ شەرەف،

پارەپەرستی ناپیاو و بێ ویژدان! بەڵام قەولی دابوو بە نەقیب ئەردەلان کە پلانەکەیان لێ تێک نەدات.

بۆیە ناچار بوو هەندێکی دی پشووی درێژ بکاتەوە. لە بەر بێزاریی لە قۆڕیاتەکانی حافزە دێزە، عابد ناچار بوو بە جۆرێ قسەکەی پێ ببڕێ و باسی کات و شوێنی دەقێقی پێش یەکتر بیبین لە گەڵ حافزە دێزە یەکلا بکاتەوە.

هەربۆیەش بە دەنگی بڵیند وتی: یا الله وەستا مەغدید، فەرمو فەرمو، وەرە، سەرچاوم وەرە دانیشە، ئەها قسەی زۆرمان نەماوە، ئا برام چایەکی لۆ وەستا مەغدیدی بینە. لە خزمەتتدامە و هاوکاتیش وتی: کاک حافزە گیان ئەبێ بمبوری، دەی با قسەکانمان کورتتر بکەینەوە، پێش دیداری سەعات سێ، کەنگێ و لە کێندەرێ یەکدی ببینین؟

_حافزە دێزە: ببوورە وەستا عابد، قسەکانم لەوانەیە زۆر درێژ کردبنەوە، دەی قەیدی نیە، ئاخر زۆر دڵخۆشم لۆیە. باشە، ئەڵن سەیارە و شتم پێ نیە، ئیشاڵا دوای ئەو ئیشە خێرە شتێک ئەخەمە ژێر پێم. سەعات ٢، دوو باشە، سەعات دوو ئەمن هیوا دێنم و دێینە هەرمۆتە و لەوێ هەموان یەک دەگرین و جادوا سەرو بیرەیەکی بۆ دێنین و دەڕۆین بەرەو شوێنی دیدارەکەمان. پێت چۆنە؟! ها!

_عابد: ئێ ..ئێ...تەواوە. ئەمن قسەم نیە. کەوابوو تا دوایی خوات لەگەڵ!

_حافزە دێزە: زۆر باشە. ئەمن زیاتر کاتت ناگرم. خوات لەگەڵ.

_عابد: خۆات لەگەڵ. خۆشحاڵ بوو کاکە حافز. عابد زۆر بێزار و بێ تاقەت بوو لەو دۆخەی تێیدا بوو. لە دڵی خۆیەوە وتی: کوڕە هەی بەخێر نەچی، هەی بە ملی شکاو بچی، سەگی سەگباب، ئەم کێشە و بەڵایەی چبوو تووشی ئەمەت کرد!؟

لەو کاتانەدا کە هەستی ئەکرد لە دڵی خۆیا ئەم قسانەی کردووە، دەنگی دەرهاتووە و لە تووڕەییا نەیتوانیوە خۆی کۆنترۆڵ بکات. بۆیە کابرایەک لە تەنێشتیەوە دانیشتبوو و بە سەرسووڕمانەوە واقی وڕمابوو بە دەمیا. لەناکاو وەستا عابد بەخۆی هاتەوە و چاوی لێکرد کابرا ئاوا چاوی لێ ئەکا! وتی: کووی کاکە؟ باشی؟!

کابراش هەر بە سەرسووڕمانێکی تێکەڵ بە پێکەنینەوە وتی: زۆر سپاس، ئەمن باشم، بەرا ئەدی جەنابت کووی؟! هەست ئەکەم جەوت تەواو نیە یان لە شتەکی پەستی؟! بە بێتاقەتیەوە جنێوانت دەدا و...

_عابد: نا....نا... شەتەک نیە. ژیانە و مەشاکیل ئیدی. مرۆڤ هەموو دەمەکی کەیف ساز نیە. ببوورە ئەمن دەبێ برۆم. خواحافیز. ئەم قسانەی کرد و لە چایخانەکە بە دڵتەنگییەوە هاتەدەرێ. سەری داخستبوو بەرەو دوکانەکەی خۆی ئەڕۆیشتەوە و لە سەر ڕێگاکەشی هەر دۆست و ناسیاو بوو سڵاو وەستا، کووی وەستایان ئەکرد و ئەمیش؛ سەرچاوم، رۆحەکەی، ئەتۆ کووی و... بە کورتی و بە ئارامی جوابی ئەدانەوە کە لەناکاو تەلەفۆنێکی بۆ هات. دەستی کرد بە گیرفانیا و مۆبایلێکی سامسۆنگی پێ بوو دەریهێنا و وەڵامی دایەوە و وتی: ها بەڵێ گەورەم، سەرچاو، ئەمن باشم، ئەنگۆ کوون!؟ ئەمرکەن گەورەم.

لە پشت تەلەفۆنەکەوە نەقیب ئەردەلان بوو. ئەو ئەیهەویست دوایین زانیارییەکان لە عابدیشەوە بزانێ و دوایین رێنماییەکانیشی پێ بدات. بە عابدی وت: حافز پێوەندیی پێوە کردووە و لە هەموو شت ئاگاداری کردووەتەوە. بە عابدی وت تۆ هەر ئەوە بکە کەلە ئەستۆتە. کارێ نەکەی کە حافز یان هیوا گومانت لێ بکەن. بە تەواوی خۆت ئاسایی و بێ ئاگا لە هەموو شتەکی نیشان بدە. خەمت نەبێ، ئەمە ناهێلین تۆزت لێ بنیشێ.

_عابد: باشە گەورەم، سەرچاوان. ئەمن ئەوەها دەکەم کە ئەنگۆ گۆتیتانە. لەگەڵ گوتنی ئەم شتانەدا عابد دیسانەوە

سادەیی، دڵپاکی، دڵسۆزیی، نیشتمانپەروەریی، بێکەسی ، دوورەوڵاتی و غەریبی و...ی هیوای بیرهاتەوە و لە پشت تەلەفۆنەکەوە ئاگای لە نەقیب ئەردەلان نەما.

لە دڵی خۆیا ئەیوت: باشە ئەبێ ئەو میلەتە داماوە چەندی وەک هیوا قوربانی دابێ؟! دەبێ بەرپرسانی خۆپەرست و گەندەڵی بەناو رێبەر و سەرکردە چەندەیان گەنجی کورد وەک هیوا بەم شێوە بە پیلان و داو و تەڵە لەناوبردبێ؟! بە شەرمەفم بەشێکی زۆری ئەوانەی ناوی پێشمەرگە و کادیر و بەرپرس و سەرکردەیان لەخۆ ناوە لەو هەتیوە پیسە، گەڕە گولە حافزە دێزە خراپترن. ئەدی هەر ئەوانە نین ئێستا قەڵادوشان سواری ملی ئەو گەلە داماوە بوون و بە هیچ دین و ئیمانێ دانابەزن!؟

عابد خەیاڵ بردبوویەوە و ئاگای لە نەقیب ئەردەلان و تەلەفۆن نەمابوو! تەلەفۆنەکە هەر بە بناگوێیەوە بوو، بەڵام وەک کارەبا گرتبێتی، ویشک ببوو کە لەناکاو لەوبەری تەلەفۆنەکەوە نەقیب ئەردەلان وتی: وەستا، وەستا، وەستا عابد، چیە ئەوە لە خەت نەماوی!؟

_عابد بە پەشۆکاوییەوە راچڵەکا و تەلەفۆنەکەی لە بناگوێی دوورخستەوەو بەخۆی وت: هههههه وەی بابە، خۆ ئەوە لە خەتە هههەه! و وتی: بەرێ...بەرێ گەورەم، ببوورە، لە خزمەتتام. هەموو شتێ وەک ئەمرتان کردیە تەنفیزی(جێبەجێی) ئەکەم.

_نەقیب ئەردەلان وتی: شتەکی زۆرمان ناوێ لە تۆ. هههههههه بەس وریابە ئیشەکەن لێ خەرا نەکەی تەواوە. ئێستاکانەش ئیدی قسەی ئەمە خڵاس. ئەمن پێوەندیت پێوە ناکەمەوە. بەرا کە هاتینە لاتان هەندەک نواندن و شتن لۆ بکەو ئەوهالە پیشان بدە کە ئەتوش چ نازانی و شوکە بوویت.

_عابد: بەڵێ گەورەم، ئەمرتانە. کووت گۆتێیە ئەوها دەکەم. خەمت نەبی. ئەلانۆکەش ئەگەر ئیزنۆ لەسەر بی، دەبی بڕۆم، سەرەکی لای دوکان و منداران بدەم و بەرەو جێی مەوعیدەکە وەڕێ بکەوین!

بەرا گەورەم، گەورەم، ببوورە دەتوانم شتەکی بپرسم؟!

_نەقیب ئەردەلان: ها، بەدەی کوو، برێ، برێ، بپرسە.

_عابد: گەورەم شتەکی دەرێم، بەرا تووڕە مەبە، بە دەستە خۆم نیە، کە هێزەکانی ئەنگۆ دەبینم راست هەرسوکەوتی هێزەکانی بەعسم بیردێتەوە. ئاخر کە هەڵدەکوتنە سەر شوێنەکی، راست بە مودێلی بەعسی رمبەڕمب و لێدە و بکوتە، کورد گۆتەنی: هەتا قەباڵەی خۆ دەخێنیەوە، پیستت بەسەر سەرێدا دادەکەنێن!

لۆیە هەر لە ئێستاوە لەرزو ترسێم وەگیانێ کەتیە، نزانم کووی برێم، ناخۆشە وەربینە سەروگوێلاکن، پێیان برێ لێمان نەدەن

ڕەش و شینمان هەڵگێڕن و مانگەکی نەوێرم لە ماریَ دەرکەوم!

_نەقیب ئەردەلان: هەهەهەهە، نا،نا وەستا دڵەلەرزە و دڵەڕاوکەت نەبیتن. پێیم گۆتینە لە کەس نەدەن، لەوانەیە هەندەکی لەو هەتیو گەڕەگولە، حافزە هەڵدەن کە ئەو سەرو قوونەی هەر لۆ تێهەڵدانی هەڵکەتیە. بەس ئەنگۆ لێدانو بەرناکەوی.

بەرا وەستا لە برای خۆت گێت لێی بی، لە وڵاتی مە، خەرکێی مە لەوەتەی هەنە دوو چینن، چینەکەی خودا لۆ تێهەڵدانی خەلق کردینە، چینەکەی دیش خوڵقاون لۆوەی لەوان هەڵدەن.

ئەدی، لەوانەیە ئەوڕۆ من بتوانم ئەنگۆ لە تێهەڵدانی بپارێزم، بەرا ئاخرەکەی هەر بەشەکن لەو خەرکەی دەبی لە چینەکیان جێی خۆ بگرن، یان تێهەردانی بخۆن، یان تێهەردانێ لەوانی دی هەردەن!

_ عابد: بەخودای گەورەم ئەمە لەوەتەی هەینە، باو و باپیرمان هەر لە چینی ئێکەم بووینە. وەکی دەگێڕنەوە، مێژووی تێهەڵدان خواردنمان زۆر کۆنە، ئەگەڕێتەوە لۆ سەردەمی سەنجەق بوونی کۆیە. مەبەستم، لەو دەمەوەی پیاوانی عوسمانلی لێرۆکانە حاکم بووینە، ئەمە هەر تێیمان هەڵدرایە. بەخودای چاکت گۆت، ئێستاکانەش هەر وەیە، تەنیا تێیهەڵدەرەکانمان گۆڕاینە.

دەزانی، تەنیا تۆفیرەکە ئەوەیە کە تێهەردەرەکان پێشی تورک بووینە، عارەب بووینە، فارس بووینە، بەرا ئێستاکانێ خۆیینە، کوردن، هاوماریێ خۆنە.

هەربەت ئەمن پێم وایە ئەوە دۆخی هەموو کوردانە، بەوانەی ئیران و تورکیا و سوریاشەوە. ئەوە نیە حیزب و رێکخراوەکانی وانیش وەکی ئەوانەی ئێمە هەر لە ئێستاوە تەمرینی تێهەڵدانێ ئەکەن! بەخودای لێم مەگرە گەورەم، ئەمن دەزانم، بەرادەر و دۆستی زۆرم لە ناو وانیش هەنە.

زۆریان دێن لای من سەرێ خۆ چاک ئەکەن. زۆریان لە پڕێ بزر دەبن، کە لە دۆست و هاوەڵانیان ئەکۆرمەوە، ئەرێن: لە هەولێرێنە، لە سلێمانینە کارێ ئەکەن، یان گەڕاینەتەوە لۆ ئیرانێ، یان خود رۆیشتینە لۆ ئەوروپای! کە بە هوردی لێیان ئەکۆرمەوە، لۆم روون دەبتەوە زۆربەی هەرە زۆریان بەرەوڕووی گەندەری(گەندەڵی) سیاسی و ئیداریی مەسولەکانیان بووینەتەوە، دژبە ناوچەگەرایی و باندو گروپ بازی و کۆتلە بازی و جەناح و باڵبازیی مەسولەکانیان بووینەتەوە و ئاخرەکەشی بە پیلانەکی، بە بەرنامەکی تووشی بەرایەکی کراینە و ناچار سەرێی خۆیان هەرگرتیە.

ئاااای، ئای، داخ بە جەرگم، ئەترسێم ئەوانیش کەتنێی ئەمەیان بەسەر بێ، ئەترسم وەکی گۆتەنی ئەوانیش لۆ ریشێ تەقەلایێ دەکەن، وەکی مە سمێریشی لە سەر دانێن.

_نەقیب ئەردەلان: وەستا قەول بوو بڕۆی و بەپەلە بووی، دە هەڕۆ مارتا، دە هەڕۆ. لۆ من دانیشتیە باسێ مێشێ دەکاتن! بەخودای لەو کوردەی سەێرترم نەدیتیە. هەر هەموو سیاسی و تەحلیلگەرێینە! بەخودای قسان لەگەر نەنکێم دەکەم، باسی سیاسی دەکاتن و لۆمەی کاک نەوشیروان دەکاتن کە لۆ پشتی لە مامەی کردیە، لە گەر دایکی منداران قسان دەکەم، باسی رێککەوتنێی نێوان پارتی و یەکییەتیم لۆ ئەکاتن. منداران دەدوێنم هەر کامە ئەخبارەکی سیاسییان وێیە و تەحلیلم لەسەر لۆ دەدەن! بە خودای هەر مایە شێت ببم. ئەوە ئەتۆی حەلاقیش دانشتووی و خەریکی باسی کێشەی کورد و قەیراینەکانی و ریشە مێژووییەکانیم لۆ دەکەیتن! هەهەهەهەهە...

_عابد: باشە گەورەم، باشە، سەلامۆنعەلەیکم، ببوورە و لێم مەگرە، بەو خودایە هەر هەمووومان شێت بووینە. پێموایە ئەو کوردستانە شێتخانەیەکی تەواوە. جا ئیدی ئەوە ئەمن تەسلیم و بڕیمەوە، تا دوایی ئەمن بەدوعا. بەس لەسەرێت گەڕێم ئاگایێکو لێن بی. خواحافیز..

لە لایەکی دیکەشەوە حافزەدێزە گەییشتە سەیتەرەکەی کۆیە، ریش و سمێڵی سێ تێخە کردبووەوە و بۆنی خۆشی لەخۆی دابوو، وەک ئەوەی بۆ زەماوەن بچێ. لە سەیتەرەکە لێیان پرسی کێی و بۆ کوێ ئەچی؟ زەحمەت نەبێ هەویەکەت(کارتی پێناس). وتی: جەماعەتی دیمۆکراتم، ئەڕۆمە لای مەکتەب

سیاسی خۆمان. کارتە حیزبییەکەی نیشان دا. ئاسایشەکە وتی سەرچاو ، فەرمون.

کەمێ لەولاتری بازگەکەوە لە تاکسییەکە دابەزی. تاکسی رۆیشت و ئەویش وەک کۆڵبەریی کردبێ خۆی ئەکێشایەوە و پشت و کەمەری بەملاو ئەولادا ئەسوڕاند و کۆڵنجی ئەشکاند!

هەندێ چاوی لە خۆی کرد و چاوێکی لە جل و بەرگ و پێڵاوەکانی کرد و فیتۆیەکی بۆ وەزعی خۆشی خۆی لێدا و تەزبێحەکەی دەرهێناو و یەک دوو جاری بەملا و بەولادا سووڕاند، پاشان دەستی کرد بە باخەڵیا پاکەتە جگەرەکەی دەرهێنا و جگەرەیەکی رۆسمەنی نا بە لای لێویەوە و هەڵیکردو مژێکی قووڵی لێدا و لێوی لارکردەوە و دووکەڵەکەی بەرەو دەموچاوی خۆی بەبا کرد و دەستێکی بە سەرە نیوە ڕووتاوە گژۆڵەکەیا هێناو بەرێ کەوت بەرەو لای پرسگەی حیزب.

بە قەراغ جادەکەدا وردە وردە ئەڕۆیشت، تانکری گەورە گەورە بە لایا تێئەپەڕین، ( ئەو تانکرە نەوتانەی کە بە دزی نەوتە خاوەکەی پاڵاوگەی شیواشۆکیان ئەگواستەوە بۆ ئێران و پارەکەشی ئەچووە هەندێ بەرپرسی حیزبی و حکومەتی و دەنگە دەنگ و تەپوتۆزی رێگا و بۆگەنەکەیان بۆ خەڵکی ئەمایەوە).

له بەر خۆیەوە وتی: ئاااااااخ، ئاااااخ دانەیەک لەمانە هین من بووایا. کوڕە بەخوا ئەبوومە نوکەر پێڵاوەکان ...خان! ئاااای ئای، جا تۆخوا هەق نیە قەزای دانەیەک لەمانە بخەی له هەرچی حیزب و حیزبایەتی و پێشمەرگە و کوردەیەتییە!؟

لەم خەیاڵانا بوو لە پرسگەکەی حیزب نزیک بووەوە. گەییشتە پرسگە، پێشمەرگەیەک هات بەدمیەوە و وتی: سڵاو بەڕێز، بۆ کوێ تەشریف ئەبەن؟! حافزەدێزە وتی: یانێ تۆ ئەمن ناناسی؟! پێشمەرگەکە وتی: نەوەڵا بەڕێزم، هەر کەس هەن بەخێرهاتن سەرچاو، فەرمون بۆ کوێ ئەڕۆن؟!

حافزەدێزە وتی: ئەمن هاوکاری کاک شاهۆ و مخۆل ئاغام. چۆن ئەمن ناناسی. کە وای وت، پێشمەرگە فەقیرەکە کە تازە بوو، کەمێ چڵەکایەوە، لە دڵی خۆیا وتی: ئەگەر هاوکاری ئەوان بێ، یانێ هاوکاری بەشێکی زۆر گرینگە و منیش نابێ زۆری لێ بکۆڵمەوە. بۆیە زەنگی پرسگەکەی لێ دا و وتی: فەرمون، بەخێر بێن.

له ژوورەوەش شانسەکەی ئەو هەر پێشمەرگەیەکی تازە هات لێی پرسیەوە فەرمون، بەخێر بێن، بۆ کوێ ئەڕۆن؟!

حافزەدێزە دیسانەوە ئەمەشی پێ ناخۆش بوو، بە تووڕەییەوە وتی کاکە مەگەر هیچیان پێ نەوتوون؟! ئەمن هاوکار و میوانی مخۆل ئاغا و کاک شاهۆم. کارتێکی دانا و کاغەزێکیان بۆ کرد و ڕۆیشتە خوارێ.

بەدەم ڕێگاوە کە ئەڕویشت، بەردەوام، فڕکان فڕکان تانکری نەوتی شیواشۆک بەلایا ئەڕۆیشتن و ئەویش هێندە لە خەیاڵات رۆچووبوو، هەر مێشیشی لا میوان نەبوو. خەریک بوو نزیک بنکەکانی ئازادی ئەبووەوە، تەلەفۆنێکی بۆ هیوا کرد.

_هیوا: ئەلۆ، ئەلۆ، فەرماوا کا حافز. چەنیەنی، خاسەنەی، وەشەنی گیان؟ ئانە ئینای چکۆ؟

_حافزەدێزە: سڵامەلەیک، خاسەنی، وەشەنی؟ ناوەما من فرە خاس نیەنا، دوێ هەریشا چا پرسگەنە نیانەرە، بە شەرەفم رەنگا سکرتێرو حیزبیش نەشناسا هههههە! خەریک بێ نازا بەونێرە واری!

_هیوا: دەی دەی، پاسە نیا، گردێشا مشناسو، گردێ کوڕە عالێنێ، ئانە وەزیفەو وێشا ئەنجام دان. تۆیچ پاسەشا پەنە ماچە و ئنەیچ سەختش مەگێرە. رەنگا کوچێە ماتلْشا کەردەبێشی، بەڵام ئێتر خۆ دنیای کاول نەویەن. گۆش مەدە، ئانە جە دڵسۆزینە بیەن، تۆ کە دڵسۆزو حیزبێنی مشۆ ئاجۆرە دڵسۆزیاو پەنە وەشبۆ، نەک لەقەبۆ هەریشا بەیینە.

ئیسە ئینای چکۆ، پەیچی نمەی پەی لاو من؟!

_حافزەدێزە لەو قسانەی هیوا سەری ماسی بوو، تووڕە بوو، خەریک بوو لە دەخا بتەقێ. ئەیوت هەر کۆنە بەرپرسەکانی خۆی خەریکە بە هاوکاریی من بیری بۆ لێ ئەدەن، کەچی ئەم هەر خەریکی جوانکردن و جوان پیشان دانی حیزبەکەیەتی. لەبەر خۆیەوە ئەیوت: ئیسە ئەدی بە ناو زەوقیا هەر وەی و هیچیش نایژی، هەر سنان. دەی سنانەکە خاسترە جارێ.

بۆیە خۆی خواردەوە و بە پێکەنینەوە وتی: وەڵا ئانە هەر گەرەکم بێ بەونێ پەی لاو تۆ، بەخوا خۆ قەولیچم دان بە مەلا مارف و دادە گوڵێ، بەس لاو تۆم پەنە وەشتەرا. ئاخر ئاییشا هەر تەنیا وێشاننێ، منیچ وەشم جە مەجلێسو مەلا مارفی نمەی. بەخوا مۆنێ پەی لاو تۆ. بەڵام خەریکا ئەوراییینە مرو، نیمەڕۆی چێشتا هەن؟!

_هیوا: هههههە دەی دەی، خاس کەری مەی پەی ئیگە، بەڵام مزگانییێ وەشت بەونە، ئاخر تۆ لەمەکێ جە گرکەسی وەشتەر گەرەکا، وەڵا شانسو بەختەکەو تۆ، ماکەرونیما هەن. بەڵام ماکارونییێ وەش بە سۆیاوە. زوو وێو بیاونە، بەشەرەف واردێش هەن بە سەوزێوە!

_حافزەدێزە: لە سەر ئەو حاڵە بێزارو تووڕەی خۆیەوە، زۆر رقی لە ماکەرونیش بوو و لە بەختی ئەویش ئەو ژەمە حیزب ماکارونی بە سۆیای هەبوو.

_حافزەدێزە: وتی ئەی یانەو ئاوان بۆ، ئجیام ماچی کەباب کوبیدەمان بە برنج و ئەعلایوە هەن! پاسە باسو ماکارونییەکەتا بە سۆیایوە کەری، کەسێ نەشارەزا بۆ پیسە مزانۆ حەر پەی تاسۆخی موەردێش، ئێتر خۆ گرکەس پێسەو من نمەزانۆ کە ئانە وەشترین واردەیتانا و گێرتەنتا بە ماکارونیەوە هەهههەه!

دەی خاسا، خاس بەشم بازەوە، ئانە ئینام راوە، توکڵە داربەڕوشم کەری وەر،جە ئەوراییەنە هەر موەروش.

لە بەر خۆیەوە بە گاڵتەوە پێکەنی و وتی: شا ئەم برسی و تینووانە! حەی.. حەی... باوا، وا باسی ماکارونی بە سۆیا ئەکا، ئێژی بە حەیاتی خواردنی بەشەری نەدیوە!

تۆزێ مەکسی کرد و لەجێی خۆی وەستا و بەخۆی وت: ئەرێ باشە خۆ ئەوان شێت و بێ عەقڵن، من خۆم پێ ژیرو ئاقڵە! بۆچە تەلەفۆنێ بۆ ماڵی مەلا مارف نەکەم؟! لە خۆشیا زەوق و شەوقێکی کرد و بەخۆی وت:

بە شەرەفی مەحموە دێزەی باوکم، ئیسە بۆنی خواردن و دەستاوی دادە گوڵێ هەفت کۆڵانی دەوربەری خۆی داگرتێیە.

هەر خۆی بە خۆی ئەوت: کوڕە حافز، کوڕە هەتیمە زۆڵە ئەو زۆڵی و زوان چەورییەت پەی کەیەن؟! دەی وەشکەرە وەش، پە ئیسە نەبۆ پەی کەی خاسا ئاخر؟! دەی، دەی... وەی...وەی، دادە گوڵێ...وەی..وەی.. مەلا مارف....دەی....دەی...هەر وەی...کەنی وەی... دادە گوڵەکەی خوەمو

خوەی...تەلەفۆنەکەی لە گیرفانیا دەرهێناو زەنگی بۆ مەلا مارف دا...

_مەلا مارف: ئەلۆ، ئەلۆ، حافز، حافز، کوڕە ئانە تۆنی؟! چەنیەنی کوڕم خاسەنی، وەشەنی؟ ئانە چی دیارۆ نیا، پەچی هەر گومە بیای!؟ بەخوا ئجیام جارێ وەڵین جە قسەکام تووڕە بیەنی، کوڕم تۆش پیسەو زاڕۆ و وێمەنی، بەخوای من بە ئێشایتا منیش مێشۆم.

*حافزەدێزە لە بەرخۆیەوە وتی: کوڕە قەوچە قەوچی چێشیتا، تاتە حیز، خۆ من پەی ئاچیوا زەنگم نەدان، قەزاو چمچێوە پڵاو و چاشتەکێۆ دادە گوڵێ وزو جە چڕوچاوێو گردێتا!

_حافزەدێزە: سڵام، سڵام مامۆسا، خاسندێ، وەشندێ؟! وەڵا منیش تاسەو شمەم کەردەبێ. بێقەزابی، تۆیچ پیسەو لالۆ و مامۆمەنی. چەنی من جە نەسێحەتو و دەڵسۆزیو جەنابێو تووڕە مەبو؟! دەسۆ ماچ کەرمێ، گەورەو ئێمەنی. نا، نا ئەستەغفێرەڵا، بەخوا هەر وەختم نەویەن، کۆساریش سڵامش هەن پەیتا، دەستا ماچ کەرۆ. راسەکەش ئانە ئێسە من ئینانا کۆیەنە، راست بەرەو درگاو پرسگەکەو ئازادییەنە. زەنگم دان بزانو ئینایدێ یانەنە یان نا؟! ویرم کەردێندێ و گەرەکم بێ بەونێ پەی لاتا.

_مەلا مارف: ئەی حەیف، وەڵا کوڕم شانسەکەو تۆ کەسما نیا یانەنە، من ئینانا مەئموریەتو حیزبینە و لوانا پەی لاو باریکە و زەڕەیان و گوڵێش دوێ یەرێ رۆن لوان پەی لاو کناچەکێما. ئەی شەڵا یانەنە بیایایمێ، دەی...دەی... قەی مەکەرۆ، با پەی جارێوەتەری بۆ.

*حافزە دێزە خەریک بوو شێت ببێ، لە بەرخۆیەوە وتی: تۆ وەرە ئەوانیش بە ملی شکاو لە ماڵ نین. هەی خوا بەخێرتان نەباو بەخێرتان نەهێنێتەوە! ئاخرەکەی ئەمڕۆ هەر دەبێ ئەو ماکارونیە ساگ نەخورەی ئەوان بخۆم!

_حافزەدێزە: ئەی حەیف، وەڵا حەزمکەرد زیارەتتا کەرو مامۆسا، راس فەرماوی، با پەی کەڕەتێوە تەری بۆ، خۆ یانەو مامۆ و مەتیەو وێما. تۆخوا سڵامو دادە گوڵێچ بیاونە. دەی سەفەرتا بەخێر و وەشی بۆ مامۆسا گیان.

بێ وەستان و بەناچاری و لەترسی ئەوەی ماکارونیەکەشی لەدەست نەچێ، پەلە پەل و هەلە هەل بەرەو لای مەقەڕەکەی هیوا رۆیشت. راست چوو بۆ ژوورکەی هیوا، ئەویش درگاکەی لێ کردەوە. بەخێرهاتنێکی گەرمو گوڕی کرد و بەڕێزەوە بردیە ژوورەوە. پەنجەرەکەی کردبووەوە، بەڵام کارەبا نەبوو و دەشتی کۆیەش بە هاوینا و بێ کارەبا ، راست وەک چەقی دۆزەخ وایە و شەرارەی گەرماکەی ئێژی تاوی بڵێسەی ئاگرە. باکەی با هەر بوەستێ، رەشەبایەکی هەیە تیژ و گەرم، راست هەست ئەکەی پێستی دەموچاو ئەسووتێنێ.

بیریشمان نەچێ کۆیە لەبەر ئەو ڕەشەبایەی، لای خەڵکی باشوور بە کونەبا ناسراوە.

ئێ، وەک ڕواندزی ئێژن: "با بێنیەوە سەر یاسینەگۆلکی"، یانێ بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان. حافزەدێزە بۆخۆی گەرمای بوو، بە پەلەپەلیش و لە تاوی زگی هاتبووە لای هیوا و بە قەولی باشوورییان "حەماوەی زیاتر هەستابوو." زیاتر گەرم داهاتبوو. هەر ڕۆیشت و دانیشت ، لە تاوی گەرما دەستی کرد بە کفر کردن کرد. جنێوی بە عەرز و ئاسمان ئەدا، ئەیوت: ئەمە دۆزەخە یان جێگەی بەشەر؟ بەشەرەفم عارق لە دۆڵی قوونمەوە شۆڕەی تێ. لە گەڵ ئەم قسانەشا زوو زوو بە دەستماڵ یەزدییەکەی دەموچاوی ئەسڕی. هەورامی و سۆرانیی تێکەڵ کردبوو.

هیواش هەر نەرم نەرم لەسەرخۆ پێی پێئەکەنی و ئەیوت هێور ببەوە و وتی بەختەکەی تۆ ئاوی سەردیش نیە خۆت فێنک کەیەوە. ئاخر تەواوی سەرچاوە ئاوەکان تانکر بوون و لە بەرخۆرەوە ئەوانیش سوور ببوونەوە و ئاوەکەی ناویان بۆ خۆ فێنک کردنەوە نەدەبوو.

هیوا دوو لاپەڕە ڕۆژنامە کۆنەی پان کردەوە و دۆڵە نانەکەی لە تەنێشت دانا و دەورییە ناکاروونیەکە کە نانێکی بە سەرەوە بوو لە سەر ڕۆژنامەکان دانا و هەندێ سەوزی تەڕەتیزە و کەمێ جافری و دوو قولیش کەوەری ناو دەورییەکی بچووکا لە

گەڵی دانا. حافز دانیشتە سەر سفرەکە، وتی ئەی نۆشابەو ساردیتان نیە؟! هیوا وتی ناوەڵا کا حافز، بوەخشە دوکانیش دوورە بچم بۆت بێنم.

حافز هەر لەبەرەو نانی پان ئەکردەوە و ئەیکێشا بەسەر ماکاروونییا، ئەیتەپاندە دەمی و سەوزەی ئەکرد بە شوێنیا و هاوکات قسەشی ئەکرد. رووی کردە هیوا و وتی ئەرێ پرسیارێ بکەم پێت ناخۆش نیە؟! وەک جارەکەیتر نامانکەیتە جاش؟!

هیوا وتی: نا، نا، کا حافز گیان، تۆ بەڕێزی، بەڵام ئاخر پرسیار جیاوازە و بێڕێزی و تۆمەتیش جیاوازە. قەول ئەدەم ئەگەر تۆمەت و سوکایەتی نەبێ، بە پێی توانا جواوت بدەمەوە. دەی فەرمو بپرسە.

_حافزەدێزە: دەی خاسە. ماچو ئیسە ئێوە لێرە کارەباتان نیە لەم گەرما ٣٨ دەرەجا خۆتان فێنک بکەنەوە، بەڵام هەر ئیسە من هاتم سەرپایی سەرێ ماڵ مەلا مارفم دا، ماڵەکانی ئازادی گشتیان بەرقیان هەبوو. بە شەرەفم هەر لە درگاوە سەرم کێشا ناو ماڵ مەلا مارف، لە بەر هۆنەی فێنکایی خەریک بوو داوای جلی گەرم بکەم. هەر ئەتوت هایتە سەر ترۆپکی کۆساڵانا و شاهۆەوە. ئەو سپلیتە هێندە بە خۆشی، نەرم نەرمێ ئەچووە سەرەوە و ئەهاتەوە خوار و شنە بایەکی فێنکی ئەبەخشیەوە. مەلا خۆش خۆشێ بە بیجامەوە لاقی بۆ لە سەر

لاق دانابوو و عەینەکەکەی خستبووە سەر پۆپەی لووتی و موتالێعەی بۆ ئەکردا!

کە ئەوەم بینی و هاتم ئێوەشم بینی و ئەو وەزعەتان ئەبینم، کزە لە جەرگمەوە هەڵدەستێ. باشە ئاخر ئەم جیاوازییە مانای چیە؟! چۆن ئەبێ شۆڕشگێڕەکان هێندە لێکتر جیاواز بن؟!

بە رای تۆ ئەمە تا چەند راستە؟! ئایا ئەخلاقی شۆڕشگێڕی ئەمە هەڵدەگرێ؟! مەگەر د. قاسملوو نەیدەوت ئەبێ یەکێ لە تەوەرەکانی خەباتی ئێمە تێکۆشان لە دژی سیستمی چینایەتی بێ!؟ ئەم جۆرە جیاوازیی ژیان و خەباتە لە کوێی مانیفیستی حیزبەکەمانا پێناسە کراوە؟!

چۆن ئەبێ ئێوە لێرە لەم ژوورە کاگڵییانە لە گەرمای ٣٧_٣٨ دەرەجەدا بەرق نەبێ مۆبەڕیدە تراکتۆر ئاساکەیشتان هەڵکەن، کەچی گەورەکان و خانەوادەکانیان ئەربابانە ژیان بکەن و ئێوەش وەک رەعیەتی بە هەمووشت رازی، دانیشن و فزەیشتان لێوە نەیێ و ئەگەر بێتو نقەش بکەن، هەزار تۆمەتی جۆراوجۆرتان پێیا ئەپێچن و ئەتانگرن و ئەتانخەنە کونێکەوە و خۆیان بەرگی تاوان و خەیانەتکارییتان بۆ ئەبڕن و هەر خۆیشیان ئەیدوورن بە باڵاتانا و دواییش شەقێکی تەڕتان تێ هەڵئەدەن و لە سەیتەرەکان ئەتانکەنە دەرەوە و هەزار هاوار و داو و ئاه و ناڵەیش بکەن، کەس گوێچکەتان لێ ناگرێ، لەبەر ئەوەی گشتیان شەریکی ئەو تۆزقاڵە بەرژەوەندییەی ژیانە

خۆشەی سەر قەنەفە و بەر سپلیت و سەر دۆشەکی نەرم و گەرمن و لەخۆیانی ناکەن و پشتی یەکتری بۆ رەشو ڕووتێ بەرنادەن.

* لە کاتێکا کە حافزە دێزە مرق و مرق پارووە ماکاروونیی بە نانی لەواشەوە بە زۆر ئەتەپاندە دەمی و ملۆ ملۆ سەوزیی بەدوایا و جار جارێکیش قوڵت قوڵت ئاوی هەڵئەقوڕاند بە شوێنیا و لە حاڵێکا کە ملّچە ملّچە و شلّپە شلّب دەمی خول ئەدا، ئەم قسانەشی ئەکرد.

هیواش پاڵێ بە یەکێ لە قەفەسەی کتێبەکانەوە دابوو و چاوی تێ بڕیبوو و بێدەنگ گوێی لێ راگرتبوو. حافزەدێزەش وەک ئەوەی بێژێ، بەخوا ئەوجارە دام لە خاڵی رەش، تۆنی دەنگی بەرزتر ئەکردەوە و حەماسەتێکی تایبەتی بە قسەکانی ئەدا. قسەکانی تەواو بوون و چەند خولەکێک بێدەنگ بوو، دوایی چاوێکی لە هیوا کرد و وتی: توخوا قسەکانم ناهەقن؟ بە شەرەفم کە ئە تەزاد و تۆفیری ژیانەتان ئەبینم جەرگم ژان ئەکا بۆتان!

_هیوا: هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە ئارامی لەبەر خۆیەوە وتی: "کوڕە ئەم کابرا خۆ رووی کۆماری ئیسلامیی سپی کرد بەم قسانەی! تۆ بێژی من چۆن بوومەتە رەفێقی شتی وا؟! باشە ئەی چۆن هێندە لەگەڵ ماڵی مەلا مارف و ئەو بنەماڵە بەڕێزە شەهیدانەی ناوچەیە خۆیان تێکەڵاویی هەیە!؟ باشە ئەم کابرا

که باوکی پێشمەرگەی تەسلیمی و تەوابە و ئێستاش دەنگۆی جاشایەتییەکەی لە هەموو پاوە و نەوسود و نۆدشە و هەورامان و مەریوانا لە سەر زارانە، ئاخر چۆن ئەبێ هێندە رێگای پێ بدرێ لە ناو حیزب نزیک ببێتەوە. ئەی هاوار، هەر منالّە تەوابێ ئاوا تۆوی دوژمنایەتی و خەیانەتکاریی تێیا بچێنرێ، خۆ ئەشێ هەزار ساڵیتریش هەر شەڕی خائینان بکەین!

باشە هەر مانگی رابردوو بوو کابرایەکی کۆنە هاوڕێی حافز لە کانی دیناری لای مەریوانەوە هاتبوو ئەیوت ئەم هەتیوە حافزە بەسیج فەعال بووە و پێش هاتنی بۆ ئەمدیویش، لە لایەن ئیتلاعاتی سپاوە سێ مانگ دەورەی پێ بینراوە و کۆساری براشی بۆ زانیاریی کۆکردنەوە لەسەر قوتابیانی رۆژهەڵاتیی ناو زانکۆ نێردراوە، ئەو قوتابیانەی هاتوچو ئەکەن. حافز ماوەیەکی زۆر مەوادی موخەدێری لە ئیتلاعات وەرئەگرت و لە ناو لاوانی مەریوانا بڵاوی ئەکردەوە! باشە ئاخر ئەمە خۆی و براکەیشی لە هەولێر هەم لە زانکۆ و هەم لە ئاسایشگای خوێندکاران سیخوڕی بەسەر قوتابیانی رۆژهەڵاتییەوە ئەکەن! ناکرێ، نا، ناکرێ ئاوا سادە متمانەیان پێ بکرێ. هەتیوە درێژەکەی ئامۆزاشێان کار بۆ حیزبەکانی ئەودیو ئەکات و کە دێتە کۆبوونەوەکانی حیزبیش، زانیاریی بۆ ئەو حیزبە کۆئەکاتەوە کە کاریان بۆ ئەکات و پارەی ئەدەنێ. بەڵام دەی هیچ نیە، خۆ ئێمە خۆشمان جاروبارە بۆ زانیاری کوکردنەوە بەکارمان هێناوە. گرینگ ئەوەیە زانیاریی نەدەینێ و هەوڵ بدەین نەهێڵین زیان بە حیزب و حیزبییەکان بگەیێنێ.

هیوا دواتر رووی کردە حافزەدێزە و بە پێکەنینەوە وتی:
"حەک ماڵۆ نەڕمێ حافز ، کوڕە هەتیو تۆ ئەم قسانە لە کوێ دێنی؟! ئەگەر چاو لە ماڵپەڕەکانی دیار و نادیار و تابناکی سپا و ئیتلاعاتیش بکەی هەر ئەم قسانە ئەکەن. ئاخر نەک تەنیا کارەبا، بەڵکوو تەواوی ئیمکاناتی حیزب بۆ هەموو کادر و پێشمەرگەیەک وەک یەکە. ئاخر تۆ بیری لێ ناکەیتەو بلێی ئەم قسانە هەر ئەو قسانەن کە لە مێدیاکانی ڕێژیم وەک شەڕی ڕەوانی لە دژمان بەکاری دێنن؟!"

_حافزە دێزە: کاک هیوا، کاک هیوا..ئاپاسەیچە نە، نا، پاسە نیا، خراپ جە من یاوانی....کاک هی...

* هیوا تووڕە بوو لێی، زوو قسەکەی پێ بڕی و وتی: " مدرە، مدەر کاکە حافز، مدە ، تۆ ئاگردە قسەتە کەرد، من چیویەم وات؟! قسەکام پەنە بڕای؟! خواییش کەرۆ مدرە ، ئێتر نۆگەو منا."

کردیەوە بە سۆرانی و وتی: "زۆرم پێ ناخۆشە ئیدی کەسانی حیزبی بێن و کاوێژی ئەو ژاوەژاوەی دوژمن بکەنەوە و بیانهەوێ بە خوردی باشترین رۆڵەکانی ئەو میلەتەی بدەنەوە کە پێشمەرگە و حیزبییە شۆڕشگێڕەکانن. بەڕاستی کا حافز من بەجێی تۆ شەرم ئەمگرێ! ئاخر ئەزانی ئەو کەسانەی تۆ خەریکی باسیان ئەکەی، تەمەنێک واتە ٤٠ ساڵیان خەبات بۆ رزگاریی ئەو گەلە کردووە؟

ئەی ئیدی ئەگەر ئیمکانات و رەفاهیاتێکی سادەشیان هەبێ بۆ مەگەر تاوانە!؟ ئیجا ئیدی بۆ ئەبێ بە ئێمەش ئاوا بۆغز لەدڵانە گوپ هەڵماسێنین و فوو بە زوڕنای دوژمنا بکەین!؟

ئەیچی کاکە حافز، تۆ بیرێکی لێ بکەوە، لە نیشتمانەی ئێمە لێی ئەژین، خەڵکی ئامادە نین نان بدەن بە شۆڕش و پێشمەرگە، کەچی ئەمان سەخاوەتمەندانە گیان و ژیانیان بە نەتەوە و نیشتمان بەخشیوە و ئەبەخشن.

*حافزەدێزە لەم قسانەی هیوا واقی وڕمابوو و مات و بێدەنگ ببوو. فزەی لە خۆی بڕیبوو و سەری داخستبوو و پاکەتە جگەرەکەی لە ناو دەستی دانابوو و ئەیسوڕاند و وادیار بوو یان بیر لە قسەکانی هیوا بکاتەوە یان لە بیری سازکردنی چەند قسەی ژاراویی دیکەدا بێ.

بەڵام هیوا لەگەڵ بێدەنگییەکەی حافزەدێزەدا بۆ چەن چرکەیەک بێدەنگ بوو و کەوتە بن دەریای خەیاڵاتی واقیعێکی تاڵی ئەو وەڵامە خۆفریودەرانەی بە حافزەدێزەی ئەدانەوە.

سەرئەنجام مشتومڕ کەوتە نێوان هیوای شۆڕشگێڕ و هیوای خۆفریودەر. بۆیە هیوای شۆڕشگێڕ چوو بەگژ هیوای واقیع. هیوای شۆڕشگێڕ بە هیوای واقیعی وت: باشە ئاخر تۆ چە شۆڕشگێڕێکی کە ناتوانی لەگەڵ خۆت راستگۆ بی؟!

تۆ چە شۆڕشگێڕێکی، چ پێشمەرگەیەکی کە ناتوانی راستییە تاڵەکانی شوڕشەکەت قەبوڵ بکەی و وەک شۆڕشگێڕێکی

راستەقینەی رێبازی قاسملو بەرەوروویان ببیتەوە!؟ نەکا ئەترسێی و لە واقێع رائەکەی و ئەتهەوێ تۆش ببیە دەستەمۆیەکی دیکە؟! توخوا شەرم ناکەی ناوی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕت لەخۆ ناوە ، کەچی هەم ناوەکە و هەمیش سیفەتەکە تەنیا وەک روالّەت و نیقابێ بەکار دێنی؟!

ویژدانی شۆڕشگێری هیوا بە ویژدانی دەستەمۆی هیوای ئەوت: حەک داڕزێی های، بەشەرف بمری باشترە لەوەی غیرەت، کەرامەت، شەرف، ئەخلاق و شۆڕشگێڕیت هەوسار و لەغاو و زین بکەی و وەک ئەسپێکی دەستەمۆ بیدەی بە دەستی حەز و خۆزیای کەمپ نشینی و باوڕە کەمپ نشینەکانەوە. ئەوانیش بە کەیفی خۆیان سوار سوارێنێت پێ بکەن!

.

بۆیە لە بەر خۆیەوە بە حافزە دێزەی ئەوت: " راست ئەکەی، گەرچی تاڵە بەڵام هەر دیسان تۆ راست ئەکەی. بەڵێ، قسەکانی تۆ ناهەق نین، بەڵام جورئەتی قەبوڵ کردنیان دەوێ. کێشەکی دیکەش ئەوەیە کە تۆ تەنیا بەرکار دەبینی و سەرنجت بۆ لای هۆکار ناچێ یان لەوانەشە هەر نەتهەوێ سەرنجی هۆکار بدەی. ئەگینا قسەکانت وەک درکاندنی راستی، ناهەق نین. ئەوەی ئێستا هەیە ناتوانی ناسناوی شۆڕش و خەباتی لەسەر دانێی.

.

بەشێ لەوانەی لێرەن و پێیان ئەوترێ "سەرکردە" لە راستیدا سەرکردە نین، تەنیا کۆمەڵێ" سەرکەردە"ن و بەس. ئەوان رۆحی شۆڕش و شۆڕشگێڕییان تێدا بەزیوە. ئەوان تەسلیمی کەمپ و ئێرادە و ژیانی کەمپنشینی بوون و رازین بەو دۆخەی تێیدان. پێشیان خۆش نیە لێیان تێکبدرێ. ئەگەر کەسێ هەوڵ بدات لێیانی تێکبدا، وەک تێکدەرێکی راسپێردراوی دوژمن لێی ئەڕوانن.

.

لەم تەشاوی و دلاقەوە زۆر پرسیار، رەخنە، روونکردنەوە و تێبینی وەک تێکدان و وەک ئاژاوەگێڕی سەیر ئەکرێن. ئەبێ ئاگات لێ بێ، چونکی وشەکان پۆلێنن، وشەی یاغی هەیە و هی دەستەمۆ. هەندێ وشە هەن دەستەمۆی کەمپن، هەندێ وشە و چەمکیش یاغی لە دۆخی کەمپنشینین. هەر کەس دێتە ناو کەمپەکان، پێش هەموو شتێ ئاگادار ئەکرێتەوە کە ئێمە بۆ پاراستنی دەستەکەوتی کورد لە باشوور، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کورد لێرەین، قوربانی ئەدەین و ئەمەش بەشێکە لە لوتکەی شۆڕش. ئەمە لوتکەی خۆڕاگرییە، لە گەرمای ٤٠ دەرەجەی کۆیە و لەبەر رەشەبای سووتێنەری رۆح و جەستەدا، نیگابانی بدەی!

.

شۆڕش شۆڕشی لەخۆی کردووە، بە کورتیەکەی شۆڕش زیاتر لە بیست ساڵە پووزەوانەی لە پووز کردوەتەوە، بیست ساڵە ئیدی بەجێی پێڵاوی ئادیداسی چیاو شاخ و کەمەر، پێڵاوی شیبرەوی سەر کاشی و ئێسفاڵت ئەپۆشێ، هاوینان تیشێرت و کراسی قوڵ کورت لەبەر ئەکا و گۆرویێی تۆڕی ئەپۆشێ.

شۆڕش لەمێژە بەجێی سەرینی کۆڵەپشتی و کلاشنیکۆف و گولە ئار. بی. جی، سەرینی خوری و پەڕە باڵندە لە بن سەر دائەنێ. ئەدی شۆڕش بەخۆی ڕاگەییشتووە، نازی خۆی ئەکێشێ، ئیدی بنهەنگڵی ئارەقە ناکات، بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستێ شۆڕش ئێسپری ئارقبڕ بەکاردێنێ. ئیدی ئاسان نیە بۆ شۆڕش ئاوی قەوزاویی بۆن ساردی چەند رۆژ ماوەی کانیاوێکی سەر ڕێگا لە ناو قومقومە بخۆاتەوە، بە ئاو و شەربەتی تەرزەیی ناو یەخدان و یەخچاڵ و ئاوسەردکەرەوە ڕاهاتووە. ڕاستیەکەی شۆڕش بەتەواوی شۆڕشی لە خۆی کردووە!

.

درۆ نیە ئەگەر بێژین شۆڕش هەم ڕەنگ و هەمیش خووی حیزب و ڕێبەرایەتی و کۆمەڵگای باشووری گرتووە. خۆ شۆڕشی بێ چارە لەو هەلومەرجەشدا ناهەقی نیە کاکە. تۆ زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە دۆخێکا بژی، ئەبێ خۆڕاگریی حەزرەتی فیلت هەبێ کە تێیدا هاوڕەنگ و هاوخو نەبی. ئەو شۆڕشگێڕانەی سەردەمانێ هیوای نەتەوەکەیان بوون، پاش ئەوەی چیاکانیان تەسلیمی پێدەشتەکان کرد و عاخیان خستە کەمپەوە و شۆڕشیان بە هەزار بڕو بیانوی پاراستنی ئەزمونی باشوور خستە قەفەسی کەمپەکانەوە، ئیدی بوونە یادگاریی هیواکان.

پاشانیش خۆ ئەزانین شێر و پڵینگیش هەر ئەوەندەی قورسە بیانخەیە قەفەسەوە، ئیدی ئەتوانی بە ئاسانی دەستەمۆیان بکەی، خووی شێرایەتی و ڕاوچیەتییان تێدا بمرێنی و لەودیوی

قەفەسەکەوە بە ئاسانی تووتکە سەگیش ئەتوانێ لێیان بوەڕێ و پشیلەش خۆیان لێ بکاتە شێر و لێیان بمرێنێ.

ئەوان رۆژگارێ هیوا بوون، وەک ئەستێرەی رێگا، وەک خۆری بەخت و وەک تیشکی ئاسۆ رێگایان، هیوایان ئەنواند. لەو هیوایانەی کە هاتبوون ببنە هیوای رزگاریی گەل و نیشتمانێ، کە هەزاران خولیاو ئارمان و هیوایان لە باوڕی لەشکان نەهاتوویانا بونیات نابوو، هەر هەموو بوونە ئامانجی دێوەزمەی تیرۆری دوژمن بە دەستی رەشی برا خائین و گەلفرۆشەکان و بە جێی نیشتمان، گۆڕستانێکیان بە ناوی گۆڕستانی هیواکان لەو دەشتە قاقڕستانەی کۆیە ئاوەدان کردەوە!

هەروا حافزەدێزە بێدەنگ بوو و هیوای شۆڕشگێڕیش هەر لەبەرخۆیەوە خەیاڵی ئەکرد و ئەیوت: بەڵێ، دیار نیە ، من و ئەو هەموو هیوایەی لێرە دەیانبینی، هەر هەموو لە عەزرەت و حەسرەتی ئازیزان و نیشتمانمان ئەبینە خۆراکی بەرژەوەندیخوازی، جەناحبازی، ناوچەگەرایی و سەرئەنجام وەک تاسەبارێکی گۆڕغەریب، بە گۆڕستانی هیواکان ئەسپێردرێین یان ئەبینە ئامانجی رقی تۆڵەی ناوچەگەرایی و جەناحبازیی هاورێیانی دەسەڵاتدار و بە قەولی تۆ بە پیلانێ ، بێدەنگ ئەمانگرن یان بەگرتمان ئەدەن و لەکۆڵ خۆیانمان ئەکەنەوە.

کەس نازانێ، کەس ئاگای لێ نیە کە سەدانی وەک من، وەک درێژەری رێگای پڕسەروەریی شەهیدان بە کردەوە، پەڕ و باڵیان پێوە هاتووە و وەک هەڵۆی پێ بە داو، هەر لە جێی خۆیان پەلوپۆ ئەکوتن و هیچیتر. کێ ئەزانێ...کێ ئاگای لێیە کە ئێمە لێرە وەک مۆم ئەسووتێین، ئەتوێینەوە و تەنیا پێشکە خوێنمژەکان و دووپشکە رەشەکانی ئەو دەشتە لە رووناکییەکەمانا ئەماندۆزنەوە و پێمانەوە ئەدەن!

هەر بینا ئێمەش ئەو دڵە پڕ هیوا و ئاوات و تاسەمان بە دیداری نیشتمان شاد نەبووەوە و لێرە لە تەنێشت هاوڕێیانمان بووینە میوانی هەمیشەیی گۆڕستانی هیواکان، بەڵێ گۆڕستانی هیواکانی رۆژهەڵاتمان خەریکە ئەبێتە کابوسی خەونەکان.

بۆیە لالۆ حافز تۆ راس ماچی. ئینە تاوانو تۆ نیا، چارەنووس و ئیمەیچ نیا، بەڵکوو وێکەردەێن، پیسەو کەرگی وێما خۆڵەما کەردەن سەرەو وێمارە. بە دەم ئەم قسانەوە هیوا چاوێکی لە سەعاتەکەی کرد و بینی سەعات نزیک دووە، خێرا رووی کردەوە حافزە و وتی:

وەەسا، وەس، وێت حازر کەرە با بلمێ، وەختو دیدارەکەتانا. بەڵام وەشڵا کریایا تەنیای لوایایدێ. ئاخر هەر ئێحتیاجیچتا بە من مەگنۆ!

_حافزەدێزە: دەی، دەی وەشکەرە، با بلم. واز چی قسانە بارە. تۆ براو منەنی و بێ تۆ هەنگاوێی نمەلو. جا وەشکەرە با پێوەرە بلمو، ئا. مزانی؟ چی قسایچتە فرێ بێ تاقەتە بیانێ. مزانو راست نماچی، مزانو وێچت مزانی قسەکاو راسە نیێنێ. مزانو عەزاب ویژدانیشۆ هەن کە پیسە ویانەشا پەی ماریۆە و غێڵ جە وێچۆ مەکەری. وەشڵایا گردێشا پیسەو تۆ بیایاینێ، بەڵام وێو عال مزانی ئاپاسە نیا. حازرێنێ کەراتا پەیژە و پلەکانێی پەی سەرکەوتەێو وێشا. دەی ئێتر ئی باسەو چەنی نمەکەرو. هۆرزە، هۆرزە با بلم..

_هیوا: خاس، ئێتر با واز بارمێ چی باسا. هەمدیسانیچ ماچوە، وەشڵا تەنیای لوایایدێ، ئاخر خۆ هەردووکتان کوڕی چاکن و جێگای متمانەن بۆ یەک. منیش هەندێ کارم هەیە، زەروورن دەبێ بیانکەم. با من خەریکی ئەو کارانەم بم. ئەگەر ئەکرێ بۆ خۆتان بڕۆن پێکەوە دانیشن و تەواو. کێشەیەکیشتان هەبوو ، پێوەندیم پێوە بکەن.

وادیار بوو هیوا هەستێکی باشی نەبوو، دوای ئەو قسانە مات و بێدەنگ ببوو. هەستێکی ناخۆش و نادڵنیا لە چرچولۆچ و حەرەکاتی حاڵەتی دەموچاویا دیار بوو، هەستەکەی پێی ئەوت: لەگەڵ ئەو هەتیوە کارەساتەدا(حافزەدێزە) مەڕۆ، تووشی کارەساتێکت ئەکا! بەڵام ئاخرەکەی حافز هەر وازی لێ نەهێنا، تا هەڵیکەند و بردی.

_حافزەدێزە: دەی ، دەی هۆرزە وێت حازرە کەرە، بەخوا بێ تۆ چیگەنە مەجمیو، مشۆ بەی چەنیم، رەفێقو نیمەڕای مەبە. هەتیو خۆ سنەیی نیەنی رەفێقیەکەو تا دەور مەیانی بۆ! خەێربۆ، شەڕبۆ، نیەتم کەردەن شەریکە بۆمێ. ئەر نمەی چەنیشم، ئەهاااا ئا، ئانە تەلەفۆنەکەم بەرئارد، یەواشێ تەلەفۆنیێ پەی ئەردە(خەریک بوو ناوی نەقیب ئەردەلان بێنێ)....عەفو، پەی ئۆسا عابدی کەرو و ماچو کاکە رەفێقەکەما نمەێ و منیچ نمەتاوو بۆنێ. خاسا؟!

_هیوا: ئەحااا، تەحاااااا، عەجەب گیرێکم کردووە بە دەستەوە! باشە کاکە، باشە، بەڵام هەر بەو شەرتەی کە پێشتر باسمان کردووە. من ئەڕۆم لە دوور ئێوەوە، لانیکەم ٢٠مەتری ئێوەوە دائەنیشم، ئێوەش بۆ خۆتان مامەڵەی خۆتان تەواو بکەن و تەواو و بڕایەوە.

_ حافزەدێزە: هەر ئانەیچە وەسا! ئەی قوربانۆ بو، نۆکەرتەنا، نوکەرو وێت و تاتەیتەنا. ئەی قەزاو وزو مەلا مارفی، ئەی عەلیە یابوی کەرو نۆکەرت!

دەی خاسا، با بلو دەسیە بە ئاوی بیاونو و بەووە، جا ملمێ. ملمێ لاو هەرمۆتەی، چاگەنە وەسا عابێد ماتڵمانا. چەن قوتویێ بیرەی مەسانمێ و پێوەرە ملمێ پەی لاو تەقتەقی. ئێجۆم ئایی یاگێوە وەش و بێدەنگی چاگەنە شکە بەرۆ.

_هیوا: دەی، دەی وەشکەرە، وەشکەرە با بلم. حافزەدێزە ڕۆیشت و هیواش دیسان کەوتەوە بن گۆمی خەیاڵات و لە بەرخۆیەوە ئەیوت: باشە مخوڵ ئاغا و شاهۆ بە زەڕەبین بە شوێن خاڵی لاوازی منا ئەگەڕێن! ئەی ئەگەر خۆیان یان نۆکەرە جاسوسە ناوچەگەراکانیان لە گەڵ ئەمانا بمبینن ئەڕۆم بەرەو لای تەقتەق، ئەشێ چۆن بیر بکەنەوە!؟

هەر خۆشی ئەیوت: نا، نا، ئەی باشە خۆ ئەم هەتیوە گەڕەگولە(حافزەدێزە) دوای نەقڵی من بۆ ئێرە، لەگەڵیان پێوەندیی نەماوە!؟

هەر خۆشی ئەیوت: با، با، هەر خۆم جارێ بەچاو خۆم بینیم چوو بۆ ئەوێ! یانێ؟! دەی یانێ لەوانەشە حافزەدێزە سیخوڕی بکات بەسەر منەوە بۆ ئەوان!

بەڵام شتی وا چۆن ئەبێ؟! حافز خۆی پێشنیاری کارەکەی کردووە و خۆ من شەریکیشیان نیم، ئەو پەڕەکەی خۆیان شیرینییەک لە قازانجەکەیان بە من بدەن، نەشیدەن خۆ هیچم پێ ناکرێ.

هەر جیا لەمانەش خۆ مامەڵەی دەمانچە و چەکوچۆڵ تا ئێستا لەم هەرێمە شتێکی قەدەغە نیە و بازاڕی چەکوچۆڵ لە شارەکان بە نهێنی و ئاشکرا هەر هەیە. ئێتر بۆ ئەبێتە کێشە؟! بۆ ئەبێ من لێی بترسم؟!

هیوا بەم جەشنە بیری لە زۆربەی ڕەهەندەکانی ئەو دانیشتنە ئەکردەوە بێجگە لەوەی کە شاهۆ و مخول ئاغا پیلانێکی وایان لێ گێڕابێ!

حافزەدێزە هاتەوە و وتی یالا، دەی با بڕۆین. هیوا درگای ژوورەکەی قوفڵ کردو بەڕێ کەوتن. دوانیوەڕۆیەکی زور گەرم بوو، زەوی هەڵمی لێ هەڵدەستا، جادە قیرتاوەکەی کۆیە تەق تەق کە بە تایەی تانکرە نەوتەکانێ شیواشۆک کاول و چاڵ چاڵ ببوو ، پینە قیرەکانی لە گەرمادا شل شل ببوو و ئەجوولا.

هەستێکی نادڵنیا سەراپای هیوای داگرتبوو. دڵی لەو کارەی بۆی دەچوون، پێچەوانەی گەرماکەی ئەو رۆژەی دەشتی کۆیە، ساردی سارد بوو. هەنگاوەکانی پێچەوانەی ئێرادەی شۆڕشگێڕانەی زۆر شل و نیگاکانی سڕ و سارد بوون. بەگشتی زۆر نادڵنیا بوو و دڵی خەبەری دابوو کە لێقەومانێ لەرێی دایە. هەواکەی هێندە گەرم و ناخۆش بوو کە هەتا لای هەرمۆتە کەسیان نەبینی.

حافزەدێزە بۆ ئەوەی هیوا سەرقاڵی قسە بکات، چەند پرسیاری دوابەدوای یەکی لێ کرد، بەڵام حافز زۆر بە کورتی و بە ئا و نا و نازانم لە کۆڵ خۆی ئەکردەوە.

هەر چۆنێ بێ گەییشتنە هەرمۆتە. چوونە دوکانێکی مەشروب فرۆشتن، ئاخر هەرمۆتە ئاواییەکی مەسێحی نشینی کۆیەیە کە چەندین دوکانی مەشروب فرۆشی لێیە.

حافزەدێزە خێرا بیرەیەکی داوا کرد و هەڵیقۆڕاند. زوو زووش لە درگاکەوە سەری ئەکێشایە دەرێ، وەک ئەوەی بێجگە لە عابد چاوەڕێی کەس یان کەسانێکی دیکە بێ. ئاخر دیار بوو کە لەگەڵ عابد دەبوا سەعاتی ٢ دوو لەوێ یەکتر ببینن.

هیواش لە ناو دوکانەکە لە سەر سەندەلییەک دانیشتبوو، چاوی لە قەفەسەی مەشروبەکان ئەکرد بەڵام دیار بوو خەیاڵی لە جێگایەکی دیکە بوو. هیوا لەبەر خۆیەوە ئەیوت: ساڵانێکە لەو حیزبە بە سەربەرزی، بێ پەڵەیەکی بچووک، بێ نوقتە زەعفێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی خەریکی خزمەتی، کەسایەتی و پێگەی خۆت بەباشی پاراستووە، باشە ئەدی ئەگەر ئەمڕۆ تووشی پیلانێ بووی؟! ئەی ئەگەر ئەمڕۆ بە شوێنتانەوە بوون و ئەوانیان گرت و تۆش لەگەڵیانا؟! خۆ ئەو خەرمانە خزمەتەی چەندین ساڵە بە دڵسۆزی پێکەوەت ناوە هەر هەمووی ئەسووتێ! نا، نا، نابێ شتی، خراپ نابێ، بیری خراپ مەکەوە کوڕە!

لەم خەیاڵانەدە بوو کە حافزەدێزە زەوقێکی کردو وتی: ئەها ئەرێوەڵا، ئەوە کاک عابدیش هات! عابد ماشینەکەی لە بەر درگاکە راگرت و هاتە ژوورێ. سڵاو و چاک و چۆنییەکی گەرموگوڕی لەگەڵ کردن و وتی: دەی، یاڵا با بڕۆین، حەز ناکەم زۆر لێرە بین.

حافزەدێزە وتی: یەکێ دوو بیرەی تۆبۆرگ میوانی منن. وەستا عابد وتی: وەرە، وەرە پێویست ناکات، من ترمۆزم(فلاکس) هەیە، بیرەی ساردی تێیایە. وەرن سوار بن. سواری سەیارەکەی عابد بوون، سەیارەیەکی دیکە هات بەلایانا تێپەڕی. عابد رەنگی پەڕی، هیوا پرسی، چیە کاک عابد؟! ئەڵێی باش نیت، هیچ روویداوە؟!

عابد وتی: نا،نا شتێکی وا نیە، بەڵام ئەو سەیارەی بەلامانا تێپەڕی دیتت؟! هیوا وتی: بەڵێ، بەڵام چی بوو؟! عابد وتی: ئەوە سەیارەی ئاسایش بوو، کابرایەکی تێدابوو کە چاکی ئەناسم، نەقیبی ئاسایشە، ناوی ئەردەلانە. تۆ بڵێی پێوەندییان بە ئێمەوە نەبێ؟!

هەڵبەت عابد ئەیزانی بە پیلانەکە، بەڵام ئەیەویست ترسێ بخاتە دڵی هیوا و لە رۆیشتن لەگەڵیانا تووشی گومانی بکاتو پەشیمانی بکاتەوە. بەڵام هیوا لەو کەسانەیە کە کاتێ بەڵێنێ ئەدا ئامادەیە لە پێناو بەڵێنەکەیا سەری دانێ. پەشیمان بوونەوەی زۆر ئاستەمە، تەنانەت ئەگەر رێگاکەی پڕخەتەریش بێ.

بۆیە پێش ئەوەی حافزەدێزە کە دەمی داچەقابوو و لەترسی پەشیمان بوونەوەی هیوا، یان ئاشکرا بوونی پیلانەکەی لێوی ویشک هەڵگەڕابوو و تەوێڵی عارەقەی کردبوو و بەس چاوی لە هیوا و عابد ئەکرد و خواخوای بوو هیوا پەشیمان نەبێتەوە.

هیوا وتی: نا، نا کاک عابد خۆ پیاومان نەکوشتووە، چیە کاکە؟ چی دەبێ؟! برۆ کاکە برۆ، بەشەر کە کارێکی گوماناوی ئەکات، هەموو دەوروبەری لێ دەبێتە دڕدونگی و گومان. لێخوڕە، لێخوڕە بابڕۆین.

عابد ئاشقی گۆرانیی هونەرمەند نازدار بوو، زەبتەکەی ئاخر دەنگ کردبوو و فێنک کەرەوەکەی هەڵکردبوو و بەرەو لای تەق تەق بەڕێکەوتن. کە بەلای بنکەکانی حیزبا تێدەپەڕین، هیوا دڵی توندتر لێ ئەدا. خواخوای بوو زووتر ئەو گێچەڵە لە بنکەکانی حیزب دوور بخاتەوە. کەمپی ئازادی و ئامێریەیان جێ هێشت. نزیک دوو کیلومەترێ لە بنکەکانی حیزب دوور کەوتنەوە تۆقێ داربەڕووی لێ بوو، حافز وتی: وەستا عابد ئاهاااها ئێرە، ئێرە ئەرێ ئێرە زۆر باشە، لادە ئێرە، لێرە باشترمان دەست ناکەوێ.

لایان دا ئەوێ. ئاخر نەقیب ئەردەلان بە عابدی وتبوو ئەو هەتیوە حافزەدێزە لە هەرکوێ وتی رایگرە، رایگرە. هەر لە قەراخ جادەکەی تەق تەق نزیک پەنجا میتر لات ئەدا، جێگایەکی قوتار و بێدەنگ بوو. زۆر تەنیا و ئارام بوو، تایبەت بۆ دانیشتنی مەشروب خواردنەوە دەشیا. دابەزین و ماشینەکەی عابدیان کردە پەنا بۆ شوێنی دانیشتنەکەیان. سەرو بیرەیەکیان دەرهێنا، عابد باقلەی کوڵاوی لەگەڵ خۆێ هێنابوو بۆ لای بیرەکانیان، بەڵام باقلەیەکی ساردەوەبوو، ساردەوە بوو وەک جەستەو دڵ و هەناسەی هیوا نووستووەکانی گۆڕستانەکەی پشت فێرگە. بەڵێ وەک دڵە سارد و بێ هۆمێدەکەی ئەو هەزاران یەکگرتووخوازەی کە رێبەرایەتیی بەرژەوەندیخوازی دوو لایەنی حیزبی دیمۆکرات، هێندەی پێستی دنکە باقلەیەکی ساردەوەبوو حەسابیان بۆ ناکەن!

هیوا بیرەیەک و قاپێ باقلەی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و وەک وتبووی رۆیشت لە پانزدە بیست میتری ئەوانەوە لە سەر پارچە کارتۆنێ وەک منااڵە ئاوارەیەکی شنگال، وەک هەتیو کەوتوویەکی هەڵبجە، وەک بەجێماوێکی ئەنفال کز و لارەمل دانیشت. عابدیش رۆیشت دەمانچەکانی لە سندوقی ئۆتومۆبیلەکەی دەرهێنا و وتی: وەک وەم گۆتن، هەر ئەو هەفتەم لۆ پەیدا کرا.

حافزەدێزە وەک لەکۆڵ خۆکردنەوە، چاوێکی لە دەمانچەکان کرد، گورجێ هەستایەوە سەر پێ. بیرەیەک بە دەستیەوە، جگەرەیەک بە دەمیەوە و جارجارەش وەک عادەتی خۆی، تاوێ لای قوونی هەڵئەکڕاند و تاوێ ناوگەڵی. کە لەو هەڵکڕاندنانە رزگاری بوو، موبایلەکەی دەرهێنا و وتی: وەستا عابد دەستەکانت خۆش بن، وەڵا من زۆرم بەدڵن، دەمانچەکان تا بڵێی جوان و خاوێنن، ئێستاش کاتی خۆیەتی من وەفا بە وەعدەکەی خۆم بکەم! با زۆر هەم ئێمەو هەم ئەوانیش ماتڵ نەبین. من تەلەفۆنێ بۆ برادەران ئەکەم بێن و پارەکەمان پێ بدەن و دەمانچەکانیان وەرگرن.

لەگەڵ ئەم قسانەدا تڵق سەری قوتووە بیرەکەی شکاند و لە حاڵێکدا کە کەفی بیرەکە لەسەریەوە ئەڕژا، زمانی ئەهێنا بە دەور قوتووەکەدا و کەفەکەی هەڵئەلووشی. بە دەنگی بەرز وتی: بە خۆشی سەرکەوتنی ئەم مامەڵەیە و بە سەلامەتی ئێوە. لەگەڵ ئەم قسانەدا کەمێ دەمو لەوچەی دوور خستەوە و قومێکی لە بیرەکەی دا!

عابدیش کە بە دزیی حافزەدێزەوە ئاگاداری بابەتەکە بوو، هێندە تووڕە بوو، چەقۆت لێ دابا، خوێنی نەدەڕژا. وەک گا و بۆ چەقۆی قەساب بڕوانێ، بە بۆغز و نەفرەتەوە چاوی لە حافز ئەکرد و چاوییێکیشی لە هیوا ئەکرد کە لەولاوە بێدەنگ دانیشتبوو و دوور ئەڕوانی. دووری دوور. هێند لەو روانینەی قووڵ ببووەوە کە هەر ئاگاشی لەو هەڵبەز و دابەز و جرت و فرتانەی حافزەدێزە نەبوو.

ئەو چاوی بڕیبووە دوایین لوتکەیەک کە ئەیبینی، دوایین لوتکەی چیایەک لە پشت شارۆچکەو رووباری تەقتەق بوو. کە دەشتێکی رووتەڵەی کاکی بەکاکی لەپێش دیار بوو. ناشارەزا وای ئەزانی بە سەعاتێ بە پێیان لەوێوە ئەگاتە رووباری تەقتەق، کەچی دەشتێکی رووتەڵەی پڕ لە شیو و دۆڵ و هەورازو نشێو بوو کە لەوانەیە بە هەفت هەشت سەعاتیش نەگەیشتبای!

لەم کاتەدا بوو کە هیوا دیسانەوە کەوتبووە بن گۆمی خەیاڵات. بە خۆی ئەیوت: ئەزانی هیوا ئەم خەباتەی ئێمەش بۆ ئەوانەی تازە هەنگاوی تێ دەنێن، راست بە چیرۆکی ئەم دەشتە بەرەهووت و چیایەی پشت تەقتەق ئەچێ؟!

ئەزانی ، ئەوانەی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران چەکیان هەڵگرت و دایانە چیاکان، سەرەتا وایان ئەزانی ئەم رێژیمە جەلادە هەر ئاخرەکەی دوو ،سێ مانگی پێ ئەچێ و ناگاتە نیوە ساڵێ، هەڵدەوەشێتەوە و کوردستانیش بە مافی خۆی ئەگا و ئەوانیش ئەگەڕێنەوە لای ئازیزانیان؟! زۆرمان هەن کە بەو نیاتە هاتن و ئەوا زیاتر لە سی ساڵە رێگا ئەبڕن و هەر

نەگەییشتن و گەییشتنیش بەم حاڵە حاڵە و بەم کەمپ نشینییە هەر نادیارەترە لەوکاتە!

واتە رێگای خەبات سەرەتا بۆ هەموو کەس ئاوا دیارە، وائەزانی هەر هەمووی دەشتە و بە دوو هەڵاتن و قەڵباز و سێ پشوودان ئەگەییە لوتکەی ئامانج. بەڵام کە لەگەڵ کاروانی خەباتا ئەکەویە رێ، ئەوجا بۆت دەرئەکەوێ ئەو پێدەشتە قاقڕستانە رێک و تەختەی تۆ لە و دوورەوە ئەتبینی، هەر هەمووی هەورازو نشێو و شیو و دۆڵ و بیابان و کەندەڵانی کوشەندەیە. کوشەندە بەتایبەت بۆ ئەوانەی هیچ لە رێگای وایان نەداوە و بێ ئەزمونن لەۆ رێگا پڕ تەنگ و چەڵەمەیە. ئەو قاقڕستانە پڕ پڕە لە دووپشکی رەش و ماری ژەنگی و سەمی.

هەر دەڕۆی و دەبینی گوندی کاولە و وێرانەیە کە بۆتە قوربانیی رق و بۆغزی داگیرکەران. لە لایەک و نەزانی و هەڵە و پەڵە و کەمتەرخەمی خۆییەکان لە لایەکیتر. تەنانەت دارێ، دەوەنێ شک نابەی لە سێبەریا بۆ وچانێ ئارام بگری و بۆ هەناسەیەک وەحەسێی، کانیاوێکی لێ نیە گوڵمە ئاوێکی لێ بخۆیەوە و شڵپێ ئاو بە دەموچاوی ماندوو و شەکەت و تەپوتۆزاویتەوە بدەی و خۆیەک فێنەکەوە! جارجارەش لەو دەشت و هەوراز و نشێوانە، بەو هەموو ماندوویی و شەکەتیەوە، تووشی سەگەلی شوان دەبی و بە حەپە حەپ و کەڵبەتەقانێ وەدەوت ئەکەون و تۆش ناچاری دیسان هەڵێیەوە و خۆ گیانەلاکەت دەرباز بکەی.

بەڵێ، هەر دەڕۆی و هەریش ناگەی. هەڵبەت ئەوەش گەلەهۆکاری خۆی هەیە. ئەوەش بەرهەمی کەتن و کاری هەلپەرستانە و خۆبەزلزانی و لێ نەبوردەیی و نەشیاوی کۆمەڵێ لە بەناو شۆڕشگێڕانە. ئەرێ، هەر ئەوانەی ئێستاکە خۆیان پێ سەرکردەی شۆڕشگێڕانە و ئەیانهەوێ رزگار بکەن و بگۆڕن و پێش بخەن، کەچی هەر لەو دەشتە چۆنیەتی ژیانیان لەگەڵ ئەو پێشمەرگەی رۆژانە پاسەوانی لێ ئەدا، زەوی تا ئاسمان جیاوازە.

بەڵێ ئەوان هەوڵ ئەدەن هەر لە ئێستاوە وەک مەسئولەکانی باشوور بژن. بە مافی خۆیانی ئەزانن. ئەوان ئیتر ساڵانێکە وەک دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر سادق و فەرماندەرانی شەهیدەی دیکەیان لە مقەڕات لەگەڵ پێشمەرگەکان لە سەفدا ناوەستن بۆ خواردن وەرگرتن. ئەگەر هاتوو رۆژێکیش مانەوە، ئەبێ فەخر بەسەر پێشمەرگەکانا بفرۆشن کە وەک ئەوان وەستاون و ئەخۆنەوە و دائەنیشن!

ئەمانە هەموو خۆیان بەرکاری هۆکارن، هۆکاریش ناڕوون مانەوەی خەباتی کەمپ و دەشت و رێگاکەیە. ئەزمون وەرنەگرتنەمانە لە رابردووی سەرنەکەوتوو، لە پاشکۆیی، بێ پلانیی خۆپەرستی و خۆبەزل زانین و من منی کردنی شۆڕشگێڕانی دەستەمۆی کەمپ و دەشتە.

ئەگەرچی حاشای لێ ناکرێ، هەر لەو کەمپ و دەشتەیەش شۆڕشگێڕی وامان بووە و هەیە کە تەنیا بە مردن ئەبەزێ، ئەویش بەزینی گیان نەک رۆح و باوڕ و ئیرادەی. زۆریشمان هەبوون کە بەرگەی ئەو دەشت و کەمپانەیان نەگرت و ناچار

پەڕیوەی غەریبیی دووردەستتر بوون. ئاخر ئەوان هەڵۆی شاخ بوون نەک مەلی پەڕوپۆ جوانی نێو قەفەس.

زۆریشمان هەن کە مانەوە لەو دەشتانەیان پێ قارەمانی تر لە خۆڕاگریی قەندیلەکان بوو. تەنانەت ناسناوی خەباتگێڕانی خۆڕاگریشیان بەخۆ ئەبەخشی و کۆنگرەیان بەناوی خۆ ئەکرد! هەڵبەت خۆشیان باش ئەزانن و ئەیانزانی کە ئەم ناسناوانە تەنیا بۆ فێڵ کردن لە خۆ و خەڵکی و شۆڕشگێڕان بوو! ئەگینا هەق بێژین: تەسلیمی شاخ بە دەشت، تەسلیمی شۆڕش بوو بە کەمپ و تەسلیمی شۆڕشگێڕ بوو بە قەفەس و هەرچی تر بێژین، پاساوە، تەنیا پاساو!

لەولاشەوە عابد لە هیوای ئەڕوانی و ئەیزانی تا چەند دەقێقەی تر هێزێک ئەگەنە سەریان و پیلانەکە جێبەجێ ئەکرێ. ئەو بەو کەتن و پیلانە پیسانە بیری لەوە ئەکردەوە کە شۆڕشگێڕانی ئەوانیش هەروا بوون. ئەوانیش ئاوایان کردووە کە ئەمڕۆ خەڵک و کۆمەڵگاکەیان لە گەندەڵیا نوقم کردووە! بیری لەوە ئەکردەوە کە تۆ بڵێی گەورەکانی تریان ئاگایان لەم پیلانانە بێ؟! یان ئاگادارن و بە قازانجی ئەوانیشە هیواکان لەگۆڕ بنرێن، وەدەر بنرێن و بە پیلانێ سەریان بکرێتە ژێر ئاوەوە!؟ لەم خەیاڵانەدا عابد بە بێدەنگی بۆ شکاندنی پەلاماری خەمی خەیاڵات، بە هێواشی لە باخەڵی کراسەکەی، سازی تەنیایی و هاوڕێی هەمیشەیی واتە پاکەتە جگەرەکەی دەرهێنا و جگەرەیەکی هەڵکرد و هەروا کە لە بین قامکەکانیا دایناپوو، لە لێوەکانی کەندەوە و دووکەڵەکەی لە سووتکی جگەرەکەی فوو کرد و بە بێدەنگییەکی پڕمانا و ئەسەفاوییەوە چاوی بڕیە سووتکەی گەشی جگەرەکەی و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و

سەری هەڵبڕی و چاوی بڕییەوە حافزەدێزە کە تەلەفۆنی نابووە لای گوێی و بە دەم قسەکردنەوە هەندێ لەوان دوور کەوتبوە.

ئەو تەلەفۆنی بۆ شاهۆ کردبوو، بە شەوق و زەوقێکی هەست بە سەرکەوتنەوە، ئەیوت: کاک شاهۆ، کاک شاهۆ تەواو، سەری گرت، سەریگرت کاکە، ئێستا لە کوێن، ئەوانە بۆ نایێن!؟ ئەترسم درنگ بکەون یان نەیێن!؟ ئەوە ئێمە لە لای تۆقە داربەڕووەکەی کەنار جادەین لە سەر رێگای تەقتەق. هەر کەمێ خوار ئامێرییە و بنکەی شیلە. بە مخۆل ئاغاش بڵێ ئەمن هەمیشە لە خزمەتتانام، هەردەم...

شاهۆ بە تووڕەییەوە تێخوڕی و وتی: کاکە حافزە، کاکە حافز، ئاخر مەگەر نەمگوت تا خۆم زەنگ نەدەم، تۆ تەلەفۆنێ مەکە!؟ ئەتۆ تێناگەی یان گێلایەتی ئەکەی؟! ئێستاش زوو دایخە، دایخە، دەی دایخە و چاوەڕێ بکە، دەی! ئەوان هەر ئێستا تازە لێرە تێپەڕین، چەند خولەکتر ئەگەنە لاتان! ئاگات لێ بێ بەم کارە گێلانانە گوولە پلانەکە نەکەی!

حافزەدێزە زۆر بەمە بێتاقەت بوو، هەر قوڕوقەپی کرد و دەمی قوفڵ بوو. ئاخر ئەوە یەکەمجار بوو شاهو ئاوا بە تووڕەیی و بێزارییەوە ببینێ و وشەی ناشیرینی وای لێ ببیسێ. بەڵام زوری پێ نەچوو کە حافزەدێزە کاروانی ئۆتۆمۆبیلەکانی ئاسایشی بینی و لە جێی خۆی هەڵئەبەزییەوە،

دەستەکانی بە مانای ئیشارەی ئەوا لێرەین، ئەوا لێرەین تەکان ئەدا.

لە پڕ لە پێش چاوی عابد و هیواش کاروانە سەیارەکە دەرکەوتن، کاروانێ سەیارەی سەربازی بە بیکەیسی و دۆشکەو هێزی ئەمنی و ئاسایشییەوە و لە جادەکەی تەق تەقەوە بەرەولای ئەوان لایاندا. نزیکتر بوونەوە، حافزەدێزە لە جێی خۆی وشک وەستا و وەک ئەوەی ئەویش لەو دیمەنانە سەری سوورمابێ خۆی لە دۆخەکە کردە نائاگا و نەزان و وتی: وەی تاتەڕۆ، ئینە کێنێ؟! چیگە چێش مەکەرا!؟ کامیتا خەیانەتش کەردەن؟!

رووی کردە عابد و وتی: بەناموس دایک و خوەیشکم تۆ خەبەرت داونێ! ئەرێ، ئەرێ دڵنیام تۆ خەبەرت داونێ! (حافزەدێزە ئاگای لە پێوەندیی عابد بە ئاسایشەوە نەبوو، بۆیە هەوڵی ئەدا لە پێش هیوا، دەستەچەورەکەی خۆی بەسەر ئەوا بێنێ.)

عابدیش کە راستییەکەی ئەزانی و ناچار بوو خۆی لە دۆخەکە بکاتە نەزان، بەس وتی: ئەوە ئاگات لە دەمتە کوڕە؟! تۆ ئەزانی چی ئەرێی لە خۆتەوە لە گەر کێی قسە دەکەی؟! دەمت داخێ با بزانین کێن و چییان دەوێ و چی روویداوە!

سەێیارەکان نزیکتر بوونەوە. بە شێوەی نارێک و پێک هەر کامە لە جێگایەک وەستان، هێزەکان زوو دابەزین و چەکەکانیان بەرەوڕووی ئەوان راگرت و بانگیان کرد ئێوە لە گەمارۆدان، لەجێی خۆتان نەجووڵێن!

لەولاشەوە میرزا شاهۆ کە لە ناو حەوشەی ئۆرگانەکەی خۆیانا بوو و ئەو رۆژە لە حاڵی ئامادەباشا بوو و دووربەدوور پێوەندیی بە ئاسایشەوە هەبوو و چاوەدێریی ئەو بە خەیاڵی خۆی عەمەلیاتەی ئەکرد، چاوی بە کاروانی ئۆتۆمۆبیل و هێزە پڕچەکەکەی ئاسایشەوە بوو بەرەو لای تەق تەق رۆیشتن، پێوەندیی بە مخۆل ئاغاوە کردو وتی:

درێژەی دەبێ کاکە، ئەوە برادەرانی ئاسایش بەرەو شوێنەکە رۆیشتن، ئێستا ئیدی هەموو شت لە قۆناغەدا بە پێی پلانەکەی ئێمە رۆیشتەپێش. وتم با ئاگادار بی کە ئێستا بە کەلەپچەی ئاسایشەوە لێرەوە بەلای ئێمەدا ئەیانبەن بۆ ئاسایشی کۆیە.

_مخۆل ئاغا:

زۆر باشە ، دەستت خۆش بێ. بەڵام وانێکە، هەوڵ بدە با جارێ کەس بە هیچ شتێ نەزانێ! خۆ سەرۆکیش وانێکە، جارێ بەم زوانە لە دەرێ ناگەڕێتەوە و ئەوانی دیش بەس بزانن بابەتەکە وایە کە ئێمە راپۆرتی ئەدەین و بزانن کە سەرۆک ئاگاداری بابەتەکەیەو ناوبەناو راپۆرتی بۆ چووە،

ناوێرن خۆی تێ هەڵقورتێنن! ڕاستی ئەو ئەو هەتیوە، وانێکە، حافزە، کەنگێ بەرەڵا ئەکرێ!؟ وریابە هەر کە بەرەڵا کرا، پارەیەکی بدەرێ و دەمی داخە و پێی بڵێ تا خۆمان بانگێی نەکەین، نابێ بە دەوروبەری بنکەکانی حیزبا ببینرێ. تەنانەت بە نزیکی مقەڕی هەولێرو جێژنیکانیشا! ڕاستی وانێکە، لێی بکۆڵەوە، بزانە لەگەڵ ئاسایشێ پێوەندیی نیە؟! ئەترسێم دووسەرە ئیش بکا و پلانەکەی ئێمە بۆ ئەوانیش ئاشکرا بکات! ئەمەوێ لەوش دڵنیا بین.

_میرزا شاهۆ: سەرچاو کاکە. سپاسی ئەنگۆش ئەکەم هەمیشە وەک باوکێکی دڵسۆز لە پشتم بوون و متمانەی تەواوتان پێ کردووم. ئەمنیش هەموو هەوڵی خۆم ئەدەم هەردەم دڵسۆزتر لە هەمیشە لە خزمەتاندا بم. ئەنگۆ بێخەم بن. ئەمن ئاگاداری هەموو شتێ دەبم و ئەوەی لازم بە عەرز بێ، عەرزی خزمەتتانی ئەکەم. ڕاستی کاکە، ئێوارێ دۆڵمەی سلێمانیانەمان بە سیر و ماستێ هەیە و ماستاوی پڕشویت و قەزوانیشی لەگەڵە، بەبێ ئەنگۆمان لە گەروومان ناچێتە خوارێ. حەز ئەکەین لە گەڵ دادە... تەشریف بهێنن.

_مخۆل ئاغا: سپاس، با بزانین چۆن ئەبێ، هەوڵ ئەدەین بێین. بەڵام جارێکانێ چاوەڕێم کارەکان بە باشی بڕونە پێش. بیرت نەچێ، ئەم کارە ئەگەر بە سەرکەوتوانە نەڕواتە پێش، وانێکە، لەوانەیە تووشی بەڵایەکمان بکات. بۆ خۆی هەورامییەکان لێمان لەبیانوون. بیرت نایێ لە پلینۆمەکەدا چییان لێ کردین؟! لەبیرتە بە ناوچەگەرایی و سابڵاغ چیەتی تۆمەتباریان کردین و

چۆن هەموو هەوڵیان خستەگەڕ تا سەرۆکیشیان رازی کرد و ئاخرەکەشی سەرکۆنە کراین**!**؟ هەر ئەوەش هۆکاری نەبوونی من بە دەفتەری سیاسی بوو. بۆیە پێت دەڵێم وریابە، ئەگینا وەک تۆڵە بەسەرمانا ساغی ئەکەنەوە.

_ میرزا شاهۆ: خەمت نەبێ کاکە. کوڕەکانم ئامادە کردووە. هەموو چاوەڕێن بابەتەکەیان پێ رابگەیێنم. لە ماوەیەکی کورتا تەپڵ و زوڕنای بۆ لێ ئەدەن و جاڕ ئەدەن بە حیزبا. بەسەری خۆم وامان پڕوپاگانداکان داڕشتووە کە هەرکەس ببیستێ نەوێرێ خۆی لە قەرەی بەرگریی کردن لە هیوا بدات. پێتان دەڵێم بەس هەندێ چاوەڕێ بکەن، بزانن چی دەکەم.

لەولاوە هیوا و جەماعەتیش لە گەمارۆی هێزەکانی ئاسایش دابوون. لوولەی چەکەکان بەرامبەریان راگیرابوو، دەست لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ و چاوەڕێی جووڵەی نەشاز و فەرمانی بەرپرسەکەیان بوون.

حافزەدێزە و عابد خێرا هەستانەوە سەر پێ، بەڵام هیوا لەولاوە نەیدەزانی چ قەوماوە و چ باسە**!** هەروا لە جێی خۆی دانیشتبوو و وەک دیمەنێکی سینمایی سەیر، چاوی لە حافزەدێزە و عابد و هێزەکانی ئاسایش ئەکرد و لە چەند چرکەدا رابردووی پاک و دڵسۆزانەی خۆی، تەمەنێ فیداکاریی بۆ حیزب و نەتەوەکەی، زیندان و کەلەپچەی دەستەکانی خۆی، قەفەسی دادگا و چەکوشی سەر مێزی قازیی هاتەپێش چاو.

بەم خەیاڵ و دیمەنانە چاوەکانی ئەبڵەق مابوون، نەیئەزانی ئەوەی روودەدات خەیاڵە یان واقیع! بیرە تازە شکاوەکەی و زەرفە سەفەرییە باقلە ساردەو بووەکەی لەبەردەم بوو، هەناسەیەکی ساردتر لە باقلە و بیرەکەی هەڵکێشا و بەڵام بێ مات و دەنگییەکەی هەر گەرم بوو لەپڕ ئەفسەرەکەی ئاسایش(نەقیب ئەردەلان) لەگەڵ دوو سەرباز هاتنە سەر سەری هیوا و ئەفسەرەکە بە لەحنێکی تانەو تەشەرەوە پێی وت:

لە گیانت خۆش بێ، زەحمەت نەبێ هەڵناستیە سەرپێ؟!

هیوا کە هەروا سەری بەرزەو کردبووەوە و چاوی لە دیمەنەکانی دۆخەکە ئەگێڕا، چاوێکی لە نەقیب ئەردەلان کردو و وتی: زۆر سپاس، هێواشێ هەستایە سەر پێ و وتی: نا، نا، زۆر ئاساییە، بەڵام ئەفەرمون بزانین چی روویداوە و لێرە چ باسە؟! ئێمە چیمان لە دەست دێ بۆتان و ئەم لەشکرە لێرە چیە!؟

حافزەدێزە و عابدی حەلاق بێ دەنگ و بە سەرسووڕمانەوە چاویان لە هیوا و نەقیب ئەردەلان ئەکرد!

ئاخر وەک باسمان کرد، مخۆل ئاغا و شاهۆی هاوکاری، پیلانەکەیان وادارِشتبوو کە باندێکی گەورەی چەکوچۆڵ

خەریکی سەودای چەکن و لەوانەشە تیجارەتی شتی دیکەش بکەن. خراپتر لەمەش بۆ قووڕتر کردنەوەی بیرەکە و توندتر کردنەوەی تانوپۆی داوەکەیان، وتبوویان ئەوانە هەر ئەو کەسانەشن کە ٥٠٠ دەمانچە چواردەخۆرە ئەنباری چەکوچۆڵەکەی قەڵای دیمۆکراتیان لە کاتی ئینشیعابەکەدا دزیوە و ئێستاش مامەڵەی پێوە ئەکەن!

لەبەرخۆشیانەوە وایان پێشبینی کردبوو کە لەوانەیە هیوا بە دیتنی ئەو هێزە، هەوڵ بدات خۆی دەرباز بکات یان بەرەنگاریان بێتەوە و بەم جۆرەش راست تەقەی لێ ئەکرێ و هەر لەوێ ئەکوژرێ و رزگاریان دەبێ لێی. بەم جۆرەش بەڵگە و هۆکارێ نامێنێتەوە کە پێچەوانەکەی بسلەمێنرێ.

بەم زانیارییە چەواشەکارانەی کە ئەو هاوڕێیە خائینانە بە ئاسایشیان دابوو و ئاسایش بەو تێگەییشتنەوە کە باندێکی ترسناکی مافیایی چەکوچۆڵ ئامانجیانە، ئەو هێزە توکمەو ئامادەیان هێنابووە ئەوێ!

نەقیب ئەردەلان وتی بە هیوا: ئەتۆ فەرمو جارێ هەستە تا لێت پەست نەبووم، با بڕۆینە بنکە، دواتر تێدەگەین چی روویدەوە و چی روو ئەدات!

لەولاوە حافزە دێزە خۆی هەڵدایێ و وتی: گەورەم ئێمە چیمان کردووە؟ چی روویداوە؟! لەگەڵ ئەم قسانەش دا چەناگەی هەڵئەتەکاند بۆ سندۆقی ماشینەکەی وەستا عابد. ئاخر چەند دانە لە دەمانچەکانیان لەوێ بوون و چەند دانەش لە پێش عابد

بوون! لەگەڵ ئەم قسانەدا، نەقیب ئەردەلان وەک شانۆ خۆی لە حافزەدێزە تووڕە کرد و وتی: ئەتۆ بێدەنگ بە، کوڕە ئەو هەتیوە چەنەبازە بێدەنگ بکەن و ببەن بیخەنە سەێیارەکەوە!

دواتر رووی کردە عابد و وتی ئەرێ وەستا ئەتۆ وەستا حەلاقەکە نیت کە لە کۆیە دوکانەکی حەلاقیت هەیە؟! عابد وتی: بەرێ گەورەم، راستە. نەقیب ئەردەلان وتی: باشە ئەتۆی حەلاق چت لە بازرگانیی چەک دایە؟! لۆ تێکەر بەم کەتنەی بوویت؟! و بە پێکەنینێکی تاڵەوە وتی: ئەتۆ دەبێ سەران چاک کەی نەک سەران بە با دەی!

عابد سەری داخستبوو و ملی کز کردبوو و بێدەنگ مابوو. نەقیب ئەردەلان رووی کردە یەکێ لە ئاسایشەکان و وتی: ئەتۆ لەگەڵ ئەو وەستا حەلاقە سەرکەوە و بە سەێیارەکەی ئەو بڕۆن و رووی کردە هیوا و وتی: ئەتۆش لە گەڵ ئێمە سەرکەوە. یەکێ لە ئاسایشەکان وتی: گەورەم کەلەپچەی بکەین؟ نەقیب ئەردەلان وتی: نا، نا، پێویست بە کەلەپچە ناکات، بەرێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن.

هیوایان لەگەڵ خۆیان سەرخست و سەرجەم ماشینەکان بەڕێکەوتن بەرەو بنکەی گشتیی ئاسایشی کۆیە. کەسێ نەیزانیبا، هەستی ئەکرد ئەبێ لە عەمەلیاتێکی گەورەی شەڕی دژەتیرۆر گەڕابنەوە. بە خێراییەکی زۆرەوە، گڤ، گڤ، گڤ،گڤ بە لای بنکەکانی حیزبا تێپەڕین. هیوا وتی: بەڕێز من نازانم چی

رووی داوە، بەڵام ئەمن کادرێکی حیزبی دیمۆکراتم و بە پێویستی ئەزانم حیزبەکەم لە دۆخی من ئاگادار بێ.

نەقیب ئەردەلان بە پێکەنینێکی تاڵی تێکەڵ بە تانەوە وتی: خەمت نەبێ، ئاگادارن، ئاگادارن و چاکیش ئاگادارن. هەر هێندەی نەمابوو بڵێ ئەم بیرەی ئێستا تۆ تێی کەوتووی، هەندێ لە بەرپرسانی خۆت و حیزبەکەت بۆیان هەڵکەندووی فەقیر!

هیوا لە مەبەستەکەی نەقیب ئەردەلان تێنەگەییشت، بەڵام قەناعەتی هاتێ و بە مانای بەڵێ باشە، بێدەنگ بوو. ئاخر ئەو لە دلاقەنیگای خۆیەوە باوڕی بە حیزبەکەی و ڕێبازەکەی هەبوو. لە باوڕی ئەودا حیزبەکەی وەک سیستم و ڕێباز و پروگرام خاوێنترین و درووستترین قەبارەی سیاسییە کە لە کوردستان هەیە. بۆیە پێی وانەبوو کە هەندێ بەرپرسی ناوچەگەرا و جەناحبازی حیزبەکەی، تا ئەو رادەیەش لە دەسەڵاتی حیزبیانەیان بۆ تەون و داو نانەوە بۆ دڵسۆزترین کادرەکانی خۆیان گەنەسوود وەرگرن و زۆر جاریش تەنانەت بە ئاسایش و دەزگا ئەمنییەکانی باشوور پیلانەکانیان جێبەجێ دەکەن!

هیوا لە ناو ماشینەکانی ئاسایشا سەری خۆی ئەدزیەوە و خواخوای بوو کادرێ، پێشمەرگەیەکی هاوڕێی یان حیزبییەک لەو سەر جادە نەبێ و بیبینێ و حەیای بچێ! هیوای ئەخواست هەرچی زووتر لەو دۆخە رزگاری بێ. فەقیرە وایدەزانی ئێستا

ئەیانبەنە ئاسایش و خێرا بە لێپرسینەوەیەکی سادە و تەلەفۆن و پێوەندییەک لەگەڵ حیزبا هەموو شت روون دەبێتەوە و ئازادی ئەکەن و ئەویش بێ ئەوەی کەس بزانێ دەگەڕێتەوە بۆ ئۆرگانەکەی خۆی. ئاخر خەیاڵی لای ئەوە بوو کە ئەو شەوە پاسبەخش بوو، بەشکوو بگاتەوە بە پاسبەخشیەکەی دا و دەبوا لەگەڵ نانێ ئێوارەدا لیستی نیگابانەکانی ئەو شەوەی وەرگرتبا.

لەم خەیاڵانەدا بوو کە کاروانی ئۆتۆمۆبیلەکان گەییشتنە ناو کۆیە و ماشینەکان یەک لەدوای یەک چوونە ناو حەوشەی بینای ئاسایش. دایانبەزاندن و بردنیانە سەرەوە. لە ناو مەمەڕێکیان راگرتن، سەرەتا هیوایان بانگ کردە ژوورێ و لێیان پرسی ئەتۆ چکارەی: وتی کادرێکی حیزبی دیمۆکراتم. وتیان ئەدی چکارت بە بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی چەک و چۆڵ داوە؟! وتی: ئەمن پێوەندیم بەو چەکانەوە نیە. من تەنیا وەک هاوڕێیەکی هەردووکیان کە لای هەردووکیانەوە جێی متمانە بووم ، لەگەڵیان چوبوم و بەس. ئینجا لەو شارانە بازاڕی فرۆشتنی هەموو چەکوچۆڵێ هەیە، مامەڵەی شەش حەوت دەمانچە چ تیجارەتێکی چەکە کە ئاوا لەشکری بۆ بکێشن! ئێستاشی لەگەڵ بێ هەندێ لە بەرپرسانی حیزبی و حکومەتی، وەک دیاریی دەستخۆشانەی هەڵبژاردن و کاری حیزبی، دەمانچەی چواردەخۆر بە لایەنگرانیان دەدەن. بەڵام عەلاکوللی چەکەکان هی ئەو دوو هاوڕێیەن، نەک من.

پێداگرییان لەسەر ئەو پرسیارە ئەکرد کە: چەکەکانی دیکە لەکوێن؟ ئەم چەکانەت بۆ کێ دەبردن؟! چەند دانە لەم دەمانچانەت هەن و لە کوێت شاردوونەوە؟!

_هیوا بە پێکەنینێکی نیشانەی سەرسووڕمانەوە وتی: ئەمن نازانم باسی چی ئەکەن، کاکە پێموابێ ئێوە بە هەڵە ئەم پرسیارانە لە من ئەکەن.! دەرکەکە کرابووەوە، حافزەدێزە لە دەرێ خۆی پێ نەگیرا، وتی: گەورەم راست ناکات! یەک مەخزەن بەس دەمانچەی هەیە، خۆی بە منی گوتووە! دڵنیا بن راست ناکات. بڕیار بوو ئەگەر ئەمانەم بەدڵ بوو، جاری دیکە پەنجا دانەم بۆ بێنێ!

هیوا تووڕە بوو، خۆی پێ نەگیرا، وتی: هەی ناپیاو، ئەم قسانەت لە کوێ هێنا؟! چەند جارم وت من لەگەڵتان نایێم خۆتان بڕۆن مامەڵەی خۆتان بکەن، بەڵام بە لاڵانەوە و پاڕانەوە بردمت!؟ هەی خۆفرۆش، هەی بێ شەرەف!

نەقیب ئەردەلان و هاوڕێیەکەی تووڕە بوون لە حافزەدێزە و وتیان: کێ پرسیاری لە تۆ کردووە؟! دەمت داخە و تا پرسیارت لێ نەکرێ، لەخۆڕا هەقی قسە کردنت نیە. ئەگینا راست هەرئێستا ئەتنێرم بۆ ژووری تاکەکەسی.

ئەوجا روویان کردەوە لای هیوا و پرسییان بەڵام ئێمە زانیاریمان لایە کە تۆ تیجارەتی چەک ئەکەی و چەکەکانیش بۆ

ئەودیو بەڕێ دەکەی! بە پێی زانیاریی متمانەپێکراویش، بە مەخزەن چەک و دەمانچەی چواردەخۆرت هەیە. جا ئەمانهەوێ ئەمەمان بۆ روون ببێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش رێگای جۆراوجۆرمان هەیە، بەڵام وەک دیارە کەسێکی بەڕێزی و نامانهەوێ بێجگە لە رێگای پرسیار و وەڵامی بەڕێز، رێگای نەخوازراوی دیکە بگرینەبەر!

_هیوا: ئەمن کادرێکی دەزگای راگەیاندنی حیزبی دیمۆکراتم، هەست ئەکەم زانیاریی هەڵەو چەواشە لەسەر من دراوە بە ئێوە. بە دڵنیاییەوە بەم زانیارییانە کەسێ هەم یاریی بە من و هەمیش بە ئێوە کردووە. من بێجگە لەو وەڵامانەی پێم داونەتەوە، هیچ زانیارییەکی دیکەم لا نیە بەکەڵکی ئێوە بێ! جا هەر رێگایەکیش بگرنەبەر، لەمە زیاترتان دەست ناکەوێ.

لەناکاو هاوکارەکەی نەقیب ئەردەلان کە ئەفسەری لێکۆڵینەوە بوو کەمێ وەستا و تۆزێ بیری کردەوە و وتی: راوە، راوەستە، راست ئەکات ئەو رۆژنامەنووسە، راست ئەکات، دەستی کرد بە ناو کەشۆی مێزەکەی بەردەمیا و تازەترین ژمارەی گۆڤارێکی حیزبی دیمۆکراتی دەرهێنا کە وێنەیەکی هیوای تێدا دیبوو. بەڵێ لەو ژمارەیەی ئەو گۆڤارەدا هیوا وتارێکی هەبوو کە وێنەیەکی خۆی لە سەرەوەی یەکەم لاپەڕی بابەتەکە دانرابوو.

لێکۆڵەرەکە بە سەرنجەوە قامکەکانی بە زمانی تەڕ کردو زوو زوو و پەلەپەل، یەک یەک لاپەڕەکانی گۆڤارەکەی هەڵدایەوە تا

گەییشتە وتار و وێنەکەی هیوا. بابەت و وێنەکەی بینییەوە، لەگەڵ کارتی پێناسەکەی هیوا بەرابەریان کرد، دیتیان ناوەکە راستە و وێنەکەش بەخۆی دەچێ، وتیان ئەمە راستە، بەڵام ئەمەش نابێتە بەڵگە بۆ پەڕینەوەی تۆ لەو تۆمەتەی لەسەری گیراوی. ئەتۆ لەو شوێنە بووی کە بەڵگەی تاوانەکانی لێ گیراون.

ئێستا ئەو ئیفادانە(دانپێدانان) واژۆ بکە و بڕۆ، سبەینێ بانگت ئەکەینەوە و هەموو شت روون دەبێتەوە. هیوا وتی: بەچاوان واژۆیان ئەکەم، بەڵام تا لە ناوەرۆکەکەی دڵنیا نەبمەوە واژۆی ناکەم.

سەرەتا لێی تووڕە بوون کە چۆن دەبێ متمانەی بەوان نەبێ! بەڵام دوایی رازی بوون و هیواش پاش خوێندنەوەی ناوەرۆکەکە، ژێرەکەی واژۆ کرد.

دواتر سەرەتا هیوایان بردە دەرەوە و بردیانە ژوورێکی تاکەکەسی، بەڵام ئەو ئاگادار نەبوو کە ئەوانی دیکە لە کوێن. هەموو شتەکانیان لێ ستاند و ژوورەکە زۆر تاریک بوو. درگا ئاسنینەکانیان داخست. هیوا سەرەتا هیچی نەئەدیت، وردە وردە هەندێ چاوی کرانەوە، دیتی لە ژوورێکی بچووکی تاریکی سەقف بڵیندە کە هیچی تێدا نیە. بە بێدەنگی دانیشت. مێشکی لە بیرکردنەوە وەستا بوو. تەنیا وەک ئەوەی لە ناو سەریا عەڕ و هەڵا و بگرە و بەردە بێ، مێشکی وەک کتری سەر سۆپا گیزەی ئەهات، سووتی ئەکێشا.

نەیئەزانی لە واقێعا چی روویداوە و ئەو بۆچی لەوێیە. خەریکی لێکدانەوەی شتەکان بوو. وردە وردە بوی ئەبوون بە پرسیار کە بۆچی ئەوان باسی مەخزەنی چەکیان ئەکرد؟ بۆچی لەناکاو حافزەدێزە وا بەجیدی باسی پەنجا دەمانچە و ئەو شتانەی ئەکرد؟! هەرچیی ئەکرد زانیارییەکانی بۆ هەزم نەدەبوون. نەیئەزانی شیتەڵکارییان بکات! دۆخەکە لە مێشک و مەخیلەیا وەک ژوورە تاکەکەسییەکەی تاریک بوو و ئاڵۆز و نائاشنا. هەستی بە بۆن و بوونی پیلانێکی داڕێژراو ئەکرد. بەڵام بۆی روون نەبوو بۆچی؟ چۆن؟ و لە لایەن چ کەسانێکەوە؟

زۆری پێ نەچوو ئەتبینی ئەوانیش بەشێکن لە ماشینی ژەنگاویی جەناحبازی و ناوچەگەرایی و باندبازی و تەنیا هەوڵ و هەپو کوتیان بۆ ئەوە بوو فڵان پێشمەرگە و فیسار کادر زووتر لە رکابەرەکەیان بۆ جەناح و باندی ناوچە دەستەمۆ و بۆ کۆنفرانس و کۆنگرە ئامادەی بکەن!

بەڵێ، ئەوانەی هەتا ئێستاش دێنە پێشمەرگایەتی، هەر بە رێچکەی قاسملوو و شەرەفکەندی و سەلام عەزیزی ، حەکیم رەزایی، مینبەرییەکان، خەلیلە سوور و شاپور فیروزی و سالار ئیبراهیمی، حیسام بانەیی، خەلیل خەلەبان و ئێقباڵ کەریم نژاد ، کەماڵ دەباغی و مەنسووری رەشە هەورامی و ئەسعەدی موقەدەسی و هەزاران شەهیدی دیکەدا دێن. بەڵێ ئەوان دێن ببنە رێبوارێ لەو کاروانەی کە سەربەستی نەتەوەیەک و رزگاریی نیشتمانێ ئامانجی باڵای بوو. نەک ببنە مۆرەی جەناح و نەوچەی ناوچەگەراکان.

شیاوترین پێناسە بۆ ئەوان، شۆڕش کوژە. ئاخر هەندێ لەوان هەر کە لەبەر نالایەقی هەندێ لە رێبەریی بڕیاردەری ئەودەم، چیاکانیان بەجێ هێشت و لەو دەشت و کەمپانە دانیشتن، هەر خەریکی بچووککردنەوەی حیزب و بەرتەسکترکردنەوەی خەبات و خستنەئەستۆی هێز و لایەنەکانی دیکە بوو و بەو حاڵەشەوە خۆشیان بە خەباتگێڕیی خۆڕاگر پێناسە ئەکرد. لای زۆرێ هەر لەو شۆڕشگێڕانە ئەمە چەواشەترین پێناسەیە.

ئەوان شۆڕشیان لە شۆڕش کرد، شۆڕش لە ماناکان، لە چەمکەکان، لە ئێرادە و باوڕەکان و لە رابردووی خۆیان. ئەوان چوونە پشت ترەیبۆن و وتیان هاتنەخوار لە قەندیل خزمەتە بە دۆزی رەوای کورد لە باشوور و پێویستە ئەمە لەبەر براکانمان لەم بەشە بکەین و جەماعەتی چەپڵەش چەپڵەیان بۆ لێدان و وتیان وایە. کەچی هەر ئەو دەم خودی براکان هەرکامە هەر رۆژە لایەنێکی داگیرکەر و دژەکوردیان دەهێنایە سەر ئەویان، یەکیان ئێران و ئەویتریان تورکیا و عێراق.

خەباتگێڕانی خۆڕاگرمان! کەمپیان درووست کرد و دەشتیان کردە مەکۆی شۆڕش و خەبات و ئیدی بەجێیی هەواڵی عەمەلیاتی سەرنج بدەن، سەرنج بدەنی کاک ئەحمەدی شێربەیگی، رۆژانە هەواڵی تیرۆری پۆل پۆل پێشمەرگەیان لە کوچە و کۆڵان و بازاڕ و شەقام و بازگە و رێگاو بانی

شارەکانی باشوور و تەنانەت زۆر جاریش لە مقەڕەکانی پێشمەرگە لە باشووری نیشتمان ئەخوێندەوە! زۆربەی ئەوانەش تیرۆرەکانیان بە قونترات ئەگرت هەر کادر و پێشمەرگەی هێزەکانی باشوور بوون کە لە لایەن ئێرانەوە بەکرێ دەگیران. واتە ئیدی ئەو پێشمەرگانەی رۆژگارێ ئاگریان بە بان پشتی دوژمنەوە ئەکردەوە، بە نانە زگێ ئەفرۆشران، زۆر جار نرخیان تەنەکە رۆنێ، فەردە ئاردێ بوو!

هەر کەسیش لەو دۆخە تووڕە با، بە ناشۆڕشگێڕ و بەزیو لە قەڵەم ئەدرا و ئەوەش دەستەمۆی ئەو باوڕەی ئەوان بووبا، ناسناوی خەباتگێڕی خۆڕاگر بوو. بەڵێ ئەوان پێناسەی خەباتیان گۆڕی، شۆڕشیان لە شۆڕش کرد و جێگۆڕکێیان بە بەرژەوەندییەکان کرد. واتە ئەو دەمانەی لای شۆڕشگێڕ ئامانجی باڵا بەرژەوەندیی نەتەوە و نیشتمان بوو، ئێستا راست پێچەوانەیە. بەرژەوەندیی باڵا، بەرژەوەندیی کەسە، بنەماڵەیە، باند و گروپ و جەناح و ناوچەیە. حیزب لە پلەی پێش کۆتایی و نەتەوەش لە کۆتاییە! ئەمانە دروشم و خەیاڵ و تۆمەت و خەیاڵ نین، واقێعیەتی ئێستای شۆڕشن، واقێعێکی تاڵ وەک کەکرەمارە کە رۆژانە شۆڕشگێڕانی راستەقینەی ریزەکانی شۆڕش، بە بێدەسەڵاتی و بێدەنگی ئەینۆشن! هیوا بە دەم ئەم خەیاڵات و بیرکردنەوانەوە خەوی لێ کەوت.

دەمەوبەیان بۆ نزیکەی سەعاتێ لە گرتووخانەکەی ئاسایشی کۆیە خەو چووبوە چاوی. لەناکاو دەنگی تەق و پۆقی کردنەوەی قوفڵی درگای ژووری گرتووخانەکە هات. درگاکە بە قاییمی کرایەوە. ئاسایشێ بانگی ئەکرد: هەستن، دەی،

زووبن هەستن. ئەوانیش هەستان و دەست و دەموچاویان شووشت و نانی بەیانییەکی سەرپاییان خوارد. خەریکی چایی خواردن بوون کە...

ئەو بێدەنگییە تاریکە بە دەنگی تەقوپۆقی کردنەوەی قوفڵی درگاکان و پێڵاوی کەسێ، ڕەوایەوە. درگای ژوورە تاکەکەسییەکەی هیوا کرایەوە و یەکێ پێی وت: هەستە وەرە دەرێ و شوێنم کەوە.

هیوا کە هەر حەپەسابوو و نەیئەزانی چی ڕوویداوە، خۆاخوای بوو لەو تاریکستانە ڕزگاری ببێ، بۆیە گورج هەستا و ڕۆیشتە دەرێ و شوێنی کەوت. بردیانە گرتووخانەی ئاسایش کە هەر لەو بینایە بوو.

درگا کرایەوە و ناردیانە ژوورێ. هیوا دیتی، ئەهە، کوڕە خۆ ئەوە عابد و حافزەدێزەش لەوێن! لەتەک ئەوانیشا چەند کەسی دیکە دانیشتوون. هێندەی ڕقی حافزەدێزەی لە دڵا بوو، وەک جاش پاسدارێ سەێری ئەکرد. عابد بێزار و بێتاقەت لەسەر پەتویەک درێژ ببوو، فەقیرە هەر تاقەتی قسەکردنیشی نەبوو. پەتویەکیتری لەژێر ئەنێشکی دانابوو و دەستی نابووە پشت سەری. کە هیوای بینی ، بە حورمەتی ئەو خۆی جووڵاند و هەستا دانیشت.

هیوا بە نیگایەکی پڕ لە رق و بێزارییەوە سەیری حافزەدێزەی ئەکرد کە لەولاوە لەتەک دوو کەس ترا دانیشتبوو قسەی ئەکرد و پێدەکەنی، لەناکاو حافزەدێزە بە بینینی هیوا، وەک جن گرتبێتی، وشک و بێ دەنگ بوو. ئەویش نیگای بڕیە نیگای هیوا. زۆر بێشەرمانە، سەرەتا هەر وەک خۆفرۆش و مرۆڤ فرۆشێ زاق زاقێ سەیری ئەکرد.

بەڵام هیوا بە حافزەدێزەی وت: خوێڕی بێشەرەف، نازانم کێ رایسپاردووی و راسپاردەکەت چیە؟! نازانم بە چەند کڕدراوی یان بە چەند خۆت فرۆشتووە!؟ بەڵام ئەزانم کە کارەکەت لەگەڵ کاری جاشێکی خۆفرۆش و بەکرێگیراوێکی ئیتلاعاتا فەرقی نیە. فرە پەلەم نیە ئاخرەکەی دەرئەکەوێ کە بەکرێ گیراوی کێیت و بۆچی و بۆ کێ ئەم پیلانەت جێبەجێ کردووە! حەیف کە زۆر بێ نرختری لەوەی تەنانەت بتدەمە بەر پێلەقە، ئەگینا ئێستا کوشتنیشت کەفوکوڵی دڵم دانامرکێنێ!

بەم قسانە حافزەدێزە رووی گرژ بوو، هەستایە سەرچز و خۆی رادەوەشاند و ئەو دوو کەسەی لە لای بوون، دەستیان گرت و دایان نیشاندە جێی خۆی. دیاربوو کە کارەکەی بەراستی جۆرێ لە جاشایەتی و خۆفرۆشی بووە.

عابد دەستی هیوای گرت و لای خۆی داینیشاند و وتی: وەرە کاکە، ئاخر مارخەرا کەنگێ ئەمە و ئەوەیان گۆتیە! وەرە، وەرە دانیشێ، تازە بەراکە هاتیە، دەبێ لەسەرخۆ و ئارام بین. سەبرت هەبێ هەموو شتەکی روون دەبێتەوە. سەبرت هەبێ برای من سەبرێ بگرە، خۆ ئاوا نابێ! وەرە، وەرە کنەمن دررکەرەکی بکە. ئاخر کە نازانین بابەتەکە بەتەواوی چیە و

چۆنە ، ناتوانین قەزاوەتی دروستیشی لەسەر بکەین! مادام وایە سەبرۆکەیەک بگرە ئێستاکانێ چ ناکرێ، بەیانی لەوانەیە شتەکی روون بێتەوە!

کەمێکی پێ چوو پێ چوو، شلّپاوێکیان لەگەڵ هەندێ سەمۆن بۆ هێنان و بە هەر جۆرێ نەبێ هیوا و عابد یەک دوو پارویان بە خەم و مەراقەوە خوارد، بەڵام حافزەدێزە بە شلّپەشلّپ و ملّچەملّچ دەستو قۆڵی لێ هەڵماڵیبوو و لێو لەوچەی هەر هەموو لەو شلّپاوە نابوو. ئەوەی ئەوانیش پێیان نەخورا هەر حەپەلووش کرد و قاپەکانیشی لێستەوە. لە ناو پەرداخی سەفەرییا چەن چاییەکیان بۆ هێنان، هەر چاییەکان خورانەوە، درگاکە کرایەوە و یەکێ لە ئاساییشەکان چەند بەتانی و سەرینی پێ دان و پێی وتن: سەعات نۆ کاتی خەوتنە، ئەوانەی ناخەون پێویستە بێدەنگی بپارێزن بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە بخەون.

هەرکامە لە کونجێ درێژ بوون. حافزەدێزە لەو پەڕی گشتیانەوە لای دیوارەکەوە جێگەی خۆی راخست و عابد و هیواش لەوپەڕی دیوارەکەوە لایان داهێشتبوو.

گرتووخانەکە پەنجەرەیەکی بۆ چاوەدێری هەبوو. تاو نا تاوێ یەکێ لە پاسەوانەکان ئەهاتە پشت پەنجەرەکە و چاوێکی لێ ئەکردن. گڵۆپەکانی ناو ژوورەکە رۆشن بوون. هەر کەسەو لە جێی خۆیەوە پرخەی لێ بەرز بووەوە. حافزەدێزە هەر سەری

نایە سەر بالیفەکەی دەنگی مڕە مڕی ناو ژوورەکەی داگرت. کابرایەکی هەولێری لە تەنێشت بوو، دوو سێ جار بانگی کردو چەن سەرەسوخمە و سیخورمەیەکیشی تێ کوتا، بەڵام هەر وازی لێ ئەهێنا، دیسان خێرا مڕە و پرخەی لێ هەڵدەستایەوە. ئاخرەکەی کابرا تووڕە بوو و مشتێکی تێ کوتا و بوو بە هەرایان.

پاسەوان گەییشتە سەریان و وتی ئەمجارە دەنگتان لێوە بێ، هەردووکتان ئەبەمە ژووری تاکەکەسی. ئیدی هەر حافزەدێزە مڕە و پرخەی ئەهات و کابرای هەولێری فەقیریش لەبەر خۆیەوە بۆڵەی ئەهات و جنێوی ئەدا و هیوا و عابدیش بەو وەزعە بە نەرمی پێ ئەکەنین.

هیوا و عابد تا درەنگانێ هەر بە خەبەر بوون و زیتەی چاویان ئەهات. هیوا تازە شۆک و حەپەسان بەری دابوو ، بەڵام دیسان نەیئەزانی ئەو زەبرەی لە کوێوە پێ کەوتووە و عابدیش لە دادگای ویژدانی خۆیەوە خەریکی قەزاوەت لەسەر ئەو دۆخەی هیوا و ئەو بێ وەفایی و بێ ویژدانییەی بەرپرسەکانی کە پیلانەکەیان بۆ دارِشتبوو، بوو.

هەردووکیان تەقریبەن تا دەمەو بەیان بەخەبەر بوون. عابد زوو زوو جگەرەیەکی ئەکێشا و هیواش کە بێ تاقەت ئەبوو و لەگەڵ عابد جگەرەیەکی هەڵدەکرد. ئاخر ئەو بە ئەسڵ جگەرەکێش نەبوو.

هیوا دڵی زور پڕ ببوو. پڕ له داخ، زووخا و دەردی ناوچەگەرایی، جەناحبازی، زاراوەگەرایی، باڵ باڵێنێ و باندبازی و تەنانەت هەندێ جار گوند گەرایی هەندێ له بەرپرسان و بڕیارداران‌ی حیزبەکەی. به خۆی ئەوت: ئاااای، ئای بیرت دێ که هاتی بۆ پێشمەرگایەتی، چەند بەریئانه بیرت له نیشتمان و نەتەوه و حیزب و شۆڕش و خەبات ئەکردەوه!؟ باشه بەڕاست، ئەوەی تۆ بیرت لێ ئەکردەوه دەبێ رووی راستەقینەی شۆڕش و شۆڕشگێران بێ یان ئەوەی دوایی دیتت و ئێستا دەیبینی، رووی هەڵماڵراوی راستەقینەی شۆڕش و شۆڕشگێڕانه؟!

هەر خۆیشی وەڵامی ئەدایەوه: نا، نا، هیچکام راست نین و نەبوون! هەم پرسیارەکه کێشەی هەیه و هەمیش وەڵامەکه. پێش له هەموو شتێ، دووره روانینه سۆزاوییەکانن کێشه ئەخوڵقێنن. رۆانین ۆ هەڵسەنگاندنی ئێحساسی، تووشی لێکدانەوەی هەڵەمان ئەکات. وائەزانین ئەگەر کەسێ له بنەماڵەیەکی کۆمەڵگاکەمانەوه هاته پێشمەرگایەتی، ئیدی هەر بەرێگادا و هەر له فێرگەی حیزب، به دوو ، سێ مانگ ئەبێته قاسملوو و شەرەفکەندی و فوئادی مستەفاسوڵتانی و کێ و کێ...

ئەدی براله، زۆربەی ئێمەی کورد تا ئێستاکەش روانگەکانمان له بێژنگی هەستەوه تێدەپەڕن نەک عەقڵ! زورێکمان ئێستاکانێش هەر وائەزانین هەندێ جار دڵ بڕیار ئەدا، نەک مێشک.

هەر بەم ڕوانگانەوەیە کە کەسانی بەناو شۆڕشگێڕ لای ئێمە پیرۆز کراون و لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیشا ئەو ڕوانگەی پیرۆز کردنە لە هەمیەر شۆڕشگێڕانیان، دواتر بووەتە بەڵا و موسیبەت و بەسەر خەڵکی کۆمەڵگاکانا باریوەتەوە.

هەر دوور نەچین، ئەوانەی ئەم بەڵایەیان بەسەر منا هێناوە، ڕۆژانێ هیوام ئەخواست لە نزیکەوە بیانبینم، لە خزمەتی ئەوانا خزمەتی حیزب و گەل بکەم. زۆرێ وەک من گەزگەز باڵایان بە دیداریان ئەکرد! کەچی دواتر دیسان درگاکە کرایەوە و بانگی حافزەدێزە کرا. گورج هەستا و وتی: بەڵێ، ئەمنم، ئەمنم. وتیان خێرا خۆ خڕکەوە، دەتبەین لۆ لێکۆڵینەوەی! حافزەدێزەش بە دەم مۆرە مۆر و گۆرانی وتنەوە: "ئامەکوڵێ وەی فاتەکوڵێ، ماڵ لەو میراوا... تۆ بووی قوڵپی خوێن هاوار، ڕژیای بەم ناوا، وەی ڕژیای بەم ناوا..." خۆی حازر کرد و ڕووی کردە دانیشتوانی گرتووخانەکە و وتی: هاوڕێیان گەردەنم ئازاو کەن ئەگەر بێ تاقەتم کردون یان ئەزیەتم داون! کەس جوابی نەدایەوە. ئاسایشەکە وتی: زووبە زوو، خۆ جەژنە پیرۆزە ناکەی، وەرە، دەی! بردیانە دەرێ.

عابد و هیواش هەروا بێدەنگ چاویان لە حافزەدێزە ئەکرد و چاویان لە یەکتری ئەکردەوە و لە ئاخرەوە بە تووڕەییەوە هەناسەیەکیان هەڵکێشا. عابد وتی: بە ناموس داک و خوشکم ئەم کابرایە سیخوڕ و خائینە، ئەگەر وەنەبوو ئەوە ئەمن چم نەزانیە ئا!

لەولاترەوە یەکێ لە هەولێرییەکان دۆی هەڵهێنایێ و وتی: ئەو گەڕە پیسکە دەرێن؟! ئەنگۆ لەگەرە وەی تێ کەتینە؟! باشە پێم

برێن ئاخر ئێوە ئەوەتان کوو ناسیە؟! ئاخر مارتان خەرا نەبێ ئەنگۆش خۆو پێ ئاقرە و رەفاقەتی شتی ئەوهالە دەکەن؟!

_عابد: کوو، کوو، تۆ خوا وەرە بەروونی تێمگەیێنە با بزانم چ دەرێی؟ وەکی بزانم مەقسەدت ئەوەیە کە ئەتۆ چاک ئەو هەتیوەی دەناسی، وەنیە؟! تۆخوا راستەکەمان پێ بڕێ، خەریکە لە داخان درمان شەق بەرێ! ئەو کابرایە لەمە بویتە بەرا و کەتنەکی پێ کردینە و ئێستاکانێ هەردووکمانی لە قوورکەی هاویشتیە و خۆی وەکی دیتت، وەک بەرزەکی بانان لۆی هەرات!

یەکی دیکە لە بەندکراوەکان وتی: نا، نا کاکە وەنیە. نەتدیت گوتیان خو عازرکە لۆ لێکۆرینەوەی!؟ وەبزانم پاش دەمەکی دی دێتەوە. ئەنگۆش سەبرەکی بگرن، زوو قەزاوەتی مەکەن.

کابرا هەولێرییەکەی دیکە کە هەرچی پرسیان بۆ گیراوی، هەر تەفرەی ئەدا و راستەکەی نەوت. دەستێکی دایە سەر شانی عابد دا و وتی: گێ خۆ بدەیە من لۆت برێم! دەستێکی بۆ پاکەتە جگەرە کێنتەکەی وەستا عابد برد و جگەرەیەکی داگیرساند و چاوێکی لەملاو لەولای خۆی کرد و سەرێکی بۆ لای پەنجەرەکە وەرسووڕاند و سەبرۆکەیەک وتی: بەرا تۆ خودای ئەمە قسەی قەبرمان بی. ئەو گەڕەپیسکەی ئەمن دیتیمەو دەیناسم، دەتوانیتن ببتە بەراو بۆگەنی لۆ هەر کەسەکی! ئەم شتانە دەزانم دەرمانی دەردی ئێوە ناکات، بەرا هەر لۆ سەروبەختی خۆتان بیزانن باشترە.

عابد بە سەرنج و مەراقەوە ماق ببووەوە بە دەمی کابرادا و هیواش هەروا.

کابرا وتی: گێ خۆ بدەن! ئەو کابرایە بە ئەسڵ لە هەولێرێیە و لەوێ مراقیبی داخلیی قوتابیانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەتی رۆژهەڵاتە. ئەو کابرایەم جارەکی لە سجنی ئاسایشێ لە هەولێرێ دیتیە. لەوێ چەند رۆژەک پێکەوە بووین، بەرا ئەو جارەیان بەڕاستی هەر لۆ خۆی گیرابوو. ئێستاکانێ خێرا ئەمنی ناسیەوە و سێ چار جارەک لێم پاڕایەوە باسی نەکەم و راستییەکەی بە ئەنگۆ ئاشکرا نەکەم. ئاخر خۆ هەر لۆ خۆی دەیزانی رۆژ ببتەوە بەرەڵای دەکەن!

_عابد: ئەتۆ کووت زانی ئەوی دەمێ لۆ خۆی گیرابوو و کەسەکی دیی بەگرت نەدابوو؟!

_کابرای هەولێری: ئاخر لۆ خۆی گۆتی. ئەوی دەمێ زۆر مشاوەش بوو، دەمەکی لەوێ رایانگرتبوو. شەو بوو، ئەمنیش لەوێندەرێ مایبوومەوە، بە هەسپایێ هاتە تەنێشتم و وەی گۆتمێ زۆر بێزار و بێ تاقەتم، نزانم چبکەم!؟

ئەمنیش گۆتم چما، چبووە؟! ئەمن چم لە دەست دێ، دەتوانم یارمەتیت بدەم؟! زۆر دری پڕ بوو. وەی گوتمێ: چەند رۆژەک دەبی لێرۆکانەمە. چ کەس نناسم چ کەسم نیە. ئەترسم چشتەکم بەسەر بینن.

گۆتم کاکە، برێ بزانم چبووە و ئەمن چم لەدەست دێ؟! گۆتی: بە تۆمەتی هاوکاری ئیتلاعاتی ئیرانێ گیرایمە! گۆتم: کووکوو؟! گۆتی: جارەک چوویمە لۆ قونسولخانەی ئیرانێ ، نزانم کێ دیتیتی، رۆیشتییە ئەخباریی لێ کردیمە کە عەلئەساس ئەمن لە لایکی سەردانی بارەگاکانی حیزبی دیمۆکراتێ دەکەم و عەلاقاتیشم لە گەرە قونسولخانەی ئیرانێ و هەندەک کۆمپانیای ئیرانی هەنە کە وەدەرێن ئەوانەش ئی ئیتلاعاتێ و سوپاینە و هەر کەس لەگەر ئەوانە بی، سیخوڕی دەکاتن! جا ئێستاکانێ ترسم لە قالبی نیشتیە و نزانم چم لێ دەکەن!

ئەمنیش گۆتم باشە، ئەمن ئاسایش خۆ دەناسم، دزانم لە خۆڕای کەس ناگرن، بەخودای بابە هیچ دووکەرەکی(دووکەڵ) بێ ئاگری نیە. جا ئەم دووکەرەی تۆش هەر ئاگرەکی هەیە. دڵنیام هەر لۆ خۆشت شتەکت کردیە و شتەکیش شک دەبەی. بەرا برێ بزانم ئەمن چم لۆت لە دەست دێ؟! وەی گۆتمێ: دزانی کارەکم لە تو دەوێ، دەمهەوێ مهیمەیەک لۆ ئەم برا بێ دەسەراتەی خۆت بکەی! گۆتم: دزانی بەخودا خۆشە، ئێحتیاج و پێویستی کوو کوو مرۆڤەکان لێک دەکاتە برای! هههههه فەرمو بزانم دەبی چبکەم!؟

ناوی چبوو، حافز، ئەها حافز گۆتی: هەرکە لێرە چوویە دەرێ، بڕۆ بنکەی نونەرایەتی عیزبی دیمۆکرات و لەوێندەرێ بڕۆ لای مەسولی نونەرایەتیەکە و برێ کوڕەکتان ئا بەم ناوەو بەم نیشانە لە گرتوخانەی ئاسایش و لەوانەیە تێیدابچێ، تکایە فریای کەون! جا هەندەش بە ئێحساس و حەماسەتەوە قسانی

دەکرد، وەتدەزانی ئۆجالانەو لە ئیمراڵیە و لە بندەستی میت و ژێتەمە! گۆتم باشە، سەرچاوان، هەر ئەتۆ و هێندە!؟ چ ئیشی دیکەشت هەیە بەس ئەمر بکە با لۆت تەنفیز کەم. بەهەرحاڵ ئەو شەوە قسەی زۆرمان کرد! بەرا لە لائێکی دی وەیدەزانی ئەمن سیخوڕم و لە لایەن ئاسایشەوە لۆ دەمشل کردنی وی نێردرایمە.

ئاخرەکەی شەو رابورد و سبەینێ پاش نان و چایەکی، بانگ کرامە دەرێ، ئەمن کێشەیەکی وەهام نەبوو، ئەمن عادەتمە هەندەک زوو تووڕەی دەبم. جا لەسەر تووڕە بوون و شەڕکردنەکی سادە گیرابووم و ئەیانبردم ئازادم کەن. بەرا پێش ئازادکردنی بردیانمە ژوورەکی، گۆتیان ئەو کابرایەی شەو لای بووی، هیچ قسەیەک، راسپاردەیەک شتەکی پێت نەسپارد!؟

ئەمنیش ئەترسام دەنگ و شتیان لێ تەسجیل کردبین یان نا ئەو کابرایە هەر خۆی لۆ لەداو خستنی من هەندەک قسانی کردبێ، لۆیە حار و مەسەلەم لۆ گێڕانەوە! ئەوانیش تێر تێر پێکەنین و دوایی ئێکیان بە تووڕەییەوە گۆتی:...

ئەو سەگبابە ئیتلاعاتییە خەریکە دووسەرەی ئیش دەکاتن، هەم لەگەر ئیتلاعاتێی ئیرانێیە و هەمیش خۆی خزاندیتە ناو عیزبی دیمۆکراتێی ئیرانێ! بەرا زانیومانە کە چابوو، برادەرانی دیمۆکراتیش پێیان زانییە و هەر کە گرتمان عەلاقاتی ئەوانمان

ئاگادار کردیە، بەس ئەوان خۆی لێ بە سەحێب ناکەن و دەرێن چی لێ دەکەن وەی لێ بکەن. بەرا دەزانم زانیاریی خۆیان لە گەرە برادەرانی مە ئاروگۆڕ کردیە.

ئێکی دی لە برادەران لەولای، لای دەرکەکە وەستابوو خۆی هەردایێ و تووڕە بوو، بە هاوکارەکەی گۆت: ئەتو لۆ ئەو شتانەی بەو کوڕەی دەرێی، ها، ما نزانی ئەو شتانە سڕڕینە؟! بەخودای گەورەم بزانێ تووشی بەرایەک دەبین!

برادەرەکەی دی گۆتی: نا، نا با وەنەزانن ئەمە فەقیرکوژین و بە بەلاش گرتیتمانە! پاشان دەنگۆش هەیە کە ئەو هەتیوە گەڕە کڕین و فرۆشتنی هەندەک عەب و دەرمان وەکی دەرمانی هۆشبەری کردیە، نزانم ئەمن نەمدیتییە، بەرا وەکی تلیاک و عەشیشە، نابینی سەروچاوی رەش رەش هەرگەڕایە، دەمو لمبوزی رەش و مۆر(بەنەوش) بووە! ئەمن گێم لێ بووە، دەرێن تلیاکخۆر و عەشیش خۆر ئەوهایان لێ دێ! بەس تا ئێستا لۆ ئەمەش نەسەلمایە، ئەگینا ئەها، بەشەرەفم شتی وا راست بی، لۆ خۆم ئا بەو دەستانەم هۆردوو چاوی دەردەینم گەوادی گەواد!

بە هەرحار سەرتان نەیشێنم ئەو هەتیوە گەڕەی ئەوی دمی ئەمن دیتیمە، درنیامە کرێگرتەیە. چونکو پاشان جارەکی لە هەولێر، لە ئیسکانێ لە پێش کەبابیی "جەرگی جەرگم" دیتم، لە حار و ئەحوارێم پرسی، هەر زۆر زۆر باش دیار بوو. بە شەوق و زەوق و پێکەنینەوە گۆتی ئێستاکانێ ئاهاااها لەوهۆێ

لەوی داخلیە حەرس و موراقیبمە. گۆتی وەکی کوڕە شایمە! ئەوی داخلیش ئەو باسی دەکرد، ئی قوتابیانی پارچەکانی دیی کوردستانێ، خاسەتەن ئی ئیرانێ بوون. ئەها بیرم نەچێ، گۆتیشی لەگەرە برایەکم لەوێندەرێم ، ناوی برایەکەشی گۆت، ئەتو سەبرکە، ناوی چبوو؟ ناوی چبوو؟! ئەها، ناوی کۆسار، بەرێ خۆیتی، کۆسار بوو. هەورامانینە، بەس ئی ئیرانێ، نە لای ئەمە!

جا ئێستاکانێ وەکی بزانم لە لایەن ئاسایش و پۆلیس و عیزب و میزبەوە بەکرێ دەگیرێ لۆ لەداو خستنی ئەوی کەسانەی لۆی دەستنیشان دەکەن. کەسەکەی لۆ دەستنیشان دەکەن، تەریقەو رێگای لۆ دادەنێن. پارەکی چاکیشی لۆ سەرف دەکەن. ئیمکانیات و شتی لۆ دابین دەکەن. بەگشتی هەموو شتەکی لۆ دەکەن لۆ لەداوخستنێی ئەو کەسانەی مەبەستیانە. ئەها دیتیتە هههههە وەکی فلیمە هۆلیودیەکان. ئەمن زۆر لەو فلیمانەم دیتییە! درنیام ئێوەشی هەر بەو کەتنەی لۆ ئاسایشێ یان عیزبێ یان مەسولەکی لەداو خستیە. ئەو کابرایەی ئەمن ناسیبیتم هەموو شتەک لە لای بە پارە دەکڕدرێ و دەفرۆشرێ. جا ئیدی عیسابێ خۆ بکەن.

لەناکاو تەقەتەق و ڕەقەڕەق درگای گرتووخانەکە کرایەوە و بانگی کابرای هەولێری و کوڕەکەی دیکەی هاوڕێی کراو بردنیان و ئیدی نەگەڕانەوە. هیوا و عابد و دوو کەسی نەناسراو و بێدەنگی دیکە لەوێ مابوونەوە.

عابد چاوێکی لە هیوا کرد و جگەرەیەکی دیکەی دەرهێناو بە قوونا جگەرەکەی ئەدا بەسەر کاشیەکەی تەنێشتیا بۆ ئەوەی تووتنەکەی بپەستێتەوە و قوم لێدانەکەی قورستر بێ، پاشان نای بە لای دەمیەوە و چەرخێکی لێدا و کەمێ لە دووکەڵەکەی چووە چاویا، قومێکی چاکی لە جگەرەکەی داو دووکەڵەکەی فووی کرد بەرەو نێوچاوانی خۆی و وتی: ئەو دووکەڵەی چووە بەچاومانا، هی ئەو ئاگرەیە کە خۆمان نەزانانە دار و چیرکەمان لۆ خڕکردەوە و پێمانەوەناوە. ئاخر کاک هیوا ئەتۆ وەکی برای منی، ئەمن گومان لە خۆشم بکەم کوفرە گومان لە تۆ بکەم، بەرا ئێدی خەتای خۆم بوو نەدەبوا وا سادە بکەومە ئەو داوەی. بە تەڵاقم مردنمان چاترە لەوەی گەوادەکی ئەوها فێرمان(فێڵ) لێ بکاتن و بمانکا بە پەرەوە و بمانفرۆشێتن. توخوا وەنیە!؟

عابد زۆر دڵی پڕ بوو، هیواش بێدەنگ وەک مرۆڤێ کە رق و بۆغز گەرووی گرتبێ، تاسابوو و قسەی بۆ نەدەهات، تەنیا مات ببوو بە دەرکەی گرتووخانەکەدا و لە قسەکانی وەستا عابد و دەریایەک لە شەرمەزاریی بەرامبەر بەودا نوقم ببوو.

هەڵبەت هیوا هەستێکێ نزیگ بە یەقینی کردبوو بەڵام دیسان لەوە دڵنیا نەبوو کە هەم حافزەدێزە وەک بەکرێ گیراوێکی مخۆل ئاغا و میرزا شاهۆ و هەمیش عابد وەک مۆرەیەکی ئاسایش بۆ لەداوخستنی ئەو بەکارهێنراون. بۆیە بە نیگایەکی شکاو، توورە و پڕ لە رق و تۆڵەوە بەڵام نەک بەرامبەر عابد، بەڵکوو بەرامبەر بەوانەی ئەو بیرەیان بۆ هەڵکەندبوو ئاوڕی

لە عابد دایەوە و وتی: وەستا عابد من خۆم سەرتاپا بە شەرمەزاری تۆ ئەزانم و بێجگە لە دەربڕینی هەستی شەرمەزاری و داوای لێبوردن هیچ قسەیەکم بۆ وتن نیە. بەڵام بەڵێنت دەدەمێ ناهێڵم یەک بەنابا زیانت وێ بکەوێ. بۆ خۆم لێرە بچمەدەرێ، قەرزو فەرزیشم کردبێ، کارم کردبێ، دەستم لە حیزبایەتی و پێشمەرگایەتیش کێشابێ، خۆم لە ژێر باری شەرمەزاریی تۆ رزگار ئەکەم و فلس بە فلسی پارەکانت بۆ ئەگێڕمەوە. بۆیە هیچ خۆت دڵتەنگ مەکە. ئێستا وەک رۆژ لام روونە کە ئەم تەڵە بۆ من نراوەتەوە کە تۆی بێتاوانیشی پێوە بوو.

عابد هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و چاوەکانی کز بوون و سەری داخست. وا وێدەچوو کە ئەو زیاتر خۆ بە شەرمەزاری هیوا بزانێ. دەستی خستە سەر شانی هیوا و وتی: نا، نا، کاک هیوا، تۆ خودای وەمەرێ، ئەمن چا دەزانم کە ئەتۆ کوڕەکی کووی. چاش دەزانم کە ئەتۆ لەو نێوانگێڕیەی مەبەستەکی خراپت لۆمە نەبوو، ئەدی خۆ ئەمەش موسرمانین و باوڕیمان بە قسمەت و نەسیبی هەیە. ئێستاکانێ دەبی شتەکی بکەین لۆ خۆ دەرباز کردنی لێرۆکانە. لۆیە خەریکم بیر لەوەی دەکەمەوە کوو بتوانین لێرە بڕۆینە دەرێ!

_هیوا: بەخودای کاکە ئەم گۆبەندە بۆ من نراوەتەوە. بەڵام ئیدی ئاوای لێهات، چی بکەین!

_عابد: ئەمن فکرەکم لۆ هاتیە، ئەگەر سەر بگری، چ زیانن وێ ناکەوێ و ئەتوش لێرە دەرباز دەبی. بە گیان مندارم، بە سەری بابم، چەندەی لە خەمی خۆم، هەندەش لە فیکری تۆدام!

_هیوا بە سەرنجەوە هەندێکی دیکە لە عابد نزیک بووەوە و گوتی: ئێ، ئێ، بڵێ، دەی بڵێ بەشکوو خێردەبێ. دڵخۆشت کردم، دەی گوێم لێتە!

_عابد هەندێ سەیری ئەملاو ئەولای خۆی کردو بە دەنگێکی نزم وتی: بە تەمامە ئەورۆکانێ لە گەر دۆستەکی و مارە خۆمان قسان بکەم، بزانم دەتوانم کابرایەکی مەسولی خزممان هەیە رازیی بکەم بێتە ئاسایشێ و برێ ئەو دەمانچانە ئی منن! کابرا سەردەمەکی مەسولن بوو، پێکراییە، ئەگەر بیهەوێ بە چەقەنەیەک ئەوەی دەکا. ئەگەر بیهەوێ، دەتوانێ دەمانچەکان بباتەوە و نەهێرێ دەستیان بەسەرا بگرن. پاشان کە لێرە خەلاس بووم دەوعەتەکی شاهانەی دەکەم.

_هیوا: ئەی کە چاک دەبێ، دەی هیوادارم. منیش ئەورۆ تەلەفۆن بۆ برادەرانی خۆمان دەکەم، بزانم بەشکوو بێن و لێرەم رزگار بکەن. دڵنیام بەرپرسان و هاوڕێیانم نەیانزانیوە، ئەگینا ئاوا بێدەنگ نابن. ئەوان هەموان دەزانن کە من کێم و ئەم تۆمەتانەم پێوە نالکی.

له لایەکیتریش دوێنێ ئێواره که هیوا گیرابوو، مخۆل ئاغا و میرزا شاهۆ و جەماعەتەکەیان نەیانهێشتبوو له حیزبدا کەس له گیرانی هیوا ئاگادار ببێتەوه.

که کادر و پێشمەرگەو هاوڕێ و هاوئۆرگانییەکانی هیوا که دەبینن تا درەنگانی ئێواره هاوڕێیەکەیان هیچ سۆراغێکی نیه، گومان ئەکەن شتێکی بەسەر هاتبێ یان شتێکیان بەسەر هێنابێ. ئاخر وەک باسکرا، هیوا لەو پێشمەرگانه بوو که له ئەرک و کاری حیزبیا زۆر رێکوپێک و بەدسیپلین بوو، بۆیه ئەیانزانی بێ ئاگاداری بۆ هیچکوێ ناڕوا و ئەرک و کاری خۆی لەخۆڕا بەجێ ناهێڵێ. ئاخر وەک باسمان کرد ئەو شەوەش پاسبەخش بوو.

بۆیه هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بەرپرسانی سەرەوەی خۆیان له شوێنبزر بوونی هیوا ئاگادار ئەکەنەوه و هەر کەس قسەیەک ئەکا، یەکێ ئێژێ: ئێواره خۆرنشین، لەو دەشته دیتوومانه، بەتەنیا پیاسەی ئەکرد. یەکێ ئێژێ: بەرەو لای قەڵا رۆیشتووه، هاوڕێیان بینیویانه. یەکێ ئێژێ: دیتراوه بۆ کۆیه چووه و...، هار کەسەو لای خۆیەوه قسەیەک ئەکات. بەڵام بەتێگڕا ئەکەونه گومان له نەمان و گەڕان و پرسا پرسا بەشوێنیا.

پێشمەرگەیەک ئێژێ: ئەمڕۆ کوڕێکی هەورامی بەناوی حافزی له لابوو و پێکەوه بەرەو لای قەڵا و هەرمۆته رۆیشتوون. بەهەرحاڵ تا درەنگانێ گەڕان و هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی هیوا بێ ئاکام بوو. بەڵام کەس بیری بۆ ئەوه

نەدەچوو کە لە لایەن ئاسایشەوە بە تۆمەتی بازرگانیی چەک و چۆڵ و شتی دیکە گیرابێ، ئەویش بە پیلانی کۆنەبەرپرسانی خۆی و بە بیرۆکەی شەڕە ناوچەیی و شەڕە جەناحیەوە. پێوەندی بە هاوڕێیەکانیەوە کرا، زەنگ درا بۆ پێشمەرگە هاوگوندییەکانی و لەوێش نەبوو. بەڵام کەس تەلەفۆنی بۆ مخۆل ئاغا و میرزا شاهۆ نەکرد، ئاخر خەڵکی ئەیانزانی بەتایبەت مخۆل ئاغا، سەری دەیان کادر و پێشمەرگەیان کردوتە بن ئاوەوە و سەدانی دیکەشیان بە پیلانی جۆراوجۆر لە ریزەکانی حیزب و شۆڕش دەرپەڕاندووە. بەڵێ بەو دەمودەستییە کەس شکی بۆ ئەوان نەدەچوو و ئەوانیش خۆیان بێدەنگ مەڵاس دابوو.

یەکێ لە ئاسایشەکان هات درگاکەی کردەوە و وتی: کێهاتان عابدە؟ عابد خێرا وتی: من، من ، ئەمنم. ئاسایشەکە وتی: هەستە وەرە. عابد وتی : بۆ کوێم دەبەن؟ ئاسایشەکە وتی: گەورەم ئیشی پێتە. ئەمن نازانم، ئەو وتی بیهێنە ئێرە. ئەتۆش باشترە بە بێدەنگ پێشم کەوی. لێرە ئەمەین پرسیار ئەکەین نەک ئەنگۆ.

عابد رۆیشت و دەمێکی پێ چوو، پاش نزیکەی سەعاتێ جا هاتەوە. هەر پاش رۆیشتنی عابد، هیواش داوای لە ئاسایشەکان کرد، وتی: ئەمهەوێ تەلەفۆنێ بکەم. زەحمەت نەبێ تەلەفۆنەکەم پێ بدەن. تەلەفۆنیان بۆ هێنا. یەکەم کەسێ کە خەیاڵی بۆ چوو، کابرایەک دۆست و هاوماڵی خۆی بوو لە حیزبا. پێوەندیی پێوە کرد و حاڵ و وەزعی خۆی بۆ باس کرد.

بەڵام ئەو وتی: من بە پێی دەسەڵات و پێگەکەم هیچم لە دەست نایێ بۆت. ئەو کارانە زیاتر پێوەندیی بە کاک مخۆل و میرزا شاهۆەوە هەیە. هەر ئێستا تەلەفۆنێ بۆ کاک مخۆل بکە.

ئەو جارە تەلەفۆنەکەیان لە هیوا ستاند و وتیان پاشنیوەڕۆ ئەتوانی تەلەفۆنێکیتر بکەی. ئێستا لەوە زیاتر ناتوانی بە تەلەفۆن قسە بکەی. بەڵام بە هەندێ مشتومڕ و تکاو رجا، تەلەفۆنەکەیان بۆ هێنایەوە، بەڵام نزیک بە نیوسەعاتێکی کەوتە نێوان. هیوا پێوەندیی بە مخۆل ئاغای کۆنە بەرپرسییەوە کرد. زەنگی بۆ لێدا، مخۆل ئاغا ئاوا وەڵامی دایەوە: بەڵێ فەرمون، ئێوە کێن؟

_هیوا: کاک مخۆل ئەمنم، هیوام، هیوا. ناتوانم زۆر قسە بکەم، پێویستیم بە یارمەتیتانە و ئێستا... مخۆل ئاغا نەیهێشت هیوا قسەکەی تەواو بکات، بە توورەییەوە وتی: جا کاک وانێک بۆ زەنگت بۆ من لێداوە!؟ هیوا هات قسە بکات، مخۆل ئاغا نەیهێشت و درێژەی داو وتی: گوێ بگرە کاک وانێک، کاک هیوا، ئەتۆ بە چ بەڵگەیەک ئەمەت بە گیرانی خۆت تۆمەتبار کردووە!؟ دەبێ ئەوەمان بۆ بسەلمێنی، با لەوێ بێیەدەر، ئەوجا دەبێ بۆ ئێمەی روون بکەیەوە بزانین بە چ هەقێ بە لای کاک وانێکەوە(مەبەستی ئەو کابرا هاوماڵەی هیوا بوو) وتووتە مخۆل ئاغا و شاهۆی هاوکاری پیلانیان بۆ گێڕاوم!؟ ئەمە بۆ تۆ هیچمان لە دەست نایێ، چۆن چوویە ئەوێ، ئاواش وەرەوە دەرێ! و پاش ئەم قسانە هەر نەیهێشت هیوا قسە بکات، وتی: تەلەفۆن بۆ منیش مەکە ئیدی، و تەلەفۆنەکەی داخست!

هیوا هەروا لەجێی خۆی ویشک ببوو و بێ دەنگ و بێ ئاگا لەخۆ، چاوی لە مەحجەرەی پەنجەرەی گرتووخانەکەی ئەکرد. کابرای ئاسایشیش کە شایەتی دۆخەکە بوو و بە ئارامی وتی: ئەگەر کەسێکی دیکە هەیە پێوەندی پێوە بکەی و بتوانێ یارمەتیت بدات، رەقەمەکەی بگرە قسە لەگەڵ بکە، ئەگەر وەحدەشت(شارژ) پێ نیە، من هەمە، مۆبایلەکەی خۆمت بۆ دێنم. بەڵام هیوا هەروا بێدەنگ و بێ ئاگا نیگای بڕیبووە نەردەی پەنجەرەی گرتووخانەکە و دیسان نوقمی ئازارێکی کوشەندە بووەوە. ئازارێ کە تا مرۆڤ بۆ خۆی تەجرۆبەی نەکات، ناتوانێ هەست بە ژانەکەی بکات.

ئازارێکی کەم نیە کە بزانی بەرپرسانی خۆت لە شەڕی بەرژەوەندیی خۆیان هەوڵ بدەن گۆڕ هەڵکەنن بۆ تەواوی دەوروبەرەکەیان، تەواوی ئەوانەی کە دەستەمۆیان نابن، بەقسەی خۆیان نابنە پیاوی باندی ناوچەیی و جەناحیی ئەوان، ئامادە نین بەجێی پێشمەرگایەتی گەل و نیشتمان، پێشمەرگەی ئامانجە کەسی و گروپییەکانی ئەوان بن.

بەڵێ زۆر بەژانە وەک تێکۆشەرێک، خەباتکارێ، شۆڕشگێڕێکی ئامانجەباڵاکانی نەتەوە و نیشتمان، بەردەوام وریابی پێت لە داوی دوژمنەکەش نەئاڵێ، کەچی بکەویە داوی ئەوانەی کە رۆژێ بەرپرست بوون، هاوسەنگەرت بوون، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی نەکەوتیتە خزمەت ئامانجە ناوچەگەرایانەکانیان. هیوا هەروا نوقمی قوبڵاخی گۆمی بێ بنی خەیاڵات بوو و کابرای ئاسایش بە بێدەنگێ دەستی برد

مۆبایلەکەی لەناو دەستی دەرهێنا و وتی: دانیشێ، بەڕێز دانیشێ. ئارام ببەوە، خۆ هێور بکەوە، کوردایەتی و عیزبایەتی وایە ئیدی، ئێرە نیشتمانی ژانە، وڵاتی ئازارە و مەینەت، لێرە کەس ناحەسێتەوە، ناهێڵین، ئەدی خۆمان لەیەکتری ناگەڕێین. بەردەوام هیوا هیوامە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش وەک ئەوەی ئێمەیان لێ نەیێ، بەڵام کورد وتەنی: "منداڵ نەژییێ لە گووەکەی ڕا دیارە"، بۆیە زۆریش هیوام بەم خەباتەی ئێوە نیە. خەباتێ کە وەک دەعبایەک ڕۆڵەکانی خۆی بخواتەوە، ناتوانێ رزگارکەر و بەختیاری هێنەر بێ! هیوا بێ ئاگا دڵی پڕ ببوو، لە دەروونەوە ئەکوڵا، وردە وردە ژان و ئازار و بێزارییەکانی لەو نادادپەروەری و دڵڕەقییەی لە لایەن کۆنەبەرپرسانیەوە بەرامبەری کراوە، دڵۆپی فرمێسک لە چاوانی شۆڕ بوونەوە، کابرای ئاسایش دەستێکی خستە سەر شانی هیوا و وتی: براکەم لێرە دەبێ زۆر قاییم بی، دەبێ بەرگەی ژان و مەینەتیی زۆر بگری و ڕۆیشت. هیوا زەردەیەکی تاڵی هاتێ و دانیشت و تەم و خەم دڵ و ڕۆحی گۆڕەوشار دا!

زۆری پێ نەچوو عابد هاتەوە، دڵخۆشتر دیار بوو، وتی: مزگێنی، شوکر کێشەی دەمانچەکان چارەسەر بوو. ئەدی پێم برێ ئەتۆ چتکرد؟!

_هیوا: وەڵا هیچ جارێ. دوو پێوەندیم کرد، دڵنیا بوومەوە کە پیلانەکە هەر لای هاوڕێیانمانەوە دارێژراوە. هەر بەرپرسانی پێشووی خۆم، ئەرێ ئەوانەی دەستیان ئاواڵا کرابوو و دەیان ڕۆڵەی دڵسۆزی ئەو گەلەیان بە پیلانی دوژمنکارانە لە مەیدان

دەرکرد. ئەزانی! هەر ئەوانەی کە دەبێ پیلانی دوژمن دژ بە شۆڕش و شۆڕشگێڕان پوچەڵ بکەنەوە، کەچی خۆیان لە حەنای شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینە، ڕووی دوژمنیان سپی کردووە!

_عابد چاوی لە هیوا ئەکرد و هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و وتی: لێت تێدەگەم براکەم، لێت تێدەگەم. بەڕا ئیدی چبکەین، دەستی پیس و دری(دڵ) ڕەش و مێشکی خائینمان پترە لە دەستی خاوێن و دری پاک و مێشکی خاوێن. خۆ ئەگەر یەکەم زیاتر بوایا لە دووهەم، ئەوا لەمێژ بوو کوردیش وەکی گەلانی دی ڕزگاریی ببوو. بەڕا ئەتو خەمت نەبێ، من بێدەنگ ناوەستم، وەکی برای خۆ هەوڵت لۆ دەدەم.

ئەوانەی گرتووخانەکە هەموو بەڕێ کران تەنیا عابد و هیوا مابوونەوە. کات تێپەڕی ، نزیک ئێوارە بوو، یەکێ لە ئاسایشەکان هاتە پشت پەنجەرەکە و وتی: ئەرێ پێم نارێن ئەنگۆ کوو ئەو هەتیوە گەڕە پیسکەتان ناسیە؟! ئەنگۆ لە کێ و ئەو هەتیوە گەڕەپیسکە لە کێ؟ کوو کاتینە داوی ئەوەی؟! ئەنگۆ دەزانن ئەوە کێیە و چیە؟!

_عابد: یانێ ئەتۆ ئەوەی دەناسی؟! وەڵا کاکە ئەمن تا دوێنێ ئەو سەگبابەم نەدیتیە، بەڕا چبکەین، برادەرێ کاک هیوایە و لە ڕێی ئەوەوە ناسیتم. ئەتۆ برێ، ئەوە کێیە، کووی دەناسی؟!

_كابرای ئاسایش: ناتوانم زۆر قسەی لەسەر بکەم، بەرا بە کورتی لۆتان برێم، براله ئاو بینن و دەستان بشۆن، ئەنگۆ فرۆشراینەو بڕایەوە. ئەو کابرایە خۆی بەکرێ ئیشان دەکا، وەکی جاشانە، یانێ هەر جارە و لایەنەکی بەکرێی دەگری و کەسەک یان چەند کەسەکی پێ بەگرت ئەدا و هەندک لە جێڕا تێهەردانی لێدەدەن، هههه هەربەت پارەی تێهەردانەکەشی وەردەگرێ، ناهێرێ بە بەلاش تێهەردن و چەند شەوەک لە گەریان سجنێی دەکەن، بەرکە لە سنجێش شتۆکەیەکیان لە بن زمانێ دەربینێ و پاشان پارەی خۆ وەردەگریتن و وەکی بەرزەکی بانان لۆی تێدەتەقینێ و دەڕواتن.

ئەو جارەش ئەنگۆ بوونە نێچیری داوەکەی. قسەی خۆن بی، پێن وابی نێچیری ئەمجارەشی بڕەک چەورو قەڵەوە، وەنیە تۆخوا!؟ ئێستاش با برێم، لە نێوانە خۆن بمێنێتۆ، ئەو بۆ هیچکوێ نەنێردرایە، ئەو بەرەڵا کرا و رۆی. ئەدی ئیشی وی تا ئێرۆکانە بوو. بەس وەکی گێم لێ بوو، وەیان گۆتێ لە کۆیە نەمێنی.

لەولاوە حافزەدێزە هەر بەرەڵا کرابوو، پێچەوانەی راسپاردەی مخۆل ئاغا و میرزا شاهۆ و ئاسایش، راست هەر بەرەڵا کرابوو خول خول رۆیشتبووە بۆ ناو بارەگاکانی حیزب. لەوێ کوڕێکی هەورامی بینی، وەبیری هاتەوە کە دوێنێ لەگەڵ هیوای دیتوە و لە دوێنێشەوە هەموان بەدوای هیوادا ئەگەڕێن و

شوێنبزره! بانگی کردو وتی: حافز ئەرێ کوره هیزیکه چەنی هیوا نەدیایم!؟ با، با وێتا بیایدێ، دمانیمەڕۆی بێ چەنی هیوای به پای لوایدی پەی لاو قەڵاو هەرمۆتەی!

_حافزەدێزە: ئێ، ئیسه فەرماوی چێش!؟

_کوڕه هەورامییەکە: وەڵا هیچ ، بەڵام چێشۆ سەرو هیواینه ئارد؟! ئا کوڕەو چێش پنه کەرد؟! جه هیزیوه چەنی تۆ دیەنم تا ئیسه گێڵای گێڵا شۆنەشەرەو بیەن موهرەو ماری و گمه بیەن! مشۆ تۆ چیویەش سەره بزانی، مەگەر نا!؟

_حافزەدێزە: واز باره، ئینه کارو تۆ نیا، سەرەو وێت پا چیواوه مەشغوڵه مەکەره. حەزکەری بزای؟! ئەرێ؟! هیوا لوا دۆڵەره، پاسه لوانا دۆڵەره که تازه دنیاو رۆشنی به چەم مەوینۆه. ئنەیچ هیوا هیوا مەکەره، پەی وێت ماچوو! هیوا ئەولایی بێ(سەر به رێژیم بوو) و سەرەما کەرد چیرو خاکیوه و تەمام و بڕاوه! حافزه دێزه ئەم قسەگەلەی کردو وتی: کارێوت نیا گیان؟! من مشۆ بلو، داده داده مەلێ چەمەڕاما! دەی لاو تۆ وەش. نزیکەو نیوەڕۆ بوو، رۆیشت بۆ ماڵ پێشمەرگەیەک بۆ خواردنی نیوەڕۆ.

کابرای هەورامی سەری سووڕمابوو لەو قسانه، لێوی خۆی گەستەوه و زانی که ئەم هەتیوه بەڵایەکی بەسەر هیوادا هێناوه!

ئاخر ئەو خۆی هاوماڵی حافزەدێزە بوو و یەکێ لەوانە بوو کە هەمیشە گومانی لە حافز و براکەی بوو و پێخۆش نەبوو هاتوچوی حیزبیان ئەکرد. هەمیشە ئەیوت ئەوانە باوکیان تەوابە و بە بنەماڵەیی کار بۆ ئیتلاعات ئەکەن و مەوادی موخەدێر ئەفرۆشن، بەڵام نازانم حیزب بۆ وەریگرتوون!؟

بەکورتییەکەی وەک پێشتر باسمان کرد، جەماعەتی ناوچەگەرای دەسەڵاتدار بە خەیاڵی خۆیان وایان پیلانەکە داڕشتبوو کە هیوا بەو تۆمەتانە تازە لە بندەستی یاسا رزگاری نابێ و کەسیش ناتوانێ فریای بکەوێ و لای خۆیان وتبوویان ئەگەر لە مردنیش رزگاری بێ، هەتا مردن لە زیندانا ئەمێنێتەوە. ئەمەشیان بە گوێی حافزەدێزەی بەکرێ گیراویاندا خوێندبوو.

لە لایەکیترەوە مخۆل ئاغا لە ژوورەکەی خۆی، لە ئۆرگانەکەی خۆی دانیشتبوو و بانگی میرزا شاهۆی کرد. میرزا شاهۆ هات و تەقەی داو رۆیشتە ژوورێ.

_مخۆل ئاغا: یاڵا کاک شاهۆ، چۆنی، باشی؟ خەبەرو باسی تازە چی هەیە؟! ئاگات لە وانێکێ، هیوا هەیە؟! ئا، ئا تا بیرم نەچووە، ئەو هەتیوە وانێکە، حافز، ئا، ئا حافزیان بەرەڵا کرد یان نا؟! هەرچت کردووە، دڵنیا ببەوە کە ئەیێ بە دەوروبەری حیزبدا، نەکا قسەیەک لە زاری دەرپەڕێ. ئاخر ئەو هەتیوە دەم بەرەڵایە، قسەی لە دەما ناوەستێ! کاک وانێک، تکایە دڵنیابەوە دەمی ئەو کابرایە قوفڵ ببێ کلیلەکەی لە دەستی خۆتا بێ!

_شاهۆ: سەرەتا دڵنیات ئەکەمەوە کە دەمی ئەو کابرایە قوفڵ دەمێنێتەوە، ئەگینا ناردنی بۆ لای هیوا کارێکی قورس نابێ. بەڵێ، بەرەڵا کراوە، ئەمڕۆ ئاگادار کرامەوە. بەڵێنی داوە بڕواتەوە بۆ هەولێر و بەدەوروبەری بنکەکانی حیزبیشا نەبینرێ تا خۆمان بانگی دەکەین. خەمت نەبێ، نرخی ئەو جۆرە مرۆڤانە هەرزانە، بە پارەیەکی کەم دابین ئەکرێ، ئەگەر نرخی مرۆڤی ئاسایی زیو بێ، هی حافزەکان تەنەکەش نیە. پەنجا دۆلار بخەیە ناو پاکەت نامەیەک بۆیان، ئەتوانی بابی خۆیشیان پێ بەگرت بدەی!

_ مخۆل ئاغا: ئێ، زۆرباشە. بەڵام وانێکە کاک شاهۆ، ئەمهەوێ راپۆرتێکی تێروتەسەل لەو بابەتە حازر بکەی. پێویستە هێندێ پەلە بکەی. ئەزانم هێشتا کۆتایی نەهاتووە، بەڵام نە ئەو هەتیوە وانێکە، هیوا جێی پەلەقاژەی ماوە و نە کەسیش دەتوانێ پشتی بگرێ. راستی، پێوەندیت لەگەڵ برادەرانی ئاسایش بەردەوام بێ. ئەمهەوێ لە وردەکاریی لێکۆڵینەوەکانی ئاگادار بی. تا دەتوانن پێداگریئ لەسەر دزرانی کۆگا دەمانچەکە لە لایەن ئەو و هاودەستەکانیەوە بکە.

*ئەوان لە لایەک خەریکی پیلان داڕشتن بۆ قووڵتر کردنەوە ئەو بیرە بوون کە بۆ هیوایان هەڵکەندبوو، لە لایەکیتر هەوڵیان ئەدا دەورو بەر و دۆستان و هاوڕێیانی هیوا توشی تۆقان و ترسان بکەن و لە بابەتەکە دووریان راگرن. بەشی یەکەمی

پیلانەکەیان وەک بەشی دووهەم بە سەرکەوتوویی نەڕۆیشتەپێش. لەبەر ئەوەی بەشی یەکەمی پیلانەکەیان زیاتر کەوتبووە دەستی ئاسایش و دادگا و لێکۆڵینەوە و ئەوانیش بە پێی ئەو تۆمەتانەی مخۆل ئاغا و میرزا شاهۆ ئاراستەی هیوایان کردبوو، ئاسایش و دادگا دەستیان بەکاری لێکۆڵینەوە کردبوو. بەپێی یاساش ئەگەر تۆمەتەکان بە بەڵگەو شاهید نەسەلمێنرابان، نەدەکرا هیوا زۆر لە گرتوخانە راگرن.

ئێستا کاتی خۆی بوو کە مخۆل ئاغا دەنگۆەکەی لەناو رێبەرایەتی دا بڵاو کردەوە و لەو لاشەوە شاهۆ و گروپەکەی دەستیان بە بڵاوکردنەوەی دەنگۆی جۆراوجۆر کرد. یەکێ ئەیوت: هیوا بە تۆمەتی تیجارەتی چەک گیراوە، یەکی دی ئەیوت: کوڕە ئەڵێن بەسەر ژنەوە گیراوە، یەکی دی ئەیوت: ئەڵێن دزی کردووە، یەکی دیکە ئەیوت: نا بابە وانیە، ئەڵێن: پێوەندیی بە ئیتلاعاتەوە هەبووە.

ئەم تۆمەتانە و زۆر تۆمەتی دیکەی درایە پاڵ کە زۆربەی ئەوانەی هیوا و مخۆل ئاغا و میرزا شاهۆیان ئەناسی گاڵتەیان بەو تۆمەتانە ئەهات و ئەیانوت: تا توانییان ئیش و کاری خۆیان پێ کرد و بۆ ئامەنجی خۆیان بەکاریەن هێنا و بارەقەڵایان پێ وەرگرت، داخۆ چی بووە، بەقسەی نەکردوون ، ئەیانهەوێ وەکوو زۆر کەسیتر سەری بکەنە ژێر ئاوەوە!

له لایەکیتریش هیوا دواتر دیسانەوە هەوڵی دا پێوەندی بە هاوڕێیانی دیکەی ڕێبەری و دۆستانی خاوەن بڕیاری حیزبییەوە کرد، بەڵام هەموویان بەڕادەیەک لە لەو دەنگۆانەی مخۆل ئاغا و گروپەکەی میرزا شاهۆ تۆقیبوون کە هەندێکیان نەیانزانی هیوایە هەڵیان نەدەگرت، هەندێکیان هەڵیان دەگرت و کە دەنگەکەیان ئەناسی زوو دایاندەخست، هەندێکیشیان بۆ هاوکاری نەکردنی، بیانو و پاساوی جۆراوجۆریان ئەهێنایەوە. بەهەرحاڵ کار گەییشتە ئەوەی هیوا بێ هیوا کەوت.

دوو رۆژی پێ نەچوو کە عابدیش ئازاد کرا. بەڵام پێش ئازاد کرانی سەردانێکی دەرەوەی کرد، وتیان سەردانت هەیە و پێیان وت: چەند هاوڕێیەکت هاتوونەتەلا. تەقریبەن سەعاتێکی پێ چوو، گەڕایەوە و بە هیوای وت: کاک هیوا کاتم زۆر بەدەستەوە نیە، دەبێ هەندێ شتت پێ بڵێم! دەزانی، بۆنی پیلانەکی گەورە لۆ تۆ دەکەم، لۆم روون بویتەوە کە پلانەکە لۆ تۆ بووە و قوڵکەیەکی زۆر قووریان لۆ لێداوی، قوورەکەیەک وەکی قەبر! ئێستاکەنێ هەندەک برادەری ئازیز هاتبوونەلام کە دەستڕۆیشتینە.

گۆتیان گوایە بیستوویانە تاوانی مەخزەنەکی گەورەی چەکو چۆر لە قەراتێ لای خۆتان کاتی خۆی دزرایەو ئێستاکانێ ئەوەیان خستیتە ئەستۆی تۆ و گۆتیتیان گوایە ئەتۆ سەودات بە چەکانەی کردیە، باس باسی ٥٠٠ دەمانچەی چواردەخۆرە، من هەر وەختبوو زارەترەک بم ئەوەم بیست!

من درنیامە کە ئەتۆ شتی وەت نەکردیە، بەرا ئیدی وێم گۆتی کە ئاگایەکۆ لەخۆ بی. درنیاش بە من فەرامۆشت ناکەم، بینیم

هاوڕێیەکانت چۆنیان پشت تێ کردی، شەرت بێ من هەرچیم لەدەست بێ لۆتی بکەم. ئەگەر بە کەفیر و بارمتەی پارە بکرێتن، ئەوا خۆم لۆت جێبەجێی دەکەم. بەس پێۆەندییەکم پێوە بکە تەواوە.

ئەو بەیانییەی عابد بەردرا هیوا برایە دادگای کۆیە. قازیەکە بە کابرایەکی توندوتیژ ناسرابوو. عابدیش هاتبووە ئەوێ. نۆبەی هیوا هات، رۆیشتەژووریٚ. قازی پرسی: کوڕم تۆ ئەو چەکانەت لەکویٚ هێناوە؟ هیوا هەمان وەڵامی دایەوە کە لە لێکۆڵینەوەکەی ئاسایشدا دابوویەوە. قازی وتی: کوڕم ئەتۆ چ کێشەیەکت لەگەڵ بەرپرسەکانت هەیە؟ شاهۆ کێیە؟ چکارەیە؟ چ کێشەت لەگەر شاهۆ و مخۆل هەیە؟!

_هیوا: قوربان لە مەبەستەکەتان ناگەم! کێشەی چی؟! بەرپرسی چی؟ تکایە روونتر بفەرمون مەبەستتان لەم قسانە چیە؟! (هەڵبەت هیوا لە مەبەستەکەی قازی تێدەگەییشت بەڵام گەرەکی بوو مەبەستەکانی قازی بزانیٚ، چونکی دڵنیا بوو قازی شتی بەڵگەمەند ئەزانیٚ!

_قازی: کوڕم ئەو راپۆرتانەی لە سەرت دراوە لەگەڵ وتەکانی تۆ و لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش تێک ناکاتەوە. واتە ئێمە لێکۆڵینەوەمان لە بابەتەکە کردووە تۆ لە رابردوودا هیچ لەو کارانەت نەکردووە و ئەو چەکفرۆشانەش کە ئەو چەکانەیان بەو کابرایە فرۆشتیە، هیچکام تۆ ناناسن. بەڵام تۆمەتی زۆر

گەورەیان پاڵ پێوە داوی، بەختت هێنا کە هیچ بەڵگەیەکیان بۆ سەلماندنی تۆمەتەکانیان نیە و بە پێچەوانە لە بەختی تۆ بەڵگەی پشتئەستوور بۆ رەتکردنەوەی ئەو تۆمەتانە لە تۆ هەیە.

ئێستاش ئەتوانین تۆ ئازاد بکەین، بەڵام بە کەفالەت، واتە کەسێ کە کارمەندی حکومەت بێ و مانگانە لانیکەم ٥٠٠/٠٠٠ دینار موچەی بێ، ئەتوانێ ببێتە کەفیلت. یان تاپۆی خانویەک، دوکانێ، شتێکی وا. ئەوەش ئاسانکارییەک بۆ ئەوەی بڕۆیەدەر و رزگارت ببێ. ئێمە لێکۆڵینەوەمان لەو تۆمەتانە کردووە کە دراوەتە پاڵت و پێیان بەگرت دراوی. بەڵام ئێمە وەک ئەوان نین، دادوەرین. بۆیەش تۆ لای ئێمە بە بێ تاوان ناسراوی، بەڵام ئەم پەڕاوە لایەنی دیکەی لێ بوەتەوە و تۆش تازە هەر بەشێکی بێ تاوانی لەم مەلەفە و ئێمەش بەم چەشنە دەمانهەوێ هەرکات پێویست بوو بانگت بکەین و لەبەردەست بی.

_هیوا: بەداخەوە جەنابی قازی، کەسێکم لێرە نیە، و تائێستاش بۆ روون بوونەوەی ئەم دۆخەی تێیدام پێوەندیم بە هەر کام لە هاوڕێیان و بەرپرسانیشمەوە کردووە، یان وەڵامیان نەداومەتەوە یان خۆیان لە هاوکاریم بێبەری کردووە. بەڵام ئێستا بە قسەکانی ئێوەدا زانیم کە هۆکارەکە چیە.

دەزانی جەنابی قازی! بەڕێزتیان وەک کەسێکی گرژ و تووڕە و گوێ لە قسە نەگر بە من ناساندبوو، بەڵام لە واقیع دا شتەکە لای من بەتەواوی پێچەوانە دەرچوو. بۆیە من سپاسی

بەڕێزتان ئەکەم کە یەکەم بە کوڕی خۆتان بانگ کردم و دووهەمیش لەو بابەتەتان ئاگادار کردمەوە کە لای من پیلانگێڕییە لە لایەن دوو بەرپرسی حیزبیی خۆمەوە.

_قازی: کوڕی خۆم ئەوە تەنیا کارێکە من بتوانم لە ئێستادا وەک هاوکاری بۆ تۆیەکی بێ تاوانی بکەم. ئەوەش لە واقێع دا ئەرکی منێکی قازی و حاکمم. وەک ئاگادارم ئەو دوو بەرپرسەت بەمە رازی نین و چاوەڕوانیی شتی دیکەیان کردووە. بڕۆ هەوڵی خۆت بدە. بە هاوڕێیانی ئاسایشم وتووە لە تەلەفۆن و دیدار و شت دا هاوکاریت بکەن، بەشکوو بتوانی کەفیلێ، تاپۆیەک پەیداکەی. ئێستاش ئەتوانی بڕۆی، ئاگاداربە بەگشتی تا یەک مانگ لەوێ رادەگیرێی، ئەگەر نەتوانی کەفیل و شت ببینیەوە، ناچارن بتگوازنەوە بۆ بەندیخانەی گشتیی پۆلیس.

هیوا برایەوە گرتوخانەکەی ئاسایش. هەڵسوکەوتی ئاسایشەکان گەرچی پێشتریش هەر بەڕێزەوە بوو، بەڵام ئەمجار ئیدی بەتەواوی لە گەڵی گۆڕابوو. وەک بەندکراو و تۆمەتبار هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەدەکرا.

بە هیوایان وت ئەتوانی هەر کات بتهەوێ تەلەفۆن بۆ هاوڕێیانت بکەی، بانگیان بکەی بێنە سەردانت و قسەو راوێژیان لەگەڵ بکەی. هیواش وای کرد. وردە وردە هاوڕێیانی ئاگادار کردەوە. پۆل پۆل ئەهاتن بۆ سەردانی.

جاری وا بوو هێند زۆر دەبوون کە لە ژووری دیدارەکەدا جێگایان نەدەبووەوە.

ئاسایشەکان لەگەڵی ببوونە هاوڕێ. ئەوانیش بە هاوڕێیەکانی هیوایان ئەوت: کوڕە ئەگەر هاوڕێیەکەتان خۆش دەوێ کەفیلێکی لۆ ببیننەوە و لێرەی رزگار بکەن، حەیفە ئەو کوڕە لێرە بمێنێتەوە. جارێ دوو هاوڕێی بەرپرس هاتنە دیداری، یەکێ لە هاوڕێیەکانی هیوا بە بەرپرسی ئاسایشەکانی وت: کاکە تکایە ئاگاتان لێی بێ، ئەمە یەکێ لە باشترین کادرەکانی حیزبی دیمۆکراتە، لەوانەیە هەڵەیەک روویدابێ، بەڵام هەر شتەکە روون دەبێتەوە و بێ تاوانیی ئەسەلمێ.

بەرپرسە ئاسایشەکە رووی کردە هاوڕێیە بەرپرسەکەی هیوا و وتی: جا مامۆستا ئەگەر یەکێ لە باشترین کادرەکانتانە، ئەدێ لۆ لێرەی رزگار ناکەن؟ تۆخوا حەیف نیە کەسی ئاوا لێرە بێ؟!
ئەمن لەبەر ئەوەی خۆم لێرە...

بەرپرسم، کەفالەتم وەرناگیرێ، ئەگینا بە شەرەفم خۆم دەبوومە کەفیلی و لێرەم رزگار ئەکرد. جا بۆیە ئەرکە لەسەر ئەنگۆ و حیزبەکەتان، ئەگەر وەفاتان لۆ کادر و پێشمەرگەکانتان هەیە و خۆیان لێ بە بەرپرس دەزانن، لێرەی رزگار بکەن. ئاخر ئەنگۆ ئەگەر وەفاتان لۆ کادرو پێشمەرگەی خۆتان نیشان نەدەن، خەرکیش ناتوانێ متمانەتان پێ بکاتن و پشتتان پێ ببەستێ!

هاوڕێیانی هیوا سپاسی کابرایان کرد و بەڵێنیان دا کە تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ رزگارکردنی لەوێ ئەدەن. خودی ئەو هاوڕێیانەش هەرکامەیان خۆیان کاتی خۆی لە لایەن هاوڕێ و هاوسەنگەرانی خۆیانەوە پیلانی ترسناکتر و پیستر لەوەی هیوایان بۆ داڕێژرابوو، بەڵام سەرئەنجام خۆشبەختانە ئەوانیش لەبەر ئەوەی دەرکەوتبوو کە پیلانیان بۆ داڕێژراوە، بێ تاوانییان سەلمابوو و رزگاریان ببوو. بەهەر حاڵ ئەوانیش ماڵاواییان کردو رۆیشتن.

ئەوە یەکەمجار بوو کە هیوا بەندکران و گرتوخانە و کەلەپچە بەخۆیەوە ببینێ. بەتایبەت لە باری رۆحی و رەوانییەوە دۆخێکی قورس و ناخۆش و پڕوکێنەر بوو بۆی. رۆژەکان تێدەپەڕین، هیوا بەردەوام تەلەفۆنی بۆ هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی نزیکی دەکرد. هەنێ قەولیان ئەدا، بەڵام بێجگە لە چاوەڕوانیی تاقەت پڕوکێنی ناو چواردیوارییەکەی گرتوخانەی ئاسایش، هیچ ئەنجامێ وەرنەدەگیرا. دیارە لەناو حیزبدا کەسی واش کەم بوون کە کارمەند بن و بتوانن کەفالەت بکەن و تاپۆیان هەبێ!

مخۆڵ ئاغا و میرزا شاهۆش لەوە ئاگادار ببوونەوە کە پیلانەکەیان سەری نەگرتووە و قازی بڕیاری داوە بە سوکە کەفالەتێ هیوا ئازاد بکات. بەڵام نەیانزانیبوو کاتی خۆی کە ئەو ٥٠٠ دەمانچە چواردەخۆرە لە قەڵا دزراون، بەرپرسی

تایبەتی حیزب بۆ لێکۆڵینەوە لەو بارەوە، لیستی ژمارەی تەواوی ئەو دەمانچانەی بردبوو و تەسلیمی ئاسایشی کردووە و ئاسایشیش کە چەکە گیراوەکان لەگەڵ ژمارەکانی ناو لیستەکە بەراورد ئەکات، ئەبینێ کە ژمارەی هیچ لەو چەکانە لە ناو ئەو لیستەدا نیە. بۆیە ئەوانیش تێدەگەن کە بەگرت دانی هیوا تەنیا پیلانێک بووە کە ئامانجەکەی پاکانە حەسابی ناوخۆیی چەند بەرپرسی ناوچەگەراو گەندەڵی حیزبە لەگەڵ کادرێکی خۆیان و بەس.

مخۆل ئەغا و میرزا شاهۆ تەواوی هەوڵیان خستبووەگەڕ کە نەهێڵن کەس یارمەتیی هیوا بدات و ئەیانهەویست لەوێ بمێنێتەوە بەڵکوو بتوانن بەڵگەیەکی لەدژ ساز بکەن. بەڵام لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوون و دەست لە گونان درێژتر دۆش دامان.

رۆژێ نەقیب ئەردەلان هیوای بانگ کرد و پێی وت: کوڕی چاک ئێمە لەگەڵ تۆ دوژمنایەتیمان نیە. ئەتۆ بە ویستی کاسێکی خۆتان، وابزانم بەرپرسێکی خۆتان بە ناوی شاهۆ لێرەی، بەرێ شاهۆ، بەس شاهۆ تەلەفۆنێکمان لۆ بکات و برێ کە هەڵە روویداوە، ئێمە تۆ بەر ئەدەین. یان کارێ بکە شاهۆ لێت رازی بێ و تەلەفۆنمان بۆ بکات یان کەفالەتێ شتێ بێنەو بڕۆ دەرێ.

دیسانەوە هیوا وتی: هیچ کەس شک نابەم نە کەفیل و نە تاپۆ، بەڵام ها، بیرم هاتەوە، من بڕیار بوو ئەم پاییزە کە دێ، بڕۆمەوە زانکۆ لە هەولێر بۆ خوێندن. داپیرم هاتبووە سەردانم و پێنسەدە هەزار تمەنی ئێرانی بۆ هێنابووم کە کردوومەتە دینار و ئێستا پێنسەد هەزار دینارم هەیە. ئەگەر ئەکرێ، پێنسەد هەزار دینارەکەم لێ وەرگرن بە بارمتە و ئازادم بکەن، ئەگەر ناشکرێ، ئەوا هیچ چارەی دیکە شک نابەم.

_نەقیب ئەردەلان: نا، نا، نابێ، شتی وا چۆن دەبێ!؟ دڵنیام حاکم قەبوڵی ناکات. بەڵام ئێستە تۆ بڕوە خوارێ، من پێوەندی بە حاکمەوە ئەکەم. ئەگەر قەبولی کرد، ئەوا ئاگادارت ئەکەمەوە.

هەر هیوا گەییشتەوە گرتووخانەکە و دەرکەکەیان لە سەر داخست، راست کردیانەوە و وتیان: بەختت هەبوو، حاکم رازی بووە. هانێ تەلەفۆن بکە با پێنسەد هەزار دینارەکەت وەک بارمتە بۆ بێنن و ئازاد ببی. بەڵام ئەمڕۆ درەنگە، با تازە بۆ سبەی زوو بۆتی بێنن.

هیوا تەلەفۆنێ بۆ جەلالی هاوڕێ و هاوگوندیی کرد وپێی وت: کوڕە جەلال سیاسەت و حیزبایەتی فرە بێ رەحمە، ئەوینی چۆن ئاخرەکەی پوڵەکەی دایاگەورەم نەوێ، هیچ و کەس نەگەییە فریام!؟

_جەلال: سڵام، ئەوە تۆی هیوا؟! چەو کرد، کاروبارت گەییە کویێ؟ چەم لەدەست تێ؟ بێژە ئەتوانم چە بکەم؟ چەوگە، پارەی دایاگەورەو چەس؟!

بەخوا رووم لە حەرچی مەرد و نامەردە نیا، کەس دەسی نەگرتم، گشتیان دەسیان نیا بە ڕوومەو.

_هیوا: جەلال گیان گوێچکە بگرە، جارێ وەخت فرەس بۆ ئەم قسەگەلە. ئەزانی چە، بچۆ بۆ ئۆتاقەکەی من، سنۆقێکم هەس لە ژێر تەختەکەما، ئەها سنۆق گولە ئار.پی.جی یە، قوفڵێ بوچکی هاپێیەو، بیشکێنن، لە ناو یەکێ لە گیرفانەکانی ئالبۆمەکەما ملیۆنێ تمەن ئێرانم هەس، پانسەوی بێرا بۆ کۆیە و بیکەرە دینار، پانسەو هەزار دینارم بۆ بێرا، قازی قەوڵی داگە بە کەفالەت ئەو پانسەو هەزارەی خوەم بەرم بات.

_ جەلال فرە دڵخۆش بوو بەو هەواڵە و بە شەوق و زەوقەوە وتی: فرە فرە خاسە، چۆن بەوە رازی بووگە؟! حەر ئیسە ئەچم تێرمی و تێم، ئەهاااا ئا، ئەوە ئەچم.

_هیوا: بوێسە برا بوێسە، پەلە مەکە، ئیسە تازە دێرە، ئیمڕۆ ناوێ. وەلێ ئەتوانی زووتر پچی پوڵەکە دەربێری و بیگۆڕیتەو، بۆ سۆحا زوو بێرای و بێ بۆ ئاسایش. ئەگەر سۆحا بیگەیێنیتە دەسم، بەرم ئەدەن.

_جەلال: فرە خاسە، وائەکەم. خەمۆ نەویٚ من ئەوە ئەکەم. وەلیٚ فرە عەجیبە، لێرە ناو حیزبا شایعەی عەجیب و غەریبیان بڵاو کردگەسەو. وابڵاو کریاگەسەو کە تۆ جارێتر رۆشنایی ناوینی، کە تۆ قاچاخچی چەکوچۆڵی، کە تۆ تەک ئیتلاعاتا دەسۆ بووگە، کە تۆ بەسەر ژنەو گیریاگی و هەزار شایعەی تر! ئەم بڕیارەی قازی تەواوی ئەو گورێسگەلەی بۆ خنیکاندن تۆیان رێسابوو، ئەکاتەو بە خوری.

_هیوا: وەلیٚ جەلال گیان گوێچکە بە، با تەنیا خوەت بەم مەوزۆعە بزانی. مەیڵا کەستر بزانیٚ پێی. بەتایبەت شاهۆی بیژوو و جەماعەتی مخۆل ئاغا، ئەگینا لەوانەیە ریسەکەم لیٚ بکەنەو بە خوری و بە پیلانێکیتر کارەکەم لیٚ تێک بەن. ئاخر هەر ئەوان ئەم داوەیان رستگە و هەزاری تریش بە ویژدانێکی ئارامەوە ئەڕیسنەو.

هەڵبەت هیوا بیٚ ئاگا بوو لەوەی کە ئاسایش و دادگا گوشاری زۆریان خستبووە سەر لایەنی پێوەندیدار بە راپۆرت و پیلانەکەوە و داوای کردبوو تەئکیدیان کردبوو کە هیچ بەڵگەیەک لەسەر تاوانبار بوونی هیوا نیە و ئەگەر تا چەند رۆژی دیکە نەتوانن تۆمەتەکانتان بە بەڵگە بسەلمێنن، ئێمە ناچارین ئازادی بکەین.

لایەنی پێوەندیداری پیلانەکەش هیچ بەڵگە و هۆکارێکی دادگا پەسەندیان بۆ ئەو راپۆرت و پیلان و تۆمەتانەیان نەبوو هیچ،

پێچەوانەکەشی بو دادگا سەلمێنرا کە ئەو پیلانە تەنیا تۆمەتێکی بێ بنەما و پیلانێکی رقاویانەی دوو بەرپرسی هیوا بوو.

سەرئەنجام دادگا و قازی و ئاسایش بە بێ گەڕانەوە بۆ حیزب، هیوایان بە کەفالەتی پارەیەکی پێنسەد هەزار دیناری ئازاد کرد و پییان وت: لەم کەیسەدا کۆمەڵێ کەس و بابەتی دیکە هاتونەتە گۆڕێ کە دەبێ بەدواداچوونیان بۆ بکرێ. تۆ بێ تاوان ناسراوی و ئازادی، بەڵام ئەو کەفالەتە پارەیە تەنیا بۆ ئەوەیە کە لە کاتی کرانەوەی ئەو پەروەندەیەدا بۆ بانگهێشت بۆ دادگا و پرسیار و وەڵامی پێویست ئامادە بی.

ئەو شەوە تێپەڕی ٢٥ شەو و رۆژ بوو کە هیوا لەناو گرتووخانەی ئاسایش دا بوو. جەلال چوو پارەکەی حازر کرد بۆ سبەی. سبەی جەلال بە پارەکەوە گەییشتە ئاسایش. لەوێ پێیان وت پێویست ناکات هیوا بڕواتەوە دادگا. ئەتۆ پارەکە ببە و بڕۆ لای قازی ، ئەو نامەیەکت پێ ئەدا و پارەکە تەسلیمی خەزێنە ئەکەی و نامەی ئازاد بوونەکەی هیوا دێنیەوە و پێکەوە دەڕۆن.جەلال وایکرد و کارەکان بەباشی چوونەپێش و هیوا ئازاد کرا.

یەکێکی دیکە لە ئاسایشەکان پێش ئازاد بوون بە هیوای وت: کاک هیوا گیان، شتێک لە دڵمایە ناتوانم پێت نەڵێم: بە هەموو جۆرێ خۆ لەو کابرا گەڕە پیسکەی بەگرتی دان، مەبەستی حافزەدێزە هەورامی بوو ببوێرە، چونکی راستییەکەت دەوێ

ئەو کابرایە وەک بەکرێ گیراوێ ئیش دەکات. من چەندین جاری دیکە لێرە دیتوومە و هەر جارەش چەند کەسی ئاوا بە پیلان بەگرت داوە و پارەی دەستخۆشانە و کرێی خۆفرۆشییەکەی وەرگرتووە و رۆیشتووە. هەموو جارێکیش ئەوانەی بەگرتی داون وەک ئێوە لە ئاخرەوە بێ تاوان دەرچوون و پاش چەند رۆژ هێشتنەوە لە گرتووخانە، لە بەر نەبوونی بەڵگە بۆ سەلماندنی تۆمەتەکان، ئازاد کراون. من نابێ وەک پیشەکەم ئەمە بەکەس بڵێم، بەڵام بەرامبەر تۆ بە ئەرکی ئەخلاقیی ئەزانم.

یەکێکی دیکەش لە هاوڕێیانی ئاسایش لەوێ وتی: لەوانەیە رۆژێ چاومان بەچاوی یەک بکەوێتەوە، ئەودەم منیش هەندێ شتت لەگەڵ باس دەکەم. تۆ دەبێ زیاتر لە دوژمنەکەت ئاگاداری هەندێ هاوڕێی نامەردی خۆت بی. ئەو ئازار و مەینەتییەی ئەمجارە بەسەرت هاتوو، هیچ پێوەندیی بە دوژمنەکەتانەوە نیە، هەموو پیلانی هاوڕێیانی خۆت بوو.

دوای ئەم قسانە هەموو ئاسایشەکان دانەدانە دەستیان لە ملی هیوا کرد و ماڵاواییان لێ کرد و هیوا و جەلال رۆیشتن. ئاخر لەو ماوەی ٢٥ رۆژەدا بە ئاستێ لەگەڵی ببوونە هاوڕێ، کە پێیان عەیب بوو وەک زیندانییەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن. بۆ نان و چایی و ئەوشتانە ئەیانبردە دەرێ بۆ لای خۆیان. هیواش هێندە کوڕەچاکەیی و میهرەبانی و پیاوەتی لە ئاسایشەکان دیتبوو، هەستی ئەکرد خەریکە لە کۆمەڵێ هاوڕێی جودا دەبێتەوە.

هیوا و جەلال بەڕێ کەوتن بۆ ناو بازاڕی کۆیە. هیوا وتی: جەلال من زۆرم برسییە و تۆش لە بەیانییەوە فڕکان فڕکان بەم گەرمایەدا دێیت و ئەچی، حەز ئەکەم خواردنێ میوانی من بی. جا بێ با بچین کەبابێکی خۆش بخۆین. رۆیشتنە کەبابییەک و دانیشتن و نانێکی خۆشیان خوارد و سوار تاکسی بوون و گەڕانەوە بۆ ناو حیزب.

هیوا گەڕایەوە بۆ بنکەکەی خۆڕ و بۆ ناو ژووری کارو ژیانەکەی. بێزار و بێتاقەت و تاڕادەیەکیش بێ هیوا، لەسەر جێگاکەی درێژ بوو و چاوی بڕییە بنمیچە دارو پردو و گڵیی ژوورەکەی و پیلان و گیران و رۆژانی ناو گرتووخانە و هەڵسوکەوتی ئاسایشەکان و قسەکانی قازی و پێوەندیی بە دۆستان و هاوسەنگەرانیەوە و وەڵامەکانی ئەوان و خەیانەت و نامەردیی کونە بەرپرسانی (مخۆل و شاهۆ) و ئەو هەموو دەنگۆەی لە پشت سەری بڵاو کرابوونەوە و بێ ئاگایی بنەماڵە هەژارەکەی و زور شتی دیکە و مێشکی بە تەواوی لەو هەموو بیر و فیکرە ماندوو بوو، هێواش هێواش خاوێر کەفت و خەوت.

شاهۆ و مخۆل ئاغا ناردیان بە شوێن هیوادا، دووکەس هیوایان برد بۆ ئەوێ و بردیان لە ژوورێ لە بن ژوورەکەی مخۆل ئاغا لە سەر کورسییەک دایاننا. مخۆل و شاهۆ رۆیشتنە ژوورێ، کاغەزێکیان برد و لە بەردەستیان دانا. لە کاغەزەکەدا نووسرابوو: من، هیوا مەحمودی کوڕی جەمال ٥٠٠ دەمانچەی ئەنباری چەکوچۆڵەکەی حیزبم بردووە، لە

ڕێگای باندێکەوە فرۆشتوونمەوە بە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، بەڵام نەمزانیوە کە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە باندە تیرۆریستییەکانیان لە عێراق ئەفرۆشێتەوە!

هەروەها لە کاغەزەکەدا نووسرابوو: من لە لایەن فلان و فیسار دەفتەر سیاسی و کۆمیتە ناوەندییەوە ڕاسپێردراوم بۆ سازماندانی ناوچەگەرایی لە حیزبا و بۆ دژایەتیی کادر و پێشمەرگەکانی فلاو و فیسار ناوچە. من پێوەندیشم بە ئیتلاعاتەوە هەبووە و بە پیلان هاتوومەتە ناو حیزب و تا ئێستاش پێئەسپێردراوی ئیتلاعاتم جێبەجێ کردووە و سەرجەم ئەم قسانەشم بە تەندروستی و هوشیاریی تەواوەوە ئەنووسم و واژویان ئەکەم.

هیوا سەرێکی هەڵێنا و بە پێکەنینەوە وتی: ئەمانە چین و کێ نووسیونی؟! مخۆل ئاغا وتی: وانێکە کاک وانێک، ئێمە تەواوی ئەو ڕاستییانە ئەزانین، ئەشزانین لە ئاسایشت شاردونەتەوە، بەڵام لە ئێمە شاراوە نین. ئەگەر واژۆیان بکەی، ئەوە گیانت ڕزگار ئەبێ، ئەگینا خۆمان تیربارانت ئەکەین.

هیوا بە پێکەنینێکی تاڵەوە وتی: بەڵام ئاخر ئەوانە قسەی من نین، ئەمانەتان لە کوێ هێناوە! ئەم تۆمەتانە زۆر زلن و بەکەسەوە ناچەسپێن! چۆن ئەتانهەوێ من بیانگرمە ئەستۆ. من ئامادەم تیرباران بکرێم بەس ئەم قۆڕیاتانە نەگرمەئەستۆ.

شاهۆ وتی بە مخۆل ئاغا: کاکە تۆ سەری خۆی پێوە مەێشێنە. ئەوە لێگەڕێ بۆ من. ئەم قسانەیان کردو مخۆل ئاغا وتی: باشە، کاک وانێک، کاک شاهۆ ئەوە بۆ تۆ لێدەگەڕێم بەس بە زووترین کات چارەسەری بکەن.

بەدوای رۆیشتنی مخۆل ئاغادا ، شاهۆ بە هیوای وت: دوو رێگات لە بەردەمە، ئەگەر ئەو کاغەزە واژۆ نەکەی، یان تەسلیمی ئێران ئەکرێیتەوە، یان لەو سەرسنوورانە ئەکوژرێی و هەر لەوێش ئەکرێیە ژێرخۆڵەوە.

دیسان هیوا بەتووڕەییەوە وتی: ئاسایش لە پاکی و بێ تاوانی من و لە پیلانەکەی ئێوە ئاگادارە، ئامادەم بمرم بەس ئەم ئامانجە گڵاوەی ئێوە سەرنەگرێ.

قسەکانی هیوا تەواو نەببوون، شاهۆ هەر لە بەردەم هیوای دەست بەستراو زەنگێکی دا و وتی: سەرۆ، لەگەڵ کوڕەکان حازر بن، ئەمشەو ئەرکەکە جێبەجێ ئەکرێ، بەڵام درەنگانی شەو دەبیبەین، خەمی سەیتەرەکانیشت نەبێ، کاغەزی تایبەتیمان پێیە. تەلەفونەکەی داخستەوە. رووی کردەوە هیوا وتی: ئەمڕۆ دوا رۆژ بوو رووناکیت بینی. ئەمشەو کۆتایی بە ژیانت دێ، نەک بە دەستی ئێمە، بە دەستی پاسەوانانی سەرسنووری ئێران و شاهۆ توند رۆیشت و ژوورەکەی بەجێهێشت و قاییم دەرکەکەی پێوەدا.

هیوا لەسەر کورسییەکە بەسترابووەوە، بەتووڕەییەوە هاواری ئەکرد ئێوە خائینن، ئێوە نامەردن، ئێوە ناشۆڕشگێڕن، ئێوە بێشەرەفن، لەگەڵ هاوار و داوەکانیا زوری ئەکرد و هەوڵیشی ئەدا خۆی لەسەر کورسییەکە رزگار بکات کە بەدەما کەوت!

لەناکاو لە خەو راچڵەکاو توند لەجێی خۆی هەستایەوە. دیتی لەسەر جێگاکەی خۆی لە ژووری کارەکەی خەوتووە، بەرق نەبوو کولێرەکە هەڵکات، لە ئارەقەی خۆیا خووسابوو. وتی: هەی بەنەفرەت بن بۆ کابوستان. لای خۆیەوە بەڵێنی دا کە ئەگەر لە لایی ئەو خائینانەوە بانگیش کرام، نابێ بڕۆم. خۆ بێتاوانیم بەتەواوی و لە رێگای دادگاوە دەرکەوتووە و ئیدی شتێکی دیکە بۆ لێپرسینەوە پێویست بوو، با ئۆرگانەکانیتری حیزب لە بابەتەکە بپرسنەوە.

هیوا ئەو ئێوارە هەستا چووە دەرەوە و لەگەڵ هاوڕێیانی چاییەکی ئێوارانەیان خواردەوە و دوایی پێکەوە دانیشتن بۆ خوانی ئێوارانەی حیزب. ئەو شەوە بەسەرچوو، رۆژی دوایی ئاگادار کرایەوە کە ئۆرگانێکی حیزب بانگی کردووە. هەستا رۆیشت. ئەوانیش بەرێزەوە هەر هەمان پرسیارەکانی ئاسایشیان دووپات ئەکردەوە. شتەکانیان نووسی و لێپرسینەوەکە تەواو بوو و هیوا گەڕایەوە بۆ ئۆرگانەکەی خۆی و سەر ئەرک و کارە حیزبییەکەی.

بەڵام رۆیشت سەردانی هاوڕێیەکی حیزبیی کە لە رێبەریش بوو. قسەیان ئەکرد، هاوڕێیەکەی لێی پرسی، ئەتهەوێ چییکەی؟ هیوا لە وەڵاما وتی: واز لەو بابەتە ناهێنم، ئەبێ یان حیزب ئەو ماف و کەسایەتییەم کە پێشێل و لەکەدار کراوە بۆم بگێڕێتەوە و تاوانباران سزا بدات، یان لە کۆبوونەوەیەکی مانگانەی دەفتەری سیاسی دا هەڵدەستم سەرپاکی پیلانەکە بە ناوی پیلاندارێژان و تاوانبارانەوە ئاشکرای ئەکەم و دانە دانە قامک ئەکەمە چاویانا. ئەوجا بۆ خۆم واز لەو حیزبایەتییە دێنم کە وەک دراکوولایەک خوێنی شۆڕشگێڕە دڵسۆزەکانی خۆی هەڵمژێ و چاو لە گەندەڵی و مافخۆری و پیسکاریی کۆمەڵێ دەسەڵاتداری بێویژدان و بێ ئەخلاق بپۆشێ.

بەڵام هاوڕێیەکەی پێی وت: ئەو کارە لە تۆ ناوەشێتەوە. خۆت باش ئەزانی کۆری وا وەک زەنگ ئەزرێتەوە و زۆر بە خراپە دەنگ ئەداتەوە، ئەتەقێتەوە و بە سەر تۆش و هەموو حیزبیشا ئەشکێتەوە و دڵنیاشم تۆ ئەوەت پێ ناخۆشە. بەڵام من دڵنیات ئەکەمەوە کە بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە ئەکەین و هەم مافت بۆ ئەگەڕێتە و هەمیش ئەوان سزائەدرێن و ریسوا ئەکرێن.

هیوا هەم زۆر متمانەی بە هاوڕێیەکەی هەبوو و هەمیش زۆری حیزبەکەی خۆش ئەویست. زورجار لای خۆیەوە ئەیوت: باشە من هەرچی خۆشم ویستووە بۆ ئەو حیزبەو رێبازەکەی جێم هێشتووە، ئەدی ئەو حیزبەو رێبازەکەی بۆ کێ و بۆ چی دەبێ جێ بهێڵم!؟

هیوا وەک داوای لێکرابوو، بەڵێنی داو لە بابەتەکە بێدەنگیی کرد. سەری خۆی داخست و ماوەیەکی نزیک بە دوو مانگ دوای ئەو رووداوە هەر وەک کادرێکی حیزبەکەی بە دڵسۆزی و حیزبی بوونەکەی جارانیەوە لە سەر ئەرک و کاری خۆی بەردەوام بوو. خەریک بوو بەتەواوی خۆی لەو کابوسەی کە مخۆل و شاهۆ بۆیان درووست کردبوو، دەرباز ئەکرد. لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی کەس دڵی نەدەهات و رووی نەدەکرد ئەو بابەتەی لەگەڵ بکاتەوە. ئاخر کەس باوڕی بە گاڵتەجاڕییەکی وا نەبوو کە ئەو دوو کۆنەبەرپرسەی بۆیان داڕشتبوو. هەموو هەر هەوڵیان ئەدا لەبیری ببەنەوە و مەرهەمێ بنێنە سەر برینەکەی.

رۆژەکان یەک لەدوای یەک تێپەڕین و شەوەکان بە رەواڵی جارانی دەشتی کۆیە، بە نیشتنی خۆرپەلەکۆی سەر چیاکەی پشت تەقتەق و هاتنەوەی لارەسێبەری ئێوارانی بنکە و سەنگەرەکانی پێشمەرگە، دائەهاتنەوە.

بەیانییەک هاوڕێ و هاوماڵێکی هیوا کە هاوکات بەرپرسێکی حیزبیش بوو، تەلەفۆنی بۆ هیوا کرد و وتی: تا لای ئێمە وەرە. هیوا رۆیشت و گەییشتە لای ئەوان. رووی کردە هیوا و وتی: نازانم چۆنت پێ بێژم، بەداخەوە لەبەر ئەوەی لێت نزیکم، بە منیان راسپاردووە بڕیارێکی حیزبیت پێ رابگەیێنم. هیوا هەر چاوەڕوان بوو، کابرا وتی: لە سەر بابەتەکەی چەند مانگ

پێشت، بە بڕیاری زۆرینەی دەفتەری سیاسی، لە پێشمەرگایەتی دەرکراویت!

هیوا رەش و شین هەڵگەڕا، چاوی بەملاو بەولادا ئەگەڕاند، بێزار و بێتاقەت بوو. چاوەڕێی بڕیارێکی وا نابەرپرسانە، نادادوەرانە و بێ ئینسافانەی نەدەکرد. زۆر بێ تاقەت بوو، وتی: خۆ ئەوە دوو مانگە من لەسەر ئەرک و کاری خۆم بەردەوامم، ئەدی ئەو بڕیارەیان بۆ ئەوکات کە هاتمەوە ناو حیزب نەدا، ئەی خۆ ئەگەر لە بەر بوونی رەئیس لە ئۆروپا بووبێ، ئەو دەمێکە هاتووەتەوە.

ئەدی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە و سزای مخۆل ئاغای بێ ویژدان و شاهۆی بێشەرەف و ئەو هەموو ناوچەگەرا و ئاژاوەگێڕەی دەوروبەریان چی لێ هات؟! کە دەیانی وەک منیان بە پیلانی جۆراوجۆر لە بەر بەرژەوەندیی ناوچەیی و جەناحی و ئورگانیی خۆیان لەو حیزبە گرت، ئەشکنجە کرد، بە زۆر کاغەزی تاوانیان پێ ئیمزا کردن و لە ئاخریشەوە وەک خائینێ بەدەرکردنیان دان. نا، لەو غەدرە خۆش نابم. ئەوە غەدرێکی گەورەیە و بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسیش لە پشتگیریی تاوانی ئەوان و غەدر لە رۆڵە دڵسۆزە بێ پەناکانی حیزب، هاوسەنگە بە خەیانەت و حیزب وەک گروپێکی مافیایی بە خەڵکە چاوەڕوانەکەمان لەو حیزب و شۆڕشگێڕان نیشان ئەدا نەک حیزبێکی شۆڕشگێڕی رزگاریخواز!

هاوڕێیەکەی دیکە هەر هەوڵی ئەدا ئارامی بکاتەوە. هیوا لە مینگە مینگی هاوڕێیەکەی بێزار و بێتاقەتتر ببوو، بۆیە هەر لەو شوێنە، لە چەند ژوور ئەولاتر چووە لای ئەندامێکی دەفتەری سیاسی، ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسی، هەتا ئێستاش کەسێکی دڵسۆز، حیزبی و راستگۆیە. دووڕوویی نازانێ، بۆ وتنی هەقیقەت پێویست بکات دڵیشت دێشێنێ. بەڵام هیوا داوای کرد و چووە سەردانی ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسی. وەک هەمیشە بەڕێز، بەڵام بە داخ و ناڕەحەتیەوە بەخێرهاتنی کرد.

هیوا بێزاری و نیگەرانیی خۆی لەو بڕیارەی حیزب دەربڕی و دەفتەرسیاسییەکەش لەو زیاتر پێناخۆش بوونی خۆی بە هیوا نیشان داو پێی وت: هێندە خۆ نیگەران و بێتاقەت مەکە. خۆ دونیا کۆتایی نەهاتووە. تۆ هەر رۆڵەی حیزبی و حیزبیش قەت رۆڵە دڵسۆزەکانی خۆی بە سانایی فڕێ نادات! بەڵام ئیتر حیزبایەتی لە کوردایەتیش زیاتر سەبر و حەوسەڵە و خۆڕاگری گەرەکە. راستی من ئاگاداریشم کە تۆ هەر خۆت گەرکت بوو بچیەوە بەرخوێندن و لە زانکۆش ناونووسیت کردووە. بۆیە منیش پێم باشە ماوەیەک بڕۆی و هەم خۆت لەو جەوە بێزارکەرەی بۆت دروست بووە دەرباز بکەی، هەمیش بە دەست و تۆشەبەرەیەکی پڕترەوە بێیەوە مەیدانی خەبات.

هیوا هەروا بێدەنگ گوێی لە قسەکانی دەفتەرسیاسییەکە گرتبوو. ئەو کابرایە هەر ئەوە بوو کە پاش ئەوەی زانیبووی هیوا گیراوە و راپۆرتی چۆنیەتی گیرانەکەی بەدەست گەییشتبوو و ئاگادار ببوو کە تۆمەتی دزینی دەمانچەکانی ئەنبارەکەی قەڵای دراوەتە پاڵ و وتووشیانە کە ئەو دەمانچانەی بە ئیتلاعات فرۆشتووەتەوە و ئیتلاعاتیش بۆ عەمەلیاتی مۆرە تیرۆریستییەکانی خۆی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەکاریان دێنێ، خێرا ئەزانێ کە چ پیلانێکی ترسناک و دڵڕەقانەیان بۆ لەناوبردنی هیوا داڕشتووە، بە پەلە لیستی تەواوی ئەو دەمانچە دزراوانەی کە لە ئەرشیڤی بەشەکەی ئەو هەبوون کۆپی کرد و بە کادرێکدا بە نهێنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ناردبوو و بەم چەشنەش تانوپۆی داوەکەی مخۆل ئاغا و میرزا شەهۆ و جاشۆلکە بەکرێ گیراوەکایان واتە حافزەدێزەی هەورامیی هەڵوەشاندەوە و ئەو پیلانەی کە دایانڕشتبوو هیوا یان تێیدا بکوژرێ، یان بۆ هەتاهەتایە لە قوژبنێکی زیندان بزر ببێ، بە ٢٥ رۆژ گرتنی کاتی کۆتایی پێ هات و دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمەڵێ کادر و پێشمەرگەی ناوچەگەرای دەستوپێوەندیان تەنیا و تەنیا شەرمەزارییەکەیان بۆ مایەوە.

دەفتەر سیاسییەکە هەروەها وتی: سیاسەت لەگەڵ هەموو باشییەکانیشیا لایەنی پیس و خراپیشی زۆرە. خۆت باش ئەزانی کاتی خۆشی زۆر کەسی دیکە لەو حیزبە بە پیلانی جۆراوجۆر بە حازر و بە غایب دەرکراون و دواتریش هەر ئەوان حیزبی بوون و ماونەتەوە. تۆش ئەگەر کوڕی حیزب بی، هەوڵ ئەدەی بە ئیرادە و خۆڕاگر بی. بۆیە روو لەکەس

مەنێ، منەتی کەس هەڵمەگرە، بڕۆ خوێندنەکەت درێژە بدە و بە دەستی پڕەوە بگەڕێوە. دڵنیام هەر تۆ براوە دەبی.

هیوا ماڵاوایی لەو کرد و گەڕایەوە بەرەو ئازادی. زۆر بێتاقەت بوو. حەزی نەئەکرد بڕواتە هیچکوێ، بەڵام پێویستیش بوو زاری چەند کەس لە بەرپرسان تاقی بکاتەوە. لەسەر رێگای چووە لای ئەندامێکی دیکەی دەفتەری سیاسی، گلەیی لێ کردن کە بۆ ئەو بڕیارەتان تەئید کردووە لە دژی من؟ کابرا کە تەنیا وەک دێکۆرێک، وەک بەڵێ بەچاون بێژێک لە کۆڕی دەفتەری سیاسی بۆ تەییدی بڕیارەکانی خۆیان بەکاریان هێنابوو، وتی: ئەمن دژی بڕیارەکە بووم بەڵام ئیدی بە تێگڕای دەنگ پەسەند گرا و بەداخەوەم کە منیش ئیدی هیچم لەدەست نایێ.

هیوا ئەویشی بەجێ هێشت و رۆیشتە لای یەکێکیتر لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، بەڵام دەوروبەری قەرەباڵغ بوو، پێیان وت کە هیوا کاری پێتە، بەڵام خۆی لە دیتنی دزیەوە. بەڵام پاش دە ساڵان بە نامە لەسەر بێ دەسەڵات بوونی خۆی لەو بڕیارەدا بۆ هیوا ئیعترافی کرد و وتی: زۆر جار مرۆڤ ناچارە لە سیاسەت و حیزبایەتی دا هەڵویستێ وەرگرێ، بڕیارێ بدا کە بەتەواوی پێچەوانەی مەیلی باتنییەتی و تەئیدی ئەو بڕیارەش هەر لەو سۆنگەیەوە بووە.

لەوێش رۆیشت بۆ لای ئەندامێکی دیکە دەفتەری سیاسی، ئەویش بەداخبوونی خۆی لەو بڕیارە دەربڕی و وتی: من دژی

بڕیارەکە بووم ، بەڵام ئیدی بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا و ئێستاش هیچمان لەدەست نایێ، چونکی رەئیس لەگەڵ بڕیارەکەدایە.

هیوا لای ئەویشی جێهێشت و چووە لای یەکێکی دیکە لە دەفتەر سیاسییەکان، ئەویش بە هەمانشێوە بەداخبوونی خۆی لەو بڕیارە دەربڕی و وتی: من تا سەر ئێسقان دژی ئەو بڕیارە بووم، تۆ لە دڵسۆزترین کادرەکانی حیزبی و نابێ ئاوا سادە حەزف بکرێی، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی دەنگی رەئیس و جێگرەکەی لەگەڵ بوو، هیچمان پێ نەکرا و تازە تۆش بیستوومە ئەڕۆی بۆ خوێندن، بەڕای من بڕۆ خوێندنەکەت تەواو بکەو بە دەستێکی پڕترەوە بگەڕێوە، حیزب هەرماڵی خۆتە و ئێوەش رۆڵەکانی ئەو حیزبەن و رۆڵە و بنەماڵەش هەر بە کێشە دێن و دواتریش ئاشت ئەبنەوە، بەڵام قەت پشت لێک ناکەن.

هیوا لەویش هیوا بڕاو بوو، چووە پێش سکرتاریا و داوی بینینی رەئیسی! کرد، بەڵام ئەویش هەر لە بینینی خۆی بوارد، دواتر هەوڵی دا جێگرەکەی ببینێ کە ئەویش جوابی ناردبوو پێی بڵێن: ئەوە بڕیاری کۆتاییمانە و ناگۆڕدرێ.

بەگشتی هیوا لە یەکە یەکەی دەرکەکانی دا بەڵام کەسیان دەرکەی بەڕوودا نەکردەوە، ئەوانەش ئەیانکردەوە تەنیا شەرمەزاریی خۆیان لە بێدەسەڵاتی لەو بڕیارەدا دەردەبڕی و

ئەمەش ئەیسەلماند کە بڕیاری کۆتایی تەنیا لە دەستی ڕەئیسدایە و ئەوانی دیکە یان دێکۆرن یان نا ئەیانهەوێ خۆ پیاوخراپ نەکەن و قاپ و قاچاخەکە بە سەر ڕەئیسا بشکێنن. بەڵام دووهەمینیان ڕاستتر بوو. ئەوان هەم لە مخۆل ئاغا و میرزا شاهۆ حەسابیان ئەبرد و هەمیش لە ساتوسەوداکەی نێوانیانا ئەبوا دڵی یەکتر ڕاگرن بۆ کاتە پێویستەکان وەک هەڵبژاردنی کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرە و هاوسەنگییە دەنگییەکان.

ڕاستەکەی کێشەکە ئەوە نەبوو کە متمانەیان بە بڕیارەکە بوو، بەڵکوو ئەوان زۆر باش ئەیانزانی ئەو ڕاپۆرتەی لە داڕشتنی پیلانەکەدا دابوویان، ئەگەر وەڕاست گەڕابا، هیوا یان لە بێدەنگی دا ئەکوژرا یانیش تا هەتایە لە زیندانا ئەمایەوە. بەڵام کێشەکە ئەوە بوو کە ئەوان وەک گرووپی شەریک دەسەڵاتن، بۆ مانەوە لە پێگە و پۆستەکانیانا پێویستییان بە یەکتری هەیە، ئەبێ پشتی یەکتری بگرن و ویژدان و ئەخلاقیان بنێنە ژێر پێ. ئاخر ئەمڕۆ لە مخۆل ئاغا و میرزا شاهۆیە ، سبەی لەوانە، بۆ لادانی نەیار و بەربەستەکانی سەر ڕێیان، هاوکاریی یەکتری بکەن و دەنگ بە قازانجی یەک بدەن. بۆیەش سەدان کادر و پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ و دڵسۆز و دەروەست بەو دەردەی هیوا براون و دەنگ و هاواریشیان بە گوێی کەس نەگەییشتووە و کاتێکیش نقەیان لێوە هاتووە و گلەییەکیان کردووە، خێرا لە لایەن شەبەکە دەستەمۆەکانیانەوە بە جاش و خائێنیان لەقەڵەم داون و تیرۆری کەسایەتییان کردوون.

هیوا بە بێ هیوایی گەڕایەوە بنکەکەی خۆی و ئەو رۆژە بە جێی نانی نیوەڕۆ، خۆراکی تەنیا خەم و پەژارە بوو.
هاوڕێیەکانی نەیاندەزانی چی، بەڵام ئەیانزانی شتێ روویداوە کە هیوای هاوسەنگەر و هاوڕێیان وا بێزار و بێ تاقەتە.

لە لایەکیترەوە حافزەدێزەی هەورامی لە ژوورەکەی دانیشتبوو و خەریک بوو ئەو پارەیەی کە لە لایەن ئەو دوو بەرپرسە گەندەڵەکەی حیزبەوە و لە سەر بودجەی ئۆرگانەکەیان، بۆ دەورگێڕانە بەکرێگیراوانەکەی پێی درابوو و ئەو پارەیەی لە ئاسایشی وەک بەکرێگیراوێ بۆ لەداوخستنی هیوا وەریگرتبوو لە بەردەمی دانابوو و ئەیژماردن کە لەناکاو کۆساری برای هاتەوە بەسەریا و حافزەدێزەش پارەکانی پێ نەشاردرایەوە.
بوو بە مشتومڕ و هەرایان لەسەر پارەکە و کۆسار ئەیوت: براگەورەیی بۆ کەی دەبێ، وا خەریکە ژن دێنم و پێویستم بە پارەیە، مادام تۆ برامی و هەتە، بۆ لە خەڵکیی قەرز بکەم ئیدی.

حافزەدێزەش خۆی تووڕە کردبوو جنێوی بە باب و ئەجدادی براکەی ئەدا و ئەیوت: تۆ ئەزانی ئەم پارەیەم بە چ زەحمەت و کوێرەوەرییەک پەیدا کردووە!؟ هەر ددانێکت ببێتە قەد بێڵەکانێ، یەک فلسیشت پێ نادەم، ئەی مەگەر من نەفسم نیە، مەگەر منیش بەشەر نیم و حەزم نیە، بۆ وا ئەزانی هەر تەنیا تۆ گەڵوگوانت هەیە!؟ ئەوە باوکی گەوادمان کە هەر خەریک حەز ۆ ئارەزوی خۆیەتی و ئەوەش لە تۆ کە هەر تەنیا لە فیکر گەڵوگون خۆتای! نایدەم، چاوەڕێی فلسێکیش مەبە، منیش

دێڵەشڕەیەکم(ژنێ) دۆزیوەتەوە و بۆ خۆم کولانە سەگێک ساز ئەکەم و تەواو و بڕایەوە.

شەرارەی گەرمای نیوەڕۆ بوو، هەندێ لە قوتابییەکان کە لە خابگا مابوونەوە، خەوتبوون بەڵام بە دەنگە دەنگ و قڕەقڕی حافزە دێزە و کۆساری برایا بەخەبەر هاتن.

ئاخر ئەو دوو برایە پێکەوە ژوورێکیان هەبوو، سەگیش لەگەڵیان هەڵی نەدەکرد، چونکی بەردەوام لەسەر خەرجی خواردن و پاکوخاوێنی و شت شەڕ و قڕەیان بوو. دەمپیسیش بوون لەگەڵ یەک. جنێویان بە دایک و باوکی یەکتری ئەدا. کۆسار ئەیوت: ئاخر بێژە هەتیوە گەڕە گولە کێ هێندە کەرە ژن بە کەسێکی وەک تۆ بدا! ئاااااخ، ئاخ، خۆزگا هەموو کەسێ وەک من بتیناسیبایە. ئاخر پێم ناڵێی چ ئەحمەقێ شوو بە تۆ ئەکات! جا بۆیە ئەو پارەیە خەسار مەکە و هیچ نەبێ بە قەرز بیدە بە من، وەڵا سوودیشی بخەیتەسەر هەر قەبوڵمە. حافزە دێزە تووڕە ببوو، دەستی کرد بە جنێودان و کراس و پانتۆڵێکی کردە بەری و جووتی دەمپایی کردە پای و بە شەپە شەپ و شەکە شەک تێتەقاند و رۆیشتە دەرێ.

لە لایەکی دیکەش دەمەو ئێوارە خۆرە زەردی کۆیە بوو، هیوا بە بێزاری و بێتاقەتییەوە هەستا و چووە پشت مەقەڕەکەیان ، کورسییەک دانرابوو، لەسەری دانیشت و کەوتە گۆمی خەیاڵاتی تاڵ و رۆژگاری رەشەوە. هەموو ژیانی خۆی وەک فیلمێکی سینەمایی هێنایەوە پێش چاوی و هەستی بە پووچیی

ژیان و تەمەن ئەکرد. هەستی بە بۆشیی بن پێی ئەکرد، هەستی بە دارِمان و دارِوخان ئەکرد. تا بینەقاقا لە شۆرِش و بەناو شۆرِشگێران پڕی پڕ بوو. وەک زۆرێ لە شۆرِشگێرانی راستەقینەو بێزار و بێزار کراو، کەلاوی زوخاوی شۆرِشەکەی دەشت و کەمپ و بەناو شۆرِشگێرانی شۆرِش کوێرەوکەر و هیواکوژ بوو.

هاورِێیەکی هات لەوێ هیوای وا بە بێزاری و بێدەنگی بینی، کورسییەکی هەڵگرت و هاتە تەنیشتی. جگەرەیەکی داگیرساند و وتی: خاڵۆ ها خەمێ بەو دووکەڵە بە باکە.

هیوا سەری بەرز کردەوە و وتی: وەرە برا گیان، وەرە دانیشە. دووکەڵی جگارە چیە، دووکەڵ لە جەرگ و دڵ و هەناوم هەڵدەستێ. ئاگریان بەرداوەتە دڵ و هەناوم. هاورِێم تۆ بێژە، من شایانی ئەوەم ئاوام لەگەڵ هەڵسوکەوت بکرێ**!؟**

هاورِێیەکەی وتی: چەوگە خاڵۆ**!؟** حەز ناکەم خەمار بتوینم، چەس ، چەوگە، بێژە وە برای خوەت. دەی خاڵۆ گیان، هیچ نەوێ کەمێ لە قورسایی خەمەکەت بەشکە تەکما. هیچم لە دەست نەێت، خۆ ئەتوانم گوێچکە بۆ دەردە دڵەکانۆ بگرم. خەمۆ نەوێ، ئەمناسی، هەر لێرە ئەیکەمە خاک. دەی بێژە بزانم چەوە**!؟**

هیوا هەموو ماجراکەی بۆ گێڕایەوە، هاوڕێیەکەش وێڕای هیوا دڵی پڕ بوو و قوڵپی ئێحساسی بێدەسەڵاتی و بێزاری و نادادپەروەری خاوەن دروشمەکانی مافپارێزی و رزگاریخوازی، کوڵا و کوڵا تا کوڵی دڵی پڕیان بە دڵۆپەکانی فرمێسک لە چاوانیانەوە سەرڕێژ بوو.

ئەو شەوەش کۆتایی هات و سبەی هیوا چەک و رەخت و ئیمکاناتە پێوەندیدارەکانی بەرپرسایەتییەکەی تەحویلی ئۆرگانەکەی دایەوە و بە داخ و کەسەرو دڵێکی پڕەوە ماڵاوایی لە هاوڕێیانی کرد. هەڵبەت بابەتەکەی بە وردی لەگەڵ هاوڕێیان و بەرپرسی ئۆرگانەکەشی باس کردبوو و ئەوانیش پیلانگێڕانیان ئەناسی و هیواشیان بەباشی ئەناسی و ئەیانزانی چەندەی غەدر لێکراوە. پاشان بە ماشێنی ئۆرگانەکەی هەتا گاراژی کۆیە بەڕێ کرا و لەوێ بەرەو هەولێر رۆیشت.

هیوا لە هەولێر خۆی رستارت کردەوە. پیشێکی وەبەر خۆدایەوە و کەوتەوە شوێن خوێندنەکەی و لە زانکۆ وەرگیرا و لە بەشەناوخۆیی جێگاو رێگای بۆ کرایەوە. هەر کەس ئەیناسی، رێزی لێ ئەگرت و هەوڵی ئەدا لای ئەو بمێنێتەوە. ئەو پلانی بۆ خوێندن و ژیان دارشت. هاوکات لەگەڵ ئەوەی دا کە زۆر دڵبرین بوو لە کۆمەڵێ لە بەرپرسانی گەندەڵ، ترسەنۆک، پیلانڕێژ و ماف پێشێلکەری حیزبەکەی، بەڵام هەمیشە لە کۆڕو دانیشتنەکانیا لەگەڵ دۆست و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی ئەیوت: حیزب منم، تۆی، هەزاران بنەماڵەی پێشمەرگەن، هەزاران بنەماڵەی شەهیدن، ئەو زیندانییە

سیاسیانەن کە وەک قەڵا لە چاڵەڕەشەکانی ڕێژیما لە ژێر دڕندانەترین ئەشکنجەکانا خۆڕاگریی ئەکەن و ئێرادەیان بەچۆکا نایێ و لەوانەشە حیزب هەر ئاگای لێیان نەبێ، حیزب هەزاران بنەماڵەی زیندانیانی سیاسییە، حیزب هەزاران کەمئەندام و شەهیدی زیندوویە. هەروەها ئەیوت: حیزب لە کۆمەڵێ گەندەڵ و بەرپرسایەتی پەرستی ناوچەگەرا و پیلانڕێژ نین، ئەوان قەت حیزب نەبوون و تا هەتایەش هەر حیزب نابن. بۆیە بەم فەلسفەوە دەستی کردەوە بە چالاکیی حیزبی و تەشکیلاتی بۆ حیزبەکەی و چەندین بەرپرسایەتیی تەشکیلاتی و حیزبایەتیی وەرگرتەوە و وەک جاران بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرک و کارەکانی خۆی رادەپەڕاند. چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و سێمیناری لە هۆڵەکانی زانکۆ پێکهێنا، هەروا لە نووسەر و دەستەی نووسەرانی هەندێ لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی حیزب مابووەوە. گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی حیزبی ئەگەیاندە بەشەناوخۆیی و زانکۆەکان و هەوڵی ئەدا ویڕای لاوانی خوێندکاری باشوور و باکوور و رۆژئاوا لە سیاسەتەکانی حیزبەکەی و دۆخی کورد لە بندەستی کۆماری ئیسلامی تێبگەیێنێ. زۆرێ مامۆستای زانکۆی لە حیزب نزیک کردەوە و چەندین جار بردنیە کۆیە. بەگشتی دیسان بۆ هەموو ئەوانەش کە هەندێ گومانیان لە راستیی دەنگۆە پلانڕێژ کراوەکەی مخۆل ئاغا و شاهۆ و حافزەدێزەی هەورامی و پاکیی هیوا هەبوو، سەلمایەوە کە هیوا هەروا یەکێ لە رۆڵە پاک و دڵسۆز و شۆڕشگێڕەکانی نیشتمان و نەتەوە و حیزبەکەیەتی و جارێکیتر مانگی راستی و دروستیی هیوا لە پشت هەورە ڕەشەکانی پیلانگێڕانی ناوچەگەرا و باندبازی ناو حیزب دەرکەوتەوە. کار گەییشتە ئەوەی کە جارێکان هیوا وەک

بەرپرسی یەکەمی رێکخراوێکی حیزبی، لە هەولێر بەڕێوەبەری سێمینارێکی گەورە بوو کە یەکێ لە پیلانگێڕانی پیلانەکە بۆ هیوا، تێیدا وتاربێژ بوو. کابرا کردی بە هەرا لە سەر ئەوەی من وتار نادەم ئەگەر هیوا بەڕێوەبەری سمینارەکە بێ! ئاخر هەقیشی بوو، چونکی ئەو هیوایەی ئەو و هاوڕێیەکەی دیکەی پیلانی بەگرت دان و کوشتن و شوێن بزرکردنیان بۆ داڕشتبوو و بە راپۆرتێکی پڕ لە بۆختان و درۆ و تۆمەت و تاوان ویستبوویان وەک دەیان کەسی دیکە لە سەر رێی خۆیان لابدەن، ئێستا بەرپرس و بەڕێوەبەری یاسایی و حیزبیانەی هەم ئەو رێکخراوە حیزبیەیە لە هەولێر کە ئەو سێمینارەی گرتووە و هەم بەڕێوەبەری سێمینارەکەشە.

ئەمەش یانێ شاهۆ و هاوڕێیە پیلانڕێژەکەی ناهەق بوون، پیلانەکەیان درۆ و ناڕاست بووە، غەدریان لە کادرێکی دڵسۆزی حیزب کردووە، بەڵام بەهۆی پلە و پایە و بەرپرسایەتی و دەستوپێوەند و ساتوسەوداکانیانەوە بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ئابڕویان نەچێ، توانیان لانیکەم هیوا لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا نەک لە حیزبدا دەرپەڕێنن. بەم بۆنەیەشەوە بۆ ئەو بەرپرسە نەدەکرا لەگەڵ هیوا لە پانێل و سەر سەکۆ و لە دەوری مێزێک پێکەوە دانیشن و وای بیردەکردەوە کە بەرپرسانی باڵای حیزب ، وەک دژایەتی و وەک پیلانێ ئەمەیان بۆ ئەو بەو جۆرە داڕشتووە. لێرەشدا بۆ ئەوەی سمینارە حیزبییەکە کە خۆی سازی کردبوو و خەڵکی بۆ بانگهێشت کردبوو، تێک نەچێ و لەبەر بەرژەوەندیی حیزب، دیسان هیوا گەورەیی کرد و ئەرکی بەڕێوەبردنی سمینارەکەی بە هاوڕێیەکی دیکەی سپارد.

هیوا هەر بە حیزبی بوون مایەوە، خوێندنی تەواو کرد و لای خۆیەوە وتی: ئەوەی من لەم ساڵانەدا بۆ حیزب لێرە لەدەستم هاتووە و لەدەستم دێ، کوا لە کەمپ ۆ مقەڕەکانی دەشتی کۆیە لەدەستم ئەهات!؟ ئەوەش راستییەکی تاڵ بوو. لەو ساڵانەدا لە خوێندن و فەزای زانکۆدا، دانیشتن و کۆڕ و کۆبوونەوەی زۆریان ساز کرد و پێوەندیی باشی لەگەڵ زۆرێ لە لاوانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ساز کرد و حیزب و سیاسەتەکانی و دۆز ودۆخی کوردی لە رۆژهەڵات پێ ناساندن. بۆیە لەسەر ئەم بەرچاوڕوونییانە هەر لە هەولێر کاری دۆزیەوە و ژیانێکی سادەی پێک هێنا و دڵخۆش و بەختەوەر ئەڕۆیشتە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی حیزب و سەردانی بنکەو بارەگاکانی حیزبی ئەکردەوە و بەگشتی وردە وردە کابوسەکەی مخۆل ئاغا و میزرا شاهۆ و دەوروبەرەکایان رەوایەوە.

مخۆل ئاغا لەبەر ئەو کردەوە ناشیرینانەی و لە بەر تەماعە بەردەوامەکانی بۆ گەورە کردنەوەی ئۆرگانەکەی بەردەستی کە زیاتر بۆ ئامانجی خۆی بەکاری دێنا، لە لایەن ئەندامانی رێبەری و دەفتەری سیاسییەوە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر پەراوێز دەخرا، تا ئاخرەکەی تووشی پەستانی دەروونی و رۆحی بوو و بێجگە لەمەش لە پلانێکی ژیرانە لە لایەن ئەندامانی رێبەری و دەفتەری سیاسییەوە رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر پەراوێز خرا، تا ئاخرەکەی تووشی پەستانێکی زۆر قورسی جیسمی و رۆحی بووەوە کە کاری کردە سەر لایەنی تەندروستیی و تووشی چەندین نەخۆشی بوو و بێجگە لەمەش بنەماڵەکەی و مناڵەکانی تووشی کۆمەڵێ بەڵا و کارەساتی

جسمی و رۆحی ناخۆش بوونەوە و ئەکرێ بوترێ بە پێناسەیەکی دی، لێک دابڕان و پەرتەوازە بوون، کە ئەوەش کاری کردە سەر مخۆل ئاغا و سەرئەنجام لەوە زیاتر بەرگەی نەگرت و کۆچی دوایی کرد.

بارو دۆخی میرزا شاهۆش لەو باشتر نەبوو. ئەویش بەهۆی هەوڵە تاکڕەوانە، سەرەڕۆیانە و پیلانگێڕانەکانیەوە و هاوکات لەبەر بەکارهێنانی ئۆرگان، پێرسۆنێل و ئیمکاناتی بەردەست و دەسەڵاتەکەی بۆ ئامانجە فراوانخوازانە و سەرەڕۆیانەکانی، و هەروەها نانەوەی ئاژاوە و کێشەی جۆراوجۆر بۆ کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب و سازکردنی باند و گرووپی ناوچەگەرا و پشتگیرییان لە ناو ریزەکانی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی تەشکیلاتی ئاشکرا و خوێندکاری و لاوانی حیزبدا، لە مخۆل ئاغا جیاکرایەوە و بێدەسەڵات لە ئۆرگانێ بە مەبەستی سەرقاڵکردن، پەراوێز خرا.

شایانی باسە زۆربەی ئەوانەی مخۆل ئاغا و میرزا شاهۆیان ئەناسی، بڕوایان وابوو کە لە لایەکیترەوە ژنەکەی گوشاری خستوەتەسەری کە یان ئەبێ بڕۆینەوە شار لای ماڵی بابم، یان دەبێ بڕۆینە ئۆروپا ، یان من ئەم ژیانەم چیدی پێ تەحەمول ناکرێ و مناڵەکەم هەڵدەگرم و ئەڕۆمەوە ماڵە بابم. هەڵبەت بۆخۆشی تووشی کۆمەڵێ گرێی شێرپەنجەیی لە لەش و بەتایبەت سەریدا ببوو و بەم بۆنەیەوە لەش و رۆحی وێکڕا داڕوخا و داتەپا و لە ماوەیەکی کورتا وەک پیرەمێردێکی تێکشکاوی لێهات.

به مەبەستی چارەسەریی و نەشتەرگەریی دوو لک و گرێی شێرپەنجەیی (تومۆر) لەسەریدا جارێکان رۆیشتە تورکیا و لەوێ نەشتەرگەرییەکیان بۆ کرد، بەڵام زۆر سەرکەوتوو نەبوو. دواتر بۆ رزگارکردنی ژیانی خۆی و ژن و منداڵەکەی رێگای ئۆروپای گرتەبەر کە جاری یەکەم گیراو دیپۆرت کرایەوە باشووری کوردستان و ئاخرەکەی جارێکیتر خۆی گەیاندە ئۆروپا و ئێستا لە وڵاتێکی ئۆروپایی وەک کەسێکی ئاسایی و دوورەپەرێز و دڵشکاو لە حیزب، رێبەری و کادر و پێشمەرگە و ماڵە خەزورانی، ژیان بەسەر دەبا. هەڵبەتە ئەو پەراوێز و بێدەسەڵات خستنەی مخۆل ئاغا و میرزا شاهۆ کارێکی ژیرانە و دڵسۆزانە بوو کە کۆمەڵێ لە ئەندامانی رێبەری و دەفتەری سیاسی و کادر و پێشمەرگە و تەشکیلاتی ئاشکرای بێزار و وەزاڵەهاتووی حیزب لە دەستی پیلانگێڕییەکانی ئەوان، هەوڵیان بۆ دا و جێبەجێیان کرد.

لە لایەکی دیکەشەوە حافزەدێزە خەریک بوو بەو پارانەی کە لە بەکرێگیراویی ئەملاو ئەولا و ئەم دەزگا و ئەو ئۆرگان و ئەم کەس و ئەو کەس بەدەستی هێنابوو، خەریکی ئامادەکاریی بۆ ژن هێنان بوو. ئەو بە قەولی خۆی پیرەژنێکی خواست. ماوەیەکی زۆر ناو حیزب و بنکەکانی پێشمەرگەی لێ قەدەغە کرابوو.

ئەو لە هەموو بنەماڵە و کەسوکاری دابڕابوو. بەڵام بەگشتی ئەو خزمەتکاری پارە بوو. خۆی وتەنی: قەرانێکت نەبێ، قەرانێ ناهێنی. لای ئەو پێوانەی هەموو شتەکان تەنیا پارە بوو. لای ئەو گرشتێ بە پارە ئەکڕدرا و ئەفرۆشرا، تەنانەت ئازیزانی خۆیشی. بۆ نمونە زۆر جار هەوڵی ئەدا ئامۆزایەکی خۆی کە ئەویش لە هەولێر بوو، بکاتە ئیتلاعاتی و بەکرێگیراوی ئەملاو ئەولا، بەڵکە مامەڵەیەکی پێوە بکات و پارەیەکی پێ دەست بکەوێ. هەموو ئەندامانی حیزب، سەرجام ئەوانەی ئەیناسن، هەرکامە بەشێوەیەک لێی هەڵدێن. ئەوەی بابی، بنەماڵەی و خۆی ئەناسێ، رۆژێ رێگا لێی هەڵدێ. هەورامییەکانی ناو حیزب خۆیان لێی ئەشاردەوە. بەڵام کورد وتەنی: ماڵی گەندەڵی بڕمێ، مخۆل ئاغا و میرزا شاهۆ هەتا لە حیزبا بوون و ئیمکانی هەبوو بۆ ئامانجەکانی خۆیان دژ بە ئەندامانی حیزب و لەسەر ئەندامانی حیزب بەکاریان هێنا. دواتریش کە کاریان پێ تەواو بوو، نەیاندەهێشت لە ئەندامەتی حیزب دەربکرێ، نەکا نهێنییەکانیان ئاشکرا بکات.

بەکورتییەکەی حافزەدێزە و دێزەکانی دیکە لە ریزی حیزبەکان و شۆڕشەکەمانا هەبوون و بەردەوامیش دەبن. حافزە دێزەکان بەرهەمی جۆرێ لە گرێی دەروونی (عۆقدە)ی کۆمەڵگان. ئەوانیش بەجۆرێ قوربانین. قوربانیی کۆمەڵگایەکی ژێردەستە، بنەماڵەیەکی شڕوشپڕێو، بابێکی بەناو کەونەپێشمەرگەی تەسلیم بووی تەواب کە دواتر بۆ بژێوی ژیان پەنا دەباتە بەر پارمەتیدانی نهێنیی رێژیم و ناسینی شۆڕشگێڕان و دانی زانیاری لەسەریان و مەواد فرۆشی و مناڵەکانیشی ئەکێشێتە خەتی ژیانی خۆیەوە و سەرئەنجام رێژیم مناڵەکانیشی لە

ریزەکانی تەشکیلاتی بەسیجی د خوێندکاری و بەسیجی فەعالا سازمان ئەدا و خۆیان ئەبنە خاوەن بڕیار و بڕیار ئەدەن بۆ کارکردن خۆ بگەیێننە ناو ریزەکانی تەشکیلاتی حیزبە سیاسییەکان لە باشوور و لەوێ درێژە بە ئەرک و کاری خۆیان بدەن. کۆساری برای لە زانکۆ وەرگیرا و حافزەدێزەش لە بەشەناوخۆیی(خوابگاه) کرایە موراقێب.

ئەوان بەم جۆرە هەم هەوڵیان ئەدا لە زانکۆ، هەم لە بەشەناوخۆیی سیخوڕی بەسەر ئەو خوێندکارە رۆژهەڵاتییانەوە بکەن کە هاتوچۆیان ئەکرد و هەستی شۆڕشگێڕانە و نیشتمانپەروەرانەیان هەبوو و پێوەندییان بە حیزبەکان و خوێندکارە حیزبییەکانەوە ئەکرد. سەرئەنجام کۆساری براشی ژنی هێنا و خۆی خزاندە نێو کاروانی پەناخوازیی کوردانی ئۆروپا و خۆی گەیاندە وڵاتێکی ئۆروپایی و لەوانەشە هەر لەوێ جارێکیتر بۆ ئەرک و کاری سیخوڕی بە سەر کوردانی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەوە کە شەپۆلێکی زۆری ئەو پەنابەرانە ئەندامان و کادر و پێشمەرگەی ئەحزاب بوون لە تەشکیلاتی برونمرزیی(دەرەوەی سنوورەکانی) بەسیج و ئیتلاعاتدا سازمان بدرێتەوە.

ئەوەی کە لێرەدا بە زقی خۆی ئەنوێنێ راستییەکی تاڵ و کوشەندەیە کە هەمیشە بڕبڕەی پشتی شۆڕش و خەباتەکانمانی کردووەتە ئامانج و کە بیریشی لێ ئەکەینەوە هیچمان لە دەست نایێ و تا ئێستاش هەروا وەک دەردێکی بێ چارە ماوەتەوە و هەندێ جاریش بیرمان بەتەواوی سەرقاڵ ئەکا و لە ئەنجامیشا

وەک خۆرە مێشکمان ئەخوات. کورد وتەنی: هەمیشە دەستکەی تەور و مشار و تەوەرزینی داربڕین و پوازی دار قڵیشاندنمان هەر لەخۆمان بووە. ئەوەی کە شکەستەکانمان هەمیشە زاڵن بەسەر سەرکەوتنەکانمانا، بوونی زۆرینەیەک لە مخۆل ئاغا و میرزا شاهۆەکان بووە و هەیە لە ئاستی رێبەرایەتیی حیزب و رێکخراوەکانماندا، بوونی زۆرێک حافزەدێزەکانە لە ریزەکانی نەتەوە و کۆمەڵگاکەمانا.

ئەگەر لە زانستی دەروونناسی کەسایەتییدا بەشوێن راگ و ریشەکانیا بگەڕێین، حافزەدێزەکان و سەرجەم جاش و خۆفرۆش و مرۆڤ فرۆش و گەندەڵ و پیس و دلڕەشەکان خاوەن کەسایەتییەکی لاواز، روخێنراو، عوقدەیی، رقاوی و پڕکینە و تۆڵەخوازن کە ئەگەر خۆ لە راستی نەدزینەوە، بۆمان دەرئەکەوێ ئەوانە خۆیان پێش لە هەموو شتێ قوربانیی نەتەوە و کۆمەڵگایەکی کپ کراو و ژێردەستەن کە بە شێوەی سیستماتیک تێیدا گەرا بۆ ئەو چەشنە مرۆڤە ئەنرێتەوە و بە پلانی ورد و لەمێژینە لێیان لەبەردەگیرێتەوە(تەکسیر و کۆپی ئەکرێن) دێنن.

ئەوان لەبار و ئامادەن بۆ لەداوکەوتن، ئەوان وەک کێڵگەیەکی کەشهاتوون بۆ چاندنی تۆی خەیانەت و ناپاکی، ئەوان بە ئاسانی راو ئەکرێن و بە هەرزان خۆ ئەفرۆشن و بەنرخێکی کەم و بە هەم و هۆگرییەکی زۆرەوە بەرەو فێرگەی پەروەردەیی خەیانەت و سیخوڕایەتی و جاشایەتی، نەک بە پێ، بەڵکوو بە سەر ئەڕۆن و بێ سڵ کردنەوە و سڵەمانەوە لە هیچ بەربەستێکی ئەخلاقی و کەسایەتی، ئەبنە خزمەتکارێکی بەئەمەگ و گوێڕایەڵی (پارە و قورۆش) بۆ دوژمن.

له لایەکی دیکەشەوە بزوتنەوەی خەباتخوازی و شۆڕشگێڕیی کورد لە ئێستادا شەلەل و ئیفلیجی ناوچەگەراییە. تەنانەت کۆمۆنیستەکانی کوردیش کە لە ژێر روناکایی ئەستێرە سوورەکەدا، بەردەوام بانگەوازی یەکگرتنی کرێکارانی جیهان ئەکەن، لە ناخەوە و لە رواڵەتیشا ناتوانن هێماکانی ناوچەگەرا بوونیان بشارنەوە. زۆرمان کۆمۆنیستی ئاگرین بووە و هەیە کە لە حیزب و سازمانەکایا بۆخۆی مۆرەی گوێ بەگواری ناوچەگەرایی بووە و هەیە. لەبەر ئەوەی هێماکانی ناوچەگەرایی لە حیزب و رێکخراوەکانمانا هێندە زقن، باڵیان بە سەر هەموو بەهاکانیترا کێشاوە و دایانشاردووە.

هەموو ئەندامانی رێبەریی حیزب و رێکخراوەکانمان ، سەرجەم کادر و پێشمەرگەو ئەندامانی هەموو لایەنەکانمان خۆیان بە خزمەتکاری نەتەوە و نیشتمان و بەرژەوەندییەکانی ئەناسێنن، کەچی لە کردەوەدا زۆرێکیان سەرۆکێ، رێبەرێ، کادرێکی بەوەج، پێشمەرگەیێکی ناوچەگەرایین، هەڵبەت لە هەموو حاڵەتێکا دەگمەن هەر هەیە.

لە حیزب و رێکخراوەکانمانا بە دەیان جار کۆڕ و کۆبوونەوە و هەڵویستی توند لەسەر دیاردەی ناوچەگەرایی گیراوە. جارو باریش کەسانێ وەک ناوچەگەرا کراونەتە قۆچی قوربانیی ناوچەگەرا گەورەکان و سزا دراون. بەڵام ئەوانەش هەر نێچیرێکی بچوک بوون کە کەوتوونە داوەکەوە و شێرەکانی

ناوچەگەرایی بەکەس راوناکرێن و سوڵتانی ناوچەگەرایی مەیدانی بەناو شۆڕش و خەباتی نەتەوەکەمانن و هەروا مڕەیان دێ و بەردەوامیش سیاسەتی رێکخراوی(سازمان دراو) ناوچەگەرایی وەک خزمەت بە نەتەوە و نیشتمان بەوانیتر ئەفرۆشنەوە.

یەکێ لە گرینگترین خاڵەکانی وانەی ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە کە لە لایەن رێبەری شەهیدمان دوکتۆر قاسملووەوە دارێژراوە و لە فێرگەی پەروەردە و بارهێنانی پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکراتا ئەوترێتەوە، ئەوەیە کە ئێژێ: شۆڕشگێڕ ئەو کەسەیە کە قازانج و بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە سەروی هەموو قازانج و بەرژەوەندییەکانی دیکەوە دادەنێ.

ئەم خاڵە لە خاڵەکانی وانەکانی ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەدا راست ئەو تایبەتمەندییەیە کە دوکتۆر قاسملوو پێداگریی لەسەر ئەکرد و هیوای ئەخواست کە رۆژێ ببێتە بڕبڕەی پشتی خەباتی نەتەوایەتیمان. هەر ئەو خاڵە گرینگەشە کە هەمیشە شانازیی پێوە ئەکرد و ئەیوت: حیزبی ئێمە(حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران) یەکەم حیزب و رێکخراوی کوردی و ئێرانین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردووە.

ئێستاش دیسانەوە دەبێ بێژین: ناتوانین بەسەر کێشە ناوخۆییەکانمانا زاڵ بین، ناتوانین بەرگی کردار بکەینە بەر دروشمی یەکریزی و یەکگرتووییمان، تاکوو بەسەر پردی سەراتی ناوچەگەرایی دا نەپەڕێینەوە و نەکەوینە سەر

راستەڕێی نەتەوەخوازی و هێڵەکانی بەرژەوەندی و ئامانجی باڵای نەتەوە و نیشتمان. بۆیە پردی سەراتم بۆ بەکارهێنا، چونکی ئیماندارانی ئیسلام ئێژن: پردی سەرات بۆ تاوانباران لە موو باریکتر ئەبێتەوە و لە ئەڵماس تیژتر، ئێمەش بەداخەوە هەر هەمووومان، هەرکامەمان بەشی خۆمان تاوان و تەخسیرمان لەو پێوەندییەدا هەیە.

زۆربەی نەتەوەکانی دیکە کە ئێستا خاوەن شکۆ و سەروەریی نەتەوەیی خۆیانن، بەم قۆناغەدا تێپەڕیون، بەڵام ئەوان هێندەی ئێمە لە قوڕ و لیتەی ناوچەگەرایی و عەشیرەگەرایی و خێڵگەرایی و شارگەرایی و زاراوەگەرایی و تایفەگەرایی و بنەماڵەگەرایی و... نەچەقیون.

هیوامە چیرۆکی (حافزەدێزە) کە یەکێ لە هەزاران چیرۆکی پیلانگێڕی و خەیانەت و گەندەڵیی ناو بزوتنەوەی رەوای خەباتگێڕی و رزگاریخوازیی گەلەکەمانە، ببێتە پەند بۆ تێکۆشەران و شۆڕشگێڕانی ریزەکانی خەباتی نەتەوە بندەست و بێ مافەکەمان.

سپاسی تاقەتی خوێندنەوەی ئەوانەتان ئەکەم کە بەش بە بەش چاوەڕوانی خوێندنەوەی بوون.

**((کۆتایی))**

*******